رەخنەی ئەدەبی

# جوانی و جیاوازی

محەمەد کوردۆ

# ئەو(با)یەی هەوڵدەدات بنوێت و ناتوانێت*

## گەڕانێکە بەدوای جیاوازییدا لای محەمەد عومەر عوسمان

هەندێ کتێب هەن بەناهەق فەرامۆش دەبن، بەڵام هیچ کتێبێك بەناهەق لەیادەوەرییەکاندا نامێنێتەوە.**

ئودن

## بەر لە پێشەکی

لەناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە، کە یەك دوو ساڵێك بوو دەستم بەخوێندنەوە و نوسین کردبوو، چەند جارێك دیوانی لە غوربەتای محەمەد عومەر عوسمانم بینی بوو، بەڵام یەکەم لەبەر ئەوەی هیچم لەبارەی ئەو دیوانە و شاعیرەکەیەوە نەدەزانی و دووەمیش لەبەر ئەوەی چاپی یەکەمی ئەو دیوانە، لە رووی چاپەوە، زۆر خراپ بوو، سەرنجی رانەکێشابووم، تا رۆژێکیان پێموابێت ساڵی 1987 بوو غەفور ساڵح عەبدوڵا لە رۆژنامەی هاوکاری و بە ناونیشانێکی لەمجۆرەوە: (شاعیرێکەو با دەخوێنێتەوە) شتێکی لەسەر ئەو دیوانە نوسیبوو، کە خوێندمەوە خێرا پەیداکردنی دیوانەکەم لابوو بە خولیایەکی گەرم و بە زوویی پەیدامکرد و دەستم بەخوێندنەوەی کرد.

تا زۆرتر ئەو دیوانە بچووکەم دەخوێندنەوە زیاتر شەیدا و سەرمەستی شیعرەکانی دەبووم، زۆربەیانم تا ئێستاش لەبەرە، هێواش هێواش خولیای بینینی ئەو شاعیرە پایزییە بۆ من بوو بە خەونێکی شیرین.

ساڵی 1988 پێموابێت لە میهرەجانی (مەحوی)دا بوو، بۆ یەکەمینجار محەمەد عومەر عوسمانم بینی و خۆشەویستی خۆم بۆ خۆی و بۆ شیعرەکانی دەربڕی و پێموت کە من سەرسامم بە شیعری تۆ، بەڵام رەخنەیەك هەیە لەبارەی تۆوە منیش بە راستی دەزانم، ئەویش ئەوەیە کە تۆ زۆر رەشبینیت، ئاخۆ ئەم رەشبینییە چییە؟ وا دەزانم ئێستایە، بەتوڕەییەکی پەنهانکراوەوە پێیوتم: کاکی برا تۆ چی دەڵێی من چوومەتە مەیتخانەکەی سلێمانی مەیتم بینیووە خۆی لێرە بووە قاچی بەپەڕیووی لەوێ بووە، قابیلە لە دۆخێکی وادا گۆرانی بڵێم؟!

منیش بەپێی بیرکردنەوەی باوی ئەو سەردەمە کە بیرکردنەوەیەك بوو پێیوابوو ئەدەب جۆرێکە لە عەسای جادوویی و دەتوانێت موعجیزە بنوێنێت و زۆر شت بگۆڕێت، پێموت: نا، گۆرانی مەڵێ هەوڵبدە کارێك بکرێت ئەو دۆخە نەمێنێت کە تیایدا مرۆڤ ئاوهای بەسەر دێت.

ئیتر لەدوای ئەو یەکەم بینینەوە زۆر جاری دیکە یەکمان بینی و زۆر قسەو باس لە نێوانماندا روویاندا و رۆژ دوای رۆژ باشتر دنیای تایبەتی ئەوم بۆ ئاشکرا دەبوو.

ساڵی 2007 ئەم لێکۆڵینەوەیەی نێو ئەم کتێبەم نوسی و لە فیستیفاڵی گەلاوێژدا خوێندمەوەو خەڵاتی دووەمی پێبەخشراو دواتر لە ژمارە (25)ی گۆڤاری (هەنار)دا بڵاوکرایەوە.

حەز دەکەم ئەوەش بڵێم: لە کۆڕەوەکەی ساڵی 1991دا لەناو هەموو ئەو کتێبانەدا کە هەمبوون چەند کتێبێکی کەمم هەڵبژاردو لەگەڵ خۆم بردمن، یەکێك لەو کتێبانە (لە غوربەتا)کەی ممحەمەد عومەر عوسمان بوو. ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە کە دەیانجار ئەو دیوانەم خوێندۆتەوە، ئەگەر ناچاربم چەند کتێبێکی کەم لە کتێبەکانم هەڵبژێرم، کە کتێبەکانیشم دە ئەوەندەی ئەو کاتە زیادیان کردووە، یەکێك لەو کتێبانەی هەڵیاندەبژێرم (لەغوربەتا)یە.

من زۆرجار وتوومە: ممحەمەد عومەر گەورەترین شاعیری کورد نییە، بەڵام جیاوازترین شاعیری کوردە. زۆر زەحمەتە بتوانین لەناو شاعیرانی کورددا، شاعیرێك بدۆزینەوە بەو رادەیەی ئەو، دنیاکەی دنیایەکی تایبەت بێت.

***

*لە راستیدا ئەم چەند دێڕە لەسەر داوای (ممحەمەد عەلی) نوسراوە، کە بەنیازی ئامادەکردنی کتێبێکە لەسەر ممحەمەد عومەر عوسمان و داوای لێکردم بیرەوەری خۆم لەبارەی ناسینی ئەو شاعیرەوە بنووسمەوەو ئازادیشی کردم لەوەی بەر لە کتێبەکەی ئەو، لە هەر جێگایەك پێمخۆش بوو بلاوی بکەمەوە.

* لە ژمارە (632)ی رۆژی 2009/4/30ی (ئەدەب و هونەر)ی کوردستانی نوێدا، بلاوکراوەتەوە.

# پێشەکیی

لەشیعری محەمەد عومەردا روحێکی خەمبارو نیگەرانو تراژیدیی ئامادەیی بەردەوامی هەیەو بالی بەسەر تێکرای ئەم ئەزموونە شیعرییەدا کێشاوە، ئەم روحە وایکردووە محەمەد عومەر لە –با– یەکی ماندوو بچێت کە بە تەواوی هێزی خۆیەوە هەولدەدات بنوێتو ناتوانێت. نیگەرانیی ئەم روحە لە شیعرەکاندا دەرکەوتنی جیاجیای هەیەو هەر جارە بەجۆرێك دەردەکەوێت، وەلیٚ هەمیشە ئامادەیی هەیەو هیچ یەکێك لە شیعرەکانی (لەغوربەتا) لە بوونو شوێنەواری ئەم روحە بەدەرنییە. ئەم روحە جارێك لە ناو غوربەتەوەو جارێك لە ناو تەنیاییەوەو جارێك لە شکستێکی عاشقانەوەو جارێك لە مردنو هەولەکانی خۆکوشتنەوەو جارێك لە وەرینی گەلاکانەوەو جارێك لە سەرماو سەهۆلبەندانی زستانەوە، خۆیمان بۆ نمایشدەکاتو شوێنەواری خۆی لە نێو شیعرەکانەوە بۆ نێو روحی ئێمە دەگوێزێتەوە. من لەم هەولەدا بەنیازی ئەوەم خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ئەزموونی شیعریی محەمەد عومەر پێشکەش بکەمو بەدوای جیاوازییەکانی ئەم ئەزموونەدا بگەرێم.

هەولدەدەم چەند شتێك لەبارەی ئەو روحە تراژیدییەی شاعیرەوە بوروژێنمو لەرێی ئەو شتانەوە لە جیاوازییەکان نزیکببمەوە، چونکە ئەو روحە منالدانی راستەقینەی جیهانبینی شاعیرو چێژی ستاتیکیانەی ئەوە.

ئایا ئەوەی ئەم روحەی کردووە بە روحێکی تراژیدییو وایکردووە بەهار لە عومری ئەم روحە بێبەری بێت، چییە؟ بێگومان ئەمە چەندین هۆکاری گەورەو بچووکی هەیە ، وەلیٚ من زیاتر قسە لەسەر هۆکارێك دەکەم کە لانیکەم لای منو لەم خوێندنەوەیەی مندا، لەهۆکارەکانی دی گرنگترو چارەنووس سازترە.

ئاخۆ ئەم روحە تراژیدییەو ئەو هۆکارەی لەپشتییەوەیە، توانیویانە ئەزموونێکی جیاواز درووستبکەن؟ ئەگەر توانیویانە، جیاوازییەکانی ئەو ئەزموونە چینو چۆن لە شیعرەکاندا رەنگیان داوەتەوە؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە من هەولدەدەم لەم خوێندنەوەیەدا لە وەلامەکانیان نزیکببمەوە. نالێم وەلامەکانیان بدەمەوە، چونکە من بەنیازم کار بەو میتۆدە رەخنەییە هاوچەرخانە بکەم کە تیایاندا هیچ وەلامێك دوا وەلام نییە. بۆ ئەمەش زیاتر کەلك لە (رۆلان بارت) وەردەگرم. رەنگە زۆربەمان بزانین لای بارت ((دوای ئەوەی نوسەر کارەکەی بەرهەمدێنێت، کە لەراستییدا ئەو کارە بوونی خۆی لە کۆمەلێك دەقی دیکەوە وەردەگرێت– مەبەست

دەقئاوێزانە– ئیدی رۆڵی خوێنەر دەستپێدەکات، کە گەڕانە بەدوای رەگەزە ونو نائامادەکانی دەقدا، تاکو لەڕێگای ئەوانەوە بوونی دەقەکە دابینبکرێت. پێویستە لەسەر خوێنەر لە نێوانی رەگەزە ئامادەکانی دەقو رەگەزە نائامادەکانییدا، یان لەنێوانی دەقی ئامادەو دەقی نائامادەدا، هەوڵی درووستکردنی پرد بدات)).[1]

هەروەها (بارت) فێرمان دەکات بەوە رازی نەبین ((بۆ هەر بوارێکی نوسین یەك پانتایی زمانو یەك بەشی و شەناسی دەستنیشان بکرێنو تێپەڕینیش لەو پانتاییانە قەدەغەبێت)).[2] گرنگیی ئەمجۆرە خوێندنەوانە لەوەدا دەردەکەوێت کە ئاسۆیەکی کراوە بۆ ماناگەلێکی بگۆڕو جوڵاوو بێکۆتایی، دابیندەکەن. ((بۆیە هەر خوێندنەوەیەکی کراوە بۆ دەق، بەرهەمهێنانی دەقێکی کراوەیشەو پرۆسەیەکی دیموکراتییانەی ئیشکردنی مەعریفیو ئیستاتیکیی رەخنەییە لەبواری ئەدەبو رۆشنبیریدا))[3] لێرەوە خوێنەر، لە گوێگرو تەماشاکەرێکەوە کە لەدەرەوەی دەقەوە دەڕوانێت، دەگۆڕێت بۆ بەرهەمهێنێکی دی لەناو دەقداو گرنگییەکەی لە گرنگی خاوەن دەق کەمتر نابێت. (بارت) ئێمە لەجەبەرووتی خاوەن دەق رزگار دەکاتو ئازادییو رووبەرێکمان پێدەبەخشێت کە بتوانین لە رێگایانەوە نەك هەر لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەقدا بەشداربین، بگرە بەشدارییەکەمان لە بەشداری خاوەن دەق کەم بەهاتر نەبێت. بەمشێوەیە ئێمە بە ئاستێك دەگەین کە هیچ پرسیارێك بە تەنها یەك وەڵامی نابێت. لەم رێگایەوە هەر یەکێك لە ئێمە کاتێ دەقێك دەخوێنێتەوە، هەوڵدەدات شێوەی خۆی بەو دەقە ببەخشێت، کەئەو شێوەیە لەڕاستییدا شێوەی ئێمەو دەقەکەیە پێکەوەو شێوەی کەسیشمان نییە. رەنگە بتوانین ئەم شێوە بەدەقبەخشینە، وەکو پرۆسەی موتوربەکردنی دوو دار تەماشا بکەین. بۆ نمونە، کاتێ باخەوانێك دوو داری هەنجیرو قۆخ بەیەکەوە موتوربە دەکات، ئەو میوەیەی لەو دوو دارەی دەچنێتەوە، هەم هەنجیرەو هەم قۆخەو هەم شتێکی دیکەشە کە هیچیان نییە.

***

نالی دەڵێت:

((پێمدەڵێن مەحبووبە خێڵو قیچە، مەیلی شەڕدەکا
خێڵو قیچە، یا ترازووی نازی نەختێ سەردەکا
عەکسی چاوی تۆ لە چاوییدا بەخواری تێدەگەی
کەچنەزەر کەی فەرقی خوارو ژوورو خێرو شەڕدەکا))4

ئەگەر بشێ لێرەدا حەبیبە وەکو دەقێك تەماشابکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین (نالی) پێماندەڵێت: نرخو بەهاو جوانییەکانی ئەم دەقە تەنها لای خۆی نییەو هەر خۆی بە تەنها دەستنیشانیان ناکات، بەڵکو بەشێکی گرنگی ئەم مەسەلەیە لای ئێمەیە کە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دەقە دروستدەکەین. ئێمە دەتوانین نازی نێو چاوی ئەم دەقە بە خێڵو قیچی ببینینو دەشتوانین خێلێتی چاوی ئەم دەقە بە کەمو زیادی رێژەی ناز بزانین. کاری گەورەی دەق تەنها لەو چرکەساتەوە دەستپێناکات کە تێیدا لەدایك دەبێت، بەڵکو لەو چرکەساتەشەوە کەبەریەککەوتن لە نێوانی ئێمەو دەقەکەدا روودەدات، جارێکی دی دەستپێدەکاتەوە. رۆڵی ئێمە لەگەڵ رۆڵی دەقەکەدا جیاوازییەکی گەورەو جەوهەریی نییە. ئەم گەمەیە دوو بەشە، بەشی یەکەمی دەق دەیکاتو بەشی

دووەمی ئێمە دەیکەین، هەردوو ئەم بەشەش وەکو یەك گرنگن، چونکە دەق هەرچییەك بێت، کاتێ ئێمە کەچنەزەرانە بۆی دەڕوانین بە -خێل- ی تێدەگەین.

محەمەد عومەریش دەڵێت:

لەگەڵ ئەوا بووم..بەفر پشکۆ بوو

کە گەڵاش نەبوو بەڕووی دارەوە

من گوڵزارێکم ئەهاتە بەرچاو

بەچڵی رووتی بەفرانبارەوە

دەشێت لە بارێکی دەروونییدا بەفر بە پشکۆ بزانین‌و چڵە رووتەکانی نێو بەفرانبارمان وەکو گوڵزارێك بێتە پێشچاوو لە بارێکی دەروونی دیکەدا پشکۆکانمان لێببێت بە بەفرو گوڵزارەکانمان وەکو چڵە رووتەکانی نێو بەفرانبار لادەربکەوێت. گۆڕانی شوێنی ئێمەو گۆڕانی حاڵەتی روحییمان، گۆڕانی ئەو شتانە لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن کە ئێمە بۆیاندەڕوانین. راستگۆیی ئێمە لەگەڵ حاڵەتی روحیی خۆمان‌و ئەو کارلێکەی لەگەڵ دەقێکدا دەیکەین، نەك هەر وادەکات خوێندنەوەی ئێمە لە خوێندنەوەی خەڵکانی دیکە نەچێت، بگرە واشدەکات ئەگەر هەر خۆمان خۆیندنەوەی دووەم بۆ هەمان دەق بکەین، لە خوێندنەوەی یەکەمی خۆمان نەچێت. چونکە شوێنی روانین‌و حاڵەتی روحیی‌و ئاستی کارلێکی ئێمە لەگەڵ دەق‌و لەگەڵ شتەکانی دەورو بەرماندا، لە گۆڕانی بەردەوام دایە. هەر لەبەر ئەمەیە (هیراکلیتس) وتویەتی: ((مرۆڤ دووجار لەیەك ئاو ناپەڕێتەوە)).[5] ئەگەر بۆ نمونە پەنجەرە وەربگرین، دەبینین: ((کاتێ دەچینە شەمەندەفەرەوە، یان فرۆکە، یان پاپۆڕ، یاخود بینایەکی بیست قات، ئیقاع‌و مانای پەنجەرەمان لادەگۆڕێت...کاتێکیش لەژێر زەمینێکدا لەبەردەستی جەلادەکەماندابن، یان کاتێك دەستی خۆشەویستەکەمانمان گرتووە، نەك هەر مانای پەنجەرە بە تەنها، مانای خۆرئاوابوون‌و مانای ژیانیشمان ئاوەژوودەبێتەوە)).[6] یان ئەگەر خۆر بە نمونە وەربگرین، دەبینین: ((ئەو کاتەی لە نیشتیماندابن لەگەڵ ئەو کاتەی لە تاراوگەدابن، خۆر یەك مانامان پێنابەخشێت)).[7] راستە هەردوو خۆرەکە یەك خۆرن، بەڵام ئەو کاتەی حاڵەتی رووحیی ئێمە گۆڕاوە، خۆرەکەش دەگۆڕێت. بەمشێوەیە ئێمە دەتوانین بەبەردەوامیی مانای تازەو جیاواز بە دەقەکان ببەخشین. دەمەوێت بڵێم: وەکچۆن هەر شاعیرێك بچێتەوە سەر شاعیرانی دیو روانینی خۆی بۆ گەردوون‌و شتەکان نەبێت‌و نەتوانێت دنیای تایبەتی خۆی پێشکەشبکات، بێدەسمایە دەمێنێتەوە. بەهەمانشێوە هەر خوێندنەوەیەکیش بچێتەوە سەر خوێندنەوەکانی دیو روانینی تایبەتی ئەو کەسە پێشکەش نەکات کە خوێندنەوەکەی ئەنجامداوە، بێدەسمایە دەمێنێتەوە. من لەم خوێندنەوەیەدا، بەو هیوایەی روانینێکی تازە بخەمە بەردەستی ئێوە، هەوڵدەدەم روانینەکانی خۆم لەگەڵ روانینی محەمەد عومەردا موتوربە بکەم. بەو هیوایەی رەنگێکی جیاواز پیشانی ئێوە بدەم، هەوڵدەدەم رەنگی خۆم تێکەڵاوی رەنگی ئەو بکەم.

هەوڵدەدەم بۆ ئەوەی حاڵەتی رووحیی ئەو لە یەکدۆخی رزگاربێت، حاڵەتی رووحیی خۆمی تێکەڵبکەم. هیوادارم ئەوەی لێرەدا دەیبینن ئەوە نەبێت کە پێشتر بینیووتانە، چونکە کاری من وەك رەخنەگر، گێڕانەوەی

کۆمەڵە دەقێك نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵە دەقێکی تازەیە لەو دەقانەی کە دەیانخوێنمەوە. من ئیدی، وەك پێشتر زۆرجار رەخنەی ئێمە وایدەکرد، کاتێ قسە لەسەر دەقێك دەکەم، وەکو جاك دریدا دەڵێت: ((لەدەرەوەی ئەو دەقە نیم))،[8] لەدوورەوە قسەی لەسەر ناکەم، بەڵکو لەناو دەقەکەدامو بەشێکم لەدەقەکەو خەریکم رەنگی دیکەی پێدەبەخشم. ئەمەش کارێکی ئەستەم نییە، چونکە ((هەموو ئەو دەقانەی کە قابیلی خوێندنەوەو تەئویلو هەڵوەشاندنەوەن، بیرورای رەخنەیی جیاوازیان لەبارەوە درووستدەبێت، مەرجیش نییە ئەم بیروڕایانە هەمیشە لەگەڵ ئەو دەقانەبن، یان هەمیشە دژیان بن، چونکە لەنێوانی ئەم دوو جەمسەرە لەیەکدووردا، رووبەرگەلێکی زۆری دیکە بوونیان هەیە، رووبەرگەلێك کە زیاتر لە ئەگەرێکمان پێدەبەخشنو دەمانخەنە بەردەمی چەندین خوێندنەوەوە.)).[9]

## تراژیدیا

بۆ شادمانی زۆر کورتە تەمەن
بۆ کوێرەوەریی... نابڕێتەوە
چۆن گڕ ناگرێ بەفری بەر هەتاو
خۆ دوای چەن ساتێ سەر ئەنێتەوە
***
لە جیاتی بۆنی لالەی کۆساران
قولایی سینەم کەیلە لە بۆسۆ
بەهەر لایەکا چاو ئەگێڕم من
هاوارە..تەرمە.. مردنەو گلکۆ

محەمەد عومەر عوسمان بە درێژایی ئەزموونی شیعرنووسینی خۆی هەمیشەو بەردەوام خەریکی بەرهەمهێنانی شیعرییەت بووە لە تراژیدیا. گوتاری شیعریی ئەو گوتاری تراژیدیایەو جیهانبینی ئەو جیهانبینییەکی تراژیدییە. لای ئەو کوێرەوەری نابڕێتەوەو بەدبەختی کۆتایی نایەتو هەتاوی خەم ئاوا نابێت. ئەو جارێك خۆی بەپرسەیەك دەزانێت کە بۆ مەرگی چەندین سەرچاوە دانراوەو کەس نایبنێت، جارێکی دی خۆی گۆڕهەڵکەنەو خۆی مردووەو خۆی پرسەیەو خۆی کۆستکەوتووە. ئەو فرمێسکێکی ئەبەدییەو لەقولاییدا گەلارێزانو زریانێکی نەبڕاوە هەن. بەهار لە عومری بێبەرییەو قژی دەفتەریی کوێرەوەریی. لە جیهانبینیی ئەم شاعیرەدا هەوا بۆنی مەرگی لێدێو مەرگ رەشەبا هەڵدەکاو باخ قرچە قرچی سوتانی دێو خونچەو گوڵەکان بەلادا دەکەون. ئەم شاعیرە لە کاتو سەردەمێکدا کە زۆربەی هەرەزۆری شاعیرانی ئێمە، سەرقاڵی ئەوە بوون بەجۆرێکی دی (ئەی رەقیب) بەرهەمبێننەوە، لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆری ئەو شاعیرانە (( میتافۆرە سیاسییەکانیان کردبوو بە قاڵبو زەینی خوێنەریان پێ سواخ دەدا))،[10] ئەم جیابۆوەو ئەو ئاپۆرەیە

نەیخەڵەتاندو نەیتوانی دوای خۆی بخات. ئەم دوای دەنگی دڵی خۆی کەوت. بۆ نمونە شاعیرێکی وەکو (شێرکۆ بێکەس) لەو سەردەمەدا هەندێ شیعری دەنووسی کەخۆی بەر لەخەڵکی دی دەیزانی چەند زوو دەمرن. ئەو پێیوابوو ((مادام لەو کاتانەدا پێشمەرگەو خەڵكو دارو بەردی ئەم وڵاتە شەهید دەبن، ئاساییە هەندێ شیعریش شەهیدبن))[11]. لای شێرکۆ لەو رۆژگارانەدا ((پێداویستی بانگ لە فەنتازیای شیعر لە پێشتر بوو))[12] وەلێ محەمەد عومەر خەریکی نووسینی شیعرێك بوو، کە تیایدا ((باسی دەردی مرۆڤ دەکرێت، بەبێئەوەی هوتاف بکێشرێت)).[13]

شێرکۆو زۆرێك لە شاعیرانی دیکەی ئەو کاتە، بە شۆڕشی چەکدارانەو شیعری بەرەنگاربوونەوەوە سەرقاڵ بوون، وەلێ محەمەد عومەر بە تەنها خەریکی شۆڕشە پایزییەکەی خۆی بوو. من لێرەدا بەقەد ئەوەی چاوم لەوەیە جیاوازیی محەمەد عومەر لەگەڵ شاعیرانی ئەو کاتەدا دەستنیشان بکەم، چاوم لەوە نییە لەگەڵ کام بۆچوونیانمو دژی کامیانم.

من پێموایە، وەك پێشتریش ئاماژەم بۆکرد، ناکرێت چیدی ئەو رووبەرانە فەرامۆشبکەین، کە لە دەقەکاندا هەنو دەکەونە نێوانی لەگەڵبوونو دژبوونەوە، چونکە ئەو رووبەرانە زۆر گرنگنو بواری کاری گەورەیان تێدایە. لەو سەردەمەدا کە محەمەد عومەر دەستی بەنووسینو بڵاوکردنەوەکرد، نەك هەر ئاسان نەبوو، مرۆ بتوانێ بەپێچەوانەی ئاراستەی شەپۆلەوە مەلە بکاتو لەبری گوێگرتن لەو دەنگەی زۆرترین گردبوونەوەی لەدەور بوو، گوێ بۆ دەنگی دڵی تەنیای خۆی رادێرێت، بگرە زۆریش سەختبوو، باجی گەورەشی هەبوو.

یەکێك لە باجەکانیشی ئەوەبوو کە تا رادەیەکی زۆر فەرامۆشکراو ئاوڕ لە شیعرەکانی نەدرایەوە. تا سەروەختێك دوای راپەڕینیش جگە لە رەخنەیەکی رۆژنامەوانیی (غەفور ساڵح عەبدوڵا) کە لە رۆژنامەی هاوکاریو لێکۆڵینەوەیەکی (ئازاد عەبدولواحێد) کە لە گۆڤاری بەیانو خوێندنەوەیەکی (مەریوان وریا قانیع) کە لە پاشکۆی عێراقدا بڵاوکرانەوە، شتێکمان لەسەر ئەو شیعرانە نەبوو. ئێستاش ئەوەی لەسەر ئەزمونی شیعریی ئەم شاعیرە هەمانە، زۆر لەوە کەمترە کە دەبوو بمانبێت. ئەو کاتەی ئەم شاعیرە خەریکی نووسینەوەی (ئەشکی ئێوارە)و (غوربەت)و (ونبوون)و (هەواری چۆڵ)و (سەراب)و (کۆست)و (کارەسات)و (خۆکوشتن) بوو[14]، گەورەترین مەرج بۆ پێشوازیکردن لە هەر دەقێك ئەوەبوو لەبری کەوتن (هەستانەوە)و لەبری رەشبینیی (گەشبینیی) پێشکەشبکات. ئەو کاتە ئەگەر پاڵەوانی نێو دەقێك بشمردایە دەبوو لە کۆتایی دەقەکەدا هەڵبستێتەوە !! ئەو کاتە ئەوانەی هەوڵیاندەدا لەدەرەوەی ئەم تێگەیشتنەوە بۆ ئەدەب بڕوانن، کەمینە بوونو بەزەحمەت دەیانتوانی دەنگی خۆیان بە گوێی زۆرینە بگەیەنن. وەلێ محەمەد عومەر هەرگیز گوێی بەدەنگی ئەو زۆرینەیە نەداو دوای دەنگی تەنیای دڵی خۆی کەوت. ئەو، بە ئازایەتییەکی زۆرو بە راستگۆییەکی زۆرترەوە ترسو دوودڵیو خەمو خۆزگەو برینەکانی خۆی نووسییەوە. وەکو زۆرێك لە شاعیرانی دی برینەکانی خۆی نەشاردەوەو لەوە نەترسا ئەو برینانە وەکو خاڵی گەورەی لاوازێتیی ئەو لێکبدرێنەوە. بەدووی ئەوەدا وێڵ نەبوو کام بابەتی نووسینو کام جۆر لە نووسین، زۆرترین خەڵکی لەدەور کۆدەبێتەوە. بەڵکو زۆر وەفادارانە، گوێینا بەدڵی خۆیەوەو نووسینەوەی خەونو خۆزگەو ئاهو ناڵەو برینو گریانەکانی ئەو دڵە تەنیاو

شکاوو تەزیوەی خۆی دەسپێکرد. هەر لێرەشەوەیە کە نوسەرانێکی وەکو بەختیار عەلیو مەریوان وریا قانیع پێیانوایە ((محەمەد عومەر خۆیشی شیعرێکەو دەبێت بخوێنرێتەوە)).[15] تراژیدیا یەکێك لەو خاڵە جەوهەرییانەیە کە محەمەد عومەری لە شاعیرانی دیکەی ئێمە جیاکردۆتەوە. چونکە ((لەدوای مەحوییەوە ئەم رەهەندە کەم تا زۆر لەشیعری کوردیدا لاواز ئەبێت))،[16] وەك دەشزانین ئەم رەهەندە لای مەحوی لەناو جیهانبینییەکی ئاینییەوە دێتە دەرێ کە وەڵامی بۆ هەموو پرسیارەکان پێیە، بەتایبەتیش پرسیاری مردن. وەلێ لای محەمەد عومەر ئەم رەهەندە لەناو جیهانبینییەکەوە سەرهەڵدەدات، کە لەبەردەمی هەموو پرسیارەکاندا، حەپەساوە، بەتایبەتیش پرسیاری مردن. هۆکارێکی گەورەی تراژیدیا لای مەحوی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە مرۆڤەکان خوایان لەبیرکردووە، (قوربانی ناوی ناوی لەناوا نەما خودا). کەچی لای محەمەد عومەر هۆکارێکی گەورەی تراژیدیا لەوێوە سەرهەڵدەدات کە خوا مرۆڤەکانی لەبیرکردووە، (بۆ جارێ خوا نایەتە دەنگ..بۆ جارێ خوا نابێ بەرەنگ). ئەمەش، بێگومان جیاوازییەکی گەورەیە لە نێوانی مەحوی‌و محەمەد عومەردا. ئەدەبی محەمەد عومەر ((ئەدەبی بەر لەدرووستبوونی یۆتۆپیاکان‌و ئەدەبی دوای درووستبوونی یۆتۆپیاکانە. ئەو دەنگێکی پاکە بەڵام خەمبار، روحێکە لەکاتی درووستبوونیدا چەند قەترەیەك خەمی تێپەڕیوەو لەگەڵ گەورەبوونیدا ئەم قەترە خەمانە هەموو ژیانیان داپۆشیوە، بۆیە نەهیچ یۆتۆپیایەك‌و بێگومان نەهیچ ئایدیۆلۆژیایەك ئەتوانێ ئاسوودەیکات. شیعری محەمەد عومەر عوسمان شیعری شاعیرو کۆمەڵگاو رۆژگارێکە کە ئینسانەکانی ناتوانن بەختەوەر بن)).[17] بەڵێ، ئامادەیی بەردەوامی ئەم روحە تراژیدییە یەکێك لەگەورەترین ئەو سیمایانەیە کە شیعری محەمەد عومەری پێدەناسرێتەوە. وەلێ ئەم روحە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی فڕێنەدراوەتە نێو شیعرەکانەوە، بەڵکو لە دوو ئاستی گرنگدا کاری لەسەرکراوە. یەکەمیان بەرهەمهێنانی شیعرییەتە لەو روحە تراژیدییەو دووەمیان رەنگکردنی ئەو شیعرییەتەیە بە رەنگی محەمەد عومەر عوسمان خۆی، رەنگێك کە لای هیچ شاعیرێکی دیکە بەو جۆرەو بەو وردەکارییانەوە نابینرێت. لێرەوە ئێمە لە جیاوازییەکانی ئەزموونی شیعریی ئەم شاعیرە نزیك دەبینەوە.

***

# رەهەندەکانی جیاوازیی

## یەکەم: لەڕووی جیهانبینییەوە

((ئۆڵسن پای لەسەر ئەوە داگرتبوو کە – دەنگی نووسەر لە نەفەسیەوە دێ–)).[18]

بێگومان نەفەسی هەر مرۆڤێك، لە نەفەسی مرۆڤەکانی دیکە جیاوازە، لەبەر ئەوە کاتێ شاعیرێك هەوڵدەدات دەنگی لە نەفەسیەوە بێت، یانی هەوڵییداوە لە شیعرێکی جیاواز نزیکبێتەوە. ئاشکراشە کە رادەو ئاستی هەر شاعیرێك لەگەڵ شاعیرێکی دیکەدا، لەوەی تاکوێ لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو دەبێت‌و تاچەند دەتوانێت لەو

شیعرە جیاوازە نزیکبێتەوە، وەکو یەك نییە. هەڵبەت ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە کە شاعیرێك هەوڵییدا راستگۆیانە دەنگی خۆی لە نەفەسی خۆیەوە بەرهەمبێنێت، ئیدی لە کاریگەریی هەموو نەفەسەکانی دی رزگاردەبێت. نەخێر ئەمە بەو مانایەیە کە وێرای هەر نەفەسێکی دی، نەفەسی باڵاو زاڵو خاوەن جەبەرووت نەفەسی شاعیر خۆی بێت. ئەگینا خەوبینین بە دەقێکەوە، کە جگە لە نەفەسی شاعیر خۆی، شوێنەواری نەفەسی هیچ کەسێکی دیکەی بەسەرەوە نەبێت، خەوبینینە بە دەقێکی دابڕاوەوە لەدنیا.

***

شەمسی لەنگەروودی دەڵێت: ((من منالّیی خۆمم ونکردووە، یاریم کەم کردووە، لەو رۆژانەدا، کە لە جێگادا کەوتبووم مۆڵەتی ئەوەم نەبوو برۆم بە رێگادا، بەڵام ئەمتوانی برۆمو رێگا ببڕم، رۆژێك لەدوورەوە گوێم لەدەنگی منالاّن بوو، یاخی بوومو لەسەر قەرەوێڵەکەم راپەڕیمو رۆیشتم، لە نیوەی رێگەدا کەوتم، ئیتر تێگەیشتم ژیان کەوتنی زۆری تیایە))،[19] شیعری محەمەد عومەر شیعری نوسینەوەی کەوتنەکانی مرۆڤە.

شیعرێکە لەبری ئەوەی لە خۆیدا وێنەی ئەو دۆزەخەی مرۆڤەکان دەسووتێنێت، پێچەوانە بکاتەوەو بە وێنەی بەهەشت بیفرۆشێتەوە، هەوڵدەدات لەسەر ئەو دۆزەخە رامانبگرێتو روحمان رابچەڵەکێنێت. شیعرێکە هاتووە پێمانبڵێت: شیعر هاواری مرۆڤەکانە، ناکرێت لەناو تراژیدیاوە بەرزبێتەوەو لەبری خوێن گوڵی لێبچۆڕێتەوە. هاتووە پێمانبڵێت: شیعر وەکچۆن دەبێت لەگەڵ خۆشیو خەونەکانی مرۆڤدا راستگۆ بێت، بەهەمانشێوە دەبێت لەگەڵ نەهامەتییو تراژیدیاکانیشییدا راستگۆبێت. هەڵبەت لەراستگۆیی، هەرگیز مەبەستم کۆپیکردنی ئەوە نییە کە شاعیر لەناویدا دەژی، یان راستتر ئەوەی لەناو شاعیردا دەژی. بەڵکو مەبەستم گۆڕینی حاڵەتی ژیانییو ویژدانییو روحیی شاعیرە بە حاڵەتی شیعریی.

زۆرجار شاعیرانی ئێمە یان لەو حاڵەتانەی خۆیان هەڵدێن، یان کۆپییان دەکەنو ناتوانن بیانگۆڕن بە حاڵەتی شیعریی. لە راستییدا، شیعر گۆڕینی دنیایە لە بوونێکی واقیعییەوە بۆ بوونێکی شیعریی، گۆڕینێتی لە بوونێك لەناو مادەوە بۆ بوونێك لە ناو زماندا. شیعر تێکدانەوەی دنیایەکە، کە لەناو هەوادا دەژیو دروستکردنەوەیەتی لە ناو ستاتیکادا. راستە دنیای واقیعیی محەمەد عومەر خۆیو دنیای نێو شیعرەکانیشی دوو دنیای تراژیدیین، راستە لەهەر دووکیاندا ململانێیەکی سەخت لەنێوانی جوانیو تراژیدیادا هەیە. وەلێ ئەم دوو دنیایە دوو دنیای جیاوازن لەیەکدی. لەدنیای واقیعدا جوانییەکان لە ناو کۆشی تراژیدیادانو لە دنیای ناو شیعرەکاندا تراژیدیا لەناو کۆشی جوانیەکاندایە. لە دنیای واقیعدا تراژیدیا فەرمانڕەوایەو ئەو بڕیار لەسەر چارەنووسی جوانییەکان دەدات. بەڵام لەدنیای نێو شیعرەکاندا جوانیی فەرمانڕەوایەو چارەنووسی تراژیدیا لەلایەنی ئەوەوە دیاریدەکرێت. بە واتایەکی دی ئەو تراژیدیایەی لە ژیانی واقیعدا هەیە، مرۆڤ دەگریێنێت، بەڵام تراژیدیای نێو شیعرەکان مرۆڤ رادەچڵەکێنێت. ئەویان مرۆڤ پەستو ئەمیان مرۆڤ مەست دەکات. ئەم دروستکردنەوەیەی دنیا بەجۆرێکی دی، کارێکی زۆر گرنگە، چونکە یەکێك لە خەونە کۆنو قوڵەکانی مرۆڤ بەدرێژایی سەردەمەکان، گەیشتن بووە بە دنیای دیکەو جیاواز لەوەی کە بینیویەتی. تەنانەت وەك نیچە پێماندەڵێت، یەکێك لە سەرەکیترین پەیامی ئایینەکانیش هەر ئەمەیە. ((بەدیدی نیچە ئایین یەکێکە لەو

بیانوانەی کە مرۆڤ بۆ خۆدزینەوە لە ئازارەکانی پەنای بۆ بردووە. کەواتە ئایین خەونێکە تاوەکو مرۆڤ لەدوای مردنی ژیانێکی بەهەشتی بۆ خۆی مەیسەر بکاتو بەمەش خۆی لەو ژیانە راستەقینەیە بشارێتەوە)).[20] ئەگەر شەیتانی یەکەم مرۆڤی فێری ئەوەکرد ئامادەبێت لە پێناوی چێژی دۆزینەوەو ئاوەدانکردنەوەی شوێنێکی نوێدا، دەست لە بەهەشتیش هەڵبگرێت. ئەوا شەیتانی دووەم، کە شیعرە، دێت تاکو کار لەسەر زیندووکردنەوەی ئەو ئازایەتیەی مرۆڤ بکاتو روحی عەوداڵێکی پێببەخشێت کە هەمیشەو بەردەوام بەدووی دنیای تازەو نەدۆزراوەدا بگەڕێت. شەیتانی شیعر دێت بۆ ئەوەی هیدایەتی مرۆڤەکان بدات خۆیان لە چەپۆکو جەبەرووتی ئەو دنیای واقیعەی کە هەیە رزگاربکەنو هەوڵی دۆزینەوەو داهێنانی دنیای دیکە بدەن. دەشێت هۆکارێکی سەرەکیی لەوەدا کە پێغەمبەری ئیسلام پێی ناخۆش بووە بە شاعیر ناوببرێت، ئەم شەیتانێتییەی شیعر بووبێت. ئەم شەیتانە یارمەتی بەدیهێنانی ئەو خەونە قووڵو دێرینەی مرۆڤ دەدات کە تیایدا هەستدەکات، یەك دنیا بەشی ناکات.

لێرەوە، ئێمە دەستدەخەینە سەر خەونێکی قووڵو دێرینی مرۆڤ کە لەهەموو بۆنەیەکدا بەدوای بەدیهاتنییدا دەگەڕێت. وەکچۆن لە ئایینەکاندا عەوداڵی بەدیهاتنی ئەو خەونەی خۆیەتی، بەهەمانشێوە، یان رەنگە زۆرجار گەرمتریش، چاوەڕوانی بەدیهاتنی ئەو خەونە لە شاعیرەکان بکات. بەم مانایە هەر شاعیرێك نەتوانێت دنیایەکی جیاواز لە خودی دنیا خۆیو لە دنیای شاعیرانی دیکە پێشکەشبکات، بۆی نییە چاوەڕوانییەکی زۆری لە مرۆڤ هەبێت. ئێمە لەبارەی جیاوازیی دنیای واقیعو دنیای نێو شیعرەکانی محەمەد عومەرەوە قسەمانکردو ئاماژەیەکی خێراشمان بۆ جیاوازی جیهانبینی ئەوو مەحوی کرد. ئێستا دەمانەوێ لەبارەی دنیای محەمەد عومەرو دنیای دوو شاعیری دیکەوە قسە بکەین، کە خاڵی هاوبەش لە نێوانی دنیای ئەمو دنیای ئەو دوو شاعیرەدا ئاشکرایە. وەلێ خاڵی جیاوازیش هەیە. لەو دوو شاعیرە مەبەستم گۆرانو خەیامە. محەمەد عومەر لەگەڵ شاعیرێکی وەکو گۆراندا لەوەی کە هەردووکیان لە ناو پایزدا شتی نەبینراویان بینییووەو بەجۆرێکی دی لە پایزیان روانیووە، دەچنەوەسەریەك. وەلێ لەوەدا جیاوازن کە گۆران زیاتر پایزی وەکو بوونەوەرێکی شانو مل رووت بینیووەو هەستی بەهاوخەمییەك کردووە لە نێوانی خۆیو ئەوداو داوای گەورەی لە پایز ئەوە بووە (هەرچەند گوڵەکان سیس بوون، پێکەوە بگرین)... کەچی محەمەد عومەر پایزی بە نیشتیمانی خۆیو گەڵاکانیشی بە چاوی دڵدارەکەی زانیووە. لای گۆران پایزو شاعیر لەدەرەوەی یەکدینو لای محەمەد عومەر پایزو شاعیر لەناو یەکدییدان. گۆران جگە لە جوانیو هاوخەمیی، رایەڵەیەکی ئەوتۆ بە پایزەوەی نابەستێتەوە، کەچی محەمەد عومەر بەدەیان رایەڵەی جیاجیا بە پایزەوە گرێدراوە.

تەنانەت کار لای محەمەد عومەر گەیشتۆتە ئەو رادەیەی بڵێت:

تو خوا گەر مردم گەڵا کفنم بێ
دەمیشم پڕکەن لە گەڵای وەریو
تابووتو گۆڕم چڵی پایز بێو
تەرمم مەنێنە ناو خاکی تەزیو

لەگەڵ خەیامیشدا لەوەی کە هەردووکیان لەنێو هەمووو شتەکاندا مردن دەبینن، دەچنەوەسەریەك. خەیام لە گۆزەی مەیو دەفری خواردنەوەدا کەللەسەری مرۆڤ دەبینێتو لەو قوڕەدا کە کوڕێك خەریکی شێلانییەتی هاواری باوکی کوڕەکە دەبیستێت کە داوای لێدەکات: بە قایمی نەیشێلێتو بەهێمنی پێی لێنێت. محەمەد عومەریش لە داگیرساندنی مۆمدا مەرگی پەپولە دەبینێتو هەستدەکات (با) و بەفرو شەپۆلیش دەبن بە تابووتو هەریەکەیان مەرگێك لەخۆیاندا هەڵدەگرنو بە هەزاران تابووتیش لە ناو چاوانیا دەخولێنەوە. تا ئێرە خەیامو محەمەد عومەر لەیەك دەچن، وەلێ لەوێوە کە خەیام ئامادەیی بەردەوامی مردن وایلێدەکات گەرمتر باوەش بە ژیاندا بکاتو کازانزاکی وتەنی کارێك بکات ((جگە لە کەمێك ئێسقان هیچ شتێکی جێنەهێشتبێت، مردن لەگەڵ خۆیدا بیبات)).[21] محەمەد عومەریش ئامادەیی مردن وایلێدەکات بەردەوام بیر لەخۆکوشتن بکاتەوە، لێرەوە جیاوازی گەورەو ئاشکرای ئەم دوو شاعیرە دەردەکەوێت.

مردن، وا لەخەیام دەکات بڵێت:

((بایی مەبە لە ژیانو کەمیٚ رامێنە
زۆری وەکو تۆ ئێستە سەتی لە شوێنە
دڵخۆشبە هەتا ماوی، مەرگ وا لەکەمین
تا تۆش نەڕفێنراوی بەشت بڕفێنە)).22

کەچی محەمەد عومەر وا لێدەکات، بڵێت:

خۆزگە ئەمتوانی گڕ لەخۆم بەردەم
دووکەڵم ببیٚ بەتارای سەر رووت
یان بمرمو سەگ لە لاشەم تێربیٚ
دنیای روانینم مردنەو تابووت

***

## دووەم: لەڕووی فۆرمەوە

راستە شیعری محەمەد عومەر فۆرمێکی تەقلیدیی هەیەو بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی لەسەر شێوەی چوارین دارشتووە کە شێوازێکی زۆر کۆنی نووسینە لە ئەدەبی کوردیو دراوسێکانیشییدا، وەلیٚ هەوڵیداوە لەنێو ئەو چوارچێوە تەقلیدییەشدا جێگە بۆ تایبەتمەندی خۆی بکاتەوەو تاڕادەیەك جیاوازیی بەرهەمبێنێت. سەرجەم شیعرەکانی (لەغوربەتا) بە هەر دوو کێشی چوار برگەییو پێنج برگەیی نوسراون، کە دوو کێشی کۆنو تەقلیدیینو هەزاران شیعرمان بەم دوو کێشە هەیە. تەنانەت من تا ئەم چرکەساتە شیعرێکی هەورامانییم نەبینیووە، دەبرگەیی نەبێت، (بێگومان دە برگەیی هەر پێنج برگەییەو دووبارە دەبێتەوەو دەکرێت ببێتە پازدەو بیست برگەییش)، زۆربەی زۆری شیعری حەفتاکانو شیعری دواتریشمان بە کێشی چوار برگەیی نووسراون، (چواربڕگەییش دووبارە دەبێتەوەو دەبێت بە هەشتو بە دوازدەو بە شازدەو بە بیست برگەییش).

یەك دنیا شیعرو گۆرانیی فۆلکلۆرییشمان بەو دوو کێشە هەیە. جیاوازیی محەمەد عومەرو شاعیرانی دیکە لە بەکارهێنانی ئەو دوو کێشەدا، لەوەدایە لای ئەم لە زۆرێك لە شیعرەکاندا ئەم دوو کێشە بەیەکەوە بەکار دێنو هەندێجار بەتەواوییش تێکەڵو پێکەڵ دەبن. بۆ نمونە:

شیعری (بروسکەیەك) دوو کۆپلەیە، کۆپلەی یەکەمی کە لەچوار دێڕ پێکهاتووە چوار بڕگەییەو کۆپلەی دووەمی کە دیسان لەچوار دێڕ پێکهاتووە پێنج بڕگەییە. شیعری (ئەشکی ئێوارە) سێ کۆپلەیە، کۆپلەی یەکەم چوار بڕگەییەو کۆپلەی دووەم بووە بە پێنج بڕگەییو کۆپلەی سێیەم دیسان بۆتەوە بە چوار بڕگەیی. شیعری (ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەك سەهۆڵ) چوار کۆپلەیە، کۆپلەی یەکەمو دووەم چوار بڕگەیین، کۆپلەی سێیەمیش بە چوار بڕگەیی دەستپێدەکاتو لە پڕا دەبێت بە پێنج بڕگەییو دوای سێ دێڕ دەبێتەوە بە چوار بڕگەییو دوای دوو دێڕ جارێکی دی دەبێتەوە بە پێنج بڕگەییو کۆپلەی چوارەمیش دیسان دەبێتەوە بە چوار بڕگەیی. شیعری (ڕووداوی هەردوو دیوی پەنجەرەکە) دێڕی یەکەمی چوار بڕگەییەو دێڕی دووەمو سێیەمو چوارەم دەبنە پێنج بڕگەییو دێڕی پێنجەم دەبێتەوە بە چوار بڕگەییو باقی شیعرەکە دەبێتەوە بە پێنج بڕگەیی. شیعری (لە غوربەتا) کە هەشتاو دوو چوارینەیە، هەشتاو یەك چوارینەیان پێنج بڕگەیینو دوا چوارینەیان بووە بە چوار بڕگەیی. شیعری (کارەسات) بە دێڕێکی چوار بڕگەیی دەستپێدەکاتو دێڕێکی پێنج بڕگەیی بەدوادا دێتو لە دێڕی سێیەمدا دەبێتەوە بە چوار بڕگەییو لە دێڕی چوارەمەوە جارێکی دی دەبێتەوە بە پێنج بڕگەییو ئیدی تاکۆتایی بە پێنج بڕگەیی دەڕوات.

شیعری (ماسیگرێك) شیعرێکی چوار بڕگەییە، کەچی دێڕی دووەمو سێیەمو چوارەمی بوون بە پێنج بڕگەیی. شیعری (سەراب) سێ کۆپلەیە، کۆپلەی یەکەمو دووەم پێنج بڕگەیینو کۆپلەی سێیەم چواربڕگەییە. شیعری (دووەم نوح) شەش کۆپلەیە، پێنج کۆپلەی پێنج بڕگەییەو سێ دێڕی کۆپلەی شەشەمیشی هەر پێنج بڕگەییە، کەچی لەکۆپلەی شەشەمدا پێنج دێڕ بووە بە چوار بڕگەییو دوای ئەو پێنج دێڕە بۆتەوە بە پێنج بڕگەیی. شیعری (نوێژێك لەبەر بارانا) بە پێنج بڕگەیی دەستپێدەکاتو لەپڕا دەبێت بەچوار بڕگەییو دوای حەوت دێڕ دەبێتەوە بە پێنج بڕگەییو دوای چەند دێڕێك جارێکی دی دەبێتەوە بەچوار بڕگەییو بەرلەوەی تەواوبێت دیسان دەبێتەوە بە پێنج بڕگەیی.

من وەکو خۆم نایاتەوە یادم ئەمەم لای هیچ شاعیرێك بینیبێت، پێموایە ئەگەر هەشبێت نەبووە بە دیاردەیەكو بەم رادەیەی محەمەد عومەر نەبووە. ئەم دوو کێشە لەبەرئەوەی دوو دەنگی تەواو جیاوازیان هەیەو هیچ هارمۆنییەتێکیان لە نێواندا نییە، کاتێ پێکەوە بەکاردەبرێن شپرزەیی لە شیعردا درووستدەکەنو تاڕادەیەك خوێنەر دووچاری حاڵەتێکی نائارام دەکەن. بۆ ئەمەش ئەگەرێکی لاواز هەیە محەمەد عومەر وەکو (ابا العتاهیە) کە دەیوت: ((من لە عەروز گەورەترم))،[23] خۆی لە کێش بەگەورەتر زانیبێتو ئەگەرێکی بەهێزیش هەیە کە ئەم حاڵەتە پەیوەندی بە نائارامیی‌و تراژیدیبوونی روحی شاعیرەوە هەبێت. دەشێت شپرزەیی نێو ئەو کێشانە، شپرزەیی نێو روحی شاعیر بێت. ئەمەش، لەو رووەوە کە دەتوانێت باشتر حاڵەتی روحیی شاعیر بگوێزێتەوە، رەنگە کارێکی خراپ نەبێت، چونکە وەکو عەبدلکەبیر خەتیبی دەڵێت: ((نوسین

بەجێهێشتنی شوێنەواری دەنگو سۆزە بەسەر وێنەکێشانی وشەکانەوە))،[24] وەلێ لەو رووەوە کە خوێنەر دووچاری شپرزەییو نائارامیی دەکەن، رەنگەکارێکی باش نەبێت. بەهەرحاڵ، ئێمە قسەمان لەسەر جیاوازییەو کارمان بەوردەکارییەکانی دی نییە.

لەڕووی سەراوشەوە شیعری محەمەد عومەر عوسمان دوو تایبەتمەندیی ئاشکرای هەیە:

تایبەتمەندی یەکەم ئەوەیە ئەم شاعیرە بۆئەوەی خۆی لەسەروای سواو رزگاربکاتو ناچار نەبێت ئەو سەروایانە دووبارەبکاتەوە کە بەکارهاتوون، هەوڵیداوە خۆی سەروا دروستبکات.

لەم رووەوە شیعرەکانی پڕن لەسەرواگەلێك کە لەڕاستییدا خۆیان سەروانینو شاعیر لەکاتی بەکارهێنانیاندا کردوونی بەسەروا. بێگومان محەمەد عومەر نەیەکەمینو نەتاکە شاعیری ئێمە نییە کەخۆی سەروای درووستکردبێت، وەلێ رەنگە سەرکەوتووترین شاعیری ئێمە بێت لەم بوارەدا، یان لانیکەم یەکێك لە سەرکەوتووترین شاعیرانی ئەم بوارە بێت. بابزانین ئەم سەروا دروستکردنە لای محەمەد عومەر چۆنە:

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە
ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەك سەهۆڵ
بەدەم کزەی ئێوارەوە

(مەشارەوە) لەگەڵ (ئێوارەوە) دوو سەروای زۆر جوانن، کەچی لەڕاستیدا ئەم دوو خۆیان سەروا نینو شاعیر لەسیاقی شیعرەکەدا گۆڕیونیو کردوونی بەسەروا. ئەم دوو وشەیە خۆیان (خۆشاردنەوە)و (ئێوارە) ن، کە سەروانین. (خۆشاردنەوەو ئێوارە) وەکو (شادیو ئازادی) یان (خەوو شەو) یاخود (خەمو تەم) نین، کە خۆیان لە بنەڕەتدا سەروابنو دەنگەکانیان وەکو یەکبن. ئەوەی کە ئەم دوو وشەیەی کردووە بەسەروا جۆری بەکارهێنانەکەیانە.

کە نیوە شەوان هانا بۆ مەرگ.. مەرگی خۆم ئەبەم
روخسارێکی کاڵ لەدوورەوە دێ.. کاڵ هەروەکو تەم
هەتا دێ تۆخو تۆختریش ئەبێ
لەپڕا ئەڵێم ئای خۆ هاتووە
سەری ناوەتە سەر پەنجەرەکەم..

ئەگەر تەماشای ئەم سێ سەروایە بکەین: (ئەبەم، تەم، پەنجەرەکەم) دەبینین سێ سەروای تەواونو هیچ کێشەیەکیان نییە. کەچی لەڕاستییدا ئەم وشانە هیچیان سەروا نینو دەنگی هیچیان وەکو دەنگی ئەوانی دیکە نییە. خۆیان (بردنو تەمو پەنجەرە)ن، کە وەکو سەروا هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە. ئەوەی کردوونی بەسەروا جۆری بەکارهێنانەکەیانە.

نیوە شەوێکی ساردو غەمناکە
پایز میوانە لەژوورەکەما

هەناسەی ساردم ئەبێتە ئەشكو

دێتە خوارەوە بەباڵای رەشی پەنجەرەكەما

(ژوورەكەما، لەگەڵ پەنجەرەكەما)، لە راستییدا (ژوورو پەنجەرە)ن، كە سەروا نین‌و لەڕووی دەنگ‌و ئاوازەوە هیچ پەیوەندییەكیان پێكەوە نییە.

بۆ ترپەی دڵمان نارژێتە ناو یەك

وادەستی زستان لەدەرگام ئەدا

ئاخ لەسووچێكا سەر ئەنێمەوە

مەرگێكی خامۆش وەك مەرگی گەدا

(ئەداو گەدا) دوو سەروای جوانن، كەچی لە بناغەدا ئەم دوو وشەیە (لەدەرگادان‌و گەدا)ن، كەبێگومان سەروا نین.

لە نسێی مەرگا گینگڵ ئەدەم‌و

دڵم هەر لەلای چرپەكانێتی

حەزو ئارەزووم چۆلەكەیەكە

كزەبای پاییز نیشتمانێتی

(چرپەكانێتی‌و نیشتمانێتی) دوو سەروای تەواون، كەچی لەڕاستیدا (چرپەو نیشتمان) سەروانین‌و هیچ لێكچوونێكی دەنگییان لەنێواندا نییە.

ئێواران سەرم ئەبێتە سووتوو

لەساو سێبەری درەختی ئەشكا

درەختی گریەم لق‌و چڵی رووت

كێ چەن گوڵێكی خەندەی لێ بەشكا

***

خەڵكی بەشێتم ئەدەنە قەڵەم

نازانن كە من با ئەخوێنمەوە

دڵۆپی باران حەرفی شیعرمەو

ئاگری عەشق چۆتە خوێنمەوە

***

ئەرخەوانێكم دێنێتەوە یاد

بە گۆڕستانێ چۆڵ‌و ساردەوە

چرپەی دوو دڵی نامۆو تەزیووی

لەگەردەلولی شار ئەشاردەوە

***

مردن گێژاوە بیّ سەوڵە کەشتیم

ڕێشم گەرداوی چەقۆو خەنجەرە

چش لەمردنم لەم ریّ تووشەدا

گەر گۆرانیەك بیّ بە پەنجەرە

***

دەك پایزم ڕۆ وەرزی شاعیریی

دڵ گەڵایەکە وا لەبەر بادا

کە هاناش ئەبەم بۆ پایزی ناخ

تامی پایزی چاوانی نادا

***

ئەم سەروایانە کۆمەڵێك سەروای جوانو تەواوو تێرنو هیچ کێشەیەکیان نییە: (لەدەگام ئەدا– گەدا)، (ئەشکا– بەشکا)، (ئەخوێنمەوە– خوێنمەوە)، (ساردەوە– ئەشاردەوە)، (خەنجەرە– پەنجەرە)، (بادا– نادا). کەچی لەڕاستیدا ئەمانە هیچیان سەروا نینو لە سیاقی شیعرەکەدا بوون بەسەروا، خۆیان لەبناغەدا بەمجۆرەن:

(لەدەرگادان– گەدا)، (ئەشك– بەشکردن)، (خوێندنەوە– خوێن)، (سارد– شاردنەوە)، (خەنجەر– پەنجەرە)، (با– نەدان). تایبەتمەندی دووەمی محەمەد عومەر لە بواری سەروادا ئەوەیە، کە سەرواکان خۆیان سەروان بەڵام ئەو پاشگریان دەخاتەسەرو تا دوا رادەی تێری تێریان دەکات. بەدەگمەن سەروا لە شیعری محەمەد عومەردا دەبینی لە سەروای سێ پیتیی کەمتر بێت. بەزۆری سەرواکان پێنج پیتینو هەندێجار دەگەن بە هەشت پیتیش. کەچی بۆ نمونە لای شاعیرێکی وەکو شێرکۆ بێکەس دەیانو سەدان سەروای یەك پیتیی هەن، کە من کاتی خۆی لە لێکۆڵینەوەیەکدا ناوی ئەو سەروایانەم نابوو سەروای شێرکۆیی، ((چونکە هیچ شاعیرێکی ئێمە بەو رادەیەو بەو شێوە بەردەوامە کاری لەسەر نەکردووە)).[25] بۆئەوەی باشتر لەسەرواکانی محەمەد عومەر تێبگەین، لەپێشدا سەرنجی یەك دوو نمونە لەسەرواکانی شێرکۆ بێکەس دەدەین:

((من خۆم ئەمدی

لەکۆنسێرتی وەرزەکاندا،

دەستیان ئەکردە مل یەکو

لە میهرەجانی ناو شیعرا

دارو درەختیان ئەژەنی))26

(ئەمدیو ئەژەنی) سەروان، بەڵام سەروایەکی یەك پیتین، ئەم دوو سەروایە تەنها پیتی (ی) دروستیکردوون.

((ئەو داری نێو خەونی باخێکی وڵاتی گوڵ عومەر
نامێنێ هەواڵی نەپرسێ
ئەمجارە ئەو باڵای قەسیدەی نیشانەی پرسیارەو
لەو پەڕی هەربستە سۆزێکی هەواڵدا
چاو لەڕێ دائەنێ)).27

(نەپرسێو دائەنێ) سەروانو تەنها پیتی (ێ) دروستیکردوون.

ئینجا باسەرنجی هەندێ لەسەرواکانی محەمەد عومەر بدەین:

کەسیش نەیزانی شوێن پێیەتی یا
دڵمە بەژێر پێی ڕێبوارانەوە
ئەبێ بە ئاوو ئەکەوێتە ژێر
بەفر بارینی ئێوارانەوە

ئەم دوو سەروایە (ڕێبوارانەوە– ئێوارانەوە)، هەشت پیتیان وەکو یەکن، یانی حەوت جار لە سەرواکانی شێرکۆ بێکەس تێرترن.

بیرمە منالّ بووم لەگەلّ باوکما
لەتەنیشت پردە ڕووخاوەکەوە
قولاپی ماسی گرتن لەدەسماو
قاچم ئەخستە ناو ئاوەکەوە

ئەم دوو سەروایە (ڕووخاوەکەوە– ئاوەکەوە)، حەوت پیتیان وەکو یەکن، یانی شەش جار لە سەرواکانی شێرکۆ بێکەس تێرترن.

ئاخ بۆ دەستێکی پڕ لەمیهرو سۆز
بوونم ئەشکێکە بەگلێنەمەوە
شیعرم وەك پایز هەتیو کەوتووە
پایزیش دیارە بەوێنەمەوە

ئەم دوو سەروایەش (بەگلێنەمەوە– بەوێنەمەوە)، شەش پیتیان وەکو یەکن، یانی پێنج جار لەسەرواکانی شێرکۆ بێکەس تێرترن.

لەگەلّ ئەوا بووم بەفر پشکۆ بوو
کەگوڵیش نەبوو بەڕووی دارەوە
من گوڵزارێکم ئەهاتە بەرچاو
بەچڵی ڕووتی بەفرانبارەوە

ئەم دوو سەروایەش (دارەوە– بەفرانبارەوە)، پێنج پیتیان وەکو یەکن، یانی چوارجار لە سەرواکانی شێرکۆ بێکەس تێرترن.

ئیدی لەم نمونانە زۆرن‌و پێموایە ئەو چەند نمونەیەی هێنامانەوە توانیبێتیان مەبەستەکەمان بگەیەنن.

لەڕووی زمانیشەوە، دەتوانین بڵێین زمانی محەمەد عومەر جگە لەوەی زمانێکی زۆر شیعرییە، زۆریش تایبەتە.

زمانی شیعریی بەر لەهەرشتێك بەو زمانە دەوترێت کە میتافۆر (خوازە– مجاز) تیایدا فەرمانڕەوای یەکەمەو لەڕێی ئەوەوە وێنە شیعرییەکان درووستدەبن، تەنانەت ئەدۆنیس میتافۆرو زمانی شیعریی بەیەك شت دەزانێت‌و پێیوایە: ((ئەوەی ئەمڕۆ پێیدەوترێت زمانی شیعریی هەمان ئەو شتەیە کە دوێنێ پێیدەوترا میتافۆر)).[28]

لە نێو میتافۆرەکانی شیعری محەمەد عومەردا پەیوەندییەکی گشتیی هەیە، کە هەندێجار بەئاشکراو هەندێجاریش بە نائاشکرایی کار لەیەکدیو کار لەوێنە شیعرییەکان دەکەن.

زۆرترین میتافۆرەکانی محەمەد عومەر لە هەر دوو وەرزی پایزو زستانەوە وەرگیراون، کە ئەم دوو وەرزەش، وەك دواتر روونیدەکەینەوە، هەر لەخۆیانەوە نەهاتوونەتە نێو جیهانبینی شاعیرەوە، بەڵکو هەڵگری دووان لە گرنگترین ڕووداوە کاریگەرو چارەنووسسازەکانی ژیان‌و شیعری ئەون.

ئەم زمانە تایبەتە، کە یەکێك لەگرنگترین هۆکاری تایبەتییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە راستگۆیانە لە ژیان‌و دنیای روحیی شاعیر خۆیەوە هەڵێنجراوە، وایکردووە شیعری محەمەد عومەر یەکێك لە تایبەتترین شیعرەکانی ئێمە بێت.

لەناو ئەم زمانەدا کۆمەڵێك وێنەی شیعریی هەن کە لەڕێی میتافۆرەوە، شتە ((دوورەکانمان بۆ نزیکدەکەنەوە))[29]و ((پەیوەندی لەنێوان شتە بینراوو نەبینراوەکاندا درووستدەکەن))[30]و ((ئەو شتانەمان بۆ دەستنیشاندەکەن کە دەستنیشان ناکرێن)).[31]

لەناو ئەو زمانەدا درەختە رووتەکان ژیان‌و نازناو دەبەخشن، ئەوەتا شاعیر دەکەن بە ژەنەراڵی پایزو هەور دەکەن بە کاسکێتی سەری‌و گەڵا دەکەن بە ئەستێرەی زیوینی سەرشانی‌و کزەبا دەکەن بە بەرگی‌و لقە رزیوەکانی خۆشیانی بۆ دەکەن بەشمشێر. هەر لەنێو ئەو زمانەدا دڵۆپی باران جارێك دەبێت بەحەرفی شیعرەکان‌و جارێك دەبێت بە منداڵێك کە خەریکی گڕوگاڵەو جارێك دەبێت بە تەرمی مردوو. ئەم زمانە شیعرییە کزەبای پایز دەکات بەنیشتمان‌و داری پایز دەخاتە ناو ئاهەنگی مردنەوەو سەرچۆپییەکەشی بە گەڵا دەسپێرێت.

لەناو ئەو زمانەدا قژ دەفتەرێکی رەشەو ساڵەکان بە تاڵی سپی یادگارەکانی خۆیانی تێدا دەنووسنەوە. (با) دەخوێنرێتەوەو گەڵاکان خوێنیان لەبەر دەڕواو کزەبا دەبێت بە بەرگو زوقم دەبێت بە دەستکێش. هەر لەناو ئەو زمانەدا پەنجەرەی گوناه و ئاگری سپی‌و چرای هاوارو نسێی سەوزو میحرابی پایزو بەفری مزگێنی‌و مەرەکەبی گوناه و چەندین بوونەوەرو شتی دیکە هەن، کە مومکین نییە لەدەرەوەی زمانێکی میتافۆرییدا، بتوانین بیانبینین.

# پایزو زستان و کچێکی سەرابیی

زۆرجارو لە زۆر بۆنەی جیاجیادا قسە لەبارەی پایزو ئامادەیی پایز لە نێو شیعرەکانی محەمەد عومەردا کراوە. لای زۆربەی زۆری خەڵکیش بە شاعیرو ژەنەراڵی پایز ناسراوە. بەڵام کەس نەیپرسیووە ئەم شاعیرە بۆچی شەیدای پایز بووە؟ بۆچی پێیوتووە وەرزی شاعیریی؟ بۆچی حەزیکردووە هەر چوار وەرزی ساڵ ببێتە پایز؟ ئاخۆ پایز تاکە وەرزە لە نێو شیعری محەمەد عومەردا؟ بێگومان زیاتر لە هۆیەك هەیە بۆ ئەوەی کە شاعیر بەمجۆرە شەیدای پایز بووە. بەڵام من لەم خوێندنەوەیەدا لە هۆکارێك دەکۆڵمە، کە لانیکەم بەلای خۆمەوە سەرەکیترین هۆکاری شەیدابوونی محەمەد عومەرە بۆ پایز. ئەویش پەیوەندی ئەم وەرزەیە بە کچێکی سەرابییەوە، کە لە نێو شیعرەکانی محەمەد عومەردا ونێکی ئامادەو ئامادەیەکی ونە. ئەو کچەی لە زۆربەی شیعرەکاندا هەیەو لە هیچیشیاندا نییە. ئەو کچەی کە دەتوانی ببینیت، بەڵام ناتوانی بیگریت.

پێمباشە بەرلەوەی بەدوورو درێژی لە بارەی ئەو کچەوە بدوێم، بەکورتی وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە بدەمەوە کە پرسیبوومان: ئاخۆ پایز تاکە وەرزە لە شیعری محەمەد عومەردا؟ لە راستیدا پایز تاکە وەرزی دنیای محەمەد عومەر نییەو ئەو دنیایە چوار وەرزیشی تێدا نییە. لای محەمەد عومەر دوو وەرز بوونی راستەقینەیان هەیە، کە ئەوانیش پایزو زستانن. تەنانەت ئامادەیی زستان لەشیعری محەمەد عومەردا زۆر لە ئامادەیی پایز کەمتر نییە، وەلێ کەس ئاوڕی لێنەداوەتەوە. ئەو خۆی وتوویەتی (بەهار لەعومری من بێبەرییە) و خوێنەریش ئەگەر بە وردی لە شیعرەکان بکۆڵێتەوە هەستدەکات کە هاوینیش لە دنیای ئەودا تا رادەیەکی زۆر، بێشوێنەوارە. ئەدی هۆکاری ئامادەیی زستان چییە؟ ئەویش دیسان پەیوەندی بەو کچەوە هەیە کە پێشتر ئاماژەیەکی خێرامان بۆ کردو ئێستا بە دوورودرێژی لەبارەیەوە دەدوێین: لە شیعرەکانی محەمەد عومەردا کچێکی سرکو ئەفسوونگەر هەیە، کە بێئەوەی قسەیەك بکات، زۆرجار دەردەکەوێتو وندەبێت. وندەبێتو دەردەکەوێتەوە. پەیوەندی قووڵی محەمەد عومەر بە پایزو زستانەوە، لانیکەم لەم خوێندنەوەیەی مندا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پایز ئەم کچەی پێبەخشیووەو زستان لێیسەندۆتەوە. لە پایزدا ناسیوێتیو لە زستاندا لێی ونبووە.

با سەرنجێك لەم کۆپلەشیعرانە بدەین:

پایز بوو باران نم نم ئەباری
نیگای چاوانی پایزییو مەستی
وەك چەم رژایە دەشتی گیانمەوە
دەستی خۆزگەمی خستە ناو دەستی
***
پایز بوو کاتێك بلێسەی نیگای
گڕی بەردایە هەوری ساردی دڵ

پایزی نیگای هەڵوەریو ڕۆیی

خۆشەویستیمی نایە کۆشی گڵ

بەڵێ وەك دەبینین لە پایزدا نیگای چاوانی ئەو کچە وەکو چەم ڕژاوەتە دەشتی گیانی شاعیرەوەو دەستی خۆزگەی ئەمی خستۆتە نێو دەستی خۆیەوە. لە پایزدا بڵێسەی نیگای ئەو کچە گڕی لە هەوری ساردی دڵی شاعیر بەرداوەو پایزی بۆ لێوانلێو کردووە لە بیرەوەریو یادگاری خۆشو شیرین. ئەم بیرەوەریو یادگارییانە لە دوو ئاستدا عەشقی ئەو کچەو عەشقی پایزیان لە روحی شاعیردا تێکەڵاوی یەکدی کردووە:

لە ئاستی یەکەمدا: شاعیر چاوی کچەکەو گەڵای پایزی لێبووە بەیەكو کاتێ هاوڕێکەی گڕی لەگەڵاکان بەرداوە، ئەم وایزانیووە چاوی کچەکەی سووتاندووە. هەر لەم ئاستەدا خۆزگەی خواستووە هەر چوار وەرزی ساڵ ببن بە پایزو هەردەم نیگای ئەوی پیشانبدەن.

لەیلاکەم چاوی دوو گەڵای زەردە

وتم تۆ چیتکرد ئەی هاوڕێی ئازیز؟

ئەو کۆچی کردو تۆش چاویت سووتان

بۆ گڕ بەرئەدەی لەگەڵای پایز؟

***

بۆ چوار وەرزی ساڵ نابێتە پایز

تا نیگای ئەوم هەردەم نیشاندا

ئەو نیگایەی لە سینگما ئەسووتێو

چەخماخە ئەدا لە ناخی گیاندا

لە ئاستی دووەمدا: پایز کچەکە بیری شاعیر ناخەتەوە، بەڵکو دەبێت بەکچەکەو ئیدی شاعیر لەبری کچەکە دڵداری لەگەڵ پایزدا دەکات. ئیدی لەبری ئەو، خەون بە پایزەوە دەبینێتو گۆرانی بۆ پایز دەڵێتو هەندێجار بە دیاریشیەوە دەگریو هەر واشدەزانێت ئەم کارانە لەگەڵ کچەکەدا دەکات. لێرەوە ئیدی پایز دەبێت بەهەموو شتێکی شاعیر. جارێك خۆی بە چۆلەکەو پایز بە نیشتیمانی ئەو چۆلەکەیە دەزانێتو جارێك هەستدەکات پایز برینێکی قووڵی نێو دڵیەتیو جارێك پایز بۆی دەبێت بە پەناگەو بە کەنیسەو بە خەڵوەتگاو جارێکی دی خۆی دەبێت بەژەنەراڵی پایزو دەبێت بە کۆرپەی پایزو دەبێت بە باوکی پایزو هتد...

منم ژەنەراڵی پایز

منی هەرگیز ئۆقرە نەدیو

ژەنەراڵم ژەنەراڵی هەزارەها داری رووتو

ملیارەها گەڵای وەریو

منم ژەنەراڵی پایز

کاسکێتەکەی سەرم هەورەو

ئەستێرەکانی سەر شانم چەند گەڵایەك بەڕەنگی زیو

پاڵتۆی بەرم کزەبایەو
شمشێرەکەم لقی درەختێکی رزیو
منم ژەنەراڵی پایز
درەختی رووت ئەم نازناوەی خەڵات کردم
منیش نازناوی شەهیدم دا بەگەڵای هەڵوەریوو
کردمە تاکە ئازیزم
لەیەك ساتا خۆم کۆرپەی گەڵاڕێزانو
هەر خۆشم باوکی پایزم
***

پێشتر وتمان ئامادەیی زستانیش لە شیعرەکانی محەمەد عومەردا، هەر پەیوەندی بەو کچە سەرابییەوە هەیە. جا بابزانین چۆن:

ئاگری سینەش بوو بە خۆڵەمێش
دڵی وێرانەم ئێستا ساردوسڕ
لە زستانێکا چۆن بوو بە هەڵم
رۆژی لێوانلێو لە بڵێسەو گڕ
***

بەفر بۆ من بوو بەبەرگی پرسە
منی خستە ژێر باری جەورەوە
بەیادی ئازیز سەرە ڕێ ئەگرم
خۆم ئەخەمە ژێر باڵی هەورەوە
***

لەلام بووبوونە پۆلێ قەلەڕەش
گشت کڵۆ بەفری ئێوارە کۆچی
لە دنیایەکا پڕ لەچەتری رەش
من بەفر نەکەم بەچەتر بۆچی؟
***

بەفر تابووت بوو تابووتێك سپی
ئازیزم سەری تێدا نایەوە
بە ئێوارەیەك سەرم سپی بوو
بە ئاهم بەفر نەتوایەوە.

***

له شیعری (کۆست) دا، که ئەمانه چەند کۆپلەیەك بوون لەو شیعره، شاعیر بەچەند وێنەیەکی پەرتەوازه حیکایەتی جەرگبڕی خۆیو کچه سەرابییەکەمان بۆ دەگێڕێتەوه، که له زستاندا کۆچی کردووەو ئەوی جێهێشتووه. ئەگەر جێگۆڕکێیەك به وێنەکان بکەینو بەجۆرێکی دیکه لەیەکیان بدەینەوه، حیکایەتەکەمان روونتر بۆ دەردەکەوێت. بەر له کۆچکردنی ئازیز شاعیر خاوەنی دڵێکی پڕ له ئاگرو رۆژێکی لێوانلێو بووه له بڵێسەو گڕ، که له زستانێکدا ئاگرەکەی بووه بەخۆڵەمێشو رۆژەکەشی بووه بەهەڵم.

بەر لەو کۆچه ئەم کاتێ نوقمی ناو موچڕکەو بەفریش بووه، خەیاڵ بەرەو گەرمەسێری بردووەو بەفرەکەی بۆ کردووه بەساباتو کەپر. بەر لەو کۆچه بەفر پشکۆ بووەو چڵه رووتەکانی ناو بەفرانباریش وەکو گوڵزار دەرکەوتوون. وەلێ لەدوای ئەو بەفرەوه که لەسەر رێی کۆچی ئازیزدا باریووه، ئیدی کڵۆ بەفرەکان وەکو قەلەڕەشو بەرگی پرسه رەش دەبن. ئیدی بەفر دەبێت به تابووتو سەری ئازیز له خۆیدا دەشارێتەوه.

ئیدی بەیەك ئێواره، بەفر سەری شاعیر سپی دەکات. کاتێك سەری ئازیز دەکەوێته ناو تابووتی بەفرەوه، سەری شاعیر سپی دەبێتو رەنگی بەفرەکه رەشدەبێت. بەفر رەنگی سەری شاعیر دەدزێتو رەنگی خۆی به سەری شاعیر دەبەخشێت. ئەم رەنگدزینو رەنبەخشینه یەکجارییەو ئیدی بەفر دەبێت بەبەشێکی دانەبڕاو لەو کارەساتەی که بەسەر شاعیردا هاتووەو خۆی لەڕەنگی سەریدا دەردەخات. ئیدی سەری شاعیر بەفرو بەفریش سەری ئازیزی له نێو تابووتدا، بیردەخاتەوه. بەمشێوەیه بەفر، که هێمایەکی ئاشکرای زستانه، دەبێت بەبەشێك لەو تراژیدیایەی له جیهانبینی ئەم شاعیرەدا هەیه. هەر لەبەر ئەمەشه که لەنێو زمانو وێنه شیعرییەکانی محەمەد عومەردا پشکۆو ئاگرو خۆرو گەرمایی ئامادەییەکی گەورەیان هەیه.

***

## دەرکەوتنەکانی ئەو کچه سەرابییه

ئاخۆ شاعیر لەناو ئەزموونه شیعرییەکەیدا، بەجۆرێکی تەقلیدی، یان بەجۆرێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ ئەم کچەدا کردووه؟

بۆچی وتمان ئەم کچه له زۆربەی شیعرەکاندا هەیەو له هیچیشیاندا نییه؟ بۆچی وتمان ئەم کچه لەسەراب دەچێت؟ له راستییدا دەرکەوتنەکانی ئەم کچه، فرەڕەنگو فره رەهەندو فره ئاستن، وەکو تارماییو تەنکەتەمو وەکو دەنگێکی دوور له زۆربەی شیعرەکاندا هەیه، کەچی له سەرتاپای دیوانەکەدا جگه له شیعری (کۆست) یەك شیعری دیکه نابینی، بەو شێوه باوەی له شیعری ئێمەدا هەیه، بۆ ئەو کچه نوسرابێتو ئەو تێیدا تاکه پاڵەوانو تاکه ئامادەی هەمیشەیی بێت. ئەمەش دیسان یەکێکی دی له جیاوازییەکانی محەمەد عومەره لەگەڵ شاعیرانی دیکەدا. کچێك دەچێته نێو ژیانی شاعیرێکەوەو دەبێت به قەدەرێکی خەمناکو تراژیدیی بۆ ئەو شاعیرەو تەواوی وجودی ئەو شاعیره بەڕەنگی خۆی رەنگ دەکاتو له زۆرینەی شیعرەکانیدا —به شێوازو

ئاستی جیاجیا- بوونی دەبێتو کەچی لە دیوانێکدا لەیەك شیعر زیاتر نابینی بەتەواوی بۆ ئەو نووسرابێت، هەر بۆیە تائێستا محەمەد عومەرمان وەکو شاعیرێکی عاشق نەناسیووە، ئەمەش دەلالەت لە خاڵێکی زۆر گرنگ دەکات کە ئەویش مەسەلەی ناراستەوخۆییە لە زمانی شیعرو جیهانبینی ئەم شاعیرەدا.

***

ئێستا با بۆنمونە سەرنج لە دەرکەوتنەکانی ئەو کچە سەرابییە لە هەندێك لە شیعرەکاندا، بدەین:

ئەم کچە لە زۆربەی شیعرەکاندا هەیەو دەردەکەوێتو دیارنامێنێت. لە شیعری (کۆست) دا وەك ئاماژەمان بۆکرد، زۆرترین دەرکەوتنی هەیە.

لە شیعری (هانا)دا، پەیدا دەبێتو شاعیر منداڵ دەکاتەوەو خۆری بۆ دەکات بە پرتەقاڵێكو لە خەمی شەوانی تارو رەش رزگاری دەکات. لە شیعری (خۆکوشتن)دا، لە شێوەی روخسارێکی کاڵی وەکو تەمدا دێتو دەستی شاعیر لە خۆکوشتن سارد دەکاتەوەو مردنی خۆی بیر دەباتەوە.

لە شیعری (لەغوربەتا)دا، لەناو یادەوەری شاعیردایەو چەندجارێك وەکو دەنگێکی دوور دەردەکەوێتو وندەبێت:

لە پاسارێکا چۆڕاوگەی باران
موچڕکەو تەزوو دێنێ بە لەشما
ئەو رۆژانەم بیر ئەکەوێتەوە
نیگای پشکۆ بوو لە خوێنی گەشما

***

ساتێ ئەچمە ژێر چەتری باران
سیمای (دێرینی)م دێتەوە بەرچاو
ساتێ هەورەکان ئەڕەوێنەوە
ئەویش ون ئەبێ وەك تنۆکێ ئاو

لە شیعری (با)دا، دیسان ئەم کچە لە نێو یادەوەریی شاعیر دایەو لەرێگەی گفتوگۆیەکی شاعیر لەگەڵ -با- دا دەردەکەوێت:

پێی ئەڵێم وەرە من تۆم خۆش ئەوێ
بیرتە هاوینی پار ئێوارەیەك بەچڵەدارێ
کە لەسەر خۆڵی رێگەکە نووسیم
گەر نازدار بمرێ کۆستم ئەکەوێ
کە تۆش هاتیتو زوو سڕیتەوە
ئای من مناڵ بووم !
وامزانی ئەچی لەسەر پەنجەرەی

ژوورەکەی نازدار ئەینوسیتەوە.

ئەم کچە، لەهەندێ لە شیعرەکاندا وەك ئەوەی دۆناودۆنی کردبێت، بەجۆری دیو لە شێوەو بەرگی خەڵکی دیکەدا دەردەکەوێت. بۆ نمونە، لە شیعری (هەواری چۆڵ)دا، لە شێوەو بەرگی کچێکی قەرەجدا دەردەکەوێتو شاعیر دەخاتە سەر هەوای ژیانێکی قەرەجییانە:

بالآ بەرزێکی ئەسمەری قەرەج
تاکە فریشتەو شۆخی دەوار بوو
بۆ سەرخەوێکی ناو گڕی مەمکی
سەری پڕ زوقمم پڕ لە هاوار بوو
***
چەن سەوداسەر بووم..قەت جێمنەهێڵن
کچە قەرەجێ بێ بە هاوسەرم
گوێدرێژێكو سەگێکم بەنێ
بەرگی قەرەجێ بکەمە بەرم.

تەنانەت دەتوانین حیکایەتی خانمی سوورپۆشیش بەجۆرێکی دیکەی حیکایەتی ئەو کچە بزانین.

خۆی لەراستیدا، خانمی سوورپۆش بەسەرهاتی راستەقینەی ژنێکە کە لەیەکێك لە شەقامەکانی تاراندا، کاتێ بەتەمای دیداری خۆشەویستەکەی دەبێت، بەرلەوەی بەیەکبگەن ماشێنێك خۆشەویستەکەی دەکات بەژێرەوەو دەیکوژێت. کەچی خانمی سوورپۆش ناتوانێت بروا بەدڵی خۆی بێنێتو ئەوە بسەلمێنێت خۆشەویستەکەی خرابێتە ناو دووتوێی گۆڕەوە.

هەر بۆیە هەموو ئێوارانێك بە جلی سوورو چەپکە گوڵەوە، لەهەمان جێگادا چاوەڕوانی خۆشەویستەکەی دەکات. ئەمە هەقیقەتی بەسەرهاتەکەیە، وەلێ دەتوانین وایبخوێنینەوە کە ئەو خانمە سوورپۆشە دەرکەوتنێکی دیکەی کچە سەرابییەکەیەو شاعیر ویستوویەتی لە رێگای ئەم حیکایەتەوەو بەشێوەیەکی زۆر ناراستەوخۆو زۆر ستاتیکیانە پێمانبڵێت: ئەوەی لە عەشقە ناکامەکەی منو ئەو کچە چاوپایزییەدا مرد، ئەو نەبوو، من بووم. دەیەوێت پێمانبڵێت: منو دڵدارەکەی خانمی سوورپۆش یەك چارەنووسمان هەبوو، دڵدارەکەی منو خانمی سوورپۆشیش یەك چارەنووسیان هەبوو، نەك هەر ئەوە خانمی سوورپۆش خودی دڵدارە چاوپایزییەکەی منو ئەو پیاوەش کە ئەو چاوەڕوانی دەکردو ماشێن کووشتی، من بووم !

دەتوانین لێرەدا وتەکەی فیکتۆر هۆگۆ کە دەڵێت: من کاتێ باسی خۆم دەکەم، ئەوە باسی ئێوە دەکەم، پێچەوانە بکەینەوەو ئاوایلێبکەین: من کاتێ باسی ئێوە دەکەم، ئەوە باسی خۆم دەکەم.

***

## ئەو کچە سەرابییە لە نێوان واقیع و خەیاڵدا

دەشێت ئەم کچە سەرابییە کچێکی راستەقینەبێتو لە ژیانی محەمەد عومەردا بوونی هەبووبێت.

ئەوەش دەشێت کە لە ژیانی واقیعدا نەبووبێت، بەڵام تینوێتیی و خەونی یەکگرتنەوەی مرۆڤە دووکەرتکراوەکان، ئەم کچەی لەخەیاڵ داتاشیبێتو قەدەری محەمەد عومەری بەو ئاراستەیەدا بردبێت کە لە شیعرەکانیدا دەیبینین. ((بەپێی ئەفلاتون لەسەرەتای دروستبووندا، ژنو پیاو وەك ئێستا نەبوون، تەنها یەك وجودیان هەبووە، شتێکی کورت، لەشێكو ملی هەبووە، بەڵام سەری دوو دەموچاوی پێوە بووەو سەیری دوو ئاراستەی جیاوازی کردووە، وەك ئەوەی دوو بوونەوەر پشتیان بەیەکەوە لکابێت، بەدوو ئۆرگانی سێکسیو چوار قاچو چوار دەستەوە. بەو شێوەیە خواکانی یۆنان حەسوودیان دەبرد، چونکە بوونەوەرێك کە چوار دەستی هەبێت دەتوانێ کاری زیاتر بکات، بەدوو دەموچاویشەوە هەمیشە بەئاگادەبێتو غافڵگیرناکرێت، چوار قاچەکەشی مانای ئەوەیە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ رێدەکات بەبێئەوەی ماندووبێت. لەهەمووشی ترسناکتر ئەوەبوو کە بوونەوەرەکە دوو ئۆرگانی سێکسیی تێدابوو، پێویستی بە کەسی دیکە نەبوو بۆ وەچەخستنەوە. زێوس خوای مەزنی ئۆلمپیش وتی: من پلانێکم هەیە کە ئەو بوونەوەرە هەندێك لە تواناکانی لەدەستبدات، پاشان بە شێوەیەکی ستوونی بوونەوەرەکەی کرد بەدوو لەتەوەو بەوشێوەیە ژنو پیاو دروستبوو)).[32] ئیدی لەو کاتەوە ژنو پیاوەکان ((بەدوای نیوەو ونبووەکەیاندا دەگەڕێن تاکو لەباوەشی بگرن، بەو لەباوەشگرتنەش وزەو تواناکەی پێشوویان بەدەستبێننەوە)).[33] ئەم خەونی یەکگرتنەوەیە هەم لەناو واقیعو هەم لە ناو خەیاڵیشدایە. گرنگیی خەیاڵ لە ژیانی مرۆڤدا، زۆر لەگرنگی واقیع کەمترنییە. خەیاڵ لەراستیدا، واقیعێکی دیکەیە، کە ژیان تەکمیلە دەکات. ئێستاش ملیۆنان مرۆڤ رەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر ژنو پیاوێك، کە بەر لەوەی بەرهەمی واقیع بن، بەرهەمی خەیاڵن. تەنانەت بەرلەوەی بەرهەمی ئایینەکان بن بەرهەمی ئەفسانەکانن.

((ئەفسانەش یەکێك لە سیما جیهانییەکانی رەگەزی مرۆییە، کە مرۆڤە سەرەتاییەکان، وەکو هەموو مرۆڤەکانی دی لەدرێژایی مێژوودا، ئەفسانەیان وەکو پێویستییەك بۆ پاراستنی شێوە ژیانی گروپەکان تەماشاکردووە)).[34] خەیاڵ بۆ ئەو کەسانەی خەریکی بەرهەمهێنانی دەقی داهێنانگەران، چەند بەرانبەری خەڵکانی دیکە گرنگیی هەیە. ئەوان دەتوانن کۆژیتۆکەی دیکارت کە دەڵێت: ((من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم))،[35] بەمشێوەیە دابڕێژنەوە: (من خەیاڵدەکەم، کەواتە من هەم). ئەوان بۆئەوەی دەسبەرداری خەیاڵ نەبن، نەك لە کۆمارەکەی ئەفلاتون (کە خودی کۆمارەکە خۆی، کۆمارێکی خەیاڵیی بوو)، دەبێت ئامادەبن لە هەموو کۆمارەکانی دنیا بکرێنەدەرەوە. ئەوان بەوەی لەکۆمارەکەی ئەفلاتون دەرکرانەدەرەوە نەمردن، بەڵام بەوەی خەیاڵیان لێوەربگیرێتەوە، دەمرن. لێرەوەیە کە بوونی ئەو کچە سەرابییەی نێو شیعرەکانی محەمەد عومەر، ئەگەر تەنها کچی نێو خەیاڵدانی محەمەد عومەریش بێتو بوونێکی راستەقینەی لە نێو ژیاندا نەبێت، هیچ لە رۆڵو کاریگەرییەکانی ئەو لە نێو شیعرەکانو تەنانەت لە ژیانی محەمەد عومەریشدا، کەمناکاتەوە. چونکە ئەوەی لە ژیانی مرۆڤدا فەرمانڕەوایەتی دەکات، چەند واقیعە، ئەوەندەش خەیاڵە.

***

## ئەنجام:

ئێمە لە سەرەتای قسەکانماندا وتمان هەوڵی خوێندنەوەیەکی دیکەی ئەزمونی شیعریی محەمەد عومەر دەدەین‌و خەونی گەورەمان لەم هەوڵەدا نزیکبوونەوەمانە لە جیاوازییەکانی ئەو ئەزمونە شیعرییە.

پێمانوایە ئێستا دەتوانین ئەنجامی هەوڵەکەمان بەمشێوەیە چڕبکەینەوە:

محەمەد عومەر یەکێك لەو شاعیرە کەم‌و دەگمەنانەی ئێمەیە، کە توانیویەتی دنیایەکی جیاوازو تایبەت بەخۆی، دروستبکات.

دیارترین جیاوازیی ئەم شاعیرە لەوێوە دەستیپێکردووە، کە هیچ ئاپۆرەو گردبوونەوەیەك نەیتوانیووە بیخەڵەتێنێت‌و لەدنیا تایبەتەکەی ناخی خۆی دووری بخاتەوە.

لەکاتێکدا کەزۆربەی شاعیرانی ئێمە بەشۆڕش‌و شیعری بەرەنگارییەوە سەرقاڵبوون، ئەو بەتاقی تەنیا سەرقاڵی شۆڕشێکی پایزیی بوو.

راستە دنیای محەمەد عومەر لەگەڵ دنیای واقیع‌و لەگەڵ دنیای هەندێك شاعیری دیکەشدا دەچنەوە سەریەك، بەڵام جیاوازیشن.

لەگەڵ دنیای واقیعدا لەوەی کە هەردووکیان بە دوو دۆزی گەورەی وەکو مردن‌و جوانییەوە سەرقاڵن، دەچنەوە سەریەك. وەلێ لەوەی کە لەدنیادا جوانییەکان لەکۆشی مردندان‌و لای محەمەد عومەر مردن لەکۆشی جوانییدایە، جیاوازن.

لەگەڵ شاعیرێکی وەکو مەحویدا، لەوەی هەردووکیان سەرقاڵی بەرهەمهێنانی شیعرییەتن لە تراژیدیا، دەچنەوە سەریەك. بەڵام لەوەدا کە هۆکارێکی گەورەی تراژیدیا لای مەحوی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مرۆڤەکان خوایان لەبیر کردووەو ناویشیان لەناوا نەهێشتووەو لای محەمەد عومەریش هۆکارێکی گەورەی تراژیدیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوا مرۆڤەکانی لەبیرکردووەو نابێت بەدەنگو نابێت بەڕەنگ، جیاوازن.

لەگەڵ شاعیرێکی وەکو گۆراندا لەوەی هەردووکیان رەهەندی نەبینراویان لە پایزدا ئاشکرا کردووە، دەچنەوە سەریەك. وەلێ لەوەدا کەلای گۆران پایز شتێکە لەدەرەوەی شاعیرو لای محەمەد عومەر شتێکە لەناو خودی شاعیردا، جیاوازن.

لەگەڵ شاعیرێکی وەکو خەیامدا، لەوەی هەردووکیان لە هەمووشتەکاندا مردنیان بینیووە، دەچنەوە سەریەك. بەڵام لەوەدا کە مردن لای خەیام دەگۆڕێت بۆ هێزێك گەرمتر بەرەو باوەشی ژیانی دەباتەوەو لای محەمەد عومەر مردن بەرەو مردن‌و خۆکوشتن دەڕوات، جیاوازن.

لەڕووی فۆرمیشەوە راستە شیعری محەمەد عومەر فۆرمێکی تەقلیدی هەیەو بەشێکی زۆر لەو شیعرانە لەسەر شێوەی چوارین هۆنراونەتەوە، کە یەکێك لە شێوە زۆر کۆنەکانی شیعرنوسینە، بەڵام توانیویەتی لەناو ئەو چوارچێوە تەقلیدییەشدا، تا رادەیەك جیاوازیی درووستبکات.

بۆ نمونە، لەڕووی کێشەوە لەزۆربەی شیعرەکاندا، وەکو ڕەنگدانەوەی حاڵەتی ڕوحیی خۆی، هەردوو کێشی چوار برگەیی‌و پێنج برگەیی پێکەوە بەکارهێناوە، کە هیچ شاعیرێکی دیکەی ئێمە ئەم کارەی بەم شێوەیە نەکردووە.

لەڕووی سەرواشەوە دوو تایبەتمەندی ئاشکرا لە شیعری محەمەد عومەردا هەن، کە یەکەمیان دروستکردنی سەروایەو دووەمیان تێرکردنی ئەو سەروایانەیە کە خۆیان بوونیان هەیە. لای محەمەد عومەر دەیان سەروا دەبینین کە خۆیان لەڕاستیدا سەروا نین‌و ئەو خۆی لەکاتی بەکارهێنانیاندا، بەهۆی هەندێ پاشگرەوە کردوونی بەسەروا، بەمەش توانیویەتی ڕێگایەکی باش بۆ ڕزگاربوون لە سەروا سواوەکان، بدۆزێتەوە.

دەیان سەرواش لە شیعری محەمەد عومەردا هەن، کەخۆیان سەروان، وەلێ ئەو دیسان بەهۆی هەندێ پاشگرەوە، گۆڕانی بەسەردا هێناون‌و دەنگە لێکچووەکانیانی زۆرتر کردووە.

لەڕووی زمانیشەوە، زمانی محەمەد عومەر جگە لەوەی زمانێکی زۆر شیعرییە، زۆریش تایبەتە. شیعرێتییەکەی پەیوەندی بە باڵادەستی میتافۆرەوە هەیە، کە مومکین نییە بەبێ هەبوونی میتافۆر قسە لەزمانی شیعریی بکرێت.

تایبەتیەکەشی پەیوەندی بەجۆری میتافۆرەکانەوە هەیە، کە زۆرینەیان لە هەردوو وەرزی پایزو زستانەوە هەڵێنجراون. ئەم دوو وەرزەش لەژیان‌و لەشیعری محەمەد عومەردا هەڵگری دوو ڕووداوی زۆر چارەنووسسازو گرنگن. کەڕووداوی یەکەمیان ناسینی کچێکی سەرابیی‌و ئەفسونگەرەو لەپایزدا ڕوویداوە، دووەمیشیان کۆچکردنی ئەو کچە سەرابییەیەو لەزستاندا ڕوویداوە.

هەبوونی ئەم ڕەهەندە ڕوحییە لەناو ئەو دوو وەرزەداو هەڵێنجانی میتافۆرەکان لەو دوو وەرزەوە، وایانکردووە زمانی محەمەد عومەر زمانێکی تایبەتی‌و جیاواز بێت‌و لەدرووستکردنی دنیا تایبەت‌و جیاوازەکەی نێو شیعری ئەودا، ڕۆڵی گەورەی هەبێت.

یەکێکی دی لەجیاوازییەکانی شیعری محەمەد عومەر ناڕاستەوخۆییە لە زمان‌و لەدەربڕیندا. ئەم پیاوە یەکێك لەشاعیرە عاشقەکانی ئێمەیەو کچێکی سەرابیی لەناو جیهانبینی ئەودا بەردەوام لەکاردایە.

کەچی بەهۆی ئەو ناڕاستەوخۆییەوە، کەهەر جارەی بەجۆرێك ئەو کچەمان پیشاندەدات، تا ئێستا ئەم شاعیرەمان وەکو شاعیرێکی عاشق نەناسیووە.

زۆربەی هەرە زۆرمان وەکو شاعیری پایز دەیناسین‌و ئاگامان لەوە نییە کە لەزۆر ئاستدا، پایز جگە لە خودی ئەو کچە سەرابییە، شتێکی دیکە نییە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

* لە وتەیەکی ئەدۆنیسەوە وەرگیراوە، کەدەربارەی نوێگەریی وتویەتی: (( –با– یەکە هەوڵدەدات بنوێت‌و ناتوانێت)). سایتی ایلاف 2006/3/2.

** ئەبو بەکر خۆشناو. لەبارەی کتێبی (سینۆهە پزیشکی تایبەتی فیرعەون) و وەرگێڕی دەقە فارسیەکەی. ڕۆژنامەی ئاسۆ. ژمارە (195) 2006/2/23

*** سەرجەم شیعرەکانی محەمەد عومەر لە دیوانی (لەغوربەتا) وە، وەرگیراون..چاپی دووەم (سلێمانی: 2002).

1- د. خلیل الموسى. النص الشعرى ومستويات القراوه. مجله (المعرفه) السوريه. العدد (428) سنه 1999. ص72.

2- رۆلان بارت. ڕەخنەو حەقیقەت. وەرگێڕانی پێشڕەو حسێن. (سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی سەردەم 2007). ل46

3- ڕێبوار سیوەیلی. کتێبی نالی. (هەولێر: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی 2001) ل15

4- دیوانی نالی. لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریسو فاتیح عەبدولکەریم. چاپی دووەم. (اروميه: انتشارات صلاح الدين الايوبى 1364) ل 108-109

5- ادونيس. الصوفيه والسورياليه. (بيروت: دار الساقى 1992) ص247.

6- عدنان الصائغ. اللغه والديمقراگيه بين المجمع و الحياه. جريده (الزمان) العدد 1293.

7- هەمان سەرچاوە.

8- ادونيس. الصوفيه والسورياليه. ل72.

9- محمد النبهان. دعوه للاختلاف دعوه للحب. جريده القبس.العدد(12277 ) 2007/8/5

10- بەڕۆژ ئاکرەیی. نامەیەکی کراوە بۆ دڵسۆز محەمەدو چەند کەسێکی ترو خۆم. ڕۆژنامەی (پەیام) ژمارە 16 ساڵی 1999.

11- ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا. ئامادەکردنی بێستون (لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نوسەرانی کوردستان: 1985) ل 88.

12- هەمان سەرچاوە. ل132.

13- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕۆژ ئاکرەیی. هەڤپەیڤینی میکائیل ئیبراهیم. گۆڤاری (رامان) ژمارە (30) 1998 ل103.

14-ناونیشانی هەندێك لە شیعرەکانی محەمەد عومەرن، تەنها (لەغوربەتا)م کردووە بە (غوربەت).

15- بڕوانە: لەغوربەتا. ممحەمەد عومەر عوسمان. ل135-140.

16- هەمان سەرچاوە. ل140.

17- مەریوان وریا قانیع. نەوەیەك بێ یۆتۆپیا. سایتی (ئاوێنە) 2007/8/9.

18- ساڵەح سوزەنی. ئەدەبی پۆست مۆدێرن: سەرهەڵدانێکی تر. گۆڤاری گەلاوێژی نوێ. ژمارە (41) ئەیلولی 2006 ل7.

19- شەمس لەنگەرودی. پەنجاوسێ سترانی عاشقانە. وەرگێڕانی: مەریوان هەڵەبجەیی. (لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاینده:سلێمانی 1997) ل8.

20- هەندرێن. گرفتی سۆزە خەمبارەکانی سپینۆزاو روحە بوغزاویەکانی نیچە. گۆڤاری (هەنار) ژمارە (20) ل12.

21- كازانزاكی. الگريق الی غريكو. ترجمە: ممدوح عدوان. الگبعە الاولی (دار ابن رشد: 1980) ص25.

22- چوارینەکانی خەیام. وەرگێڕاوەی: مامۆستا هەژار. چاپ سوم (انتشارات صداو سيمای جمهوری اسلامی ايران: 1383) ل106

23- ادونيس. الپابت والمتحول: الكتاب الپانی- تاصيل الاصول. الگبعە الپانيە (بيروت: دار العودە 1979) ص108.

24- عبدالكبير الخگيبی. صيف فی ستوكهولم. ترجمە: فريد الزاهی. مراجعە: محمد بنيس. (مغرب: دار توبقال، بدون سنە النشر) ص48.

25- ممحەمەد کوردۆ. گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازییدا. (چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی: 2006) ل98.

26-شێرکۆ بێکەس. رەنگدان. چاپی یەکەم. سلێمانی: ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاك 2001) ل14

27- شێرکۆ بێکەس. دەربەندی پەپوولە. چاپی دووە. (سلێمانی: 1998) ل208

28- ادونيس. الپابت والمتحول: بحپ فی الاتباع والابداع عند العرب، 3- صدمە الحداپە. الگبعە الپانيە (بيروت: 1979) ص 293.

29- ادونيس. الصوفيە والسورياليە.ص151.

30- هەمان سەرچاوە. ل131.

31- هەمان سەرچاوە. ل146.

32- پاولۆ کۆیلۆ. یانزە خولەك. وەرگێڕانی: ئەیوب نوری. (خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی قانیع: سلێمانی 2004) ل166.

33- هەمان سەرچاوە. ل167.

34- موسوعە تاريخ الاديان. تحرير: فراس السواح. الكتاب الاول. الگبعە الاولی (دمشق: دار علاو الدين 2003) ص19.

35- ادونيس. الصوفيە والسورياليە. ص 239.

# لەئیرادەی مەرگەوە بۆ ئیرادەی ژیان و دنیای خەونە گەورەکان

هەوڵێك بۆ خوێندنەوەی (لاوکی هەڵەبجە)

***

*پێویسته توخمی مرۆڤ سنوورێك بۆ جەنگ دابنێت،ئەگینا جەنگ سنوورێك بۆ توخمی مرۆڤ دادەنێت ! !

جۆن، ئیف، كێنیدی

***

*جەنگ مەیدانی كوژرانی ئەو كەسانەیە كە یەكدی ناناسن ! !

سیسرون

***

*پاڵەوانەکان ئەوانەنین کە جەنگ دەبەنەوە ((هەرچەن ئەو جەنگانە رەواش بن)) بەڵکو ئەوانەن کە ئاشتی دەبەنەوە !

تە نانەت جەنگی رەوا هەر بوونی نییە ! !

منشيس

*رابردوو بەوێنەی ئیسفنجێك بگووشەو ئێستا وەکو گوڵێك بۆن بکەو ماچێك بۆ ئایندە بنێرە !

پەندێکی ئیسپانییە

## لەبری پێشەکیی

دەڵێن جارێکیان لە ژنێکی لادێنشینیان پرسی:

کام لە جگەرگۆشەکانت زۆر بەلای خۆتەوە خۆشەویستە؟

لەوەڵامدا وتی:

هەرکامیان منداڵ بێت و گەورە نەبووبێت.

هەر کامیان نەخۆش بێت و چاکنەبووبێتەوە.

هەرکامیان لەسەفەر بێت و نەگەڕابێتەوە.

******

هەڵەبجە ئەو جگەرگۆشەیەی ئێمەیە کە نەگەورە بووەو نە لە نەخۆشی چاکبۆتەوەو نە لە سەفەر گەڕاوەتەوە.

بێگومان هەڵەبجە نەیەکەمین مەرگەساتی ئێمەیەو نەدوا مەرگەساتیشمانە، وەلێ یەکێك لەروونترین و ئاشکراترین دەرکەوتەکانی مەزڵوومیەتی ئێمەیە.

هەڵەبجە گورزێکی کەمەرشکێن بوو بەر ئەو وێنا ساختانە کەوت کە دوژمنانی ئێمە بەردەوام سەرقاڵی درووستکردنی بوون و دەیانویست دنیای پێبخەڵەتینن و تیایدا کورد وەك میللەتێکی بێکێشەو ئاسوودە پێشانبدەن.

وەك میللەتێك کە هەموو مافێکی بۆ دابینکرابێت.

هەڵەبجە بۆ یەکجاریی ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی مایەپووچ کردو ئەو خەونەی کوێرکرد کە تیایدا دوژمنانی ئێمە هەوڵیاندەدا مەزڵوومیەتی ئێمە بشارنەوەو چاوی دنیا لەسەر خوێن و برینەکانمان لاببەن.

هەڵەبجە حەقیقەتی مەزڵوومیەتی ئێمەی بە دنیا گەیاندو (بە داخەوە) ئێمە نەمانتوانی حەقیقەتی مەرگەساتەکەی ئەو بە دنیا بگەیەنین.

ئەو بەخوێنی خۆی کێشەکەی ئێمەی گەیاندە ئاستێکی باڵاو دنیای سڕبووی راچڵەکاندو ویژدانی خەوتووی ئەو دنیایەی بەئاگاهێنایەوەو (دیسان بەداخەوە) ئێمە نەمانتوانی کێشەکەی ئەو بگەیەنینە ئاستی پێویست و باشتر چاوو دڵ و ویژدانی دنیای لێکۆبکەینەوە.

ئێمە دەبوو ئێستا دەیان و سەدان کارو بەرهەمی باشمان (لەهەموو بوارو کایە جۆراوجۆرەکاندا) لەسەر هەڵەبجە ببوایە کە نیمانە.

ئەوەی هەمانە چەند کارێکی کەمەو بێگومان (لاوکی هەڵەبجە) کە قەسیدەیەکی درێژی رەفیق سابیری شاعیرە، یەکێك لەو کارە باشانەیە.

ئەم قەسیدەیە یەکێك لە قەسیدە جوانەکانی ئێمەیە کە توانیویەتی لە دەرەوەی دروشم و هات و هاواری حەماسەتبزوێن کار لەسەر هەڵەبجە بکات و ئەم کارەساتە بۆ نێو جیهانی باڵای داهێنان بگوازێتەوەو بەئیستاتیکایەکی قووڵی شاعیرانە بارگاوی بکات.

ئەم کارەی من هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی (لاوکی هەڵەبجە)و هیوادارم هەم هەوڵی دی هەبێت بۆ خوێندنەوەی ئەم قەسیدەیەو هەم ئەم هەوڵەی منیش چ بۆ هەڵەبجەو چ بۆ (لاوکی هەڵەبجە)لە جێگای خۆیدا بێت.

**بەرایی**

دەمەوێت سەرەتا ئەوە روونبکەمەوە، کە مەبەستم لەم خوێندنەوەیە چییەو هەوڵدەدەم چۆن بجوڵێمو بەکام ئاراستەی رەخنەیی کاردەکەم؟

لەراستیدا بەنیازم بەشێوەیەکی تاڕادەیەك خێرا چەند سەرنجێکی گشتیی لەسەر ئەم قەسیدەیە (لاوکی هەڵەبجە) پێشکەش بکەم و خوێندنەوەی خۆم بۆ ئیرادەی مەرگو چۆنێتیو ئاستەکانی دەرکەوتنی لەنێو دەقەکەدا بخەمە روو..

هەڵبەت دەمەوێت لەسەرنجە گشتییەکاندا ، ئەگەرچی بەشێوەیەکی خێراش بێت، زیاتر قسە لەلایەنی هونەریی دەقەکە بکەم و هەوڵ بدەم وێنایەك لەسەر ئەو شێوازە هونەرییە بەخوێنەر ببەخشم، کە ئەم ململانێیەی هەردوو ئیرادەی مەرگ و ژیانی لەخۆ گرتووەو رەهەندێکی داهێنانگەرای پێبەخشیووەو لەدەقێکی ئاسایی جیاکردۆتەوە.

پاشان بەدووروودرێژی قسە لەو ئیرادەی ژیانە دەکەمو هەوڵی خوێندنەوەی دەدەم، کە ئامادەییەکی بزوێنەرو کاریگەری لەدەقەکەدا هەیەو لەگەڵ ئیرادەی مەرگدا لە کێشمەکێش وململانێیەکی بەردەوام دایەو پێکەوە جووڵەو ئاراستە سەرەکییەکانی دەقەکە دیاری دەکەن.

ئەم ئیرادەی ژیانە چونکە بەشێوازێکی هونەریانەی ناوازە بەرجەستە کراوەو شیعریەتی لێبەرهەمهاتووەو لەدەرەوەی  ئەو دنیای نوسینە پڕ دروشم و بریق و باقدارانەیە کەلای ئێمە باون، بەلای منەوە نرخو بەهایەکی ئەفرێنەرانەی مەزنی هەیە، بۆیە هەوڵدەدەم زۆرترین بایەخی پێبدەمو فراوانترین رووبەری خوێندنەوەکەی بۆ تەرخان بکەم.

ئاراستەی رەخنەییشم لەم هەوڵەدا ئەو ئاراستەیەیە کە (رۆلان بارت)و (مۆریس بلانشۆ) بڕوایان پێی هەیەو بەم شێوەیە روونیان کردۆتەوە:

((کاری گرنگی رەخنە چیدی ئاشکراکردنی مانای دەقو ئەوە نییە کە خاوەن دەق دەیەوێت بیڵێت، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە دەق ژمارەیەکی بێکوتا مانای هەبێت. هەروەك کاری سەرەکی رەخنە هەڵوەشاندنەوەو راڤەکردنی دەقیش نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانی دەقێکی دیکەیە لەرێی ئەو دەقەوە کە لێیدەکۆڵێتەوە))(1)

پێموایە دروست لەوکاتەدا کە نەمانەوێت دەرگاکان لەسەر دەقێك دابخەینو لەمانایەکی کۆنکرێتیدا بەندی بکەینو دەرفەت بۆ مانای نوێو خوێندنەوەی نوێ نەهێڵینەوە، دەتوانین کەڵکێکی باش لەم ئاراستە رەخنەییە وەربگرین. کە ئاراستەیەکە ئاسۆکان بەکراوەیی لەبەردەمی خوێندنەوەدا دەهێڵێتەوەو ئازادییەکی باش بۆ رەخنەگر دابین دەکاتو دەرفەتی ئەوەی دەداتێ کە تواناکانی خۆی تاقی بکاتەوە.

لەم ئاراستەیەدا پرۆسەی خوێندنەوە، ناچار نییە هیچ حوکمێکی پێشوەخت ئامادەکراو قبوڵ بکاتو ئازادییەکانی خۆیو دەق بکاتە قوربانی ئەو حوکمانە.

چونکە ((کاتێك دەچینە نێو کتێبێکەوەو پێشتر واتای هەموو وشەکانمان دیاری کردووەو بەشێوەکی کۆتایی دەلالەتەکانمان ناسیووە، واتای ئەوەیە کەئێمە ئەو کتێبەمان کوشتووە.

پێویستە هەموو خوێنەرێك، لە هەموو سەردەمەكاندا، بەو جۆرەی كەدەچێتە نێو رووبارێكەوە بچێتە نێو كتێبیشەوە.

كاتێك بۆ دووەمجار گەڕایەوە لای ئەو كتێبە، تەئویلی كتێبەكەو ئەوی تەئویلكارو خودی كتێبەكەش بگۆڕێن.

كتێب بریتییە لەو خوێندنەوەو تەئویلەی بۆی دەكرێت.

ئەوەی كتێبێك دەنووسێت تەنها نووسەرەكەی نییە، بەڵكو ئەو خوێنەرەش كەدەیخوێنێتەوە، بەشدارە لەگەڵیدا)).[2]

لێرەوە ئیدی بەو شێوازە كار لەسەر دەق ناكرێت كەرەخنەگرانی پێشوو دەیانكردو هەوڵیاندەدا چواچێوەیەك بەناوی ماناو مەبەستی خاوەن دەق دیاری بكەن و خوێنەر دڵنیابكەنەوە كەخاوەن دەق مەبەستی ئەمە بووەو ویستویەتی ئەم مانایە بەدەستەوە بدات.

لەم ئاراستەیەدا رەخنەگر نەك بەدوای دڵنیاكردنەوەی خوێنەردا وێڵ نابێت، بەڵكو مەبەستی راستەقینەی نووسەریشی زۆر بۆ گرنگ نیە.

گرنگ ئەوەیە ئەو چی لەم دەقەدا دەبینێت و چۆنی دەبینێت وبەكام شێواز دەیخوێنێتەوە؟!

چونكە ئەوەی لەم خوێندنەوەیەدا قسە دەكات منی رەخنەگرم نەك دەق.

دەق قسەی خۆی كردووەو جوانیەكانی خۆی پێشكەش كردووەو ئیدی رێگەی بۆ من كردۆتەوە قسە بكەم و لەهەوڵی بەرهەمهێنانی جوانی دیكەدابم.

دەق گەمەی خۆی كۆتایی پێهێناوەو خوێنەریش تارادەیەك گەمەكانی ئەوی ناسیووەو كەم تازۆر پەی پێبردوون.

ئیدی نۆرەی منە گەمەیەكی نوێ دەستپێبكەم كە بۆ خوێنەر تازەو نەناسراوەو دەتوانێت ئاسۆی دیكەی لەبەردەمدا بكاتەوەو رەهەندی دیكەی بۆ ئاشكرا بكات.

راستە لەم پرۆسەیەدا سەرەتا دەق قسە دەكات و منیش دواتر لەرێگای ئەوەوە دەست بەقسەكردن دەكەم، بەڵام لەم ئاستەیاندا، كەئاستی خوێندنەوەیە، قسەكەری سەرەكی منم نەك دەق.

بەم مانایە هەرگیز دوو خوێندنەوە یان زیاتر كەبۆ یەك دەق یان زیاتر لەدەقێك دەكرێن و لەلایەن یەك نووسەر یان زیاتر لەیەك نووسەرەوە ئەنجام دەدرێن، لەیەك ناچن و بەیەك ئاكام ناگەن و یەك دەرئەنجامیان نابێت.

ئەمەش وادەكات دەق هەمیشە بەزیندوویێتی بمێنێتەوەو توانای درێژبوونەوەی بۆ نێو سەردەمە جیاوازەكان هەبێت و بەوەچەو نەوە جیاجیاكان بگات و شتی بۆ هەموویان پێبێت، یان راستر دەرفەتی ئەوەیان لەبەردەمدا بهێڵێتەوە كەبتوانن شتی تیابدۆزنەوەو لەنێوانی خۆیان و ئەو دەقەدا هەست نەكەن غەریبی و ونبوونێكی زۆرهەیە.

بەم شێوەیە دەق لەوە گەورەتر دەمێنێتەوە بتوانرێت لەیەك مانادا كورتبكرێتەوەو قەتیس بكرێت و دەرگای لەسەر دابخرێت.

بەڵكو لەبەخششێكی بەردەوام و بێكۆتاییدا دەبێت و هەمیشە دەرفەتی قسەكردن بۆ ئێمەش دەهێڵێتەوە.

لەم ئاستەدا چیدی خوێنەر كۆیلەیەك نیە لەناو مانا دیارییكراوەكانی نووسەردا دەست بەسەرو بەندكراو بێت.

((لەبەرامبەر نوسەردا ئازادی خوێنەریش هەیە، نووسەر ئازادە لەوەدا كەدەیڵێت و خوێنەریش ئازادە لەبەكارهێنانی ئەو شێوازەدا كەلەرێگایەوە بەپەناگەی مەبەست دەگات.

ئەمەش دەلالەت لەگرنگیی رۆڵی خوینەر دەكات لەپرۆسەی داهێناندا.

چونكە لەم چاخی رووناكبیرییەی ئێمەدا خوێنەر تەنها بەكارهێن-مستهلك-نییە، بەڵكو بەشداریشە لەبەرهەمهێنانی كاری داهێناندا)).[3]

بەمشێوەیە پرۆسەی نووسین پەیوەندییەكی ژیانیی لەگەڵ خوێندنەوەدا درووست دەكات و بەبێ خوێندنەوە ناتوانێت بوونی كاریگەرانەی خۆی بپارێزێت و درێژەی پێبدات.

نووسین دەبێت بەپرۆسەیەكی زیندوو كەخوێندنەوە دەتوانێت بەشێوەیەكی بەردەوام كاری تێدا بكات و ئاسۆی نوێ و رەهەندی نوێی پێببەخشێت.

بەتایبەت كاتێك ئەو دەقە دەقێكی شیعریی بێت، كەشیعر لەم رووەوە كیلگەیەكی بەپیت ترەو ئێمەش لێرەدا بەنیازی خوێندنەوەی (دەقێكی شیعریی)ن.

چونكە لەراستیدا شیعر ((كاتێ بەناخی خوێنەردا رۆدەچێتو دەلالەتگەلێك بۆ خۆی دروست دەكات كە دەشێت بەخەیاڵی شاعیرەكەیدا نەهاتبێتن، لەوە تێدەپەرێت بەرهەمێكی تایبەت بێت بەشاعیر.

ئەگەر دەقی پەخشانیی هەڵگری یەك دەلالەت بێت، دەقی شیعریی بەفرە دەلالەتی دەناسرێتەوەو ئەم فرە دەلالەتییەشی بێسنوورەو ئەمەش لەڕاستیدا نووسینەوەی دەقی شیعرییە لەلایەن خوێنەرەوە.

بەمجۆرە هەموو خوێندنەوەیەكی دەق دەبێتە نووسینەوەیەكی دیكەی دەقو چەند خوێندنەوەكان زۆرترین، نووسینەوەكانیش زۆرتر دەبنو چەند ئاستی خوێندنەوەكانیش بەرزترین، ئاستی نووسینەوەكان بەهەمان شێوە بەرزتر دەبنەوە)).[4]

بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە كە خوێندنەوە دەتوانێت پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دەق بپچڕێنێت، بەڵكو بەومانایەیە كە خوێندنەوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەق دەگۆڕێت، واتە لەدەق دوور ناكەوێتەوە، بەڵام دووبارەشی ناكاتەوە.

بەكورتی ((دەق دەچێتە نێو خوێندنەوەوەو دەبێتە بەرهەمێك كە مەعریفە چالاكی خۆی لەسەر پیادە دەكات)).[5]

# چەند سەرنجێکی گشتیی

دوو خاڵی زۆر گرنگ لە لاوکی هەڵبجەدا بوونیان هەیە کە بەخێرایی سەرنجی خوێنەر بۆ خۆیان رادەکێشن و توانیویانە ئەم دەقە لەزۆرێك لەو دەقانەی دیکەی ئێمە جیابکەنەوە کە بۆ هەڵەبجەمان نووسیوون.

یەکەم: هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەم کارەساتە لە گێڕانەوەیەکی رووت و بابەتێکی حەماسەتبزوێنەوە بۆ کەرەستەیەك کە بشێت زۆرترین شیعریەتی لێبەرهەم بێت.

بەواتایەکی دی، هەڵەبجە لەم دەقەدا بەخەیاڵێکی شاعیرانەو بەئیستاتیکایەکی هونەریی مەزن بارگاوی کراوەو خاوەنی زمانێکی شیعریی بەهێزەو گەورەیی کارەساتەکە گەورەیی داهێنانی لەبیری شاعیر نەبردۆتەوە.

دووەم: ئەم لاوکە تەنها لاواندنەوەی کارەساتی هەڵەبجە نیە، بەڵکو ئیرادەیەکی گەورەی ژیانیشی تێدایە، کەدواتر لەبەشی (زاڵبوونی ئیرادەی ژیاندا) بەدوورو درێژی قسەی لەسەر دەکەین.

ئەم دوو خاڵە هێزێکی گەورەی بزوێنەریان بەدەقەکە بەخشیووەو لە دەقە تەقلیدیەکانی دیکەی ئێمەیان جیاکردۆتەوە.

مەرگ لەراستیدا بکوژی دەنگ و جووڵەیەو کاتێك ئەو دێت نەدەنگ و نەجووڵە لەئارادا نامێنن، کەچی لەم قەسیدەیەدا کە بۆ مەرگێکی گەورەی وەك مەرگی هەڵەبجە نووسراوە، دەنگێکی زوڵاڵی پڕ لەژیان و پڕ لەشیعرییەت دەبیستین.

جووڵەیەکی بەهێزی شەلاڵ لەژیان و بارگاویکراو بەشیعرییەت دەبینین.

ئەم قەسیدەیە بۆ مەرگی راستەقینەی شارێك نووسراوە، کەچی پڕە لەژیانێکی شیعریی.

هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی ژیان لەرووبەرێکدا کە بەمەرگ داپۆشراوە، یان راستتر گەڕان لەدوی ئیرادەی ژیان، لەناو ئیرادەی مەرگدا، یەکێك لەو خاڵە جەوهەری و مەزن و بزوێنەرانەیە کە بەئاشکرا ئەم لاوکە لەدەقێکی ئاسایی جیادەکاتەوەو بەرەو ئاستێکی باڵا لەداهێنانی دەبات.

ئەم داهێنانە لێرەدا ناوەستێت، بەڵکو ئەم خاڵە جەوهەرییە، بە خاڵێکی لەخۆی جەوهەریی تر دەوڵەمەند دەکات، کە ئەویش بارگاویکردنەیەتی بەشیعرییەت و بەئیستاتیکای شیعریی و بەزمانێك کە لەزۆر جێگادا نەك هەست ناکەیت ئەم زمانە سەرقاڵی گێڕانەوەی کارەساتێکی گەورەی وەکو کارەساتی هەڵەبجەیەو تەوەری سەرەکی ئەو کارکردنە لەسەر مەرگ، بگرە هەست دەکەیت گوێ لەگۆرانیەك دەگریت کە بۆ ژیان وتراوەو لەزۆر جێگادا لە خۆشیی خۆی، مەرگی بیر چۆتەوە.

هەست بەجۆرێك لەناسکی و ئاوازو سەما لەو زمانەدا دەکەیت، کەئەگەر توانایەکی گەورەی داهێنان نەبێت، هەرگیز ناتوانرێت لەدەقێکدا کەبۆ مەرگی شارێك نووسراوە، بەرهەم بهێنرێت.

لەم لاوکەدا ئەو زمانەی قسە دەکات، زمانی (بڕی و بڕوخێ) نیە، بەڵکو زمانی:

درەختی خۆڵ و لقی بارانە.

زمانێکه: نزاو هاواری خنکاو بۆ ئێمەو بۆ مێژوو دەگوازێتەوە.

زمانێکه:خەون لەسەر دارستانی گەردو سەهۆڵبەندان هەڵدەکۆڵێت.

زوقم و پشکۆ لەیەك کێڵگەدا کۆدەکاتەوە.

زمانێکه:کیلگەکان بە گۆرانی و

گەرووەکان بەهەتاو تەڕ دەکات.

زمانێکه: باڵای وەرزەکان لە لاوك دەگرێت.

ئەم شیعرە لەگەڵ ئەوەشدا کە مەرگ ئامادەییەکی زۆر زۆری تێدا هەیە، کەچی پڕپشە لەو وشەو دەستەواژەو دەربڕینانەی کە ژیانیان لێدەچۆڕێتەوە.

با بۆ نمونە سەرنجێك لەم چەند دەستەواژەیەی لای خوارەوە بدەین:

شەپۆلچنینەوە.

هەلگرتنی شوێنپێی تریفە.

بۆنکردنی پرچی باراناویی.

داگیرسانی لوتکەو خەون.

هەڵکردنی ئاڵا.

داتاشین لە ئاو.

تەڕکردنی کێڵگە بەگۆرانی و

روح بەشەونم و

تینوێتیی بەگوڵە گەنم.

تەڕبوون بەتریفە.

بێدارکردنەوەی وەرزو

راژەنینی شەوو هتد...

ئەم زمانە جگە لەوەی زمانێکی شیعریی و پڕ لە میتافۆرو فرە رەهەندو ئیحابەخشەو دوورە لە زمانی ئاساییەوە، زمانێکیشە وێڕای قسەکردن لەمەرگی شارێك، پڕە لە ژیان و لە ئیرادەی ژیانیش.

شاعیر دەیەوێت لەرێگای ئەم زمانە شیعرییەوە پێمان بڵێت:

ئێمە لەناو مەرگێکی گەورەداین، بەڵام دەستمان لەژیان بەرنەداوە.

پێماندەڵێت: دنیا بەتەنیا جێیهێشتووین،

وەلێ دڵمان هەر لای گزنگ و

شیلان و

گۆرانی و

سەوزایی دارستانە.

سەرمان مەستی شەپۆلان و

باڵامان وێڵی دووی هەورەکانە.

چونکە دەمانەوێت:

لەگەڵ راژەندنی ئەم شەوەی مەرگی خۆماندا،

بروسکەو با بچێنین.

دەمانەوێت:

ئەسپی هەتاو زین بکەین و

ئەم سەر زەمینەی کەدوژمنانمان

بەشیوەن و تاریکی و دووکەڵ گەمارۆیان داوە،

ئێمە بەگۆرانی و تیشك و ماچ بەرینی بکەین.

دەمانەوێت:

لەناو ئەم زەماوەندی خوێنەدا کەئەوان بۆیان رەخساندووین،

ئێمە کەژاوەی لەگوڵ و پەلکەزێڕینە درووستکراومان هەبێت و

تاجی ئەڤین لەسەر بکەین.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کەشاعیر چۆن هەوڵیداوە لە رێگای ئەم زمانەوە، ناراستەوخۆو بەجۆرێکی دی، کەزیاتر شاعیرانە بێت، ئەو ئیرادەی ژیانەی لەم دەقەدا بوونی هەیەو بەئیرادەی مەرگ دەوردراوە، بەهێزترو کاریگەرتر بکات.

تەنانەت ریتمی هۆنراوەکە، ریتمێکی ئاهەنگاوی و پڕ لەجووڵەی ژیانبەخشەو ئەویش بەشێوازی خۆی پێماندەڵێت:

ئێمە کەوتووین، بەڵام هەڵدەستینەوەو دەست بەکەمەری ژیانەوە دەگرینەوەو لەگۆرانی چڕین بەردەوام دەبین.

دەتوانین لەرێگای ریتمی شیعریی و ئاهەنگی وشەکانەوە، بەتایبەت لەم چەند کۆپلەیەدا کە کلیلیی کردنەوەو داخستنی قەسیدەکەن، بەجۆرێکی دی بگەینەوە ئەو بڕوایەی ئەم قەسیدەیە لەگەڵ ئەوەشدا کەمەرگ رووبەرێکی زۆری لێداگیرکردووە، بەڵام لەقوڵایی خۆیدا پڕە لەژیان:

به تەنیا جێی مەهێڵن

ئەمشەو زریان دەیچێنێت

تەمو مژ دایدەپۆشێت

مانگەشەو دەیرفێنێت

***

گەرووی بە گزنگ تەڕكەن
زامەكانی بە شیلان
بە گۆرانی داپۆشن
یان بە سەوزیی دارستان

***

سەری بە شەپۆلان كەن
با ئەم شەوە رایژێنێت
باڵای لە هەور بگرن
بروسكەو — با — دەچێنێت
***
بە تەنیا جێی مەهێڵن
منداڵێكی لاسارە
شار بەردەباران دەكات
مانگ دەكات بە كۆلارە
***
سوارە, چ شۆڕەسوارێك
ئەسپی هەتاو زین دەكات
بە گۆرانیو تیشكو ماچ
سەر زەمین بەرین دەكات
***

با كەژاوەی لە گوڵ بێت
یان لە پەلكەزێڕینە
زەماوەندی خوێن دەگرێت
ئەم شەو پاشای ئەڤینە
***
ئاشقێكی لاسارە

بروسکەو – با – دەچێنێت

بە تەنیا جێی مەهێڵن

مانگەشەو دەیڕفێنێت

***

ئەم کێشە، کەکێشی حەوت بڕگەیە، زیاتر شیعری گۆرانی و شیعری منداڵانی پێدەنووسرێت، کەبێگومان شیعری منداڵانیش خۆی لەبنەڕەتدا شیعری سروودو گۆرانیەو دەبێت بەجۆرێك بهۆنرێتەوە منداڵ بتوانێت بەئاوازەوە بیلێت.

لەنێو شاعیرانی نوێی ئێمەدا، مەبەستم نەوەی دوای گۆرانە، ئەوەندەی من ئاگام لێبێت، تەنها (عەبدوڵا پەشێو) و (حەمەی حەمە باقی) کۆمەڵێك شیعریان بەم کێشە نوسیووە، کە نە شیعری گۆرانی و نە شیعری منداڵانن.

لای شاعیرانی دی مەگەر زۆر بەدەگمەن، ئەگینا ئەم کێشە بەکار نەهێنراوە.

بێگومان ئەم قسەیە، شیعری گۆرانی و شیعری منداڵان ناگرێتەوە.

تەنانەت خودی (ڕەفیق سابیر)، لە تێکڕای ئەزموونی دوورو درێژیی خۆیدا، جگە لەیەك کۆپلە شیعری نێو قەسیدەی (وەرزی سەهۆڵبەندان) تەنها لە چوار شیعری کورتدا ئەم کێشەی بەکارهێناوە. کە ئەم شیعرانەن:

(تۆ، یەڵماز گێونەی، شەوانی تەنیایی، شێتی جوانی).

لەم جەختکردنەوەیە نیازم هەیە بڵێم: شاعیر ئەم کێشەی لێرەدا بە مەبەست بەکارهێناوەو ویستویەتی لەرێگای ئەم ریتمە پڕ لەئاهەنگ و پڕ لەجووڵەیەوە پێمان بڵێت:

ڕاستە ئێوە لاوکی شارێکی کوژراو دەخوێننەوە، بەڵام گوێتان لەگۆرانیەکی گەرمی ژیانیشە.

دەیەوێت پێمان بڵێت: ((دەکرێت لە شیعردا باسی دەردی مرۆڤ بکرێت، نەك هوتاف بدرێت))(6)

باقی شیعرەکەش بەکێشی چوار بڕگە نووسراوە، کەکێشێکی سادەو پڕ لەجووڵەی دیارییکراوەو لەهەندێ شوێنی کەمدا نەبێت، شپرزەیی و دڵەڕاوکەی تێدا بەدی ناکرێت و زیاتر لەوەی مەرگت بیر بخاتەوە ژیانت بیر دەخاتەوە.

***

لە ئەفسانەی ئاینیی رۆمانییەکاندا هاتووە:

(( جارێکیان ژوبیتەری گەورە خواوەند، داوا لەکەسێکی رۆمانیی دەکات قوربانییەکی بۆ بنوێنێت، سەری تێدا پێشکەش بکرێت.

ئەو کەسە رازی دەبێت و قوربانییەکە دەنوێنێت.

بەڵام لەبری سەری مرۆڤ چەند سەرە سیرێك پێشکەش دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا ژوبیتەر تووڕە نابێت و بەقوربانیدانەکەی رازی دەبێت.

مەبەستم ئەوەیە بەو تەئویلکردنە رازی دەبێت و بە کەسەکە دەڵێت:

–هەرچییەکت بوێت دەتدەمێ، چونکە تۆ سەلماندت کە شایانی ئەوەیت گفتوگۆ لەگەڵ خواوەندا بکەیت)).(7)

ئەو هێزە مەزنەی جیهانبینییەکی شاعیرانە بۆ دواندنی دۆزێکی گەورەی وەك هەڵەبجە پێویستی دەبێت، هیچی لەو هێزە کەمتر نییە کە لەدواندنی ژوپیتەردا بەکاربراوە.

شاعیر بەهەستیاری و ئاگادارییەکی زۆرەوە هەوڵی دواندنی ئەم دۆزە گەورەیەی داوە کەپەیوەندی نەك بە چارەنووسی سەدان یان هەزاران کەسەوە هەبووە، بگرە پەیوەندی بەچارەنووسی تەواوی ئەو نەتەوەیەوە هەبووەو هەیەو دەبێت، کەپێی دەڵێن کوردو گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی سەر ئەم گۆی زەمینە پان و بەرینەیە.

ئەم درککردنە بەگەورەیی و هەستیاریی هەڵەبجە وایکردووە جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان (لاوکی هەڵەبجە) و زۆرێك لەو دەقانەی دیکەی ئێمەدا هەبێت کە بۆ هەڵەبجەمان نووسیوون.

بەشێکی زۆر لەو دەقانەی ئێمە هەوڵیانداوە لەپاڵ گەورەیی کارەساتی هەڵەبجەدا خۆیان وەك دەقگەلێکی گەورە پێشان بدەن.

یان هیچ نەبێت شانازیی بەوەوە بکەن، کەدەستیان بۆ دۆزێکی گەورە بردووە.

بەواتایەکی دی زۆرێك لەو دەقانە، هەوڵیانداوە بچوکی و دەستکورتی خۆیان–لەرووی هونەرییەوە–لەپاڵ هەڵەبجەو گەورەیی کارەساتەکەیدا بشارنەوەو هەڵەبجە وەکو پاسپۆرتێك بۆ پەڕینەوەی خۆیان بۆ ناو خەڵك و بۆ ناو مێژوو، بەکار بهێنن.

هەروەك بەشێکی دی لە دەقەکانی ئێمە زیاتر کاریان لەسەر بزواندنی حەماسەتی خەڵك کردووەو هەڵەبجەیان وەك کەرەستەیەکی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژاردووەو ئەوەی بایەخیان پێنەدابێت لایەنی هونەریی و ئیستاتیکیی بووە.

ئەو دەقانە، یان راستتر خاوەنەکانیان، شەرعیەتی رووداوو شەرعیەتی داهێنانیان تێکەڵ کردووەو هەوڵیانداوە ئەو شەرعیەتی داهێنانەی کەنییانە، بەشەرعیەتی ئەو رووداوەی کەناوی هەڵەبجەیە، پڕبکەنەوە.

وەلێ (لاوکی هەڵەبجە) یەکێك لەو دەقە دیارو کەم و دەگمەنانەی ئێمەیە کەتیایدا هەڵەبجە بەجۆرێکی دی دەدوێندرێت و جیهانبینییەکی هونەریی و باڵاو جیاواز بەرهەم دەهێنێت.

لەم دەقەدا هەڵەبجە دەچێتە ئاستێکی دیکەوە کە ئاستی داهێنانەو شەرعیەتێکی دیکە وەردەگرێت کە شەرعیەتی داهێنانەو نەمرییەکی دیکەی پێدەبەخشرێت کەنەمریی داهێنانە.

لە (لاوکی هەڵەبجەدا) ئێمە هەڵەبجەیەك دەبینین جیاوازە لەو هەڵەبجەیەی لەسەر زەوی و لەو نێو مێژوودا بینیومانە، ئەوەی دەیبینین هەڵەبجەیەکە تەنها لەنێو جیهانبینییەکی قووڵیی شاعیرانەدا توانای بینین و هەستپێکردنی پەیدا دەبێت.

هەڵەبجەیەکە هەرگیز نەچاوی ئاسایی و نە چاوی مێژوو، ناتوانن بیبینن.

ئەم هەڵەبجەیە، هەڵەبجەی نێو جیهانبینییەکی شاعیرانەیە، کە خەیاڵ و میتافۆرو وێنە، رەگەزە زۆر گرنگ و کاریگەرەکانین.

ئەم دەقە کەباس لەمەرگی (واقیع)یی شارێك دەکات، نەهاتووە واقیعمان بۆ بگێڕێتەوە، چونکە زانیوێتی ئەوە کاری مێژوونووسان و خەڵکانی سیاسی و هەرکەسێکی دیکە بێت، کاری شاعیر نییە.

لەبری ئەوە، هەوڵیداوە ئەم واقیعە لەنێو جیهانبینیی شاعیرانەی خۆیدا بهاڕێت و بەو سێ رەگەزە گرنگەی ئاماژەمان بۆ کردن (خەیاڵ و میتافۆرو وێنە) واقیعێکی شیعریی درووست بکات، کەئەگەر لەرووکاریشدا لە واقیعە راستەقینەکە بچێت، لە قوڵاییدا زۆر لەگەڵ ئەو جیاوازبێت.

ئایا گرنگی ئەم سێ رەگەزە لەچیدایە ؟!

خەیاڵ ئەو هێزە مەزنەیە، کە لەپرۆسەی نووسینی داهێنانگەرادا، دەتوانێت بەشێوەیەکی بەردەوام و بێکۆتایی رەهەندی نوێمان لەهەر واقیع و دۆزو مەسەلەیەکدا بۆ بدۆزێتەوەو لەکۆپیکردن و دووبارەکردنەوە بمانپارێزێت.

چونکە وەکو (ئیبن سینا) دەڵێت: ((کاری شیعر خەیاڵکردنە، نەك پێشکەشکردنی بیروڕا))(8)

ئێمە ئەم خەیاڵکردنە لەرێگای چییەوە بۆ خوێنەر دەگوازینەوە؟

بێگومان لەرێگای زمانەوە دەیگوازینەوە.

بۆ گواستنەوەی ئەو رەهەندە نوێیانەی کە وتمان خەیاڵ دەتوانێت بەشێوەیەکی بەردەوام و بێکۆتا، پێمان ببەخشێت، پێویستمان بەزمانێکیش دەبێت، کە بەشێوەیەکی بەردەوام و بێکۆتا لە سکوزادا بێت.

ئەو زمانەی لەدۆخێکدا دەوەستێت، تەنها توانای گواستنەوەی خەیاڵێکی هەیە کە لەدۆخێکی هاوشێوەی خۆیدا وەستاوە.

لەپرۆسەی نووسینی شیعردا، خەیاڵ و زمان ئەو دوو رەگەزەن، کەشێوەی یەکدی وەردەگرن و هەڵکشان و داکشانیان پەیوەندی قووڵیی بەیەکەوە هەیە.

زمان چۆن دەکەوێتە بەردەمی تەقینەوەو سکوزای هەمیشەیی و بێکۆتاییەوە؟!

بێگومان ئەوە میتافۆر (مجاز)ە، کە دەتوانێت هێزێکی جادوویی بەزمان ببەخشێت و بیتەقێنێتەوەو رەهەندی دیکەی پێببەخشێت.

((شیعریەتی میتافۆر لەوەیدایە کەناچێتەوە سەر هیچ مەرجەعیەتێك، لە خولقاندنیدایە، کەدەڵێیت دەسپێکردنێکی هەمیيشەییەو رابردووی نیە.

لەو رووەشەوە کەهێزێکە بۆ بەرهەمهێنانی پرسیار، مرۆڤ تازە دەکاتەوە، وەکو چۆن بیرو زمان و پەیوەندی بەشتەکانەوە تازە دەکاتەوە.

بزووتنەوەیەکە هەبووی ئێستا رەتدەکاتەوەو بەدوای بوونێکی دیکەدا دەگەڕێت.

کەواتە هەموو میتافۆرێك تێپەڕاندنە، وەك چۆن زمان لەمیتافۆردا خۆی تێدەپەڕێنێت، ئەو واقیعەش کە دەردەبڕدریت، دیسان لەرێگای میتافۆرەوە خۆی تێدەپەڕێنێت.

بەم شێوەیە میتافۆر بەرەهەندی دیکەی شتەکانمان دەگەیەنێت، رەهەندی نەبینراویان)).(9)

کاتێك لەبارەی دەقێکەوە دەوترێت زمانێکی شیعریی یان شاعیرانەی هەیە، لەراستیدا مەبەست لەوەیە کەمیتافۆر تیایدا لەئاستێکی باڵادایە.

نەك وەك ئەوەی زۆرجار لای ئێمە بەهەڵە تێدەگەین و وا دەزانین زمانێکی شیعریی یان شاعیرانە، واتای زمانێکە کە کێش و سەروا دەوڵەمەندیان کردبێت.

بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە کە کێش و سەروا هیچ رۆڵێکیان لە خەمڵاندنی زمانی شیعرییدا نەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە جەوهەرییترین خاڵ لە زمانێکی شیعرییدا، مەسەلەی میتافۆرە نەك کێش و سەروا.

وتمان بۆ ئەوەی لە کۆپیکردن و دووبارەکردنەوە رزگار بین، پێویستمان بە خەیاڵێك هەیە بەردەوام رەهەندی نوێمان بداتێ.

بۆ گواستنەوەی ئەو خەیاڵەش، پێویستمان بە زمانێك هەیە، لە سکوزای بەردەوامدا بێت و توانای لەخۆگرتنی ئەو خەیاڵەی هەبێت.

بۆ بەرجەستەکردنی ئەم خەیاڵ و زمانەش لەزیهنی خوێنەردا، پێویستمان بەوێنەی شیعریی هەیە.

بێگومان وێنەیەکی شیعرییش کە خەیاڵێکی زیندوو و زمانێکی زیندوو دەگوازێتەوە، دەبێت زیندوو بێت.

ئەو رەگەزە زیندووانە خۆ ناتوانن لە جەستەیەکی مردوودا بژین و گەشە بکەن.

گومانیش لەوەدا نییە کە (( شیعرێکی مەزن بەبێ وێنە بوونی نییە، وێنە بناغەی هەموو شیعرێکی مەزنە)).(10)

هیچ وێنەیەکیش بەبێ خەیاڵ و میتافۆر ناتوانێت تا ئاستێکی زۆر باڵا شاعیرانە بێت.

بەم جۆرە دەبینین ئەم سێ رەگەزە، لەشیعری زیندوودا بەجۆرێك دەرژێنە نێو یەك و ئاوێزان دەبن، کەجیاکردنەوەیان تا رادەیەکی زۆر ئەستەم دەبێت.

بۆ نموونە:

کاتێك شاعیر باسی درەختی خۆڵ دەکات، ئەوە خەیاڵێکی شاعیرانەیە کە ئەم درەختەی دروستکردووە.

ئەوەش کە ئەم درەختەی لە ئامێزی خۆی گرتووە، ئەو زمانە شیعرییەیە کە وتمان میتافۆر دەیخاتە بەردەمی سکوزای هەمیشەییەوە.

ئەوەشی رەنگ و شێوە بەم درەختە دەبەخشێت و دۆخێکی بۆ دەرەخسێنێت، کە ئێمە بتوانین لەمسی بکەین، وێنەی شیعرییە.

لقی باران و درەختی گڕو کێڵگەی– زوقم و پشکۆ–و چیای گڕو چیای رەنگ و جۆلانەی گیاندان و تونێلی زریان و زەردەخەنەی تەزیوو زۆر دەستەواژەی دیکەش کە لەدەقەکەدا هەن، هەمان شتن و هەرگیز مومکین نییە بەبێ هەبوونی خەیاڵێکی شاعیرانەی بە پیت و بەبێ زمانێکی پڕ لە میتافۆرو بەبێ وێنەگەلێکی زیندووی شیعریی، بتوانرێت بەرجەستە بکرێن و خوێنەر لەمسیان بکات.

لێرەوە دەتوانین جارێکی دی جەخت لەوە بکەینەوە کەشیعری زیندوو باوەشکردنی ئەم رەگەزانەیە بەیەکدا، زیندوێتیی ئەم سێ رەگەزەیە پێکەوە.

بێگومان لاوکی هەڵەبجە نموونەیەکی گەورەی ئەم جۆرە شیعرەیە.

پێموایە وردبوونەوەیەکی هێمن لەم وێنانەی لای خوارەوە، باشتر ئەم راستییەمان بۆ روون دەکاتەوە:

تۆ وەرە کەسێك بهێنە پێش چاوی خۆت کە باوەش بۆ خۆشەویستێکی خۆی دەگرێتەوە، کەچی قۆڵەکانی لە درەختی خۆڵ دەئاڵێن،

قۆڵەکانی وەك تاڵەخوێن بەسەر بنارو ئاسۆدا شۆڕدەبنەوە !

کەسێك لەنێوانی سوتان و گوڵەگەنمدا، سروودێك خەریکی نووسینەوەیەتی !

خەڵکێك بهێنە پێش چاوی خۆت:

رووت و قووت، لەترسی فڕۆکە ژیانکوژەکان نازانن چی بکەن، هەوڵدەدەن خۆیان بەگژو گیاو زەردەگەڵاو بە ئاژاوە دابپۆشن، خۆیان بە ئاسمان و بە دارستان و بە لەپی دەستی خۆیان، دادەپۆشن.

ئاڵایەك بهێنە پێش چاوی خۆت لەشەودا، کە بتوانی ناوی بنێیت لقە باران !

بیر لەبێدەنگییەك بکەرەوە کە دەنگدانەوەی هەیە !

گزنگ و درەخت و روباری بریندار بهێنە نێو خەیاڵی خۆتەوە !

تەمەنێك ببینە کە لەنێو خۆڵدا داگیرساوە !

وێنای خەڵکێك بکە کە خەریکی کێڵانی تاوێرو رووبارن و بەنیازی چاندنی نەمامی مەحاڵن.

شارێك لە شێوەی چنگێك خۆڵدا ببینە کە خوێن ئاوی دەدات !

## هەڵەبجە

((دایەگیان گۆڕەکەم ساردە، کراسێکی لەخوریی دروستکراوم بۆ بنێرە !)) (11)

کارەساتی هەڵەبجە یەکێك لەو کارەساتە گەورانەی دنیایە کە تیایدا هێزێکی گەورەو زەبەلاح، بەیەکێك لەکوشندەترین چەکەکانی سەردەم، خەڵکانێك دەکوژێت، تەنیاترینو رووتترین بوونەوەرەکانی سەر ئەم گۆی زەمینەن، خەڵکانێك لەناو تۆفانی ئەو مەرگە وەحشەتناکەدا، شتگەلێك خۆیانی لەپاڵدا بشارنەوەو خۆیانی پێدابپۆشن، جگە لە گژوگیاو زەردەگەڵاو ئاژاوەو ئاسمانو لەپی دەستی خۆیان هیچ شتێکی دیکە نییە.

خەڵکانێك رۆڵەکانیان بەڕووتێتیو بەتینوێتیو بەمەرگی خۆیان دادەپۆشنو کەسێك بەهاوارییانەوە ناچێت.

بەداخەوە کە هەڵەبجەیەکی کوژراو، هەڵەبجەیەکی خوێناویو مەرگبارو پڕ لەتەرم، دەبێت بەناسنامەی ئێمەو دنیا لەڕێگای ئەو خوێنو مەرگو تەرمانەوە ئێمە دەناسێتەوە.

چەند ئەستەمە پەیوەندیت لەگەڵ دنیادا پەیوەندی خوێنو مەرگو تەرم بێت؟!

ئەفسوس ئێمە خۆ نەماندەویست پەڵەی سەرسنگی ژنانو زەردەخەنەی مەیووی رووی منداڵانمان ببنە سیمای ئەم سەردەمە!

تازە ئیدی هەڵەبجە بوو بەناسنامەی ئێمەو دەبێت بزانین چۆن ئیش لەسەر ئەم ناسنامەیە دەکەین.

چۆن ئەم ناسنامەیە بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە بەکار دەهێنین کە تیایدا ئێمە لەدەرەوەی دنیاینو دنیا ئاگای لەمەرگو لەژیانی ئێمە نییە.

چۆن وا دەکەین ئەم مەرگە لەگەڵ ژیاندا ئاشتمان بکاتەوە؟!

ئێمە کە وێڵی دوای ژیان بووین بەسەر ئەم مەرگەدا کەوتین چۆن وابکەین ئەم مەرگە جارێکی دی بمانخاتەوە سەر رێگای ژیان؟!

خۆناکرێت بۆ هەتا هەتایی لەنێو هەڵەبجەو کارەساتەکاندا بمێنینەوەو پێمانوابێت ئەمە وەفای ئێمەیە بۆ ئەوان.

وەفای راستەقینەی ئێمە بۆ مێژووی پڕکارەساتمان هاتنە دەرەوەمان لەو مێژووەو گۆڕینی ئیرادەی مەرگی نێو ئەو مێژووەمانە بەئیرادەی ژیان.

راستە ئێمە دەتوانینو شانازیش بەو مێژووەی خۆمانەوە دەکەین کە تیایدا بەرگریمان لەخۆمان کردووەو بەگژ یەکێك لە درندەترین دەسەڵاتە فاشییەکانی دنیادا چووینەتەوەو هەزاران هەزار رۆڵەی خۆمان لەم پێناوەدا کردۆتە قوربانی.

ئێمە ئەم شانازییە دەکەین، وەلێ شانازی گەورەتر بۆ ئێستاو بۆ ئایندەشمان هاتنە دەرەوەمانە لەو مێژووە.

((بەکورتی ئەوەی کێبڕکێی لەسەر دەکەین،ئایندەیە نەك رابردوو،چونکە هەر روانینێك بۆ مێژوو گۆشەیەکی ئایندەخوازیی تێدا نەبێت، روانینێکی بێهوودەیە.

بەواتایەکی دی ئەوەی بۆ ئێمە جێگای بایەخە، ئەوە نیە کە لەرابردوودا روویداوەو گۆڕینی مەحاڵە، بەڵکو بەشە کاراکەی رابردوو بۆ ئێمە گرنگە، ئەو بەشەی بەردەوام لەدەروونماندا دەژی و دەکرێت ببێت بە ئایندەمان)).(12)

هەروەها ناشبێت چیدی شانازیکردن بەمێژوویەك لەگەڵ مانەوە لەنێو ئەو مێژووە، تێکەڵ بکەین.

ئێمە دەبێت خوێندنەوەی تازەمان بۆ ئەو بەشە سەرەکیانەی نێو مێژووی خۆمان هەبێتو هەرگیز ئامادەنەبین نەهیچ کاتێك بەو شوێنانەیان بزانین کە دەبێت تیایاندا بمێنینەوەو نەهەرگیز پێشمانوابێت کە ئەو بەشانە مردوونو هیچیان بۆ ئێستاو بۆ ئایندەمان پێنییە.

چونکە لەڕاستیدا ئەو بەشە کارەساتبارانە نەمردوونو نامرنو بەردەوام لەئێمەدا کار دەکەن.

ئەگەر ئێمە ئیرادەی گۆڕینی ئەوانمان نەبێت بۆ ژیان و لەخزمەتی ژیاندا بەکاریان نەهێنین، ئەوان ئێستاو ئایندەشمان بەڕەنگی کارەساتاوی خۆیان رەنگ دەکەن و دەرفەتی ناسین و تاقیکردنەوەو پیادەکردنی ژیانمان، کەمترو بچوکتر دەکەنەوە.

ئێمە دەتوانین لەزۆر روەوە، کەڵك لە هەڵبجە وەربگرین، بەتایبەت لەم دوو لایەنەوە، کەلای خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین:

یەکەم: دەتوانین هەڵەبجە ((وەك ژێرخانێکی ئەفسانەیی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگا))(13) تەماشا بکەین.

یان رەنگە گونجاوتربێت بڵێین وەك ژێرخانێکی روحیی، چونکە وەك ((چۆن گروپ و میللەتان سەرکەوتنی خۆیان دەکەنە هێزێکی بونیادنەر بۆ خەیاڵگەی دەستەجەمعی، نوشستیش دەبێتە هەوێنی کۆبوونەوەی کۆمەڵگا لەدەوری غەم و حوزنێکی قووڵ، لەم هاوکێشەیەدا شکست وەبیرهێنانەوەیەکی بەردەوامی ئەو هەڕەشانەیە کە کۆمەڵ رووبەرووی دەبێتەوە، گۆڕینی یادی نووشست بۆ هێزێکی خەلاق و بەرهەمهێن، بۆ کۆبوونەوەیەکی تازەو بەهێز لەدەوری یەکتر، بۆ بۆنەیەك لەرێگایەوە فەردەکان وەلاو وەفاداری خۆیان بۆ دین و بۆ نەتەوەی خۆیان نیشاندەدە، خۆیان دەکەنەوە بە قەڵغان و ئامادەگی گیابازی و فیداکاری دەردەخەنەوە)).(14)

رەنگە بتوانین لەم رووەوە، بە شێوازێکی جودا، کەڵك لە ئەزموونی شیعەکان و کۆبوونەوەیان لەدەوری عاشوراو یادکرنەوەی سەربڕینی ئیمام حوسێن و هاوەڵانی، وەربگرین.

لە نێو (لاوکی هەڵەبجە) شدا، لەم بارەیەوە ئاماژەیەك هەیە و شاعیر هەڵەبجەی بە سەری بڕاوی حوسەین چواندووە.

دووەم: دەتوانین دوای کۆبوونەوەمان لە دەوری هەڵەبجە، بەتین و گوڕێکی گەرمترو بەبیرکردنەوەیەکی کراوەترەوە، ئیرادەی ژیانمان بەگەڕ بخەین و خەونی گەورەمان لە شەڕکردنێکی باشەوە، بۆ ژیانێکی باش بگۆڕین و هەڵەبجە وەك سەرەتای وەرچەرخانێك تەماشا بکەین، کەلێیەوە ئیدی دروشمی گەورەی ئێمە لە ((کەم ژیان و کەڵ ژیان))ەوە، بۆ (( زۆر ژیان و جوان ژیان)) بگۆڕین.

لەم رووەشەوە دەشێت کەڵك لەئەزموونی ژاپۆنییەکان وەربگرین کە چۆن دوای خاپورکردنی هێرۆشیماو ناکازاکی و پاش ئەوەی لەمەیدانی جەنگو لەرێگای چەکەوە تێکشکان، لەمەیدانی زانستو لەرێگای عەقڵەوە هەستانەوەو گەرمتر باوەشیان بەژیاندا کردو ئەو کارەساتەیان وەك خاڵی وەرچەرخان و دەستپێکردنێکی دیکەی ژیان تەماشاکرد.

لەڕاستیشدا مردنی هیچ وڵاتو نەتەوەیەك ئەو کاتە دەستپێناکات کە شارێك، یان چەند شارێکیان دەمرێت، بەڵکو دروست ئەو کاتە دەستپێدەکات کە ئیرادەی ژیانیان دەمرێت.

لاوکی هەڵەبجە یەکێك لەو دەقانەیە، کە دەتوانێت لەم ئاراستەیەدا یارمەتیمان بداتو بوارێکی باشمان بۆ قسەکردن لەم بارەیەوە بۆ برەخسێنێت.

لەم  دەقەدا سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورە لەجیهانبینی شاعیرانی ئێمەو ئاستی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کارەساتەکاندا ، هەست پێدەکرێت.

لەنێو ئەم جیهانبینییەدا هەڵبجە کەرەستەیەك نییە بۆ بەرزکردنەوەی دروشمی بریقەدار، بەڵکو:

ئەو خۆڵەمێشەیە کەبەناویدا تێدەپەڕینو لەو دیویەوە شەپۆل دەچنینەوە !

ئەو زامەیە کە دەبێت بەشیلان تەڕبکرێت.

ئەو وێستگە گرنگەیە کە تیایدا ئێمە نەك هەر هەڵدەستینەوە، بەڵکو خۆشمان لەگەردو تۆزی ئەو کارەساتە دەتەکێنینو بەدنیای خەونە گەورەکانیش دەگەین، کە تیایدا ماوەمان دەبێت منداڵبینەوەو مانگ بکەین بەکۆلارەو یاری پێبکەین.

من لێرەوە خوێندنەوەی خۆم دەستپێدەکەمو ئەوەشم زۆر بۆ گرنگە خوێنەر بیری نەچێت کە من ساتەوەختێکی دیاریکراوی هەڵبجە دەخوێنمەوە، نەك خودی هەڵبجە .

ساتەوەختێك کە تیایدا ئەم کارەساتە بۆ نێو دەقێکی داهێنەرانە دەگوازرێتەوەو گوتارێکی شیعرییو جیهانبینییەکی شاعیرانە ئەو بەرەنگی خۆیان رەنگ دەکەنو لەڕووداوێکەوە کە لەناو واقیعو لەسەر زەوی ڕوودەدات، بۆ ڕووداوێکی نێو –وشەو زمانو داهێنان–ی دەگوازنەوەو دەیبەنە ئاستێکی جیاوازترو باڵاترەوە.

هەروەك لەو ساتەوەختەشدا من بەدیاریکراوی قسە لەململانێو پەیوەندیی نێوان ئیرادەی مەرگو ژیان دەکەمو ناچمە نێو هەموو وردەکارییەکانی دیکەی دەقەکەوە، مەگەر لەو شوێنانەدا کە پەیوەندییان بەو ململانێیەوە هەبێت.

ئەمەم بۆیە لاگرنگە ئەگەر لەبیربکرێت خوێندنەوەکە، وا دێتە بەرچاو کە هەڵەبجەی کورتکردبێتەوەو زۆرێك لەئاستو رەهەندە جیاجیاکانی فەرامۆش کردبێت.

## ململانێی ئیرادەکان

## ئیرادەی مەرگ، ئیرادەی ژیان

مەرگ بۆ ئەوەی لەبوونو جەبەرووتی خۆی دڵنیا بێت، هەمیشە لەهەوڵی گەمارۆدانی ژیاندایەو ژیانیش بۆ ئەوەی لەبوونو بەردەوامی خۆی بێگومان بێت، هەمیشە لەهەوڵی شکاندنی ئەو گەمارۆیەدایە. واتە ئەم دوو ئیرادەیە لەململانێو پەیوەندییەکی ئەزەلیدانو هەردووکیان ماناکانی خۆیان لەو ململانێو پەیوەندییەوە، وەردەگرن.

لە(لاوکی هەڵەبجە)دا ئامادەیی ئەم دوو ئیرادەیەو پەیوەندییان بەیەکدییەوە ئامادەیەکی زۆر سەیرو سەرنجڕاکێشەو سەرجەمی جووڵەی قەسیدەکە لەڕێگای ئەم دوو ئیرادەیەوە ڕەنگڕێژ دەکرێتو لەسێ ئاستی جیاوازدا بەرجەستە دەبێت.

لەئاستی یەکەمدا: ئەم دوو ئیرادەیە هێندە لەیەکەوە نزیکن کەناتوانیت بەئاسانی لەیەکدییان جیابکەیتەوە.

لەئاستی دووەمدا: گەمارۆکانی مەرگ زیاد دەکەنو ژیان ئابلۆقە دەدەنو ڕووبەرێکی زۆری قەسیدەکە داگیر دەکەن.

لەئاستی سێیەمدا: ژیان گەمارۆکان دەشکێنێتو ئەگەرچی ئەو ڕووبەرەی لەقەسیدەکەدا داگیری دەکات، لەو ڕووبەرە کەمترە کە مەرگ لەئاستی دووەمدا داگیری کردووە، بەڵام ئەم گرنگترە.

من دەمەوێت لەم خوێندنەوەیەدا، پەیوەندییەکی پێچەوانەم لەگەڵ ئەم ئاستانەدا هەبێتو ئاستی سێیەم وەکو سەرەکیترین ئاست بۆ ئیشکردنی خۆم هەڵبژێرمو زۆرترینی قسەکانمی بۆ تەرخان بکەم.

لەبەرامبەر ئاستی دووەمیشدا هەوڵدەدەم زۆرخێرا تێنەپەڕم، چونکە جگە لەو ڕووبەرە زۆرەی لەقەسیدەکەدا داگیری کردووە، دەشتوانێت بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لەئاستی سێیەم یارمەتیم بدات.

لەبارەی ئاستی یەکەمیشەوە، پێمباشە لەیەك وێنەی شیعرییدا چڕی بکەمەوەو بەکورتی چەند قسەیەکی لەسەر بکەم، چونکە ئەم ئاستە نەئاستێکی گرنگەو نە ڕووبەرێکی زۆریشی لەقەسیدەکە دایگرکردووە.

## ئاستی یەکەم:

## ئاوێزانبوونی ئیرادەکان

وتمان لەم ئاستەدا هەردوو ئیرادەی مەرگو ژیان بەجۆرێك لەیەکدی نزیك دەبنەوەو باوەش بەیەکدا دەکەنو ئاوێزانی یەك دەبن، کە خوێنەر ناتوانێت بەئاسانی لێکیان جودا بکاتەوە.

گیانە هەموو ڕێگایەکان
لەلەپی دەستەکانتەوە سەر هەڵدەدەن
لەسەر لەپی دەستەکانت
شەهیدەکان
لەنوێ لەدایك دەبنەوە
شەهیدەکان
لەسەنگەری دەستەکانتا
سەر لەنوێ شەهید دەبنەوە!

شەهید خۆی لەخۆیدا چەند رووبەرە بۆ دەرکەوتنی ئیرادەی مەرگ، ئەوەندەش رووبەرە بۆ دەرکەوتنی ئیردەی ژیان.

وەك چۆن دەلالەتی مەرگێکی ئاشکرا لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، هەرئاوها دەلالەتی ژیانێکی ئاشکراش لەگەڵ خۆی دەگێڕێت.

شەهید ئەو بوونەوەرە خاوەن ئیرادەیەیە کە لەنێو مەرگدا بۆ ژیان دەگەڕێت.

دەمرێت بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت.

ئەو کاتێك باوەش بەمەرگدا دەکات لەڕاستیدا باوەشی بەژیاندا کردووە. جا ئەم شەهیدە کە خۆی لەهەمان کاتدا مەرگو ژیانیشە پێکەوە، لەنێو لەپی دەستی هەڵەبجەدا ( کە دواتر هەڵەبجەش شەهید دەبێتو هەمان خەسڵەت وەردەگرێت)، دەمرێتو لەدایك دەبێتەوەو دیسانەوە دەمرێتەوە... هتد.

ئەم پەیوەندییەی نێوان مەرگو ژیان کە لەم ئاستەدا بازنەییە، لەئاستەکانی دیدا، گۆڕانی بەسەردا دێتو بەشێوەی دی خۆی نمایش دەکاتو دەردەکەوێت.

بەڵام لەهیچ ئاستێکدا پەیوەندییەکە بۆ یەکجاری ناپچڕێتو بەدوائاکامی خۆی ناگات.

## ئاستی دووەم:

## زاڵبوونی ئیرادەی مەرگ

لەهەموو جەنگێکدا، وەك (ماکیاڤیلی)و (مولەر) دەڵێن: ((دووئامانج هەن، ئامانجێکی سەرەتاییو ئامانجێکی سەرەکی، ئامانجە سەرەتاییەکە شکاندنی هێزی دوژمنو ئامانجە سەرەکییەکەش شکاندنی ئیرادەی دوژمنە)).(15)

لەهەڵەبجەدا بەهۆی جیاوازییە گەورەکانی هێزی ئێمەو ئەوانەوە، کەئەوان فڕۆکە دەنێرنە سەر ئێمەو ئێمە بەگژوگیاو زەردەگەڵا خۆمان دادەپۆشین...

کەئەوان شمشێری هەموو جەلادانی مێژوو لەڕووی روحی ئێمەدا هەڵدەکێشنو ئێمە نە لەکەرنەڤاڵی سەربڕینو نەلەپرسەو شینیشدا کەسێکمان لەگەڵ نییە...

کە ئەوان ئێمە دەخەنە نێو تۆفانی گازی ژەهراوییەوەو ئێمەش قۆڵەکانمان وەك تاڵە خوێن لاوازو باریکن...

بەهۆی ئەم جیاوازییە گەورانەوە، ئەوان بەئاسانی ئامانجی سەرەتایی جەنگەکەیان دەپێکنو لەماوەیەکی زۆر کەمدا چونکە پەلەیانە، ئێمە تێکدەشکێننو وردوخاشمان دەکەن.

زاڵبوونی ئیرادەی مەرگ لەم ئاستەداو داگیرکردنی ئەو رووبەرە زۆرەی قەسیدەکە، لەم تێکشکانەی هێزی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێتو وێنەکان لەم ئاستەدا، وێنەی ئەو تێکشکانەی ئێمەن.

وەلیٚ ئەوان لەئامانجی سەرەکی جەنگەکەیاندا کە تێکشکاندنی ئیرادەی ئێمەیە، ئەگەرچی گورزی زۆر کوشندەمان لێدەوەشێنن، بەڵام ناتوانن سەرکەوتووبن‌و ئیرادەی ئێمەیان بۆ تێکناشکێنرێت.

***

ئێستا بابزانین کە ئیرادەی مەرگ زاڵ دەبێت‌و دەست بەسەر دەقەکەدا دەگرێت، شاعیر چۆن‌و بەچ ئاراستەیەك دەجوولێتەوە؟

لەڕاستیدا شاعیر بەدوو ئاراستە جووڵاوەتەوە، کە لەیەکەمیاندا مەرگو تەنیایی‌و رووتێتی خۆی دەلاوێنێتەوەو لەدووەمیاندا گلەیی لەبێدەنگی دنیاو بەدڕەوشتی ئەو چاخە دەکات، کە لەبارەی مەرگی ئەوو کارەساتێکی گەورەی وەك هەڵەبجەوە قسەیەکی نییە. هەڵبەت دەبێت ئەوەش بڵێین کە هەڵکشان‌و داکشانی ئەم دوو ئیرادەیە، ئیرادەی مەرگ و ئیرادەی ژیان، هێڵێکی دیاریکراوی نییەو زۆر پەرت‌و پرش‌و بڵاو بەقەسیدەکەدا دابەش بووە.

***

ئێستا ئیدی مەرگ زۆر بەسەختی گەمارۆی ژیان دەداتو کەمترین رووبەری بۆ دەهێڵێتەوە.

باڵی رەشی خۆی بەسەر زۆرترین نیشانەکانی ژیاندا دەکێشێت:

بۆنی خوێن بەبنارو

رەنگی برین بەرووبار دەبەخشێت‌و

تەرمەکان وەك هەرەسی چیای گڕ هەرەس پێدەهێنێت‌و

ماوەکانیان پێدادەپۆشێت‌و

وەرزو شەقامو بەرەبەیانیان پێدەتەنێت.

دەوەن‌و بەردو گیاو هاژەو لاوك‌و شەپۆل‌و باران‌و تاڤگەو باڵەفڕەو سەگوەڕو ماچ‌و نیگاو دادپەروەری‌و قاسپەی کەوو جاڵجاڵۆکەو کوردایەتی‌و پەرەسێلکەو نزاو هاواری خنکاو، ژەهراوی دەکات.

تەنانەت:

تاوێرەکانیش بەسێبەری لەخوێناونبوو دادەپۆشێت و

دۆخێك دەخوڵقێنێت کە تیایدا:

پەنجەرەی سەر گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش بەسەر دەسرێژا دەڕوانن.

بەمجۆرە مەرگ گەمارۆکانی خۆی دەگەیەنێتە دوا ئاستی شێرزەکردنی ژیان‌و هەوڵدەدات بچوکترین شت نەبوێرێت‌و بەبێ هیچ دوودڵی‌و دەستلەرزینێك تواناو جەبەڕووتی کاولکاریانەی خۆی تاقیبکاتەوە.

لەم کاتەدایە کە شاعیر زۆر بەقووڵی هەست بەبێکەسی‌و تەنیایی‌و رووتی دەکات‌و خەمناکانە دەکەوێتە لاواندنەوەی مەرگی خۆی‌و نەفرەت لەبێدەنگی دنیاو بێڕەوشتی‌و بۆگەنی‌و سۆزانێتی ئەو چاخە دەکات، کە لەبەرامبەر کارەساتێکی گەورەی لەو جۆرەدا، دەتوانێت بەو رادەیە بێخەم‌و بێقسە بێت.

ئەو کاتیٚ:

فڕۆکەکان لەناکاو دێنو ناچار دەبێت بەگژوگیاو زەردەگەڵاو بەئاژاوەو ئاسمانو دارستانو بەلەپی دەست، خۆی داپۆشێت،

تێدەگات کە چەند رووتە.

کاتێ تەماشا دەکات:

لەشایی خوێنو لەکەرنەڤاڵی سەربڕینو لەپرسەو شینیشدا

هەر خۆیەتیو کەسێکی لەگەڵ نییە.

دەزانێت کە چەند تەنیایە.

کاتێك رووتیو تەنیایی خۆی بۆدەردەکەوێت، خۆی لەشێوەی:

بەرخۆلەی بەردەم چەقۆدا

دەکەوێتە بەرچاو.

کاتێکیش ئەم راستیانەی بۆ روونبدەبێتەوەو بەقووڵی هەستیان پێدەکاتو کەچی جگە لە دەنگدانەوەی بێدەنگی گوێی لەدەنگێکی دیکە نابێت، دەزانێت کە ئەو لەناو چ سەردەمو مێژوویەکی سۆزانیو چڵکنو بۆگەنو بێڕەوشتدا دەژیو ئەو دنیایەی کە ئەمی تێدا دەکوژرێت، چ دنیایەکی پڕ لە

لەکەی شەرمەزاریو تاوانو نایەکسانیو برایەتی درۆزنانەیە.

ئەم ئاستە بەهێڵنجدانی شاعیر کە بێز لەو سەردەمو دنیاو مێژووە دەکاتەوە. دەگاتە دوا پلەی خۆیو ئاستی سێیەمی قەسیدەکە دەستپێدەکات، کە وتمان تیایدا ئێمە هەڵدەستینەوەو ئیرادەی ژیان جارێکیدی گەمارۆی ئیرادەی مەرگ دەشکێنێت.

## ئاستی سێیەم:
## زاڵبوونی ئیرادەی ژیان

لەم ئاستەشدا دیسان شاعیر بەدوو ئاراستە جوڵاوەتەوە، لەئاراستەی یەکەمدا ئێمە هەڵدەستینەوەو ئیرادەی ژیانمان بەکاردەخەینەوەو جارێکی دی بەژیان شاد دەبینەوە.

لەئاراستەی دووەمیشدا خەونی گۆڕینی ئەو ژیانە دەبینین.

# ئاراستەی یەکەم:

# هەستانەوە

ئەو مەرگەی پێشتر باسمانکرد ئەگەرچی لەشێوەی زریانێکی ناوەختدا دێتو بەسەر تاوێرو رووباردا دەچەمێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو مەرگە لەوێوە دەستپێناکات، بەڵکو خاوەنی ریشەیەکی زۆر قووڵترە لەنێو مێژووی ئێمەداو هەڵگرانی ئەم مەرگە، هەمان ئەو بەربەریستو شرەخۆرو چەکمەرەقو بەدووانەن، کە چەند سەدەیەك لەمەوبەر، وەك گەلەگورگی دەم بەخوێنو بەناوی نوێژو زەکاتەوە خڕەبوونەوەو کچانیان دەڕفاند.. هەر ئەوانو جارێکی دی هاتوونەتەوەو لەسۆراخی رەوشتی دۆڕاوو مەزاتکراویاندا پەنجە دەخەنە نێو دەمو گیرفانی مردووەکانمانەوە...

((لەمێژووی دوای فەتحدا عەقڵی عەرەبی چ ناوەندی دەسەڵات لەدەرەوەی بەغدا بوو بێت یان لەبەغدا بوو بێت دەسەڵاتێکی وێرانکەر بووەو هێزی تاناتۆس لەنێو پێکهاتەی ئەو شارستانێتییەداو لەناو پێکهاتەی ئەو عەقڵەشدا کە ئەو شارستانێتییەی بەرهەمهێناوە، لەوساوە بۆ ئێستا بەبەردەوامی هەیەو بگرە مەیلی وێرانکاری لەم شارستانێتییەدا گەیشتۆتە ئاستی بەغەریزەبوون، واتە غەریزەی وێرانکردن کە ئەمەش خاسیێتێکی ئاژەڵیی مرۆڤە)).(16)

بەڵێ مێژووی هێرشەکانی ئەو مەرگە بۆ سەر ئێمە کۆنەو بەدرێژایی سەدەکان گورزی کوشندەی لەئێمە داوەو لەگەڵ مەترسی گەورەی لەنێوچووندا، رووبەڕووی کردووینەتەوەو دەرکەوتنەکانی ئەو مەرگە لە هەڵەبجەو ئەنفالدا، هەرگیز دابڕاو نییە لەو دەرکەوتنانەی دیکەی کە لەسەردەمی کچ رفاندنەوە دەستپێدەکاتو بۆ ئێستا درێژ دەبێتەوەو هەر ئەو مەرگەشە کە ((دواتر لەرووخسارێکی دیکەدا دەگاتە ئەمریکاو رووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر دەخاتەوە)).(17)

وەلێ ئەم مەرگە هەرگیز نەیتوانیووە بۆ یەکجاری ئێمە قووت بداتو ئیرادەی ژیانمان بۆ ئەبەد لەنێو ببات و چارەنووسمان لەگەڵ چارەنووسی ئەو نەتەوانەدا یەکسان بکات، کە ئێستا تەنها لەنێو لاپەڕەکانی مێژوودا ناوو شوێنەواریان دەبینین.

هەڵبەت گەورەترین نهێنی ئەم مانەوەیەی ئێمە ئەو ئیرادەی ژیانەمان بووە کە بەئیرادەی زمان پاڵپشتیمان لێکردووە.

دەتوانین ئەو بایەخە زۆرەی شاعیر لەم قەسیدەیەدا بەزمانی داوەو ئیرادەی ژیانی نێو دەقەکەی پێبەهێز کردووە، بەهەمان نهێنییەوە گرێبدەینەوە، کە ئەویان لەناو واقیعو لەسەر زەوی ئێمەی لەمەرگو تیاچوون پاراستووەو ئەمیان لەناو ئەم دەقەدا دەمانپارێزێت.

((هایدگەر، زمان بەنیشتمانی بوونایەتی دەزانێت))(18)و (ئەدۆنیس)یش دەڵێت: ((زمانەکەم میللەتی منە))(19)و ئێمەش دەتوانین بڵێین: نیشتمانی راستەقینەی نەتەوە زمانەکەیەتی. هەموو نەتەوەیەك وەك چۆن نیشتمانێکی پێویستە لەسەری بژی، نیشتمانێکیشی پێویستە لەناویدا هەم بژی، هەم خۆی بپارێزێت.

ئێمە هەرگیز ناتوانین بەنەتەوەیەك بڵێین مردوو لەبەرئەوەی نیشتمانەکەی داگیرکراوە، بەڵام رەنگە بتوانین بەو نەتەوەیە بڵێین مردوو کە زمانەکەی داگیردەکرێت.

بەکورتی، زمان هەم ناسنامەی نەتەوەیەو هەم روحی نەتەوەیەو هەم نیشتمانی راستەقینەی نەتەوەشە.

هەربۆیە شاعیر لەم دەقەدا زۆرترین بایەخی بەزمان داوەو بەشێوازێکی تەقلیدی مامەڵەی لەگەڵ نەکردووە.

زمان لەم قەسیدەیەدا لەو جۆرە زمانەیە، کە (هایدگەر) بڕوای پێبووە، ئەم زمانە ((ئامرازێك نییە بۆ روونکردنەوەو شتەکان لەڕێگای ئەمەوە دەرنابڕدرێن، ئەم خۆی خودی شتەکانە، زمان خۆی خودی بوونەوەرەکانە))(20) و(( دنیا لەناو ئەودا خۆی بۆ مرۆڤ والاّ دەکاتو ئەو درەوشانەوەی وجودیانەی دنیایە)).(21)

ئەگینا چۆن دەمانتوانی لەنێو ئەم دەقەدا، نەك هەرشتو بوونەوەری تازەو جیاوازو نەبینراو، کردارو رەفتاری تازەو جیاوازو نەبینراویش ببینین؟!

بۆ نموونە من بینیم: خۆڵ درەختی خوێنی دەدێرا.

شیلانم بینی وەکو دیتۆڵ برینی پاکدەکردەوە.

گۆرانیم بینی لەبری کفن تەرمی دادەپۆشی.

گزنگم بینی خۆڵەمێشی دەشووشتەوە.

کەپرم بینی لەلاوكو

جۆلانەم بینی لەسروودو

کەژاوەم بینی لەتریفەو گیا دروستکرابوون.

من لەم دەقەدا:

درەختی خۆڵو

لقی بارانو

تاریکایی تەڕو

دارستانی گەردو

شەپۆلی پەنابەرو

چریکەی زامدارو

نەمامی مەحاڵو

سێبەری لەخوێنا ونبووم بینی.

چەندین شتو بوونەوەری دیکەم بینی کە لەنێو ئەم نیشتمانەی دیکەی نەتەوەدا نەمبینیوون. هەستم کرد شاعیر دەیەوێت لەڕێگای ئەم زمانەوە بەمەرگ بڵێت:

ئەگەر تۆ نیشتمانەکەم لەسەر زەوی وێران دەکەیت، من لێرە نیشتمانێکی دیکەم هەیە، کە هەرگیز تۆ دەستت نایگاتێو من نیشتمانەکەی دیکەشم بۆ ئێرە دەگوازمەوەو لەدەستی تۆی رزگار دەکەم. من لەم خوێندنەوەیەدا باسی ئیرادەی مەرگو ئیرادەی ژیان دەکەمو ئەم ئاماژە خێرایانەشم بۆ زمان، بەمەبەستی روونکردنەوەی رۆڵی زمانە لەنێو ئەو ململانێیەی مەرگو ژیان لەم دەقەدا ئەنجامی دەدەن، ئەگینا زمانی ئەم قەسیدەیە، وەك پێشتریش قسەمان لەرەهەندێکی دیکەی کرد، زۆرترین قسە هەڵدەگرێتو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە.

***

ئێستا بابزانین وێنەکانی ئەم هەستانەوەیەی ئێمە لەنێو ئەم دەقەدا چۆن چۆنی دەردەکەون؟

لەم ئاستەدا خەونی هەستانەوە دێتەدیو ئێمە بەژیان شاد دەبینەوە، بەڵام هێشتا پێیەکمان هەر لەسنووری مەرگدایەو ئەوە تەنها پێیەکمانە کە بۆ سنووری ژیان پەڕیوەتەوە، هێشتا تەپوتۆزو دووکەڵی ئەو مەرگەمان بە تەواوی لەخۆمان نەتەکاندووەو هەر سڕو حەپەساوینو وەك پێویست نەهاتووینەتەوە سەر خۆمان.

لێرەدا هەموو وێنەکان وێنەی مەرگو ژیانن پێکەوە، بەڵام بەقازانجی ژیان.

ئەگەر بەوردی سەرنجیان بدەین دەبینین لەهەموویاندا راستە یاخی بوونو شەپۆلچنینەوەو چرۆکردنو تەڕبوونو ئاڵاهەڵکردنو سڕینەوەی گەردو شوێنەواری داگیرکەران دەبینین، بەڵام هێشتا لەهەمووشیاندا کفنو تاتەشۆرو خۆڵەمێشو زوقمو تاریکاییو کەلاوەو گەردو شوێنەواری داگیرکەرانیش بوونیان هەیە.

لەم هەستانەوەیەدا، هەڵەبجە لەکفنو تاتەشۆر یاخی دەبێتو وەکو مەچەکێکی پەڕێندراو لەگۆڕەوە دێتە دەرێو دەروازەکان دەکوتێ.

ئێمە بەنێو خۆڵەمێشا رەتدەبینو
شەپۆل دەچنینەوە.
تاریکاییی تەڕمان دەکاتو
درەختەکان لەنێو زوقما چرۆمان بۆ دەکەن.
ئاڵا لەسەر کەلاوەکان هەڵدەکەینو
گەردی سەدەکان لەسەر روحو
شوێنەواری داگیرکەران
لەسەر کانیو
زەردەخەنەو

بارانو گیاو

لەسەر پەنجەرەی ژوورەکان،

دەسڕینەوە !

****

لێرەوە ئیدی ئێمە بەرەو ئاراستەی دووەمی ئەم ئاستە دەچین کە تیایدا نەك هەر بەژیان دەگەینەوە، بەڵکو خەونی گۆڕینی ئەو ژیانەشمان تیا سەوزدەبێتو بەدنیای خەونە گەورەکانیش دەگەین.

هەر لەم ئاراستەیەشدا شیعرەکە دەگاتە دواپلەی هەڵکشانی خۆی.

## ئاراستەی دووەم:

## گەیشتن بەدنیای خەونە گەورەکان

ئێمە وەك کورد بەو هۆیەوە کە مێژوومان مێژوویەکی نائاساییەو هەمیشە ((مەحکوم بووە بەوەی مێژووەکانی دیکە چارەنووسی دیاری بکەن))(22) و بەدرێژایی چەندین سەدە خوێنی لەبەر ڕۆیشتووەو بەردەوام لەبەردەمی مەترسی سڕینەوەو تیاچووندا بووە، نەمانتوانیووە خەڵکانێکی ئاسایی بین.

دووژمنانی ئێمە کەهاتوونەتە سەرمان و وڵاتەکەیان کاول کردووین، هەمیشەو بەردەوام چاویان لەسەر ئەوە بووە بەهەر ڕێگایەك بێت، دەستی ئێمە لەکەمەری ژیان بترازێنن.

ویستوویانە ڕوومان لەژیان وەرچەرخێنن و ڕووبەڕووی مەرگمان بکەنەوە.

تارادەیەکی زۆریش ئەم کارەیان کردووەو توانیویانە هەم بمانکوژن و هەم بەمەرگەوە سەرقاڵمان بکەن.

کارێکیانکردووە ئێمە لەبری ئەوەی خەو بە ژیانی خۆمانەوە ببینین، خەومان بەمەرگی ئەوانەوە بینیووە.

ئێمەیان گەیاندۆتە دۆخێك ئەوەندەی دڵمان بەمەرگی ئەوان خۆش بووە، نیو ئەوەندە دڵمان بەژیانی خۆمان خۆش نەبووە.

ئاخۆ هەرکام لەئێمە ئەوەندەی بیری لەو ڕۆژە کردۆتەوە کە سەدام حوسێنی تیدا دەمرێت، هەرگیز بیری لەو ڕۆژە کردۆتەوە کە خۆی تیایدا دەژی؟!

ڕەنگە لێرەدا ئەم نووکتەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان یارمەتیەکی باشمان بدات.

دەڵێن جارێکیان(( کوردێك و عەرەبێك لەسێدارە دەدرێن، بە عەرەبەکە دەڵێن:

چ داواکارییەکت هەیە بەر لەوەی لەسێدارەت بدەین، بۆت جێبەجێ بکەین؟!

دەڵێت:من تەنها دەمەوێت دایکم ببینم.

بەکوردەکە دەڵێن:

ئەی تۆ چیت دەوێت بەر لەمردنت بۆت جێبەجێ بکەین؟!

دەڵێت:

من تەنها دەمەوێت ئەو عەرەبە دایکی نەبینێت!!)).

ئەم نووکتەیە دەلالەتی گەورەی هەیەو دەتوانێت تارادەیەکی باش ئەو مەرگەساتە چەندلایەنیە روونبکاتەوە، کەدووژمنانی ئێمە بەسەریان هێناوین.

ئەوان جگە لەوەی ئێمەیان کوشتووە، رقێکیشیان بەرامبەر بەخۆیان لەئێمەدا دروستکردووە، کەخۆمانی بیر بردووینەوەو بەئاستێکی گەیاندووین، ئامادە بین واز لەبینینی دایکی خۆمان بهێنین بەمەرجێك ئەوان دایکی خۆیان نەبینن.

ئەم رووداوەی لای خوارەوەش کە بەراستی روویداوەو پاڵەوانە بێنازەکەی تا ئێستاش لەژیاندا ماوە، دیسان دەتوانێت لەروونکردنەوەی زیاتری مەبەستەکەماندا یارمەتیمان بدات:

دوای کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە، پیاوێك بەناوی (مەلا فەریق) کەخەڵکی چەمچەماڵە، نامەیەك بۆ سەدام حوسێنی تاوانباری یەکەمی ئەو کارەساتانە دەنووسێت و تیایدا رەخنەی توندی لێدەگرێت.

دوای ئەوەی نامەکە دەداتە فەرمانگەی ئاسایشی ئەو کاتەی رژێمی بەعس لەچەمچەماڵ و داوایان لێدەکات بیگەیەننە سەدام حوسێن، دەسبەجێ دەیگرن و پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر رەوانەی ئاسایشی ئەو کاتەی سلێمانی دەکەن و لەوێش ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدرێت و دوای ئەوە رەوانەی بەغدای دەکەن و لەلایەن دادگای بەناو شۆرش–ی حیزبی بەعسەوە سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت.

کاتێك سزای لەسێدارەدانەکەی دەچێتە بەردەمی سەدام حوسێن تاکو ئیمزای بکات، سەیری لەنامەکەی دێت و لەبری ئەوەی ئیمزای بکات، داوای خۆی دەکات.

ئەو پیاوە لەبەردەمی سەدامدا نکوڵی لەنامەکەی ناکات و بە سەدام دەڵێت: بەڵێ ئەمە نامەی منە. سەدامیش دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێت ئەم پیاوە هیچ کەس و لایەنێکی لەپشتەوە نیەو لەبڕوای قووڵی خۆیەوە بەناڕەوایەتی کارەکانی ئەو(مەبەستم سەدامە)، ئەم نامەیەی نووسیووە، بڕیاری ئازادکردنی دەدات .

وەکو بیستوومە بەر لەرووخاندنی رژێمەکەی سەدام حوسێن، هەڵبەت دوای ڕاپەڕین، دوو سێ جار دیداری رۆژنامەوانی لەگەڵ ئەو (مەلا فەریق)ە سازدراوە.

وەلێ هیچ جارێکیان رۆژنامەکان ئامادە نەبوون بڵاوی بکەنەوە.

بیانووشیان ئەوە بووە کەگوایە دیدارێکی ئاوها جۆرێکی ئاشکرایە لە ستایشکردنی سەدام حوسێن و هەرگیز ناکرێت بڵاوبکرێتەوە.

من لێرەدا کارم بە هیچ کام لەوردەکارییەکانی ئەم رووداوەوە نیەو ئەگەر گومانیش لەراستی رووداوەکە بکرێت، من دەتوانم وەکو گریمانەیەك سوودی لێوەربگرم و مەبەستەکەمی پێڕوونبکەمەوە.

با وایدابنێین ئەو رووداوە راست نیە، ئاخۆ لە کاتی رووداونی بەسەرهاتێکی لەو جۆرەدا، ئێمە لەترسی ئەوەی ستایشی سەدام حوسێن نەکەین، بیر لەفەرامۆشکردنی ئازایەتییەکی لەو جۆرەی کەسێکی خۆمان ناکەینەوە؟!

بێگومان بیری لێدەکەینەوە.

من دەمەوێت ئەوە بڵێم کەدوژمنانی ئێمە تەنها بەکوشتن و سڕینەوەی خۆمان و کاولکردنی وڵاتەکەمانەوە نەوەستاون، بەڵکو تارادەیەکی زۆر روحی ئێمەیان شێواندووەو لەسرووشتی پاکی مرۆڤانەی خۆمانیان دوور خستووینەوەو کارێکیان پێکردووین، ئامادە بین بۆ ئەوەی دان بە جوانییەکی ئەواندا نەنێین، زۆر جوانیی خۆمان بکوژین.

ئێمەیان بەدۆخێکی نائاسایی واگەیاندووە کەتیایدا بۆ ئێمە ئەوە گرنگ نەبێت خۆمان جوانین یان نا، گرنگ ئەوە بێت ئەوان جوان نەبن.

بەواتایەکی دی، دوژمنانی ئێمە هێند ئێمەیان ئازار داوەو شەڕیان لەگەڵ کردووین و بەخۆیانەوەیان سەرقاڵ کردووین، رەنگی ئەوانمان گرتووە.

ئەوان چەکیان داوەتە دەستی ئێمەو هەرگیز دەرفەتێکیان بۆ نەهێشتووینەتەوە چەکەکانمان فڕێ بدەینو تاوێك بحەوێینەوە.

((بێگومان چۆن پیاوێك لەسەر سەلیبە، هەموو هەستی خۆی لەسەر جەستەی خۆی کۆدەکاتەوە، ئەو میللەتەش کە لەسەر سەلیبە، هەموو هەستی خۆی لەسەر جەستەو مانەوەی جەستەی خۆی کۆدەکاتەوە))،(23) ئەم جەستەیەی ئێمەش هەمیشە بۆ پاراستنی خۆی، پێویستی بەچەك بووەو تێکڕای هەستەکانی ئێمەی بەخۆیەوە سەرقاڵو سەرگەرم کردووە.

ئێمە چەند بەدەستی ئەو برینانەوە ئازارمان کێشاوە کە دوژمنان کروویاننەتە جەستەمانو بەدرێژایی سەدەکان خوێنیان لەبەر رۆیشتووە، ئەوەندەش ئازاری ئەو چەکانەمان کێشاوە کە نەمانتوانیوە فڕێیان بدەین.

ئێمە هەمیشە دەستێکمان لەسەر برینەکانمانو دەستەکەی دیکەمان لەسەر چەکەکانمان بووە.

نەدەستێکمان بووە تەوقەی لەگەڵ دنیا پێبکەینو نەدەستێکیشمان بووە تەمبووری پێبژەنین..

گەورەترین نهێنیی تەنیاییو بێکەسیو بێپشتیوانی ئێمە لێرەدایە.

هەروەك نهێنی گۆرانیو ئاوازە هەتیوو بێنازو پەرتەوازەکانیشمان دیسان لێرەدایە.

کوشندەترین گورز کە دوژمنان لەئێمەو لەژیانی ئێمەو لەرووحی ئێمەیان دابێت، ئەوەبووە کە ناچاریان کردووین چەکمان خۆشبووێتو ئامادەبین دەست لەهەر شتێك بەربدەین، دەست لەچەك بەرنەدەین.

تەنانەت جارێکیان لەشیعرێکی شێرکۆ بێکەسدا:

((چوار منداڵی

تورکو فارسو

عەرەبو کورد

بەهەرچواریان

وێنەی پیاوێکیان دروست کرد

یەکەم: سەری

دووەم: دەستی

سێیەم: لەشیو قاچەکانی

چوارەم: چەکی

کردە شانی!)).[24]

ئەمە یەکێك لەبەرهەمو دەرکەوتنەکانی ئەو دۆخە ترسناکەیە کە دوژمنان بۆ ئێمەو بۆ منداڵانی ئێمەیان خوڵقاندووە.

من لەدەورانی منداڵیی خۆشمدا بینیوومە، منداڵان لەکاتی یاریکردندا دەبوون بەدوو پۆلەوە، پۆلێکیان پێشمەرگەو پۆلێکیان جاش.

ئەم دوو پۆلە بەتفەنگەدارینە تەقەیان لەیەك دەکردو یەکیان دەکوشت، ئەم منداڵانە بێئەوەی خۆیان بزانن دووشتی زۆر مەترسیداریان تاقیدەکردەوە، خۆیان بۆ دوو ئەگەری وەحشەتناك ئامادە دەکرد.

یەکەمیان ئەوەی چۆن دەکوژێتو دوومیشیان ئەوەی چۆن دەکوژرێیت؟

جاران لەنێو هەندێ لەخێڵە شەڕکەرەکانیشماندا، لەبری حەتۆتەو مووتومورووو، فیشەكو قەوانیان بەبێشکەی منداڵەکانیاندا هەڵدەواسی، دوژمنانی ئێمە بەم جۆرە توانیویانە تاڕادەیەکی زۆر روحی ئێمە لەبەرائەتو پاکیو جوانیو سرووشت بێبەش بکەنو لەبری ئەوە بەچەكو بەشەڕو بەکوشتن ئالوودەو پیسیانکردووە.

ئەوەی کەپێشتر وتمان ئەم شیعرە لەم ئاراستەیەدا دەگاتە دوا پلەی هەڵکشانی خۆیو کە وتیشتمان لەم دەقەدا سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورە لەجیهانبینی شاعیرانی ئێمەو ئاستی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کارەساتەکاندا هەستپێدەکرێت، لێرە بەدواوە روون دەبنەوە.

لێرە بەدواوە ئێمە دەگەینە خەونی گەورەی قەسیدەکە، کە خەونێکە زۆرترین بەهای قەسیدەکەی لەخۆیدا چڕکردۆتەوە.

لێرەدا، هەم شاعیر خۆی وەك یەکێك لەو شاعیرە شۆڕشگێڕانەی کە ساڵانێکی زۆر بەهۆی بارودۆخی نائاسایی وڵاتەکەیەوە ناچار دەبێت سیاسەتو حزبایەتی بکات، بێزار دەبێتو هەم کوردیش لەو مێژووە پڕ تەرمو کوشتنو خوێنو برینو چەکە بێزار دەبێت.

ئەم دوو بێزارییە یەکدەگرنو لەئیرادەی ژیانی نێو قەسیدەکەدا، وەك هێزێکی بزوێنەرو گەورە کاردەکەنو هێدی هێدیو بەدوو قۆناغدا شیعرەکە بەرەو دوا پلەی هەڵکشانی خۆی دەبەن، کە گەیشتنە بەدنیای خەونە گەورەکان.

وتمان ئەم هەڵکشانە بەدوو قۆناغدا تێدەپەڕێت.

لەقۆناغی یەکەمدا: ئێمە خەو بەوەوە دەبینین کە:

چیدی سەرمان وەکو مەیتخانەو

روحمان وەکو ئەشکەوتی چەتەو پیاو کوژان تەماشا نەکرێن.

خەو بەوەوە دەبینین کە:

سەرمان بەهەر دەوەنو

بەردو

گیایەکدا کردو

باوەشمان بەهەر هاژەو

لاوکێکدا کردو

پەنامان بۆ هەر دۆستێك بردو

پەلمان بۆ هەرشەپۆلێکی ئاشنا درێژکرد،

ژەهراوی نەکرابن.

خەو بەوەوە دەبینین، چیدی:

لەنێو خۆڵو

پاشکۆی زیلو

ئاوارەیی‌و

دەسڕێژا

چاو هەڵنەهێنین‌و

ئیدی بەرخۆلەی بەردەم چەقۆ نەبین.

خەو بەوەوە دەبینین، ئیدی:

نەخوێن بچێنین‌و

نەتاوێرو رووبار بکێڵین‌و

نە نەمامی مەحاڵ بدێرین‌و

نەچارەنووسمان لەسەر هەورو با

بنووسرێتەوەو

وەکو میرات

بەسەر خێڵی گورگو

چەقەڵدا ببەشرێتەوە.

خەو بەوەوە دەبینین، ئیدی:

وەکو سەری براوی حوسەین بەوڵاتاندا نەمانگێڕن...

بەکورتی، خەو بەوەوە دەبینین:

**هەڵەبجە دوا سەمفۆنیای شەوی ئێمە بێت!**

لەقۆناغی دووەمدا: خەونی ئێمە دەچێتە نێو سروشتەوەو تیایدا سروشت دەبێت بەدایکی میهرەبانی ئێمەو هەوڵدەدات لەنێو جوانیو پاکیو نەمرییو پیرۆزیی خۆیدا، بمانحەوێنێتەوە.

دەبێت لێرەدا کەمێك رابووەستین.

سروشت جگە لەجوانییەکەی، کە هەمیشەو بەدرێژایی مێژوو بەهایەکی گەورەی هەبووە، بەردەوام دوو ئیحای مەزنیشی بەمرۆڤ بەخشیووە.

یەکەم: ئیحای پاکیو سەردەمی یەکەمی وجود.

مرۆڤ دوای ئەوەی ئەو سەردەمەی خۆی لەدەست دەداتو پاکێتی خۆی دەدۆڕێنێتو گەردو تۆزی رۆژگارو نەهامەتیو ماڵوێرانیو شەڕەکان، روحی ئالوودەو نەخۆشو ماندوو دەکەن، ئیدی خەونی گەڕانەوە بۆ ئەو سەرەتایەو دووبارە بەدەستهێنانەوەی، دەبێت بەخەونێکی هەمیشەییو قووڵو لەبیرنەکراو.

دووەم: ئیحای نەمرییو هەبوونێکی بێکۆتایی.

مرۆڤ لەوەتی هەیە خەون بەنەمرییەوە دەبینێتو هەر رێگایەکی شکبردبێتو پێی وابووبێت بەو مەنزڵەی دەگەیەنێت، دوودڵی لێنەکردووەو تاقییکردۆتەوەو ئامادەی قوربانییدانیش بووە لەپێناویدا.

تەنانەت لەزۆرێك لەقۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، منداڵ خستنەوە پەیوەندییەکی قووڵیی بەو خەونی نەمرییەوە هەبووە.

مرۆڤ کاتێ هەستی کردووە دەمرێت، بەدوای شوێنێکدا گەڕاوە بتوانێت بەجۆرێکی دی خۆی تێدا هەڵبگرێتو دەستی بەئایندەیەکی دی بگات. ئەم خەونەی لەڕێگای منداڵەکەیەوەو لەناو منداڵەکەیدا بۆ واقیع وەرگێڕاوە. هۆکاری هەرە گەورەو راستەقینەی باوەشکردنی مرۆڤیش بە(ئاین)دا دیسان لەم خەونی نەمرییەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت.

نەمریی ئایینەکان لەڕاستیدا پەیوەندییەکی قووڵی بەخەونی نەمریی مرۆڤەکانەوە هەیە.

ئایینەکان ئەو شوێنانەن کە دەتوانن هیوای نەمرییو ژیانێکی دی بەمرۆڤەکان ببەخشن.

جا سروشت لەنێو هەندێك لەو ئایینانەدا جێگایەکی زۆر گەورەو مەزنو پیرۆزی هەیە، بۆ نموونە ئایینی کاکەیی بڕوای بەدۆناودۆنکردن لەگەڵ سروشت هەیەو پێیوایە مرۆڤ دوای ئەوەی دەمرێت، روحی دەچێتە نێو گوڵێك یان دارێك یان هەر بەشێکی دیکەی سروشتەوە.

مرۆڤە سەرەتاییەکانیش کە بەدوای خوادا گەڕاون، لەسروشتەوە دەستیان پێکردووەو سەردەمێك خۆریان بەخوا زانیووەو سەردەمێکی دی چیاو رووبارو مانگو هەورو بروسکەو هتد.(25)

سەردەمێکی زۆریش مرۆڤ سروشتی بەجێگای وجودی خوا زانیووەو وەکو موقەدەسێك تەماشای کردووە.

تەنانەت ئێستاش ژاپۆنییەکان پێیانوایە خوا لەنێو سروشتدایەو بەنێویدا بڵاوبۆتەوەو دەبێت ڕێز لەسروشت بگیرێت.

(ئاکیا–یوتوکا)ی شاعیری ژاپۆنی، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئێستاش لای ئێمە پەرستنی چیا هەیەو ئەمەش نەك هەر ئایینێکە، بەڵکو لەئایینیش زۆرترو فراوانترەو ئێمە لەڕووی روحییەوە پشتی پێدەبەستین، سروشت ئەمەیە لای ئێمە، هەزاران ساڵەو تائێستاش ئێمە لەژێر رەحمەتی ئەو سروشتەدا دەژینو ئەمەش کارێکە رەتکردنەوەی مەحاڵە)).(26)

رەفیق سابیر لەم دەقەدا، کە لەلایەك سەرگەرمی خولْقاندنی ئیرادەی ژیانەو لەلایەکی دیکەشەوە سەرقاڵی پاککردنەوەی روحی ئێمەیە لەو تارماییانەی پێیانوایە روحی ئێمە ئەشکەوتی چەتەو پیاوکوژانە، زانیویەتی سروشت بەم هێزە مەزنانەوە تا چەند دەتوانێت یارمەتی بدات.

بۆیە دوای زمان هێزی دووەم کە زۆرترین بایەخی پێداوەو رۆڵی گەورەی هەم لەتۆکمەیی بونیادی قەسیدەکەو هەم لەبەهێزکردنی ئیرادەی ژیانی نێو قەسیدەکەدا بینیووە، سروشتە.

سروشت جگە لەوەی لەتەواوی قەسیدەکەدا ئامادەیی هەیەو هێزێکی بزوێنەرو کاریگەرە تیایدا، ئامێزی دوا خەونی نێو قەسیدەکەشە، کە تیایدا ئەم لاوکەی هەڵەبجە، دەگاتە دوا پلەی هەڵکشانی خۆی.

لەو خەونەدا، سروشت دەبێت بەدایکی میهرەبانی ئێمەو دەستە ماندووەکانمان لەسەر چەكو لەسەر برینەکانمان لادەباتو دەیخاتە نێو دەستی میهرەبانی خۆیەوەو ئارامی بەژیانو جەستەو رووحمان دەبەخشێت.

ئەو دەزانێت برینی هەوکردووی ئێمە بەدیتۆڵ پاکنابێتەوە،

شیلانەکانی خۆی دەخاتە سەر.
گەرووی وشکهەڵاتوومان
بەگزنگو
روحمان بەشەونمو
تینوێتیمان
بەگوڵەگەنم تەڕدەکاتو
بەسەوزایی دارستانیش
داماندەپۆشێت.

ئەم دایکە میهرەبانە، ئێمە بۆ سەردەمی یەکەمی وجود، سەردەمی پاکێتیی دەگێڕێتەوەو منداڵمان دەکاتەوەو لەبری تفەنگەدارینە، مانگمان دەداتێ بیکەین بەکۆلارەو یاری پێبکەین.

ئەم دایکەمان هێندە قینی لەتفەنگەدارینەکانی ئێمەیە، لقی بارانو درەختی خۆڵمان پێدەبەخشێت.

چونکە لەو لقو درەختانە تفەنگە دارینە دروست ناکرێت!

ئەم دایکە میهرەبانە:

ئیدی هەرگیز
بەتەنیا جێمان ناهێڵێت!
ئیدی قەت قەت
رێگە نادات
زریان بمانچێنێت!
ئیدی قەت قەت
رازی نابێت
مانگەشەو بمانرفێنێت!

# ئەنجام

ئێستا دەتوانین ئەنجامی ئەم هەوڵەمان بۆ خوێندنەوەی (لاوکی هەڵەبجە)و قسەکردن لەو ئیرادەی ژیانەی بەنێو ئیرادەی مەرگدا تێدەپەڕێتو دەگاتە دنیای خەونە گەورەکان، بەم شێوەیە چڕبکەینەوە:

دوو خاڵی زۆر گرنگ لە (لاوکی هەڵەبجە)دا بوونیان هەیە کە بەخێرایی سەرنجی خوێنەر بۆ خۆیان رادەکێشن و توانیویانە ئەم دەقە لەزۆرێك لەو دەقانەی دیکەی ئێمە جیابکەنەوە کە بۆ هەڵەبجەمان نووسیوون.

یەکەم: هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەم کارەساتە لە گێڕانەوەیەکی رووت و بابەتێکی حەماسەتبزوێنەوە بۆ کەرەستەیەك کە بشێت زۆرترین شیعریەتی لێبەرهەم بێت.

بەواتایەکی دی، هەڵەبجە لەم دەقەدا بەخەیاڵێکی شاعیرانەو بەئیستاتیکایەکی هونەریی مەزن بارگاوی کراوەو خاوەنی زمانێکی شیعریی بەهێزەو گەورەیی کارەساتەکە گەورەیی داهێنانی لەبیری شاعیر نەبردۆتەوە.

دووەم: ئەم لاوکە، تەنها لاواندنەوەی کارەساتی هەڵەبجە نیە، بەڵکو ئیرادەیەکی گەورەی ژیانیشی تێدایە، کە بەهایەکی زۆری بە قەسیدەکە بەخشیووە.

ئەم دوو خاڵە هێزێکی گەورەی بزوێنەریان بە (لاوکی هەڵەبجە) بەخشیووەو لە دەقە تەقلیدیەکانی دیکەی ئێمەیان جیاکردۆتەوە.

لەم دەقەدا سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورە لەجیهانبینی شاعیرانی کوردو ئاستی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کارەستەکاندا، هەستپێدەکرێت.

کە لەنێو ئەو جیهانبینییەدا هەڵەبجە کەرەستەیەك نییە بۆ بەرزکردنەوەی دروشمی بریقەدار، بەڵکو ئەو خۆڵەمێشەیە کە بەناویدا تێدەپەڕینو شەپۆل دەچنینەوە.

ئەم قەسیدەیە راستە بۆ مەرگی شارێك نووسراوەو ئیرادەی مەرگیش تیایدا خاوەنی رووبەرێکی گەورەیە، وەلیّ لەقووڵاییدا هەوڵێکی جوانە بۆ ئاشتکردنەوەی ئێمە لەگەڵ ژیاندا، هەنگاوێکی داهێنەرانەیە بۆ گۆڕینی ئەو دۆخەی کە ئێمە تیایدا لەدەرەوەی دنیاین‌و دنیا ئاگای لەمەرگو لەژیانی ئێمە نییە.

لەم شیعرەدا کورد وەکو هێزێکی بچووك‌و تەنیاو بێپشتیوان، دەکەوێتە بەردەمی یەکێك لەهێزە گەورەو زەبەلاحەکانی دنیاو لەماوەیەکی کەمدا وەك هێز، تێکوپێکدەشکێنرێت.

وەلیّ وەکو ئیرادە، لەگەڵ ئەوەشدا کە گورزی کوشندەی بەردەکەوێت، تێکناشکێت‌و کاتیّ دەشکەوێت دەتوانێت هەڵسێتەوەو خۆی لەتەپوتۆزی ئەو کەوتنە بتەکێنێت‌و بشچێتە نێو دنیای خەونە گەورەکانەوە.

ئەم ئیرادەیە کە ئیرادەی ژیانەو ناهێڵێت ئێمە بەیەکجاری لەنێو بچین‌و چارەنووسمان لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا یەکسان بێت کە ئێستا تەنها لەنێو لاپەڕەکانی مێژوودا، ناوو شوێنەواریان دەبینرێت، وەك چۆن لەسەر زەوی‌و لەناو واقیعدا بەئیرادەی زمان پاڵپشتی لێکراوەو نهێنی گەورەی مانەوەی ئێمە، مانەوەی زمانەکەمان بووە، هەروا لەنێو ئەم دەقەشدا ئیرادەی زمان نهێنی گەورەی ئەو ئیرادەی ژیانەیە کە تێکناشکێت.

لەم دەقەدا هەستدەکرێت شاعیر زمان وەکو نیشتمانی راستەقینەی نەتەوە تەماشا دەکات‌و دەیەوێت بەمەرگ بڵێت:

ئەگەر تۆ نیشتمانەکەم لەسەر زەوی وێران دەکەیت، من لێرەو لەنێو ئەم شیعرەدا نیشتمانێکی دیکەم هەیە، کە هەرگیز تۆ دەستت نایگاتیّ‌و من نیشتمانەکەی دیکەشم بۆ ئێرە دەگوازمەوەو لەدەستی تۆی دەرباز دەکەم.

لەم دەقەدا ئیرادەی ژیان کاتیّ دەگاتە دنیای خەونە گەورەکان، دووخەونی مەزن دەخوڵقێنێت.

لەیەکەمیاندا چیدی سەری ئێمە مەیتخانەو روحمان ئەشکەوتی چەتەو پیاوکوژان نییەو ئیدی هەڵەبجە دوا سیمفۆنیای شەوی ئێمەیەو وەکو سەری براوی حوسەین بەوڵاتاندا نایگێڕن.

لەخەونی دووەمیشدا: ئێمە دەچینە نێو سروشتەوەو سروشت دەبێت بەدایکی میهرەبانی ئێمەو هەوڵدەدات لەنێو جوانی‌و پاکی‌و نەمریی‌و پیرۆزیی خۆیدا بمانحەوێنێتەوەو مەرگو شوێنەوارەکانی مەرگمان لەبیر بباتەوە.

## سەرچاوەکان


1- عبدالعزیز بومسهولی. الشعر والتأویل: قراوه فی شعر أدونیس (افریقیا شرق: 1998) ص131-132.

2-ادونیس. الصوفیه والسوریالیه. الگبعه الاولی (دار الساقی، بیروت: 1992) ص247.

3- د.خلیل الموسی. النص الشعری و مستویات القراوه. مجله (المعرفه) السوریه. العدد (428) سنه 1999ص71.

4-هەمان سەرچاوە لا 65.

5- یمنی العید. الراوی، الموقع و الشکل : بحپ فی السرد الروائی.( مؤسسه الابحاپ العربیه ش.م.م بیروت:1986) الگبعه الاولی ص16.

6- هەڤپەیڤین لەگەڵ بەرۆژ ئاکرەیی. ئا: میکایل ئیبراهیم. گۆڤاری (رامان) ژماره (30) 1998 لا 103.

7- ادونیس.النڤام والکلام. الگبعه الپالپه (بیروت:1980) ص169.

8- ادونیس.الصوفیه والسوریالیه. ص93.

9- هەمان سەرچاوە. لا144.

10- عبدالعزیز بومسهولی. الشعر و التاویل. ص127.

11- احلام مستغانمی. فوچی الحواس.الگبعه الپالپه (بیروت.دار الاداب:1998) ص356.

12- الفرد و الجیل: الحداپه الادبیه فی العراق بین جیلین. د.مجید الرازی. مجله (المدی) العدد 23/ (1) سنه 1999 . ص134 .

13- بەختیار عەلی.خوێنەر کوشندە. کۆمەلە وتار (سلێمانی چاپخانە رەنج: 2005) ل 48.

14- هەمان سەرچاوە. ل49.

15-خالد محمد خال. الاقوال المأپوره لعمالقه الفکر فی العالم. (من مگبوعات المدیریه العامه للگباعه و النشر فی وزاره الپقافه السلیمانیه:2004) ص165.

16-عەتا قەرەداخی. گەڕان بەدوای ناسنامەدا. (سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی سەردەم 2001) ل86.

17- خوێنەری کوشندە. ل68.

18- عبدالعزیز بومسهولی. الشعر و التاویل. ص10-11

19-هەمان سەرچاوە لا 159.

20- هەمان سەرچاوە لا 13.

21- هەمان سەرچاوە لا 26.

22- تیرێژەکانو شیعری شێرکۆ بێکەس. کۆمەڵێك نووسەر. (لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ. چاپی یەکەم سلێمانی:1999) ل29.

23- هەمان سەرچاوە ل45.

24- دیوانی شێرکۆ بێکەس. بەرگی یەکەم (ستۆکهۆڵم:1990) ل537.

25-بڕوانە: موسوعه تأریخ الّدیان: الشعوب الابدائیه و العصر الحجری.کتاب الاول. تحریر: فراس السواح. الگبعه الّولی (سوریه. دار علاو الدین:2003).

26- اسئله القصیده الیابانیه. حوار مع الشاعر الیابانی (اکیا ـ یوتوکا). مجله (المدی) العدد23/ (1) سنه 1998 ص67.

# گەڕان بەدوای شیعردا

## گەشتێك بۆ دنیا تایبەتەکەی شێرکۆ بێکەس

### دەرگا

گەورەیی شێرکۆ بەر لەهەر شتێك بۆ بەشیعرکردنی شتەکان و بە شێرکۆییکردنی شیعرەکان دەگەڕێتەوە.

شیعر ((وەك ئەو نووشتەیەی –عەبدوڵلا پەشێو– وایە، کەعومری هەزاران ساڵ ئەبێ، ئەو نووشتەیەی نووح بۆی کردووەو پێی وتووە، ئاگاداربە نەکرێتەوە، کە کرایەوە بەتاڵ ئەبێ))[1].

هەوڵدان بۆ کردنەوەی شیعر هەوڵدانە بۆ بەتاڵکردنی، (هەموو گەڕانێك بەدوای شیعردا گەڕانە بەدوای خۆڵەمێشا نەك ئاگر))[2].

شیعر ئەفسوونێکە پەی بەهەموو شتێك دەباتو هیچ شتێك ناتوانێت پەی بەو بەرێت، لەکۆنەوە بۆچوونێکی واهەبووە که ((شیعر برێك شەریکایەتی لەگەڵ خواوەندێتیدا هەیە))[3].

((موتەنەبی بڕوای بەپێغەمبەرایەتی خۆی هەبووەو –نزار قەبانی–ش بڕوای بەبڕواکەی ئەو هێناوە))[4].

غەزالی وتوویەتی: ((شیعر هەندێجار لەقورئان کاریگەرترە))[5].

شیعر بوونەوەرێکە لەدەرەوەی دەسەڵاتی رەخنەگر، زەمەنی شیعرو زەمەنی رەخنە جودان، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین رەخنە شوێنکەوتووی شیعرە نەك شیعر شوێنکەوتووی رەخنەبێت.

بەر لەوەی (خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی) بەحرەکانی عەرووز دیارییکات،لای عەرەب شیعر بەو بەحرانە نووسراوە.

بەر لەوەی بزانرێت بڕگە چییە لای کورد شیعر بەبڕگە وتراوە.

من پێموایە وەك چۆن سەعات کات دەستنیشان دەکاتو تێگەیشتنی ئێمە بەرامبەر بەو رێکدەخات، وەك چۆن بوونی (کات) سەعاتی پێویستکردووە نەك بەپێچەوانەوە، رەخنەش وایە و دەتوانین بڵێین رەخنە هەوڵدانە بۆ رێکخستنی تێگەیشتنەکانی ئێمە بەرامبەر بەشیعر نەك شتێکی دیکە.

لێرەوە من لۆژیکی لایەنگریو دژایەتی رەخنە بۆ خاوەن دەق، رەتدەکەمەوەو سەربەستانە گەشتی خۆم (بەدوای شیعردا) لەدنیا تایبەتەکەی شێرکۆ بێکەس، دەستپێدەکەم.

دنیای شێرکۆ بێکەسیش (وەك ئاشکرایە) دنیایەکی گەورەو فراوانو بێسنوورە، پڕاوپڕە لەئەفسوونو داهێنانو تایبەتمەندێتیو جوانیوهەندێکجار ناشرینیش.

لەو دنیایەدا، وەك چۆن دەیان دەقی زیندوو هەن، هەر ئاوهاش دەیان دەقی مردوو هەن، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە وەکوو –سەعدی شیرازی– دەڵێت:

((ئەگەر هەموو شەوێك شەوی قەدەر بوایە، شەوی قەدەریش بێقەدەر دەبوو))[6]، بەڵام ئەوەی کە بۆ شێرکۆو بۆ شیعر دەمێنێتەوە تەنیا دەقە زیندووەکانە، لەبەرئەوە منیش قسەم لەسەر دەقە زیندووەکان کردووەو خۆم بەدەقە مردووەکانەوە سەرقاڵ نەکردووە.

دنیا تایبەتەکەی شێرکۆ بێکەس گەشتی گەورە گەورەو جیاواز هەڵدەگرێت، من لەم گەشتەدا باسی ئەو شتانە دەکەم کەتوانیوویانە چاوم بدرنو کاریگەرییەك لەبیرەوەریمدا جێبهێڵن.

مەرجیش نییە هەموو ئەو شتانە گەورە بن، چونکە (هەندێجار) وەکو –نەژادی عەزیز سورمێ– دەڵێت:

((لەناو ئەو هەموو قەڵشتو بۆشاییانەدا

کە دەگونجێ بوومە لەرزەیێ

پێکی هێنابێ

پنتێ سەرنجت رادەکێشێ))[7].

*******

ئیحسان عەبدولقەدوس، لەچیرۆکێکدا دەڵێت:

((کچانی دیمەشق شیعر دەخوێننەوە، لەوێ تەنها شاعیر دەتوانێ گڕ لەسۆزی کچان بەربداتو خەیاڵیان بووروژێنێتو ئاهیان لەدڵ دەربکات.

دوور نییە هۆکارێکی ئەمەش ئەوەبێت کەدیمەشق ئەستێرەی سینەمایی نییە، عومەر شەریف و شوکری سەرحانو روشدی ئەبازەی نییە،تەنها شیعری هەیەو ئەستێرەکانیشی شاعیرەکانن، من شاعیرم، بەڵام بۆ

بەدبەختیم لەقاهیرە دەژیمو کچانی قاهیرەش شیعر ناخوێننەوە، ئاسمانی قاهیرە جێگای ئەستێرەی شاعیری تیانابێتەوە.

مەحاڵە لای ئێمە رۆژنامەکان شیعرێك بڵاوبکەنەوە، گەر عەبدلوەهاب ئاوازی بۆ دانەنابێت، کەبڵاویشی دەکەنەوە، رێزگرتنە لەعەبدلوەهاب نەك لەشاعیرەکە))[8].

بەڵام کورد، کورو کچ و گەورەو بچووکی شیعر دەخوێنێتەوە، ئاسمانی کورد پڕاوپڕە لەئەستێرەی شاعیر،زۆر جار لای کورد هەر گۆرانییەك شیعرێکی جوانی نەبێت ناتوانێت بەخەڵك بگات.

کورد لەمێژووییەکی دوورەوە پەنجەرەکانی لێداخراون، دەرگاکانی کلۆمدراون، کێڵگەکانی بە مەرگ چێنراون، لەو مێژووە دوورەوە کورد شیعری بۆ خۆی کردووە بەپەنجەرەو بەدەرگاو بەژیان.

بەر لە چیا (شیعر) دۆستی کورد بووە.

رەنگە کورد لەهەموو نەتەوەیەکی دی زیاتر قەرزاری شیعر بێت.

شیعر هێزی مەزنی پاراستنی کوردو فریشتەی میهرەبانی بووە بۆ کورد ،لێرەوەیە کە لە (کۆنەستی کورد)دا شیعر بەکۆمەڵێك ئەرکی قورسەوە گرێدراوە، ئەوەتا تاکو ئەمڕۆش زۆرمان گەورەیی شاعیرێکی وەکو شێرکۆ بێکەس، بۆ هەڵوێستو بیری نەتەوایەتی ئەو دەگەڕێنینەوە.

کەبێگومان ئەمە بۆچوونێکی تاکڕەهەندانەو ناتەواوە، بۆچوونێکە ئەوەندەی پەیوەندی بە هەڵوێست و بیرو باوەڕو ئەخلاقی شاعیرەوە هەیە،ئەوەندە پەیوەندی بە داهێنان و بەدەقو بەئێستاتیکای دەقەوە نییە.

بۆچوونێکی لەمجۆرە لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا تەنها دەتوانێت نوێنەرایەتی یەك لایەن بکات لە پرۆسەی نووسیندا کە بێگومان هیچ لایەنێك بە تەنها بۆ نووسین و داهێنان بەس نییە.

چوونکەپرۆسەی نووسینو داهێنان پرۆسەیەکی گەورەو بەرفراوانو بەلقوپۆپە، کورتکردنەوەی لەهەر خاڵێکدا (هەرچەندە ئەو خاڵە مەزنیش بێت) هەر ناتەواوی پرۆسەکە بەیان دەکات.

جگە لەوە، وەکو (د.ئیحسان عەباس) دەڵێت:

((لێکۆڵینەوەی شیعر لەڕوانگەی سیاسییو نەتەوەییەوە، شیعر بەرەو دنیای بەڵگەنامەیی دەبات))[9].

ئەگەر ئێمە وەکو کورد نەشتوانین یان نەمانەوێت بڕوای تەواو بەم بۆچوونەی (د.ئیحسان عەباس) بهێنین، دەتوانین بڵێین:

شێرکۆ نە یەکەمینو نەدواهەمین شاعیری ئێمە نییە کە بایەخی بەمەسەلەی نەتەوایەتیو هەڵوێست دابێت .ئێمە خدرمان زۆرە بەڵام ئافەرین بۆ ئەوەیانە کە ئاوی حەیات دەدۆزێتەوەو لەبازنەی مەرگ دەرباز دەبێت.

پێویستە کەقسەمان لەسەر ئەدەب بوو، وەك –ئیلیۆت– ئاماژەی بۆ کردووە ((شتەکان لەڕێگای پەیوندییان بەئەدەبەوە هەڵبسەنگێنین))[10].

دەبێت بزانین کە (نالی) ئەگەر شیعریشی بۆ سلێمان پاشاو ئەحمەد پاشای بابان نەنووسیایە، هەر (نالی) بوو.

(موتەنەبی) نە بەوە بوو بەشاعیر کە (کافور ئەلئەخشیدی) بەخۆرێکی ڕەشی پرشنگدار چواندو نە بەوەش لەشاعیرێتی کەوت[11].

جەواهیریش ئەو شیعرانەی بۆ هەردوو مەلیك فەیسەڵی نووسین،نە گەورەو نە بچووکیان نەکردەوە[12].

دەمەوێت بڵێم: گەورەیی شێرکۆ بێکەس بەرلە هەرشتێك بۆ (بەشیعرکردنی شتەکانو بەشێرکۆییکردنی شیعرەکان) دەگەڕێتەوە.

# شێوازی تایبەت

شاعیری بەتوانا هەرگیز بیری ناچێت کە جێپەنجەی خۆی بەسەر بەرهەمەکانییەوە جێبهێڵێت.

لەشیعردا گەڕان بەدوای ئەو ڕێگایانەی دەتبەنە نێو (زاکیرەی نەمریی) زۆر گرنگە. دەشێ (زاکیرەی نەمریی) بەئامێرێکی فاکس یان مۆبایلێك بچوێنین، کە ژمارەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەڵەکردن لەلێدانی ئەو ژمارەیە شیعر بۆ جێگایەکی دی دەنێرێت، پێموانییە هیچ شاعیرێك بەبێ (شێوازێکی تایبەت) بتوانێت ئەو ژمارەیە بدۆزێتەوەو شیعر بەجێگای خۆی بگەیەنێت.

من بۆخۆم یەکێکم لەو کەسانەی کەبڕوای تەواوم بەکارتێکردنو سوودوەرگرتنو دەقئاوێزان هەیە، چونکە وەکو (گۆتە) دەڵێت:

((هەرکەسێك وابزانێت هەموو بەرهەمەکانی لەتوانای تایبەتی خۆیەوە لەدایکبوون، گێلو نابینایە))[13].

بەڵام من بڕوای تەواوترم بەشێوازی تایبەت هەیە، پێموایە ناشێت دەقەکانمان بەشێوازی تایبەت بەرهەم نەهێنینەوە.

چونکە ((تەقلید هەرچەندە بەسەرکەوتوویش ئەنجام بدرێت، هەر نوسخەی دووەمی دەقی یەکەم دەبێت))[14] شاعیری بەتوانا هەرگیز بیری ناچێت، کەجێپەنجەی خۆی بەسەر بەرهەمەکانییەوە جێبهێڵێت.

تەنانەت (ئەدۆنیس) دەڵێت:

((شیعری –سان جۆن پێرس– کە بەزمانی من هاتووەتە ناو ڕۆشنبیریی شیعری عەرەبییەوە، سیمایەکی ئەدۆنیسیانەی هەیە))[15].

لای خۆشمان چوارینەکانی خەیام –کەهەژار موکریانی وەریگێڕاون– بۆنی موکریانیان لێدێت.

باشە ئەگەر ئەم حاڵەتە لەوەرگێڕاندا وابێت، کە تۆ ڕاستەوخۆ دەقی یەکێکی دیکە بەرهەم دەهێنیتەوە، ئەی چۆن دەکرێت لەدەقێکی خۆتدا شێوازی تایبەت پشتگوێ بخەیت؟

لێرەوەیە کەناشێت لەلێکۆڵینەوەی شیعری شێرکۆ بێکەسدا (بەشیعرکردنی شتەکان) بایەخی پێبدرێتو (بەشێرکۆییکردنی شیعرەکان) پشتگوێ بخرێت.

## گوتار

لای شێرکۆ شیعر و نەتەوە هیچیان پێش ئەوی دیکەیان ناکەون، بەڵکو دوو ئامانجن لەناو یەکدییدا وەك چۆن زۆر جار مرۆڤ لەنێو خەوندا خەونی دیکە دەبینێت.

راستە گوتار لەشیعری شێرکۆدا گوتاری مانەوە، یان گوتاری بەرگرییە، هەروەك عەتا قەرەداغیو بەختیار عەلی بەجوانی لێی دواون، بەڵام بەڕای من بوونی ئەم گوتارە نییە کەشێرکۆ لەشاعیرانی دیکە جیادەکاتەوە، بەڵکو بەشیعرکردنی ئەم گوتارەیە.

دەتوانم روونتر بڵێم: بەر لەشێرکۆ لەشیعری کوردیدا دوو جۆر شاعیر بوونیان هەبووە، کە بایەخیان بەنەتەوەو مانەوەی نەتەوەیی، دابێت.

یەکەم: ئەوشاعیرانەی نەتەوە ئامانجی یەکەمو شیعر ئامانجی دووەمیان بووە.

(خانی) نموونەیەکی بەرجەستەی ئەمجۆرە شاعیرانەیە:

((شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە

زینو مەمێ– بکەم بەهانە))[16].

دووەم: ئەو شاعیرانەی شیعر ئامانجی یەکەمو نەتەوە ئامانجی دوومیان بووە.

(نالی) دیارترین شاعیری ئەم بوارەیە:

((کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا))[17].

بەهاتنی شێرکۆ جۆری سێیەم لەشیعری نەتەوەیی ئێمەدا زۆر بەروونی دەرکەوتووە، کەلای ئەمجۆرە شاعیرە هیچ کام لەشیعرو نەتەوە ئامانجی یەکەمو ئامانجی دووەم نین، بەڵکو دوو ئامانجن لەناو یەکدییدا، وەك چۆن زۆرجار مرۆڤ لەنێو خەوندا خەونی دیکە دەبینێت.

دەتوانین (داستانی مامەیارە) بەنموونەی ئەم بۆچوونەمان بهێنینەوە. دەشێت بەواتایەکی دیکە بڵێین: نە (خانی) ئەوەندەی شێرکۆ شاعیرو نە (نالی) ئەوەندەی شێرکۆ نەتەوەیی بووە.

کۆکردنەوەی ئەم دوو جەمسەرە (بەهاوسەنگی) لەخاڵێکدا، شیعری شێرکۆیی لێکەوتۆتەوە، کەمن پێموایە هەر لەبەرئەم هۆیەشە شێرکۆ لەهەموو شاعیرێکی کورد زیاتر (لەنێوان شیعرو نەتەوەدا) قسەی لەسەر دەکرێت.

## زمان

شێرکۆ کەلەگەڵ شیعر خوێندنەوەدا خۆی دەچەمێنێتەوە ئەوە سووژدە بۆ زمانی کوردی دەبات.

دۆستایەتی شێرکۆ لەگەڵ زماندا (تەنیا مەرحەبای رۆژانەبووە) تاکو زمانێکی دۆزیوەتەوە، کە بە (نوری خوا)ی چواندووە، دەشێت لەم کردنی زمان بەنوری خوایەدا، مەبەستی ئەوەبێ پێمان بڵێت: تانەبن بەکێوی (گوور) هەست بەگەرمایی زمانی من ناکەن.

شێرکۆ هەم توانایەکی خەیاڵیو ساحیرانەی بەسەر زماندا هەیەو هەم بڕوایەکی (رەها)شی بەسیحری وشەو بەئەفسوونی زمان هەیە.

تەنانەت کە (لەگەڵ شیعر خوێندنەوەدا خۆی دەچەمێنێتەوە، ئەوە سوجدە بۆ زمانی کوردی دەبات).

زمانی شێرکۆ لەگەڵ ئەوەشدا کەشەفافیەتی تێدایەو هەندێجاریش بەهۆی نزیکبوونەوەی زۆرییەوە لەچیرۆك بەرەو خاوبوونەوە دەچێت،کەچی لەهەمان کاتیشدا زمانێکە هەم پاك و هەم پڕ لەبزووتن وهەم خاوەن دەسەڵات و هەم بارگاوییکراو بەشیعرییەت و هەم کۆکەرەوەی دژەکانیشە، (عەبدولقاهر ئەلجەرجانی) وتەنی:

((مەودای نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوا کورت دەکاتەوە، دژەکانمان بەئاوێزانی پێشاندەدات، ژیانو مردنمان پێکەوە بۆ دێنێتو ئاوو ئاگر بەیەکەوە کۆدەکاتەوە))[18].

هەروەها زمانی شێرکۆ زمانێکی (لیریکی)شە، (لیریك) بەو مانایەی کە (شاکر ئەلنابلوسی) دەربارەی مەحمود دەروێش وتوویەتی:

((دەروێش بەپلەی یەك شاعیرێکی لیریکییە، چونکە هەمیشە هەوڵدەدات، کە پرسیارە نیشتمانییو هزرییەکانیشی لەڕێگای دڵەوە –نەك لەڕێگای عەقڵەوە–نمایش بکات))[19].

بەلای منەوە یەکێك لەگەمە شیعرییە جوانەکانی شێرکۆ، کە لەڕێگای سیحری زمانەوە ئەنجامی دەدات (بەخەیاڵکردنی واقیعو بەواقیعکردنی خەیاڵە).

ئەمەش جگە لەوەی کەدەسەڵاتی شاعیرانەی شێرکۆ دەسەلمێنێت، فەزایەکی شیعریی واش دەرەخسێنێت کەتیایدا شیعر لەجیاتی وەسفکردن، هەوڵی گۆڕینو دورستکردن بدات.

## وێنە

وێنە لە شیعری شێرکۆدا بوونێکی سەرابیانەی هەیە،نزیك دێتە پێش چاو بەڵام دوورە.

ئەگەرچی وەك (ئونسی ئەلحاج) دەڵێت:

((پۆلێنکردنی شیعر کارێکی نەشیاوە، تەنها شیعری باشو شیعری خراپ هەن))[20].

(ئاراگۆن)یش پێیوایە کەتەنانەت ((لەنێوان شیعرو رۆماندا جیاوازی بنەڕەتی نییە))[21].

بەڵام زۆرجار رەخنەگر یان لێکۆڵەرەوە ناچار دەبێت هەندێك پۆلێنکاری بکات. شێرکۆ بێکەس کە ((مولیعە بەوێنەی شیعرییەوە))[22]، لەدەقەکانیدا چەند جۆرێك وێنەی بەرهەمهێناوە، کەدەکرێت ئەم پۆلێنکارییەی تێدا بکەین:

1–وێنەی شێوەکاری.

2–وێنەی ڤیدیۆیی (یان سینەمایی)[23].

3–وێنەی ئەدەبیی.

لەوێنە شێوەکارییەکاندا، هەوڵیداوە وێنەی ژیان بگرێت.

لەوێنە ڤیدیۆیی (یان سینەماییەکاندا) هەوڵیداوە ژیان بۆ نێو دەق بگوازێتەوە.

لەوێنە ئەدەبییەکاندا هەوڵی خولقاندنی فەنتازیای داوە.

دوای وردبوونەوەی پێویست لەو وێنانە دەردەکەوێت کەشێرکۆ، شیعری لەنێو تەمومژی دەستکردا نەخنکاندووە، بەڵکو (کاپلین رین) وتەنی:

((وەکو مرۆڤێکی حەکیم بیری کردۆتەوەو وەکو مرۆڤێکی سادە دواوە))[24].

ئەمەش وایکردووە وێنە لەشیعری شێرکۆدا بوونێکی سەرابیانەی هەبێت. نزیك بێتە پێشچاو، بەڵام دووربێت.

کەهەوڵیش بدەیت زیاتر لێی بچیتە پێشەوە، زۆرتر دووربکەوێتەوە.

## خەیاڵ

لەخەیاڵی شێرکۆدا شەکردان بوونەوەرێکە فرمێسکی سپی ئەرێژێ و وشە وەکو حێل بۆن و تامی هەیەوتیشك سەری دەشکێت و شوێن رادەکات.

رۆلان بارت دەڵێت: ((ئەدەب جگە لەزمان شتێکی دیکە نییە))[25].

زمانی شیعریش (وەك ئەدۆنیس) وتویەتی:

((لەسەردەمێکی کۆنەوە لەجیاتی گواستنەوەی شتو رووداو، ئاماژەو خەیاڵکردنی گواستۆتەوە ))[26].

بەم پێیە شیعر لە دەرەوەی زمان بوونی نییەو زمانی شیعریش لە دەرەوەی خەیاڵکردن ناتوانێت گەشە بکات.

واتە شیعر بەبێ خەیاڵ ناژی.

شێرکۆ یەکێك لەشاعیرە هەرە خەیاڵفراوانەکانی کوردە، پرۆسەی بەشیعرکردنی شتەکانیش (کە لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆکرد) بەر لەهەرشتێك لەرێگای خەیاڵەوە، بەئەنجام دەگات.

بۆ نموونە لەخەیاڵی شێرکۆدا:

شەکردان بوونەوەرێکە
فرمێسکی سپی ئەرێژێ،
وشە وەکو حێل
بۆن و تامی هەیە،

رووناكی سەرخۆشەو

تیشك سەری دەشكێت و

شوێن رادەكات.....

تەنانەت خەیاڵی شێركۆ بەتەفسیرەكانی فەلسەفەو زانستو ئایین رازی نابێتو تەفسیری خۆی بۆ شتەكان پێیە.

ئەوەتا:

* (باران)

نەبەقامچی فریشتەی ئاسمانو

نەبەفەرمانی –ئاندەر–ی خوای بارانی هندۆسەكانو نەبەلەیەكدانی پەڵەهەورە بارگە جیاوازەكان

دروست نابێ.....

بەڵكو شیعری زستانەی خوایەو

لەناو پەڵەهەوری تەنیادا نووسراوەتەوە.

*(پیانۆ) ئالەتێكە هیچ كەسێك دروستی نەكردووەو تایبەتیش نییە بەهیچ نەتەوەو وڵاتو كیشوەرێكەوە، بەڵكو:

جارێ بەڕیز

پۆلێ پەرەسێلكەی دڵی

شاعیرانی هەر پێنج قاڕەی

ئەم دنیایە

هەڵفڕیوونو

زۆر لەسەرخۆ

چوونەتە ناو سنوقێكەوە

لەدواییدا ئەو سنوقە

بووە بەپیانۆ.

*(تەمی گوێی چەمەكان)،

پەردەیەكە،

دوای ئەوەی سێوەكان رووت ئەبنەوەو

باوەش بەیەكتردا ئەكەن،

لەترسی ئەوەی دارە بەنێكی دەست تووكن،

بەدووربین، تەماشایان نەكات،

ئەو پەردەیە دادەدەنەوە.

*(بەختیار عەلی)، دەڵێت:

((هێزێکی بێبنی دۆناودۆن لەهەموو مردووەکانی شێرکۆدا هەیە، چونکە ئەزموونی شێرکۆ، لەبنەڕەتدا لەسەر بەزاندنی مەرگ بنیاد نراوە، واتە لەسەر هەڵهاتن لەفەنابوون، کە جەوهەری گوتاری مانەوەیە))[27].

دەشێت لێرەدا هەم بۆ دەوڵەمەندکردنی بۆچوونەکەی بەختیار عەلیو هەم بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی خەیاڵی شاعیرانەی شێرکۆ، بڵێین:

شێرکۆ بێکەس شاعیرێکە جگە لەدۆناودۆن، دەتوانێت لەنێو مردنو لەودیوی مردنیشەوە ژیان ببینێت.

ئەوەتا لە شیعری (یەکەم دەنگو دوادەنگ)دا، کە بۆ هەڵەبجەی نووسیوە:

دوای ئەوەی:
هەوا دەمرێو
ئاسمان دەمرێو
بەهار دەمرێو
دایکەو باوکەو زەڕنەقووتە
دەبن بەسێ بەردە پەیکەری باوەشکردوو بەیەکتردا،
دوای ئەوەی شار دەبێت
بە کۆترێکی خنکاو و
ملی دەکەوێتە ژێر باڵەکانییەوە،
دوای هەموو ئەمانە،
دەنگێك کە بەناو ژەهری مردنا
سەوڵی ژیان لێدەدات،
دەمێنێتەوەو تەحەدای مردن دەکات،
دەنگێك کەدەنگی کاسێتی ریکۆردەری ژوورەکەیەو
سروودی چەکو پێشمەرگە لێدەدات.

لە (خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعرێك)یشدا:

کچێك مردووەو
سەتڵەکەی ئاوی لێدەڕژێ.

ئەمەش شەڕکردنێکی جوانە لەگەڵ مەحاڵدا، کەشێرکۆ لەدیوانی (من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ)وە، بڕیاری گرتنی مەحاڵی داوەو جار دوای جاریش باشتر بەسەریدا زاڵ بووە.

## سرووشت

سرووشت لای شێرکۆ تراژیدیای ژیانی ئینسان دەردەخات و شیعر لە راستەوخۆیی دوور دەخاتەوە.

((لەکاتێکدا کە کامێرای چاوی گۆران، بەقەراخو بەهەوراماندا گەڕاوە، تەنها شتە جوانەکانی بینیووە، بەڵام لەناو ئەو جوانیانەدا تراژیدیای ژیانی ئینسانی نەبینیووە))[28].

کەچی لای شێرکۆ بەپێچەوانەی گۆرانەوە:

بەرد خوێن لەلێوی دێت،

گۆم شوو بەئاسۆ دەکات،

ئەستێرە لاوك دەڵێت،

شاخ دەبێتە کەرەنا،

درەخت لەگەڵ ئاودا دەچێتە جەنگەوە،

–با– گلەیی لەپرچی بەستراو دەکات.

من واتێدەگەم کەسروشت لای شێرکۆ ئامرازێکە بەرەو دوو ئامانج دەچێت:

یەکەم: (ئاشکراکردنی تراژیدیای ژیانی ئینسان)، کەدەشێت لەم حاڵەتەدا شێرکۆ بەو دایکە جگەرسووتاوە بچووێنین، کە لەپرسەی خەڵکی تردا، شینگێڕانی بۆ جگەر سووتاوییەکەی خۆیەتی، نەك بۆ ماڵە پرسەبارەکە.

دووەم: بۆ رزگاربوون لەدەربڕینی راستەوخۆ (کە بێگومان دەربڕینی راستەوخۆ ناتوانێت زۆر شاعیرانە بێت).

لەمانەش گرنگتر ئەوەیە کەشێرکۆ بەردەوام روحێکی خەیاڵیی تێکەڵ بەجەستەی سرووشت دەکات، ئەمەش گەمەی (بەخەیاڵکردنی واقیعو بەواقیعکردنی خەیاڵ)ی لێکەوتووەتەوە، کە پێشتریش ئاماژەمان بۆکرد.

لێرەوە دەشێت زۆرێك لەشیعرەکانی شێرکۆ بەو کچە بشوبهێنین، کەخۆی ئاوهای وەسفکردووە:

(نیوەی لەشی ماسیو نیوەکەی تری ئادەمیی بوو).

## رەسەنایەتی

شێرکۆ بەجۆرێك ئاوێزانی خەم و خۆزگەکانی کورد بووە، کە زۆرجار ناتوانیت خەم و خۆزگەکانی ئەو لە خەم و خۆزگەکانی کورد جیابکەیتەوە.

لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا هەمیشە هەست بەزاکیرەیەکی کوردی پاك دەکرێت، هەناسەو فرمێسکو زەردەخەنەکانیش کوردیین.

ئەگەر وەکو (د.عیزەدین ئەلسیرە) دەڵێت:

((لۆركا لەڕێگای شیعرەكانییەوە وتبێتی: گەیشتن بەئاستێكی جیهانی، لەتایبەتمەندێتییەوە دەست پێدەكات، نەك لەلاساییكردنەوەی شیعرە جیهانییە وەرگێڕاوەكانەوە))[29].

شێركۆش لەڕێگای شیعرەكانییەوە ئەو وتەیەی خۆی سەلماندووە، كە دەڵێت:

((من پێموایە لەڕێگای كوردایەتییەوە مرۆڤایەتی ئەدۆزینەوە))[30].

لێرەوەیە كەجگە لەو زاكیرە كوردییەی باسمانكرد، هەمیشە چەندین ناوی (كەس)و (شوێن)و (بۆنە)و (ڕووداو)ی كوردی، لەشیعرەكانی ئەم شاعیرەدا ئامادەییان هەیە.

تەنانەت بەجۆرێك ئاوێزانی خەم‌و خۆزگەكانی كورد بووە، زۆرجار ناتوانیت خەم‌و خۆزگەكانی ئەو لەخەم‌و خۆزگەكانی كورد جیابكەیتەوە. شێركۆ لەو شاعیرانە نییە ((كەباسی خاك دەكەن‌و بۆنی خۆڵ لەشیعرەكانییان نایەت))[31].

## تەدویر

تەدویر یەكێك لە ڕەگەزە دیارەكانی شیعری شێركۆیەو تەنها لە خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێكدا سیٚ هەزارو دە (و)ی پەیوەندی بەكارهێناوە.

شێركۆ وەك ئەوەی مەفتوونی (و)ی پەیوەندیی بووبێت لەزۆربەی شیعرەكانیدا پەنای وەبەردەبات.

پێموایە هیچ شاعیرێكی كورد ئەوەندەی ئەو، ئەم ئامرازەی بەكارنەهێناوە.

وەك یۆنانییەكان وتوویانە:

((باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی لەشتێك حاڵی بیت، وەرگرتنی پێچەوانەكەیەتی))[32].

(ئەنوەر مەسیفی) لەدیوانی (جلو بەرگو جمكەكان)دا، كەدوو قەسیدەی لەخۆگرتووە، یەك تاقە (و)ی لەنێوان دوو ڕستەدا بەكارنەهێناوە، (بێگومان ئەمە بەئاگاداری تەواوەوە ئەنجامدراوە).

لەودیوانەدا جگە لەهەردوو وشەی (جلو بەرگ)و (ئاوو هەوا) كە دوو وشەی لێكدراون‌و (8)جار بەكارهێنراون، تەنها لەدوو جێگادا (و)ی پەیوەندیی دەبینرێت، جاری یەكەم لەناونیشانی دیوانەكەدا (جلو بەرگ–و– جمكەكان)، (جاری دوومیش لەئەسپیٚ–و–ڕشك)دا، كەدەكەوێتەوە لاپەڕە (14)ی دیوانەكەوە[33].

كەچی شێركۆ بێكەس تەنها لە(خاچو مارو ڕۆژژمێری شاعیرێك)دا، سیٚ هەزارو دە (3010) (و)ی پەیوەندیی بەكارهێناوە.

لێرەوە دەتوانم بڵێم:

تەدویر یەکێك لەتایبەتمەندێتییە دیارەکانی شیعری شێرکۆ بێکەس پێکدەهێنێت. ئەمەش وایکردووە لای ئەم شاعیرە کەمتر بایەخ بەڕستەو زیاتر بایەخ بەکۆپلە بدرێت.

(تەدویر لەشیعری کۆندا بەیەکەوەگرێدانی هەردوو نیوە بەیتە –مصرع– بەشێوەیەکی هاوبەش، بەجۆرێك، وشەکە ئەکرێتە دوو بەشەوە، بەشێکی ئەکەوێتە نیوە دێڕی یەکەمو بەشەکەیتر ئەکەوێتە نیوە دێڕی دووەم، بۆنموونە مەحوی دەڵێت:

شەمبە بۆ راوو، بەیەك شەمبە بنیادنێ، بەدوو

شەمبە ریحلەت کە، جەماعەت بگەرە کەسێ شەمبەبوو

بەڵام تەدویر لەشیعری نوێدا جیاوازەو بەهیچ جۆرێك لەگەڵ پێناسە کۆنەکەدا ناگونجێت) بڕوانە ئیستاتیکای تەدویر، ئازاد حەمە، گۆڤاری (مەم) ژ(2) 1991.

بێگومان مەرج نییە تەدویر هەموو کاتێك لەڕێگای (و)ی پەیوەندیەوە دروستبکرێت، بەڵام ئاشکرایە کەرۆڵێکی گەورە لەم بوارەدا دەبینێت.

تەدویر جگە لەوەی لەڕووی ئیقاعەوە یارمەتی رزگاربوونی شاعیر لە ئیقاعە سنووردارەکان دەداتو یاری بەشوێنی سەرواکان دەکاتو ئاسۆی روانین بەرەو فراوانی دەباتو هەناسەی درامی دەخولقێنێتو رێگا بۆ هەڵقولینی دەربڕین دەکاتەوە، هەندێجاریش خوێنەر تووشی بێزاری دەکات.

سەرەتای تەدویر لای شێرکۆ بۆ دیوانی (من تینوێتم بەگڕ ئەشکێ) دەگەڕێتەوە:

بۆت ئەگەڕێمو نیوەشەو

لەناو بێژنگی گومانی ساتەکانیا

سوڕم ئەدا،

سوڕم ئەداو لەچۆڵێکا

کەئاو خەوی ئاسمانێکە نەزۆك جێم ئەهێڵا،

جێم ئەهێڵاو

خێڵی ترسی جێ نیشتە لەناو قوڕگی نەهەنگدا ئەمدۆزنەوە

ئەمدۆزنەوەو بە ستوونی یەك بەیەکی دەوارەکانی تاوانا

ئەمبەستنەوەو سەرم لەلەشم ون ئەبێ)... هتد

لە (گەرمیانو داڕژانی رۆح)دا، بەم شێوەیە خۆی نمایش دەکات:

(لەپاریسدا هەناسەکانی تۆم پێشکەشی ئێلوارکردو

لەبەرلیندا ئاخەکانی تۆم بەگۆتە هەڵکێشاو

لەمۆسکۆ چیرۆکی سووتانەکانی تۆم بۆ چیخۆف گێڕایەوەو

لەکەناری ئۆقیانووسی ئارام کردمیت بەشەپۆلی نارنجیو

لەلەندەنیش دامیتە دەست مانگەشەوێکی بایرۆنو

لەبەر پەڕەی گوڵەڕەشەکانی بۆدلێر

نووسیمیتەوە

لەسەر تریفەو

لەسەر دانووبو

لەسەر گۆرانی کۆچو

لەسەر باڵی فڕۆکەکان

ناوەکەتم هەڵکەندو

لەدوایشدا بۆ دۆزەخەکەی رامبۆ

دۆزەخەکەی تۆم گێڕایەوەو

دۆزەخ گریاو

رامبۆ گریاو

شیعر گریا ! گەرمیان).

هۆی پەنابردنە بەر تەدویر لەشیعرێکەوە بۆ شیعرێكو لەشاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دی دەگۆڕێت. بۆ نموونە وەك (تەراد ئەلکوبەیسی) دەستنیشانی کردووە، تەدویر: ((لەشیعری مورسەل–دا گفتوگۆیەکی درامی پێکەوە گرێدراوەو مانا پێویستی دەکات، لای خەلیل خوریو یوسف ئەلختیب لەسەر هاوسەنگیی نێوان بیرۆکەو ئیقاع بنیات دەنرێتو لای یوسف ئەلخال لەدەوری ئیقاعی ئاسان لەنگەر دەگرێت، لای سامی مەهدی پشت بەدواندنو گێڕانەوەو لای حەسەب شێخ جەعفەریش پشت بەمەنەلۆگ دەبەستێت))[34].

دەکرێت بڵێین لای شێرکۆ زۆربەی ئەو هۆیانەو لەسەرووی هەمووشیانەوە دڵشاد مەریوانی وتەنی: ((نەزیفی دیمەن))[35] بوونی تەدویر دەسەپێنێت.

## توخمەکانی چیرۆك

ئاسان نییە شیعریکی شێرکۆ بدۆزیتەوە کە چیرۆك، یان جۆرێك لە چیرۆك نەبێت.

توخمەکانی چیرۆك کارلێکی هەمیشەییو بەردەوامیان لەجەستەی شیعری شێرکۆ بێکەسدا هەیە،رەنگە زیادە رۆیی نەبێت گەر بڵێین هیچ شاعیرێکی کورد (نە لەئێستاو نە لەرابردوودا) ئەوەندەی ئەم شاعیرە سوودی لەتوخمەکانی چیرۆك وەرنەگرتووە.

ئاسان نییە شیعرێکی شێرکۆ بدۆزیتەوە، کە چیرۆك (یان جۆرێك لەچیرۆك) نەبێت، تەنانەت شیعرە کورتەکانیشی لەم حاڵەتە بەدەرنین.

دەشێت هۆیەکی ئەم حاڵەتە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە شێرکۆ بێکەس: ((بەپێچەوانەی زۆربەی زۆری شاعیرانی کوردی هاوچەرخەوە لەنووسینی پەخشانو چیرۆکەوە دەستی پێکردووە))[36].

جگە لەوەش وەك خۆی دەڵێت: ((زیاتر چیرۆكو رۆمان دەخوێنێتەوەو تائێستاش سەرجەمی بەرهەمی شاعیرێکی عەرەبی بەتەواوی نەخوێندۆتەوە))[37].

بێگومان بەشێکی گەورەی خەیاڵفراوانی شێرکۆ بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە.

ئەوەشی زۆر گرنگە ئەوەیە کە کارلێکی توخمەکانی چیرۆك لەجەستەی شیعری شێرکۆ بێکەسدا، تاڕادەیەکی باش تەقلیدیەتو قاڵبە ئامادەکراوەکانی بەزاندووە.

بۆ نموونە: (پاڵەوان) لای ئەم شاعیرە بەزۆری پاڵەوانی راستەقینەیەو دواتر روحێکی ئەفسانەیی پێدەبەخشرێت، (بەختیار عەلی) وتەنی:

((هەمیشە لە دۆناودۆن کردن دایە)).

دەمرێت بەڵام زیندوو دەبێتەوە !

(کات) هەندێجار لەسەرەتاوە بۆ کۆتاییو هەندێجار لەکۆتاییەوە بۆ سەرەتا دەچێتو هەندێجاریش لەناوەڕاستەوە بۆ سەرەتاو دوایی بۆ کۆتاییو بەم شێوەیە لەگۆڕانی بەردەوامدایە.

لێرەدا (فلاش باك) یارمەتیدەرێکی زۆر باشە و شاعیر دەزانێت چۆن سوودی لێوەردەگرێت.

بۆ نموونە لەداستانی (مامەیارە)دا، لەدوای مردنی مامەیارەوە دەست بەگێڕانەوە دەکرێت، سەرەتا گەڕانەوەی کاکە مەمو برایمۆكو دواتر مامەیارە لەشێوەی ئەسپسوارێکی غەمگیندا، باسدەکرێت.

پاشان هێدی هێدی گەڕانەوە بۆ کاتی یاخیبوونو راپەڕینی مامەیارەو دوایی دەستگیرکردنی بە زامداریو مردنیو جارێکیتر هاتنەوەی تۆمار دەکرێتو بە مشێوەیە (شوێن) لای شێرکۆ، خۆی وتەنی: ((رادەکات))[38].

لەدەربەندی پەپوولەو خاچو مارو رۆژژمێری شاعیرێکدا، ئەم حاڵەتە بەڕوونی دەردەکەوێت، لەئەوروپاوە بۆ شاخو دەشتو شارەکانی کوردستانو بۆ بەغداو دیسانەوە بۆ ئەوروپاو بۆ کوردستانو بەم شێوەیە (شوێن) لەجووڵەو راکردندایە.

(گێڕانەوە) راستە هەندێجار تەقلیدی و بێگیانە، بەڵام زۆرجاریش جوانکاری وردی تێدا دەکرێت.

بۆ نموونە لەشیعری (بەخیل)دا، کەشیعرێکی کورتە، گێڕانەوە بەمجۆرە دەستپێدەکات:

(درەختێکی تریان وتی).

واتە پێشتر درەختەکانی دیکەش قسەیان کردووە، بەڵام شاعیر لێرەوە دەچێتە ناو شیعرەکەوە، ئەمەش هەم کورتبڕییەکی جوانەو هەم گێڕانەوەش لەتەقلیدییەت دەپارێزێت.

(مۆنتاژ) لەچەند جێگایەکدا زۆر بەجوانی سوودی لێبینراوە، بۆ نموونە لەشیعری (سمکۆ جارێکیتر ناچێتەوە سەرخوانی مردن)دا، دوای ئەوەی سمکۆ بڕیاردەدات لەگەڵ دوژمن دابنیشێتو گفتۆگۆ بکات، دەنگێك بەئاگای دێنێتەوە، کە (سڵ بکات)،دوای ئەمە ئیدی یەکسەر شاعیر دەچێتە سەرباسکردنی ئەو شیوەنەی کە بۆ کوژرانی سمکۆ دەکرێت، بێئەوەی بەتاقە وشەیەکیش باسی کوشتنەکە بکات.

ئەمەش مۆنتاژێکی جوانەو لەشیعری ئێمەدا کەمتر ئاوڕ لەمۆنتاژ دراوەتەوە.

پێویستە ئەوەش بڵێین کەمۆنتاژ جگە لەوەی لەسینەمادا هەمیشەو بەبەردەوامی سوودی گەورەی لێدەبینرێت، لەنووسینیشدا شتێکی تازەنییە،تەنانەت لە(قورئان)دا زۆرجار بەرچاودەکەوێتو (سەید قوتب) لەکتێبی (التصوير الفنی فی القرئن)دا، (ئەگەرچی وەك زاراوە مۆنتاژی بەکارنەهێناوە) بەڵام دەستنیشانی کردووەو ئاماژەی بۆ بەکارهێنانەکانی کردووە (39).

کارلێکی توخمەکانی چیرۆك لەجەستەی شیعری شێرکۆدا قسەوباسو لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەڵدەگرێت.

وەلێ ئێستا دەتوانین بەبێ هیچ دوودڵییەك بڵێین: شێرکۆ چیرۆکنووسێکی شاعیرە!

## کێشو سەروا

شاعیری داهێنەر وەك چۆن لە توخمە پێکهێنەرەکانی دیکەی شیعردا باڵا دەستی خۆی دەسەلمێنێت،هەروا دەتوانێت لە بەکارهێنانی کێش و سەرواشدا باڵا دەستی خۆی بسەلمێنێت.

رەنگە بەلای زۆر کەسەوە قسەکردن لەسەرکێشو سەرواو هەندێ وردە شتی دیکە، بەکارێکی بێهوودە دابنرێت.

بەڵام من پێموایە کەهەموو شتێکی گەورە هەم خۆی لەچەند شتێکی بچووك پێکدێتو هەم لەزۆر حاڵەتدا پێویستیشی بەشتی دیکەی بچووك دەبێت، بۆ نموونە کورد وتوویەتی: (ماڵ پێویستی بەگسكو گسکیش پێویستی بە –بەن– دەبێت) ئەمە جگە لەوەی کە ئێمە قسە لەسەر شاعیرێك دەکەین تا ئەمڕۆش لەشیعرەکانیدا کێشو سەروا (مەحەلیان لەئیعرابدا هەیە)و توانیویەتی هەندێك وردەکاریی جوان–بەتایبەت لە بەکارهێنانی سەروادا– بەرجەستە بکات.

*زۆرترین شیعری شێرکۆ بێکەس، بەکێشی (4) برگەیی نووسراوە، کە یەکێکە لەکێشە هەرەسواوەکانی شیعری نوێی کوردی، هەروەك لەحەفتاکاندا (دلشاد مەریوانی) لێیدواوە.

ئەم کێشە کە لەبنەڕەتدا کێشێکی ناسكو هێمنە، لای شێرکۆ (لەهەندێ شیعری زۆر کەمدا، نەبێت) هەمیشە هەناسەسواریو دڵەڕاوکەی تێکەڵە. ( ئەم حاڵەتە لای نەوزاد رەفعەتیش دەبینرێت و بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی ئەویش دڵەراوکەو هەناسەسوارییان تێدایە).

بۆ نموونە: ئەو ئارامییەی لەکێشە (4) برگەییەکانی شیعری (عەبدوڵاپەشێو)دا هەیە، لەکێشە (4) برگەییەکانی شیعری شێرکۆدا نییە.

لای شێرکۆ بەزۆری لەجیاتی (4+4) دەبێتە: (3+3+2) یان (3+2+3) یان (2+3+3)و هتد.

*کێشی دووەم کە بەسەر شیعری شێرکۆدا زاڵە، کێشی (3) برگەییە.

ئەم کێشە، کێشێکی کوردییەو لەسەردەستی گۆران زیندوکراوەتەوە،تا ئەو جێگایە کە من ئاگادارم پێش گۆران پارچە شیعرێکی نووسراو بەم کێشە نییە مابێتەوەو بەدەستمان گەیشتبێت. لای گۆران بەمشێوەیە: (3+3+3+3+) واتە بە(12) برگە بەکارهاتووە:

((قژكاڵی، لێوئاڵی، پرشنگی نیگاكاڵ

ئەی كچە، جوانەكەی، سەرگۆنا، نەختێ ئاڵ))[40]

لەنێو شاعیری حەفتاكاندا (لەتیف هەڵمەت) یەكەمین كەسە كەئەم كێشەی بەشێوەیەكی تەقلیدیو رێك وەك گۆران بەكارهێناوەتەوە:

((ورد برۆ، سڵ مەكە، زەردەپەڕ، خامۆشە

ئەم رێیە، بەتەنیا، منو تۆی، لەكۆشە))[41]

شێركۆ بێكەس–یش یەكەمین كەسە كەئەم كێشەی بۆ نێو شیعری ئازاد گواستۆتەوە.

لای شێركۆ بەشێوەیەكی نوێ دابەشكراوەو لەقاڵبی (12) بڕگەیی دەرهێنراوە، بڕوانە شیعری (سمكۆ جارێكیتر ناچێتەوە سەر خوانی مردن):

بەهۆرەی تفەنگی.. كاروانی بن بنار.. لوتكەكان

ئەستێرەی پشكۆیان

رژانە ناو چاوی بەیانی بەفرەوە

چەمەكان بەرزەوپێ هەڵسانو هەڵگیرسان

ئەسپەكان لەبێشەی ئاگرا ئاودران.

ئەم كێشە یەكێكە لەكێشە گرانەكانی شیعری كوردیو مەهارەتێكی زۆرتری لەكێشەكانی دی دەوێت.

لەنێو شاعیرانی حەفتاكاندا (ئەوەندەی من ئاگام لێبێت) جگە لە(هەڵمەتو سەعدوڵلا پەرۆش) هیچ شاعیرێكی دیكە شیعرێكی بەم كێشە نییە كە تاسەر هەناسەكەی پاراستبێت، تەنانەت هەڵمەتیش وەك شێركۆ بەسەریدا زاڵ نییە.

*كێشی سێیەم كە لەشیعری شێركۆ بێكەسدا دەبینرێت، كێشی (13) بڕگەییە، بەشێوەی (4+4+5).

ئەم كێشە لەداهێنانی گۆرانەو پێش ئەو نموونەی لەشیعری كوردیدا نییە:

((سەردەمێك بوو دنیای گیانم تاریكو چۆڵ بوو

كام (بەرۆچكە)ی گەرمە دڵم چەشنی سەهۆڵ بوو))[42]

شێركۆ تاكە شاعیری حەفتاكانە كەئەم كێشەی بەكارهێنابێت، ئەمەش لەیەكەم دیوانیەوە (تریفەی هەڵبەست–1968) بەرچاو دەكەوێت:

(بابە تاسەی بینینەوە بۆ تۆ پەرۆش بوو

ئارامی دڵ لەناو یادا ونو خامۆش بوو)

ئەگەرچی شێركۆ خۆی لەپەراوێزی شیعری (بۆ نەورۆزی 1970)دا، دەڵێت:

((لەڕووی فۆرمی ئەم هەڵبەستەوە، ئەمجارەیان وام پەسەند كرد كەكێشو ئاهەنگی تێكڕای هۆنراوەكە، بخەمە سەر شێوەی تازەو لەیەك دەقی رزگاریان بكەم، هەروەكو خۆی كێشەكان نەهێڵمەوەو ئاڵو گۆڕیان پێبكەم))[43].

بەڵام لەڕاستیدا هەمان بەکارهێنانەوەی گۆرانو تریفەی هەڵبەستەو هیچ گۆڕانکارییەکی تیانەکراوە، تەنها ئەوە نەبێت لەجیاتی ئاوها دابەش بکرێت:

(ئەی فریشتەی ناو کەژاوەی باوەڕی پیرۆز

چەپکێ شیعرت پێشکەش ئەکەم بۆ یادی نەورۆز)

ئاوها دابەش کراوە:

(ئەی فریشتەی.. ناو کەژاوەی..

باوەڕی پیرۆز

چەپکێ شیعرت.. پێشکەش ئەکەم

بۆ یادی نەورۆز)...

*لە(داستانی بەردەقارەمان)دا، هەوڵی جێگۆڕکێو فراوانکردنەوەی ئەم کێشە دراوەو هەندێجار لەجیاتی (8) بڕگە یان (5) بڕگە، (7) بڕگەی تێکەوتووە، پێدەچێت فراوانکردنەوەی ئەم کێشە ئاسان نەبێت چونکە لەدوودەنگی جیاواز پێکهاتووە.

*پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لەچیرۆکە شیعرەکانی (روبار)ەوە، تا ئەمڕۆ ناو بەناو پێکەوە بەکارهێنانی ئەم کێشانە لەیەك شیعردا (بەتایبەتی کێشی-3- بڕگە و-4- بڕگە)لای شێرکۆ بەرچاو دەکەوێت.

*لەبەرکارهێنانی (سەروا)شدا شیعری شێرکۆ سێ وردەکاری زۆر جوانی تێدا دەبینرێت:

*یەکەم:

ئەو سەروایانەی بایەخ بەدەنگی وشەکان دراوە نەك رەنگیان:

ئاڤزینی خولیاکەی ئەسپێکە سپی بۆر،

ئارامی: سمکۆڵە و

کۆڕژنی: هێوریی و

دووریێتیی: نزیك و

قیبلەکەی ((خاك و خۆڵ))

***

بە تیری عیشقی بەرد

زامدارە و گرفتار

ئەم مێژووە عاشقەم.

بۆ خاتری چاوی بەرد

هەموو جار خۆرنشین ئەپۆشێ و

به کەوڵی سوورەوە

ئەگاتە بەردەمی قاپی مەرگ.

***

(دارکونکەرەی دەنووك زۆر تیژ

پێنج شەش کونی کردە دڵو

لەشی قامیش)

***

(ئەو شاخەوانەی یەکەمجار

سەرکەوتە سەر شاخی ئەڤرست

چۆکی دادا بەو چیایە

ئەویش تەنیا بەیەك هەنگاو دەستی پێکرد)

***

چوار ئەفەندی رەشتاڵەو دێز

هاتن سیروانیان دایە پێش

***

وەك دەبینرێت وشەکانی(بەرد و مەرگ)،(سپی بۆر و خاك و خۆڵ)، (تیژو قامیش)، (ئەڤرستو پێکرد)، (دێزو پێش) لەرەنگدا سەروانین، بەڵام لەدەنگداو لەنێو سیاقی شیعرەکاندا سەروا گەلێکی زۆر جوانن.

*دووەم:

ئەو سەروایانەی بەدوو پیت دروستدەبن، کەپێش شێرکۆ زۆر بایەخی پێنەدراوە:

تۆ سروەکەی سەری رەشی

تۆ ئەنتێنی هەرە بەرزی

سەرچیای ئیزگەی شۆڕشی.

***

(وەختێ هاتیتو گەیشتی

هەر یەکەم شەو

دەربەند باسەڕە پێی وتی)

***

(شەقام ئەهێنێتە قسە

باڵ ئەڕوێنێ لەدیوارو

سەری مەسیح

ئەکا بەزەنگی کڵێسە).

***

(ئەبێ بەگوڵەبەڕۆژە

دەمێکی تر لەسەر گوێژە).

***

*سێیەم:

ئەو سەروایانەی کەبەیەك پیت دروست دەبن، کەئەمەش من لای خۆمەوە ناوی (سەروای شێرکۆیی)م لێناون، چونکە لە نێو شاعیرانی کورددا هیچ شاعیرێکی دی بەردەوام بەئاگادارییەوە بەکاری نەهێناوە، (بەتایبەت پێش شێرکۆ):

(رەفیق عاشوور! واتۆ ئەچی

شیمال سێ شتی شیرینە

هەنگوینو گوێزو ئافرەتی).

***

(یەکە یەکە

ئەهاتن بۆ هەواڵێکی

کچە سەربەستی پێشمەرگە).

***

(وەختێ گەیشتیتە قۆپی

وەختێ یەکەم داربەڕوومان

بەخێرهاتنی لێکردی).

***

(مناڵینە

ئەو سوارانە سواربوونەوە

ئەسپەکانیان نەفرۆشتبوو

دڵیان نەدابوو بەکرێ

کلیلی دەربەندو شاخیان

بەجێ نەهێشت بۆ هیچ دزێ).

***

تەدارەك:لە ئەسپی کەلەسەر گرگرتووی ڕەوەندم

ئەو وەختەی ژان لەسەر بەرد ئەڕوێ.

تەدارەك لە حیلەی بروسکەی ئەم هەورە سوورانە

ئەو دەمەی کە باران شیعرێکی سەوزتر ئەنووسێ..

***

مۆمێکم لە قولەی حەزرەتی ((نالی))دا بۆ هەڵکەن

با ملی داری بێ

یان پەنجەی نێرگزێ

یان قژی وەنەوشە.

زامێکم لە دوندی ((کەکۆن))ی ((حاجی))دا بۆ پێکەن

با سەری بڕاوی شیعرێ بێ

یان مەمکی ((وەسانان))

یان باڵای هەڵەبجە.

***

خۆزگەمە بۆ دوا جار

شنەیان بگرمە باوەشم.

یەك بە یەك دەم خەمە ناو دەمی حەسرەتیان

ناکامیی سینەیان هەلمژم.

***

وەك ئاوی شەربەکەی ((حیجاز))ی،ژەکێکە

هەموو رۆژ غەریبی ئەینۆشێ.

رۆژانە لە حیجاز هەڵمێکە و

شەوانە لە وڵات گۆمێکەو ئەیبەستێ.

******

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

1-عەبدوڵڵا پەشێو. شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم (بەغداد، 1980) لا 141.

2-نزار قبانی. قصتی مع الشعر.الگبعه الاولی (بیروت:منشورات نزار قبانی1973)، ص25.

3-موسوعه المصگلح النقدی:التصویر و الخیال( د.ل. بریت)ترجمه د.عبدالواحید لۆلۆه (بغداد: 1979)، ص13.

4-. وێستگە بچووکەکان.دیدار لەگەڵ نزار قەبانی. وەرگێڕانی: محەمەد کوردۆ ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ژ (303)، 1999.

5-حەمە سەعید حەسەن. گەڕان لەدووی خود. گۆڤاری (رامان)، ژمارە (21)، 1998، ل10.

6-گولستانی سەعدی. وەرگێڕانی: مستەفا سەفوەت.چاپی دووەم (بانە: 1317ی هەتاوی)، ل179.

7-نەژاد عەزیز سورمێ. تاڤگەی مەند (بەغداد: 1987) لاپەڕە88.

8-احسان عبدالقدوس. لاليس جسدك. الگبعه الاولى(سنه 1979)، ص222-223.

9-محمد الاسعد. مقاله فى اللغه الشعريه. الگبعه الاولى(بيروت: 1980) ص4.

10-خمسه مداخل الى النقد الادبى. ترجمه و تقديم و تعليق: د. عدنان غزوان اسماعيل، جعفر صادق الهليل (بغداد: 1986) ص194.

11-گراد الكبيسى. كتاب المنزلات: منزله الحداپه (بغداد: 1992)، ص102.

12-الجواهيرى رحله الام و اليوره. بقلم اعتدال رافع. مجله (العربى) الكويتى، العدد (484) 1999، ص158.

13-ادونيس. النڤام و الكلام. الگبعه الپالپه( بيروت: 1980)، ص60.

14- ادونيس. الپابت و المتحول: بحپ فى الاتباع عند العرب-1- (الاصول)، الگبعه الپالپه، (بيروت: 1980)، ص60.

15-د. خليل الموسى. النص الشعرى و مستويات القراوه. مجله (المعرفه) السوريه، العدد (428) 1999، ص70.

16-زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، لا95.

17-دیوانی نالی. لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسو فاتح عبدالكريم. (بەغداد: 1976)، ل107.

18-محمد رچا مبارك. اللغه الشعريه فى الخگاب النقدى العربى: تلازم التراپ و المعاصره. الگبعه الاولى (بغداد: 1993)، ص166.

19-شاكر النابلسى. دراسه فى شعر و فكر محمود درويش. الگبعه الاولى (بيروت: 1987)، ص516.

20-گفتوگۆیەک لەگەڵ (ئونسی ئەلحاج)دا. وەرگێڕانی: محەمەد کوردۆ. پاشکۆی ئەدەبو هونەری هەفتەنامەی( ڕێگای کوردستان) ژمارە (378)ساڵی 1999.

21-اللغه الشعريه فى الخگاب النقدى العربى. ص 262.

22-ڕوو بەڕوو لە سیبەری چیادا. ئامادەکردنی: بیستوون (لەبلاوکراوەکانی یەکیتی نووسەرانی کوردستان. زنجیرە 29 ساڵی 1985)، ل177.

23- وێنەی ڤیدیۆیی لە (قەسیدەی ڤیدیۆیی) وەرگیراوە، کە (بڵند حیدری) ناوی ناوە.

بڕوانه: دراسات فى الشعر الحديپ.تاليف د.عبده بدوى.الگبعه الاولى(كليه الاداب.جامعه الكويت: 1978)، ص52.

24–كاپلين رين. مجله (المدى) العدد (25) سنه 1999، ص 137.

25–سامى مهدى. افق الحداپه و حداپه النمگ (بغداد: 1988)، ص175.

26–الپابت و المتحول، 1– الاصول، ص 110.

27–ململانێى ژيان –مەرگ لەخاچو مارو ڕۆژژمێرى شاعيرێ دا. بەختيار عەلى (گۆڤارى گەلاوێژى نوێ) ژماره (7) سالّى1998، ل41.

28–چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرکۆ بێکەس. بەختيار عەلى و مەريوان وريا قانع سازيانداوه.گۆڤارى(ئازادى) ژماره(2)، ل94.

29–د.عزالدين الناصره. مجله (الگريق) العدد الرابع، السنه السابعه والخمسون. 1998، ص99.

30–ڕووبەڕوو لەسێبەرى چيادا، ل177.

31–حەمه سەعيد حەسەن. گەڕان لەدووى خود. گۆڤارى (رامان) ژماره (21)، ل11.

32–ئەندێشەكانى مۆريس مۆتەرلينگ. وەرگێڕانى: خوسرەو جاف (بەغدا: 1988)، ل14.

33–ئەنوەر مەسيفى. جلوبەرگو جمكەكان. ( بەغدا: 1990).

34–گراد الكبيسى. تدوير فى القصيده الحديپه. مجله (الاقلام) العدد الخامس.(السنه: 1978)، ص2.

هەروەها سوود لەم سەرچاوەيەش وەرگيراوە: حدود البيت. د.على جعفر العلاق. مجله (الاقلام) العدد (11–12) السنه الپانيه والعشرون. 1978.

35–دلّشاد محەمەد ئەمين. چەپكێ شيعرو ئينجانەى سەرنجێ. هەڵبژارده لەديوانى ڕۆژى كوردستان( بەغدا: 1977)، ل10.

36.ڕووبەڕوو لەسێبەرى چيادا، ل15.

37.هەمان سەرچاوه، ل170.

38.شێرکۆ بێکەس .خاچ و مارو ڕۆژژمێرى شاعيرێ. چاپى دووەم (سلێمانى: 1988)، ل300.

39.سيد قگب. التصوير الفنى فى القران.(سنه:؟)، ص49.

40.ديوانى گۆران.ئامادەكردنى:محەمەدى مەلا كەريم. (بەغدا: 1980)، ل45.

41.لەتيف هەڵمەت.خواو شاره بچكۆلەكەمان (كەركوك: چاپخانەى شيمال 1970)، ل151.

42.ديوانى گۆران، ل42.

43.شێرکۆ بێکەس. من تينوێتيم بەگڕ ئەشكێ ( بەغدا: 1973)، ل 186.

# گەڕانەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان

## شیعری (ئەم کولەکانە ئەشکێنم) وەك هەنگاوی نێو هەوڵەکان

### لەبری پێشەکیی

قۆناغی حەفتاکان وێستگەیەکی زۆر گرنگ و بایەخدارە لە مێژووی ئەدەبی کوردیداو بەداخەوە کە دوای ئەو هەموو ساڵە ئاوڕ لە کتێبخانەی کوردی دەدەینەوە دەبینین نەمانتوانیوە وەك پێویست ئەو قۆناغە هەڵبسەنگێنین و هەم لە بارەی سەرەتاکانییەوە و هەم لە بارەی دەنگە دیارەکانی ئەو قۆناغەوە رەخنەو لێکۆڵینەوەی پێویست پێشکەش بکەین.

هەڵبەت ئەم قسەیە هەرگیز بەو مەبەستە نییە کە بڵێین هەر هیچ نەکراوە، چونکە شت کراوەو شتی باشیش کراوە،وەلێ دەبوو کاری زۆرترو باشترمان بکردایە. بەداخەوە زۆرجاریش لە باسکردنی ئەو قۆناغەدا شتەکان تێکەڵ دەکرێن.

هەن تائێستاش پێیانوایە کە بەر لەبڵاوکردنەوەی بانگەوازی روانگە هیچ هەولێکی نوێخوازی لەشیعری کوردیی ئەو کاتەدا بوونی نەبووەو وادەزانن لە بانگەوازی روانگەوەو بەکاریگەری راستەوخۆی ئەو بانگەوازە شیعری کوردی نوێبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە. هەروا هەن پێیانوایە هەموو شاعیرە نوێخوازەکان سەر بەگروپی روانگە بوونو شێرکۆ بێکەس -کە یەکێك لە کەسە زۆر کاریگەرەکانی روانگەیە– سەردەقشکێنی ئەو نوێخوازییە بووە..

لەڕاستیدا جگە لەوەی بانگەوازو مانیفێستی شیعریی ناتوانن شیعر تازە بکەنەوەو تازەکردنەوەی شیعر شتێك نییە پێشوەخت رێکەوتنی لەسەر بکرێت وبنەماو پەیام و فۆرم و پایەکانی دەستنیشان بکرێن..

بەڵکو تازەکردنەوەی شیعر پەیوەندی قووڵی بەزۆر شتی دیکەی تێکچرژاوەوە هەیەو پرۆسەیەکە دوای کەڵەکەبوونی ئەزموونێکی قووڵی خوێندنەوەو گەڕان و پشکنین ئینجا دەرەخسێت و دەتوانێت بەرهەمی راستەقینەی خۆی پێشکەش بکات.

جگە لەمە، بەر لەبڵاوکردنەوەی بانگەوازی روانگە لەچەند لایەکەوەو بەچەند ئاستێکی جیاواز هەوڵ بۆ نوێخوازیو نوێکردنەوەی شیعری کوردی دراوە، کە من مەبەستمە لەم پێشەکییە کورتەدا بە چەند ئاماژەیەکی

خێرا و لە لێکۆڵینەوەی یەکەمی نێو ئەم کتێبەدا هەندێك وردتر لەدووان لەو هەوڵانەبدوێم‌و برێك تیشکیان بخەمەسەر– مەبەستم لەتیف هەڵمەت‌و فەرهاد شاکەلی– یە.

هەڵبەت (وەك دواتر لە لێکۆڵینەوەکەدا ڕووندەبێتەوە) لەبەر دوو هۆ ئەم دووکەسە هەڵدەبژێرم و زیاتریش لەبارەی هەڵمەت و قەسیدەی –ئەم کوولەکانە ئەشکێنم–ەوە قسە دەکەم و هۆیەکانیش ئەمانەن:

یەکەم: ئەم هەولانە لەڕووی مێژووییەوە–تارادەیەك– پێش هەوڵەکانی دیکەو پێش بانگەوازی روانگەش دەکەون.

دووەم: بەلای منەوە ئەم هەولانە لەڕووی ماهییەت‌و جەوهەری شیعرییەوە لەهەوڵەکانی دیکە جیاوازترو گرنگترن.

بانگەوازی روانگە لە 1970/4/25دا بڵاوکراوەتەوە.

بەر لەو مێژووە لەتیف هەڵمەت دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)ی هەبووە، کە لەکاتی بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەدا ئەودیوانە لەژێر چاپدا بووەو پێشتر یەك دوو شیعرێکی لێبڵاوکراوەتەوە.

(خواو شارە بچکۆلەکەمان) لە 1970/6/1دا چاپ بووەو هەرایەکی گەورەی ناوەتەوە. تەنانەت وەك هەڵمەت لەنووسینێکدا بەناونیشانی (لەکفرییەوە بۆ کۆتاییەکان) ئاماژەی بۆ کردووە:

دوای بڵاوبوونەوەی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)و لەژمارە (29–30)ی رۆژنامەی هاوکاری ساڵی حەفتادا یەکێك لەگروپی روانگە– بێگومان پاش ئەوەی بانگەوازەکەشیان بڵاوکردۆتەوە–وتویەتی: ((ئێمە جۆرە دەقێکمان دەوێت لەودەقانەی خواو شارە بچکۆلەکەمان))[1].

ئەمەش تارادەیەکی باش ئەو راستییە ڕووندەکاتەوە کە ئەو شیعرانە هەم لەڕووی دەستپێشخەرییەو هەم لەڕووی ماهییەت‌و جەوهەری شیعرییەوە، شتێك نەبوون بتوانرێت نکوڵییان لێبکرێت. لەولاشەوە فەرهاد شاکەلی(کە ئەوکاتە بەناوی ئەنوەر شاکەلییەوە دەینووسی) بەر لەبڵاوکردنەوەی بانگەوازی روانگە خاوەنی چەند قەسیدەیەکی تازەو پڕ لە نوێگەریی بووە، کە من بۆ خۆم پێموایە(وەك شاکەلی خۆیشی لەنووسینێکدا وتویەتی)، ئەگەر –چاپکردنی شیعرەکانی لەدیوانێکدا– دوانەکەوتایە، ئێستا قسەکردنی ئێمە لەسەر دەستپێك‌و سەرەتاکانی شیعری نوێی کوردیی دوای (گۆران) بەجۆرێکی دیکە دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە راستە چاپکردنی دیوانەکەی شاکەلی دواکەتووە، بەلام ئەو جگە لەوەی لەساڵی 1967دا شیعرێکی بەناونیشانی (هاورێی گەشتەکەم) لەلایەن (مەجید کەریم ئەحمەد)ەوە کراوە بەعەرەبی‌و لە (النور) دا بڵاوکراوەتەوەو لەپێشکەشکردنی شیعرەکەدا وەك خەلیفەی (گۆران) باسی لێکراوە، شیعری (بەفرەکانی ئەمشەو)یشی ساڵی 1969 کراوە بەعەرەبی‌و لە (النور)دا بڵاوکراوەتەوە.

شیعری (مردنی شازادە)ی لەسەرەتای بەهاری ساڵی 1970دا لە (هاوکاری)و شیعری (ونبوون لەناو وشەدا)ی لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (روانگە)دا بڵاوکراونەتەوە[2].

که ئەم شیعرانە –لە رووی نوێگەرییەوە– جیاوازی ئاشکرایان لەگەڵ شیعرەکانی ئەو کاتەو پێشتریشدا هەبووە. ئەمەیان ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنێت کە بەر لە بلاوکردنەوەی بانگەوازی روانگە نەك هەر هەوڵ هەبووە، هەوڵی زۆر باش و کاریگەریش هەبووە.

لەڕووی ماهیەتوجەوهەری شیعریشەوە، شیعرەکانی هەڵمەتو شاکەلی، بەڕاستی: ((وەکو پێشەنگی قۆناغێ سەریانهەڵداوە کە قۆناغی –گۆران–یان جێدەهێشتو هۆنراوەی ئەو رۆژەی کوردستانیان دیاری دەکرد)).[3]

شیعرەکانی هەڵمەتو شاکەلی جگەلەوەی لەڕووی پەیامو زمانو ئیقاعو وێنەو دەستەواژەو میتافۆرو سیمبولو فەزای شیعرییشەوە لەگەڵ سەرجەم شیعری کوردی ئەوساو پێشتریشدا جۆرێك لەجۆرەکانی جیاوازییان تێدا بووە، جگە لەوەی برێك سوریالیەتیان لەخۆیاندا هەڵگرتووە، وەك کەمال میراودەلی دەڵێت: ((بۆ یەکەمجاریش بەشێوەیەکی بەهێز شیعری پەخشان، شیعری ئازادی رەهایان لەئەدەبی کوردیدا هێناوەتە ئاراوە))[4] کەئەمەیان خاڵێکی زۆر گرنگەو قسەو باسی زۆرهەڵدەگرێت.

******

لەڕۆمانە زۆر جوانەکەی (ئەحلام مستەغانمی)دا (زاکیرەی جەستە) کاتێك حەیات داوا لەخالید دەکات وێنەیەکی بکێشێت، بەڵام ئیمزای لەسەر نەکات، خالید دەڵێت:

((بۆم دەرکەوت تۆش نوسخەیەکی دیکەی ئەو نیشتمانەی کە من رۆژێك لەڕۆژان سیماکانیم کێشا، کەچی خەڵکانێکی دیکە ئیمزای خۆیان لەسەر دانا. بۆم دەرکەوت هەمیشە خەڵکانێك مێژوو دەنووسنەوەو خەڵکانێکی دیکە ئیمزای خۆیانی دەخەنەسەر))[5].

هەڵمەتو شاکەلییش لەسەرەتای حەفتاکاندا سیماکانی نیشتمانێکی شیعریی تازەو جیاوازیان کێشا، بەڵام بەداخەوە زۆرجار ئیمزای خەڵکانێکی دیکە دەخرێتە سەر ئەو نیشتمانە شیعرییە.

هیوادارم لێکۆڵینەوەی یەکەمی نێو ئەم کتێبە ئەگەر وەك هەنگاوێکی سەرەتاییش بێت، بتوانێت هاوکاری بکات لەوەی ئیمزاکان بخرێنەوە جێگای خۆیان.

من بۆ خۆم پێموایە هۆکارێکی سەرەکی لەوەی زۆرجار ئیمزای شێرکۆ بێکەس دەخرێتە جێی ئیمزای لەتیف هەڵمەتوفەرهاد شاکەلی–کە ئەمە هەرگیز لەلایەن شێرکۆ بێکەس خۆیەوە رووی نەداوەو پێشم وانییە قەت رووبدات– بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەزموونی شیعریی شێرکۆ دواترو بەشێوەی هەڵکشانێکی بەردەوام، ئەوەندە گەورەو فراوانو فرە رەنگ دەبێتەوە، کەسێك کە بەوردی بەدووی دەستپێكو سەرەتاکاندا نەگەڕابێت، ناتوانێت بڕوا بەوە بهێنێت کەلەسەرەتای حەفتاکاندا شێرکۆ سەردەقشکێنی شیعری نوێی کوردی نەبووە.

بێگومان هۆکارێکی دیکەش کە رۆڵی لەو جێگۆڕکێی ئیمزایانەدا هەبووە، بلاوکردنەوەی بانگەوازی روانگە بووە، چونکە وەك پێشتر وتمان زۆرکەس ئێستاش وادەزانن بەر لەروانگە هیچ هەوڵێکی نوێخوازی لەئارادا نەبووە.یان ئەگەر هەش بوبێت هەوڵێکی زۆر باش و گرنگ و جیدی نەبووە، ئەگینا شێرکۆ بێکەس (ئەوەندەی من ئاگام لێبێت)، تائێستا لەهیچ بۆنەو نووسینو دیدارێکدا نەیوتووە:

(من پێشەنگو سەردەقشکێنی شیعری نوێی کوردیی دوای– گۆران–م).

تەنانەت نکوڵیش لەرۆڵو بەها و دەستپێشخەری (خواو شارە بچکۆلەکەمان) ناکات، وەك لەم رۆژانەداو بۆ ئەم مەبەستە قسەم لەگەڵ کردو ئەو راستییەی بۆ دووپاتکردمەوە.

وەلێ ئەو (مەبەست شێرکۆ بێکەسە) وەك پێی وتم: زیاتر عەقڵییەتی داهێنانو بەردەوام بوونو کامڵکردنی ئەزموونە شیعرییەکانی لاگرنگە، نەك دەستپێكو سەرەتاکانی یەکەم.

بێگومان ئەمەش راستەو منیش هەمان بۆچوونم هەیە و دڵنیام خاڵی زۆر جەوهەریو زۆر گرنگ لە جۆرو قەبارەو ئاستی داهێناندایەو هونەری گەورە ئەو کەسە دەیباتەوە کە دەبێتە خاوەنی جیدیترین بەرهەمەکانی داهێنان،نەك ئەوکەسەی کەدەبێتە خاوەنی هەنگاوی یەکەم.

هەروەك ئەزموونی شیعریی شێخ نووری شێخ سالح و گۆران ،پێشتر ئەم راستییەیان بۆ سەلماندووین. بەڵام شتەکان لە سیاقی خۆیاندا قسەیان لەسەر دەکرێت و هەر شتە نرخی تایبەتیی خۆی هەیەو پێویستە بە هیچ بیانوویەك تێکەڵیان نەکەین ومافی کەس بە کەس نەدەین و بە ئەمانەتەوە و وەك خۆیان کە بوون تۆماریان بکەین.

ئەگینا ئێمەش کاتێك قسە لەسەر ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەس یان لەتیف هەڵمەت یان فەرهاد شاکەلی یاخود هەر شاعیرێکی داهێنەری دیکە دەکەین، بەجۆرێك قسەی لەسەر دەکەینو کاتێکیش قسە لەسەردەستپێكو هەنگاوی یەکەمی قۆناغێك لەقۆناغەکانی شیعری کوردی دەکەین، بەجۆرێکی دیکە قسەی لەسەر دەکەین. شیعری هیچ نەتەوەیەکیش بەتەنها شاعیرێك درووستی ناکات.

مەرجیش نییە ئەوەی هەنگاوی یەکەم لەبوارێکدا دەهاوێژێت، هەمیشە کەسی یەکەمی ئەو بوارە بێت، هەروەك مەرجیش نییە ئەوەی کەسی یەکەمی بوارێکە هەمیشە هەنگاوی یەکەم هی ئەو بووبێت.

ئەوەی کە مەرجەو ناشێت نادیدەی بگرین، ئەوەیە شتەکان تێکەڵ بەیەکدی نەکەینو هەوڵبدەین ئیمزاکان لەجێگای خۆیان دابنێینەوە !

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکی سەرەتاییە بەو ئاراستەیەو لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

بەشی یەکەم: گێڕانەوەیەکی مێژوویی و هەوڵدانێکە بۆ دەستنیشانکردن وساغ کردنەوەی دەسپێك و سەرەتاکانی ئەو قۆناغەی دەتوانین بەقۆناغی حەفتاکان یان بەقۆناغی دوای (گۆران)ی ناو ببەین.

بەشی دووەم: قسەکردنە لەسەر شیعری (ئەم کوولەکانە ئەشکێنم)ی لەتیف هەڵمەت و هەوڵدانێکە بۆ دەسنیشانکردنی تازەیی و جوانی و جیاوازییەکانی ئەو دەقە لەگەڵ شیعرەکانی دیکەی ئەو سەردەمە و پێشتریشدا.

# دەرگا

ئەنوەر مەسیفی دەڵێت:

((شیعری ئەمڕۆی کورد غەدری لێدەکرێت وەك چۆن جاروبار زەلامێك یان ژنێك لەسەر منداڵەکەی خۆی غەدر لەمنداڵێکی دراوسێی خۆی دەکات)).[6]

بەلای منەوە لەکاتی قسەکردن لەسەر شیعری نوێی کوردی (ئەو شیعرەی دەتوانین ناوی شیعری حەفتاکان یان قۆناغی دوای گۆرانی لێبنێین) بازدان بەسەرناوی لەتیف هەڵمەتدا ، وەکو ئەوە وایە لەبابەت چوونە سەرمانگەوە قسەکرابێتو باسی (ئارمسترۆنگ) نەکرابێت.

بەڕای من وەك چۆن لەسەدەکانی رابردوودا پیاوانی کەنیسە ئەو کەسانەیان دەسووتاند کەبیروباوەڕی تازەیان بڵاودەکردەوە، ئەگەر لای ئێمەش لەحەفتاکاندا لەسەر شیعری نوێ خەڵك بسوتێنرایە، یەکەمین کەس لەتیف هەڵمەت دەسووتێنرا..!

ئەمەش کەمکردنەوە نییە لەپایەی هیچ شاعیرێکی دی چونکە دنیای شیعرو ئەدەبیات لەدنیای سیاسەتو دەسەلات جیاوازە.

شیعر ئەمارەت نییە تا ئەمیرێك لانەبرێت، نەتوانرێت ئەمیرێکی دیکە دابنرێت.

دەشێت لەیەك قۆناغدا چەند شاعیرێکی گەورە دەربکەون، گەورەیی هیچ کامێکیشیان بچووکی یەکێکی دیکەیان ناسەلمێنێت.

وەك دەڵێن:

((هەر رێیە دەڕوا بۆ دێیە)).

# ساڵی حەفتاو هەنگاوی یەکەم

حەفتاکان دەکرێت بەسالآنی سکو زای شیعری نوێی کوردی ناو ببرێت، ئەو ساڵانە کۆمەڵێك شاعیری بەتواناو دەنگی تازەیان پێشکەش بەئەدەبەکەمان کرد.

مقۆمقۆی شیعری نوێ (شیعرێك بتوانین بەقۆناغی دوای- گۆران-ی ناو ببەین) پێش ساڵی حەفتا دروست ببوو، کۆمەڵێك (هەوڵ) هەبوون، بەڵام هێشتا (هەنگاو) نەنرابوو.

دوورنییە هەریەکێك لەم شاعیرانە خۆیان بەکەسی یەکەم زانیبێت:

((ئەنوەر شاکەلی، لەتیف هەڵمەت، جەلالی میرزا کەریم، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، جەمال شاربازێڕی))[7]

بێگومان ئەوکاتەو ئێستاش لەناو خەڵکدا بیروڕای جیاواز لەو بارەیەوە هەبووەو هەیە. ئەم شاعیرانە هەموویان بیریان لەنوێکردنەوەی شیعری کوردی کردۆتەوەو (هەوڵ)یان بۆ ئەو مەسەلەیە داوەو شیعری نوێی ئێمەش بەهەموویان کامڵ و تەواو دەبێت . بەڵام ئەوەی بەلای منەوە مەبەستە (هەنگاو)ی یەکەمە، نەك (هەوڵ)ی یەکەم.

با لەهەوڵی یەکەم گەڕێین.

لەساڵی حەفتادا دووشتی گرنگ بڵاوکرانەوە:

یەکەم: بانگەوازی روانگە.

دووەم: دیوانی خواو شارە بچکۆلەکەمان.

حەزدەکەم پێش هەموو شتێك ئەوە روونبکەمەوە کەلەباسکردنی روانگەدا تەنها شیعرم مەبەستەو بەهیچ جۆرێك بەلای چیرۆکدا نەچوومو ناچم.

بانگەوازی روانگە لەکاتێکدا بڵاوکرایەوەو داوای تازەکردنەوەی شیعری کوردی کرد، کەپێش ئەوکاتە بەکردەوەو لە (خواو شارە بچکۆلەکەمان)دا، شیعری کوردی هەنگاوێکی باشی لەو بوارەدا هاویشتبوو.

رەنگە بتوانین بڵێین: روانگە وەك بووکەبەبارانێیەك وابوو کەدوای بارانبارینێکی زۆر ئەنجامدرابێت.

جگە لەوە هەروەکو زۆر جاری دیکەش وتراوەو نووسراوە (بانگەوازی روانگە لەبانگەوازێکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەوە نزیك تربوو، وەك لەبانگەوازێکی ئەدەبی).

محەمەد باوەکر دەڵێت:

((سەرهەڵدانی روانگەو بەیاننامەو ئەدیبەکانی ئەم ستافە پێوەندییان پتر بەباری سیاسیی ئەو سای کوردەوە هەبوو نەك بەئەدەب، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر خۆی لەخۆیدا سووکە دەستوەشاندنێك بوو لەو ساتەوەختەدا کەئەم گروپە لەهەندێك بواری جیاجیای رواڵەتی کۆمەڵایەتی کورداوەری ئەو سەردەمە ئەنجامیاندا))[8].

روانگە بایەخێکی زۆری بەناوەڕۆکی یاخی‌و شۆڕشگێرانە داو تارادەیەکی زۆر فۆرمو شێوازی نووسینی پشتگوێخست، بەڵام لەڕاستیدا (رۆح)ی شیعر لەفۆرمو شێوازی دەربڕینەکەیدایە نەك لەناوەڕۆکەکەیدا، مەرج نییە هەر شیعرێك باسی مەسەلەیەکی گەورەی کرد شیعرێکی گەورە بێت.

بەلای منەوە ئەو شیوەنەی (محەمەد عومەر عوسمان) بەدیار تەرمی گەڵایەکەوە دەیکات زۆر شاعیر هەن ناتوانن بەدیار تەرمی شارێکەوە بیکەن.

کەچی روانگە ئەم رۆحەی شیعری لەبیر کرد، خۆدەشێت ئەو سەردەمە شیعری ئاوهای ویستبێت، بەڵام شاعیری داهێنەر خۆی تەسلیم بەبارودۆخ ناکاتو پێش زەمەنی خۆی دەکەوێت.

(ئەلەن تەیت) دەڵێت: ((فەلسەفەی شاعیر هەرچییەك بێت، مەودای واتاکانی هەر چەند فراوان بێت، لەڕێگای زمانەکەیەوە دەیناسیتەوە))[9].

بەڵام گروپی روانگە (لەسەرەتادا) نەیانتوانی گۆڕان لەزمانی شیعردا دورستبکەن، بەڕای من نەك هەر نەیانتوانی قۆناغی (گۆران) بەجێبهێڵن، بەڵکو شتێکی ئەوتۆشیان نەخستە سەر خەرمانەکەی.

بەراوردێك لەنێوان شیعری (وەڵامی پرس)ی گۆرانو شیعرەکانی ساڵی حەفتای شاعیرانی روانگە ئەو راستییە بەتەواوی رووندەکاتەوە.

ئاوات محەمەد دەڵێت:

((ئەو زمانە شیعرییەی لەتیف لەخواو شارەبچکۆلەکەماندا رەنگڕێژی کردبوو، بوو بەپەیڕەوێك کەبانگەوازی روانگەش تاڕادەیەك لەگەڵ ئەو هەوڵانەدا، لەڕووی زمانی شیعرەوە یەکی دەگرتەوە. ئەگەرچی زۆربەی شاعیرانی روانگە لەپەیڕەوانی قۆناغی گۆران بوون بەر لەوکاتە وەك ئەزموونە سەرەتاییەکانیان ئەو راستییە دەسەلمێنن))[10].

شێرکۆ بێکەس کەئەوسا یەکێك بوو لەداینەمۆکانی روانگەو ئێستا بووە بەیەکێك لەگەورەترین رووبارەکانی شیعری نوێی کوردی. رووبارێك کە توانیوێتی بەهاژە دڵڕفێنەکەی ئەو خەڵکانە بەرەو ئەدەبەکەمان پەلکێش بکات کەتائێستا ئەدەبی کوردییان نەناسیووە، یاخود بەباشی نەیانناسیووە.

شێرکۆ بێکەس ئێستا یەکێکە لەو شاعیرە گەورانەی کەشیعری کوردی دەتوانێت زۆر بێباکانە شانازییان پێوە بکات.

بەڵام لەساڵی حەفتادا شیعرەکانی (هەوڵ)بوون لەبواری نوێکردنەوەداو بەڕای من ناتوانرێت بە(هەنگاو) ئەژمار بکرێن.

شێرکۆ بێکەس لەساڵی حەفتادا ((هەڵۆیەك بوو دەیویست پێش ئەوەی باڵدەربکات، بفڕێت))[11].

بانگەوازی روانگە یەکێك بوو لەو هەوڵانەی بۆ فڕین درا، بەڵام تاباڵ دەرنەکرێت فڕین مەحاڵە.

بەبڕوای من لەساڵی حەفتادا شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس—لەرووی نوێکردنەوەوە— نەلەئاستی شیعرەکانی ئەنوەر شاکەلیو نەلەئاستی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا نەبوون. دوور نییە یەکێك لەهۆیەکانیشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کەشێرکۆ بێکەس ((درەنگترو لەکۆتایی شەستەکاندا فێری زمانی عەرەبی بووە))[12].

ئەو عەرەبییەی شاکەلیو هەڵمەت زانیویانە ئەو نەیزانیووە.

ئاشکراشە سەرچاوەی سوودوەرگرتنی ئەو شاعیرانە لەنوێکردنەوەدا (ئەوکاتە) هەر زمانی عەرەبی بووە.

بەبۆچوونی من فڕینی راستەقینەی شێرکۆ بێکەس درەنگترو لەم شیعرانەوە دەستپێدەکات: (من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ، تۆ هەوریتو ئەتبارێنم، سمکۆ جارێکیتر ناچێتەوە سەر خوانی مردن، گینگڵ).

هیوادارم ئەم رایەم بەزوڵمکردن لە:

(تریفەی هەڵبەستو کەژاوەی گریانو کاوەی ئاسنگەرو زۆرێك لەشیعرەکانی من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ) نەکەوێتەوە، چونکە ئەو دیوانانە شیعری ناسكو جوانو سەرکەوتوویان تێدایەو ناتوانرێت نکوڵی لەم راستییە

بکرێت، بەڵام لەڕووی نوێکردنەوەوە، ناکامڵن‌و ئێمەش قسەمان لەسەر نوێکردنەوەیە. بەتایبەتی کەئێمە هەنگاوی یەکەممان مەبەستە لەو نوێکردنەوەیەدا.

ڕۆستەم باجەڵان دەڵێت:

((ئێمە نابێ مافی دیوانی پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی -1973-ی ئەنوەر شاکەلی‌و دیوانی خواو شارە بچکۆلەکەمان -1970-ی لەتیف هەڵمەت بخۆین. بەوەی تێکست شاگەواهەو هەقناس دەزانێ ئەم دوو دیوانە نوێبوونەوەیان تێدایە، ئەم نوێبوونەوەیە لەتێکستە ئەدەبییەکانی برادەرانی ڕوانگە نابینرێ))[13].

دیوانی خواو شارە بچکۆلەکەمان لەهەندێك لەشیعرەکانیدا، وەك: (ئەم کوولەکانە ئەشکێنم، لەباوڵێکی کلیل ونبوودا، مردن لەخوێی شەوایە، چوار هەڵبەست، وشە سووتاوەکان، هەڵبەستێکی تازە، پەیکەرێك بۆخۆم ئەتاشم، سێبەری چاوە ژەنگاوییەکان،خواو شارە بچکۆلەکەمان، هەڵەی شوێنپێکان، ئەڵێن خوێ لەدارستانەکانایە، لقی شەو هەتاو ئەگرێ، گەڵای خوێ ئەوەرێ، تارماییەکان ئەتوێنەوە).

بەتایبەتی شیعری (ئەم کوولەکانە ئەشکێنم)کە جگە لەناوەڕۆکێکی یاخی‌و شۆڕشگێڕانە، شێوازێکی نوێ‌و داهێنەرانەی وا بەکارهێنراوە، -بەلای منەوە- تا ئەو کاتە لەئەدەبی کوردییدا بێوێنە بووە.

باجارێ گەشتێکی خێرا بەناو ئەو نووسینانەدا بکەین کەلەسەر خواو شارە بچکۆلەکەمان نووسراون، پاشان دەچینە سەر شیعری (ئەم کوولەکانە ئەشکێنم)و بەدرێژیی قسەی لەسەر دەکەین.

******

لەتیف حامید لە ڕۆژنامەی (التاخی)دا- ساڵی حەفتا- وتوویەتی:

((خواو شارە بچکۆلەکەمان مژدەی لەدایکبوونی شیعرێکی کوردی پێشکوتووی پێیە))[14].

ئەنوەر شاکەلی لەنامەیەکدا کەبەعەرەبی‌و بۆ لەتیف هەڵمەتی نووسیووە (دیارە هەر لەساڵی حەفتادا بووە) دەڵێت:

((... شیعرەکانی خواو شارە بچکۆلەکەمان بەشێوەیەکی گشتی تاکاتی ئێستامان جوانترین شیعری کوردین‌و بەرزترین ئاستییان هەیە))[15].

لەژمارە (29-30)ی هاوکاری ساڵی 1970 دا (وەك لەتیف هەڵمەت دەڵێت) یەکێك لەگرووپی ڕوانگە بەبێ ناو ئەوەی دەربڕیووە کەئەوان، واتە ڕوانگە:

((داوای جۆرە دەقێك دەکەن لەو دەقانەی خواو شارە بچکۆلەکەمان))[16].

کەمال میراودەلی دەڵێت:

((... لەو دیوانەدا تازەییەکی سەیرو نائاسایی لەشیعری کوردییدا دەبینرێ، سەیری هەر ناوی دیوانەکە بکە -خواو شارە بچکۆلەکەمان- ئەوە خۆی لەخۆیدا ناونیشانێکی تازە بوو بۆ ئەوکاتە.. تازەییەکە لەو دیوانەدا لەشێوەو ناوەڕۆکی شیعری کوردییدا وەك خۆر ئاشکرایە))[17].

عەباس عەبدوڵلا یوسف (ب، دۆتمیر) کەباسی قوتابخانەی کفری‌و قوتابخانەی ڕوانگەو قوتابخانەی هەولێر دەکات، دەڵێت:

((بەرهەمی قوتابخانەی کفری بەدەرکەوتنو مێژوو لەپێشترە))[18].

بێگومان یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی گروپی (کفری)ش خواو شارە بچکۆلەکەمان بووە.

نەجات حەمید دەڵێت:

((سەرەتای نوێخوازی پێش ئەو دوو شاعیرە–باسی ئەنوەر مەسیفی و سەباح رەنجدەر دەکات– لەسەردەستی لەتیف هەڵمەت لە–خواو شارە بچکۆلەکەمان–و ئەنوەر شاکەلی لە –پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی– دەستی پێکردووە، کە لەکاتی خۆیدا سەداو دەنگدانەوەیەکی گەورەیان هەبووە))[19]

********

لەتیف هەڵمەت بەم دیوانەی زۆر شتی جەوهەریو گرنگی لەلایەنی هونەریو تەکنیك لەشیعری کوردیدا گۆڕی. ئەم کارەشی تاڕادەیەکی باش لەشیعری (ئەم کوولەکانە ئەشکێنم)دا، بەرجەستەبووە. بۆیە من پێموایە دەکرێت لەنێو تێکڕای ئەو هەوڵانەی لە حەفتاکاندا بۆ نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەدران ئەم شیعرە بەهەنگاوی یەکەم دابنرێت.

لەم شیعرەدا وەکو سەرەتایەکی زۆر باش، شێوازێکی نوێ (لەزمانو ئیقاعو کەرەستەکانی دەربڕین) کراوە بەئامانجی سەرەکیو هەنگاوی جیدی بۆ نراوەو بایەخی گەورە لە ناوەڕۆکی نووسینەوە بۆ شێوازی نووسین گوازراوەتەوە.

ئەم شیعرە قسەکەی (عەبید زاکانی)م بیردێنێتەوە، کەدەڵێن: ((کابرایەك لێی دەپرسێت: قیمە بەقاف بکرێت باشە یان بەغەین؟

ئەویش دەڵێت: کاکی برا لەقافو غەین گەڕێ، قیمە بەگۆشت بکرێت باشە))[20].

## ئەم کوولەکانە ئەشکێنم(21)

ئەمە باوەڕی منە

ئاگرەکەم ناتوێتەوە

تەمەنی من بلێسەیەکی

بێ خۆڵەمێشە

پەرستگاکان ئەڕووخێنم

وشەکانم ئامێتەی رەگی زەوی ئەکەم

شینایی ئاسمان

وەکو چڵی یادگار

لەسەر دڵما ئەشکێنم

ئەمە باوەڕی منە
شەپۆلەکانم وەستانی نییە
کەس لە زبانم تێ ناگات
سێبەری هەنگاوەکان
باخچەی گوڵە
نیگای چاوە ماندووەکانم
بارووتی تۆڵەیە
چی ئەڵێن بڵێن
ئەم شارە کەڕووی نەکردووە
نیوەی زامەکانم
لەشەپۆلی خوێی شەوا
جێ دێڵم بۆ خۆشەویستەکەم
ژیانی من
چاڵی ئاگرو چرۆی پشکۆ ئەگرێ
ئەو نامانەی ناردبووم وەڵامەکانی نەهاتەوە؟
بشێ بای شەو مردبێ
چاوی ڕێبوارەکان وەکو مەرگ
برسێتی تیا شی ئەبێتەوە
هەموو شوێنێ گەڕام
بای شەو خۆی تیا نەشاردبووەوە
ئەمە باوەڕی منە
ئەم کوولەکانە ئەشکێنم
پەنجەرە ژەنگاوییەکان ئەوەرێنم
خۆم ئەخزێنمە مناڵدانی بەهارەوە
لقی خۆر ئەکەم بەشنەی بەستەکانم
بزمارێك ئەکوتمە ئەو تابووتانەی
کەلەژێر شەختەی پارا
چاویان زیتە زیتێتی
لمی ئەم بیابانە کەفاوییە ئەڕژێنمە
گلێنەی ئەو تارماییانەی

که دەرگاکان دائەخەن
کەس شمشێری ئەم کێلانانە
هەڵنەکێشێ
ئەم هێلکانە هیچ هەڵناهێنن
شەپۆلی دەریایەکم وەستان
لێم پرسی بۆ کوێ
وتی نازانم
ئەم ڕۆژژمێرانە بدڕێنن
ئەلبوومەکان بسوتێنن
تاریکایی بخزێننە ئەو شووشانەوە
کەبەتیشکی مناڵەکانتان
دروستی ئەکەن
بیابانی گڵۆڵەی تینوێنتی ڕۆژگار
چپەی ڕەشایی ڕێگاکان
ئەخواتەوە
گەوەی ئازار تێر ناخوات
دەسا سیخەکانتان ساودەن
وشەکانم گوڵە گەنمێکی ون بووە
منداڵەکان لەلوولەی خەما
بۆی ئەگەڕێن
بەو کۆترەم وت کەلەسەر
منارەی مزگەوتێکی وێرانا
شاباڵەکانی رائەوەشاند
چیت پێیە؟
وتی: لقێك بەفر
ئەم بەندەرە گەلێك تاریکە
ناونیشانەکەیم بۆ ناخوێنرێتەوە
دوێنێ منداڵێك لەسەر سەربانەکەمانا
رای ئەکرد
ئەو شەمەنەفەرەم بیرکەوتەوە

که خلیسکایه رووبارەکەوە
رۆڵە تۆ بۆ ئەوەندە لاساری؟
چەندت پێ ئەڵێم وێنە لەزقوم دروست مەکە
فیکە لەکچی هاوسێکەمان مەکێشە
لەکاتێکا جوتیارێکی برسی کورد
باراشی بۆ ماڵی ئاغا ئەهاڕی
ماوتسی تۆنگ ئامۆژگاری
سەربازەکانی ئەکرد
–دوا هەواڵ لەم دەنگو باسە–
هاتوچۆکردن قەدەغەیە
بۆ ئەوانەی
سەیری دیوارەکان ئەکەن
ئەو نامەیە مەخە پۆستەوە
ناونیشانەکەی هەڵەی تیایە
من شەیدایەکم سەودای دڵم
ئاوسی چەن پیتێکی بێ ڕەنگە
گیانە دوێنێ وتم:
مەمکی خۆشەویستەکەم دەریای زێڕە
چاوی خۆشەویستەکەم کانگای زیوە
لەشی خۆشەویستەکەم چاوگەی ڕووناکییە
گوێم لەپێکەنینێ بوو
لەپشت هەردەی شەوەوە
شێوەی کەسم نەدی
بەڵام دەنگەکەم ناسییەوە
زامی بارانەکان
وەك دەمی مردوو خەمناکە
با شوێن پێکانمان
لەم هەورازانەدا
بکەین بەیادگار
خوای شادی لەکوێیە؟

زەویەکەی من بەسەر شانمەوە نوقمی تەمە
تاساوی چنگی دڕندەی میوانەکانمانە
ئەو مناڵەی لەشارە سووتاوەکە جێمابوو
وتی:
—دایە گۆرانییەکەم لەباوڵەکەمانا
شاردۆتەوە
بیدەرە کۆرپەکەی کۆشت
لەبەردەرگای شادا پاسەوان بووم
ئەوەی ئەهات لەملیم ئەدا
کە لام کردەوە هەرچیم کوشتبوو
شێوەی وەکو خۆم وابوو
دووبارە شمشێرەکەم ساودایەوە
دایە بە برا بچکۆلەکانم بڵێ:
بووکەشووشەکانیان پەراش کەن
بتەکانیان
هەپروون هەپروون کەن
ئەندێشەکانیان
لەژێر سەرینەکانیانا حەشاردەن
با سامۆتکەی شەو
نەیدزێ
خوێنی کوژراوەکان بانگم ئەکات
بۆ ئەوەی
وێنەیەکی پێ بکێشم
لەسەر توورەیی پەنجەرەکەمانا
ئەم گۆزە پڕ لەخۆڵانە
زیندە بەچاڵ ئەکەم
ئەم کووپە سوورانە ئەشکێنم
ئەشێ ئەم بەردانە یادگاری خوابن
—بەستەی تۆڵە وەکو خوێن سوورە

بەستەی تۆڵە بەزەیی بەزۆردارا نایەتەوە ـ

ئەوە چەن وشەیەك بوو

ئەو منالآنە ئەیان نووسی

کەهێشتا لەدایك نەبوونە

بۆ ئەوەی بیکەن

بەلافیتەی خۆ پیشاندانەکەی سبەینێ

با ئەم نەخشانە لەدرزی پیتەکانمانا بشارینەوە

بروسکەی ئەم هەورانە شتێکی تازەی تیایە

ئەی منالە چاو پڕ لەچاوەنواڕیو

خۆشەویستییەکان

بڕۆن لەشەقامو بازاڕەکانا هاوار بکەن

لەسەر درەختی رێگاکانا بنووسن

–دایە دەرگاکان بکەرەوە

تەرمی تاریکی ببینە

لەژێر پێی تەمەنمانا–

–دایە دەرگاکان بکەرەوە

وا باوکم ئەگەڕێتەوە

باوەشی ماندووی

پڕە لە شالقی هەتاو

***

ئەم شیعرە لەگەڵ خۆیدا مژدەی لەدایکبوونێکی نوێی هێنا، خۆی لەخۆیدا بانگەوازی یاخیبوون بوو، یاخیبوونێك کە لەشیعرەکانی دیکەی ئەو کاتەدا بەم جۆرە نەبووە.

لەم شیعرەدا یاخیبوونەکە لە (زمانو ئیقاعو کەرەستەی دەربڕینو فۆرمی کۆن)دا بوو، یاخیبوونەکە یاخیبوون بوو لەکۆتو پێوەندەکانی دەنگ:

(ئەم کوولەمانە ئەشکێنم)

شاعیر وەك ئەوەی خۆی بەبیلالی حەبەشی زانبێتو شێوازەکانی نووسینی ئەوکاتەشی وەك کوولەکە بینیبێت، وایە.

ئەی کوولەکە بۆ ماوەیەك دەنگی بیلالی حەبەشی نەخنکاند؟!

رۆژانێك بانگەوازی ئایینی نوێی لەنێو خۆیدا نەشاردەوە؟!

شاعیر کوولەکەکان دەشکێنێت بۆئەوەی دەنگ ئازاد بکات، ئازادکردنی دەنگیش دەکاتە خاڵی دەستپێکردن بۆ ئازادکردنی (بیر)و (روانین).

(پەرەستگاکان ئەڕوخێنم)

(پەنجەرە ژەنگاوییەکان ئەوەرێنم)

لەتیف هەڵمەت کەئەم بڕیارانە دەدات دەشزانێت هەروا بەئاسانی پەیامەکەی بۆ ناگەیەنرێتە جێگای خۆی، دەشزانێت کۆنە خوازەکان لەبەردەمیدا قووت دەبنەوە.

((... هەندێك کەس جیاوازییان لەگەڵ خەڵکی تردا ئەوەیە چاوو گوێی تریان هەیە، شتگەلێکی پێدەبینن و پێدەبیستن کەخەڵکی ئاسایی بێبەشن لێی..

هەر ئەم شتەشە مرۆڤی بەرەو تاقیکردنەوەی ئایین پەلکێشکردووە))[22].

ئەم قسەیە سەبارەت بەپێغەمبەران کراوە، بەڵام بۆ شاعیرە داهێنەرەکانیش هەر راستە. ئەوەتا لەتیف هەڵمەت وەك چۆن دەنگێك لەناخەوە هانی دەدات بۆ ئەوەی شۆڕشێکی شیعریی بەرپا بکات، هەر هەمان دەنگ ئاگاداریشی دەکاتەوە کەئیشەکە ئاسان نییە. ئەم دەنگە دەیخاتە گێژاوێکی دەروونییەوە (ئەم گیژاوە پێغەمبەرەکانیش پێیدا تێپەڕدەبن). لەم گێژاوە دەروونییەدا دوو جەمسەری دژ بەیەك هەن کەئەوانیش (هیوا)و (ترس)ن. لەحاڵەتی ئاگاییدا بەهەر خۆماندووکردنێك بێت، شاعیر ترسەکە دەشارێتەوەو هیواکە پێشان دەدات. بەڵام ترسەکەش هەروا دەستەوەستان نابێت، ئەویش لەهەلێك دەگەڕێت لەبەرامبەر دوژمنەکەیدا کە–هیوایە– راستبێتەوەو رێگریی لێبکات.

باشترین هەلیش بۆ ترس حاڵەتی نائاگاییە، ئەوەتا لەغەفڵەتگرێکدا ئەگەرچی بەشێوەیەکی تەماوییە بەڵام خۆی دەردەخات:

(کەس لەزبانم تێ ناگات)

ئەم رستەیە تەعبیرە لەو چرکەساتە کەشاعیر تیایدا هەست بەنائومێدی دەکات.پێموایە ئەگەر پاڵەپەستۆی هیوا نەبوایەو شاعیر نەیویستایە ترسەکە بشارێتەوە، ئەم رستەیە بەجۆرێکیتر دەبوو، دوور نەبوو بەم جۆرە بوایە:

(خەڵك بەردە بارانم دەکەن).

ئەم گێژاوی هیواو ترسە هەموو ئەو شاعیرانەی تێدەکەون کەبیر لەیاخیبوون و شۆڕشی نوێکردنەوە، دەکەنەوە.

ئەوانیش دەبن بەدوو گروپەوە:

<u>گروپی یەکەم</u>: ئەوشاعیرانەن کەترسەکەیان بەهێزترەو خۆشیان لەگەڵ هیواکەیاندا دەمرن و ئیشەکەیان هەتیو دەکەوێت.

<u>گروپی دووەم</u>: ئەو شاعیرانەن کەهیواکەیان بەسەر ترسەکەیاندا زاڵ دەبێت و شاعیرو ئیشەکەشی نەمر دەبن.

لەتیف هەڵمەت دەكەوێتە نێو گروپی دووەمەوەو وەك دەبینین لەسەرتاپای شیعرەكەدا یەك جار ترسەكە سەر بەرز دەكاتەوە. بەڵام لەچەند شوێنێكدا تەحەدای دەكرێت، تەحەداكردنەكە جۆرێكیشە لەخۆدڵنیاكردنەوە:

(ئاگرەكەم ناتوێتەوە)

(وشەكانم ئاوێتەی رەگی زەی ئەكەم)

(شەپۆلەكانم وەستانی نییە).

## ئیقاع

ئەگەر ((لەئەمریكا –واڵت وایتمان–و لەئەوروپا –بۆدلێر–و لای عەرەب –ئونسی ئەلحاجو ئەدۆنیس– بۆ یەكەمجار دیواری نێوان شیعرو پەخشانیان روخاندبێت...)).[23]

لای ئێمە لەتیف هەڵمەت ئەم هەنگاوەی ناوەو ئەم دیوارەی رووخاندووە.

كەمال میراودەلی دەڵێت:

((...ئاشكرایە ئەم شیعرانە –مەبەست لەچەند شیعرێكی خواو شارە بچكۆلەكەمان–ە بۆ یەكەمجار بەشێوەیەكی بەهێز شیعری پەخشان، شیعری ئازادی رەها... لەئەدەبی كوردیدا.............. دەكەن))[24]

لەم شیعرەدا وەك سەرەتایەكی زۆر باش و بە شێوازێكی نوێ كێشو سەروا تەلاق دراون بێئەوەی ماڵی شیعر بشێوێت، كێشو سەروا تەلاق دراون بێئەوەی منالەكانی رستەو ئیقاع سەرگەردان بن.

لەم شیعرەدا وەك سەرەتایەكی باش و بەشێوەیەكی نوێ و پێشكەوتووانە بایەخ بەئیقاعی دەروونی دراوە.

ئیقاعی دەروونی كەخۆی بەكێشی دیاریكراوەوە نابەستێتەوە لەلاوكو حەیراندا هەبووە بەڵام سوودی لێنەبینراوە، بەڵكو وەكو كەمال میراودەلی دەڵێت: ((لەرێگەی شیعری عەرەبییەوە بەتایبەتی تەیاری –شیعر69–ی فازڵ عەزاویو ئەوان))[25]ەوە هاتووە.

لەتیف هەڵمەت خۆشی دان بەوەدا دەنێت كەگروپی كفری بەگشتی تارادەیەكی باش سودیان لەبەیاننامەی (شیعر69) و گۆڤاری (شیعر69) بینیووە.

دەربارەی خودی خۆشی، بەتایبەت ئەم شیعرەی ئێمە باسی دەكەین –ئەم كوولەكانە ئەشكێنم– دەڵێت: ((لەژێر كارتێكەری قەسیدەی –هڏا هو اسمی– ئەدۆنیس دایە))[26].

ئیقاعی دەروونی بۆ ئەوكاتەی لەتیف هەڵەت ئەم شیعرەی تێدا نووسیووەو بەم شێوە سەركەوتووە، داهێنانێكی چاك بووە.

تەنانەت شاعیرێكی گەورەی وەكو (شێركۆ بێكەس)تا سەروەختێكی درەنگ لەم روەوە هیچ هەوڵ و كۆششێكی نەبووە، شیعرەكانی تادەگەن بە(ئافات) تێكرِا ئیقاعی دیاریكراویان هەیەو كێشیان تێدا بەكارهێنراوە[27].

راسته کێشەکان جۆراو جۆرن‌و جێگۆڕکێیان پێکراوەو هەندێکجار لەیەك شیعردا چەن کێشێك بەکارهێنراوە (وەك لەهەندێك چیرۆکە شیعرەکانی –ڕووبار–دا، دەبینرێت) بەڵام وازیان لێنەهێنراوەو شاعیر نەیتوانیووە بۆیەکجاری دەسبەرداری کێشەکان ببێت .

ئەگەرچی کەمال میراودەلی دەڵێت:((لەتیف لەو هەوڵە سەرەتاییەیدا تەنیا نەبووە بەڵکو ئەنوەر شاکەلی ئەوسا –فەرهاد شاکەلی– ئێستا، لەم هەوڵەدا هاوڕێو هاودەمی بوو))(28).

بەڵام من لەم بۆچوونەیدا لەگەڵی نیم‌و بڕاوم بەوە هەیە کەشیعرەکانی ئەنوەر شاکەلی لەگەڵ هەموو جوانی‌و یاخیبوون‌و نوێگەرییەکیاندا، ناچنە خانەی شیعری پەخشانەوە، چونکە جگە لەسەروا (کێش)ی دیاریکراویشیان تێدا بەکارهێنراوە.

سەروا کەمتر شاعیرانی سەرقاڵکردووە، بەڵام (کێش) ئەوەندەی من ئاگام لێبێت لەنێو شاعیری حەفتاکاندا، دوای لەتیف هەڵمەت کەسی دووەم –عەباس عەبدوڵڵا یوسف –ە کەخۆی پێوە پابەند نەکردبێت، وەك لەنامیلکەی (ئاو)دا، دەبینرێت کەچوار ساڵ دوای (خواو شارە بچکۆلەکەمان) واتە لەساڵی 1974دا، بڵاوکراوەتەوە.

## یەکێتی بابەت

لایەنێکی دی کەلەم شیعرەدا سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە (یەکێتی بابەت) یان (زنجیرەیی باس) بەو شێوە تەقلیدییەی کەهەبووە پەیڕەو نەکراوە.

ئەمە تاڕادەیەك لەشیعرەکانی ئەنوەر شاکەلیشدا دەبینرێت.

وەك دەزانرێت ئەم یەکێتیی بابەتە دوای شیعری کلاسیك کرا بەمەرجێك‌و دەبوو رەچاو بکرێت، بەڵام لەم شیعرەدا رەچاو نەکراوە، بەمەش ئازادییەکی زیاترو فەزایەکی فراوانتر بەشیعرەکە بەخشراوە.

تەنانەت لەهەندێك جێگادا خوێنەر واهەست دەکات کەپەیوەندیی لەنێوان رستەو کۆپلەکاندا نییە. بەڵام لەڕاستیدا لەناوەوە یەکێتییەکی نادیار کۆیان دەکاتەوە. یەکێتییەك کە پێش ئەم بەرهەمە لە (هەیکەل)ی شیعردا بەرجەستە دەکرا، بەڵام لەم بەرهەمەدا لە (رۆح)ی شیعرەکەدا جێگیرە.

ئەم پەڕینەوەیە لەهەیکەلەوە بۆ رۆح ئێستا بووە بەشتێکی زۆر باو، بەڵام بۆ (28) ساڵ پێش ئێستا وردەکارییەکی گرنگ بووە.

## خەیاڵ

لەتیف هەڵمەت لەم شیعرەدا کۆمەڵێك موغامەراتی جوانی بەرجەستەکردووە، کەتەنها خەیاڵی شاعیرانەی داهێنەرانە پەی بەو شتانە دەبات.

شوبنهاوەر دەڵێت: ((خەیاڵ یەکێکە لەو کەرەستانەی کەهەرگیز هونەرمەند لێی تێرنابێت، چونکە ئەگەر بەیارمەتی خەیاڵ نەبێت هونەرمەند ناتوانێت تێڕوانینی خۆی بۆ شتو روداوەکان لەوێنەی بەهێزو زیندوودا گەڵاڵەبکات))[29].

ئەگەر وەکو (سەلامە موسا)ش دەڵێت:

لەژیانی رۆژانەدا ((خۆشەویستی ژیانی ژیان بێت))[30]

ئەوا دەشێت بڵێین لەدنیای ئەدەبدا (خەیاڵ رۆحی رۆحە).

لەتیف هەڵمەت لەم شیعرەدا نەك هەر خەیاڵی شاعیرانەی پێشکەشکردووین، بەڵکو خەیاڵی تەقاندۆتەوە.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە لەکاتێکدا ئەم پرۆسەی خەیاڵ تەقاندنەوەیە ئەنجامدراوە کەهێشتا زۆربەی هەرە زۆری خوێندەوارانی کورد شیعریان بەسوخرەکێشی سیاسەت زانیووە، کەهێشتا هەر شیعرێك حەماسەت بزوێن بووبێت بەشیعری سەرکەوتوو لەقەڵەم دراوە.

بابزانین لەتیف هەڵمەت چیکردووە:

ئەگەر (کیتس) ویستوویەتی ناوی خۆی لەسەر ئاو بنووسێ[31].

لەتیف هەڵمەت شینایی ئاسمانی شکاندووە:

(شینایی ئاسمان

وەکو چڵی یادگار

لەسەر دڵما ئەشکێنم)

شینایی ئاسمان هەزاران هەزار ساڵە ئەو بانەی لێگرتووین، لەبەرئەوە چواندنی بەیادگار زۆر شاعیرانەیە.

***

ئەگەر (سوهراب) ئاوی بەبیرەوەری دەریا زانیووە[32].

لەتیف هەڵمەت بەردی بەیادگاری خوا داناوە:

(ئەشێ ئەم بەردانە یادگاری خوابن).

بەڵام ئاخۆ هۆی چی بێت ئەم یادگارانە لەم وڵاتەی ئێمەدا زۆرن؟!

***

ئەگەر (شێرکۆ بێکەس) لەکازیوەدا (فورات)ی فێری کۆکەکۆك کردبێت[33].

لەتیف هەڵمەت (8) ساڵ پێشتر شەپۆلی دەریای وەستاندووەو فێری پرسیارو وەڵامی کردووە:

(شەپۆلی دەریایەکم وەستان

لێم پرسی بۆکوێ

وتی نازانم).

وێنەیەکی چەند پڕ لەجوولەو ئیجا بەخشو شاعیرانەیە، ئیجای بێهودەیی دەبەخشێت.

ئەدی گەورەترین مەرگەساتی ئێمە لەوەدا نییە کەنازانین بۆ کوێ دەچین؟!

*******

ئەگەر (محەمەد عومەر عوسمان) لەدیوانی (لەغوربەتا)دا.

سەری خۆی کردووە بەدەفتەرو ساڵان بەتاڵی سپی یادیان تیا نووسیوەتەوە[34].

لەتیف هەڵمەت (15) ساڵ پێشتر.

هەورازەکانی کردووە بەدەفتەرو بە (شوێن پێ) یادگاری تێدا تۆمارکردوون:

(باشوێن پێکانمان

لەم هەورازانەدا

بکەین بەیادگار).

بۆچی شوێن پێ؟! لەوانەیە لەبەر ئەوەبێت دەستمان کۆتبەندکراوە.

***

ئەگەر (بەختیار عەلی) لەگوناهو کەرنەڤاڵدا:

دەستەسڕی بەنێو چاوانی (با)وە، بەستووە[35].

لەتیف هەڵمەت (21) ساڵ پێشتر:

چۆتە ناو بارانەوەو زامە خەمناکەکانیانی دۆزیوەتەوە:

(زامی بارانەکان

وەك دەمی مردوو خەمناکە).

زۆر جار کەباران دەبارێتو ئاوێزانی خۆڵ دەبێت، بۆنێکی غەریب پەیدا دەبێت.

تۆبڵێی باران لەتاو زامەکانی بێت ئەو بۆنە دەربدات؟!

تۆبڵێی خۆڵ (دیتۆڵ)ی برینەکانی باران بێت؟!

## زمان

لەم شیعرەدا هەنگاو بەرەو زمانێکی نوێ نراوە، پەیوەندی نوێ لەنێوان وشەکاندا دروستکراوەو گیانی تازەیان پێبەخشراوە.

باتەماشای ئەم تەعبیرانە بکەین:

(تەرمی تاریکی) باشە تاریکی دەستی لێدەدرێت، تاوەکو تەرمی هەبێت؟!

ئایا ئەمە بەگیانلەبەرکردنی شتە بێگیانەکان نییە؟!

ئەی (شالقی هەتاو) بەدرەختکردنی هەتاو ناگەیەنێت؟!

(چڵی یادگار) ئایا ئەمە دەستگیرکردنی شتێکی نابەرجەستە نییە بەشتێکی بەرجەستە؟!

(چپەی رەشایی) ئاخۆ رەشایی هەر لەخۆیەوە لەچپە ناچێت؟!

بازیاتر ورد بینەوە:

(چپە)– (نابینرێت)، بۆن ناکرێت، تام ناکرێت، دەستی لێنادرێت، بەڵام (دەبیسترێت).

(رەشایی)– (نابیسترێت) بۆن ناکرێت، تام ناکرێت، دەستی لێنادرێت، بەڵام (دەبینرێت).

ئاخۆ ئەمە خەیاڵێکی جوان نییە شاعیرێك بیری لەوە کردۆتەوە هەستەکان بنێرێتە هانای یەکەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر بەیەکێکیان نەکرا بەدووانیان شتێکی نوێی بۆ دەستگیربکەن؟!

ئەی (زامی باران) بەمرۆڤکردنی باران ناگەیەنێت؟!

ئاخۆ پێش لەتیف هەڵمەت ئەم تەعبیرانە بەکارهێنراون:

(چڵی ئاگر، چرۆی پشکۆ، لقی بەفر، لوولەی خەم، سێبەری هەنگاو، گڵێنەی تارمایی، تینوێتی رۆژگار، هەردەی شەو، پێی تەمەن، درزی پیت، باوەشی ماندوو...).. هتد.

## وێنە

ئەم شیعرە کۆمەڵێك وێنەی شیعریی ناسکو پڕ جووڵەو هەستبزوێنی تێدایە، کەتارادەیەکی باش نوێگەریی‌و هونەرمەندییان تێدا دەبینرێت:

بەو کۆترەم وت کەلەسەر
منارەی مزگەوتێکی وێرانا
شاباڵەکانی رائەوەشان
چیت پێیە؟
وتی لقێك بەفر.

ئەگەر((دوای تەواوبوونی لافاوەکەی نوح باڵندەیەك –وەك رەمزی رزگاربوون– چڵە زەیتونێکی هێنابێ..))(36)

لای لەتیف هەڵمەت دوای وێرانبوونی مزگەوتەکە، کۆترێك (وەك نیشانەی ئومێد) لقە بەفرێکی هێناوە.

ئەم وێنەیە دەشێت بکرێتە سێ بەشەوە: لەبەشی یەکەمدا وەك تابلۆیەکی شێوەکاری خۆی دەنوێنێت (مزگەوتێکی ویران کۆترێك بەسەر منارەکەیەوە هەڵنیشتووە).

لەبەشی دووەمدا لەوێنەیەکی سینەمایی دەچێت، جووڵەیەکی جوانو ئومێد بەخشی خراوەتە سەر، کە لەهونەری شێوەکاریدا بەرجەستەکردنی گرانە.

(کۆترەکە شاباڵ رادەوەشێنێ).

لەبەشی سێیەمدا دەبێتە وێنەیەکی شیعریی پەتی، شتێکی دەخرێتە سەر کە مەگەر هەر لەجیهانی ئەفسوناوی شیعردا پەی بەشتی ئاوها ببرێت:

(کۆترەکە لقێك بەفری پێیە).

***

(مەمکی خۆشەویستەکەم دەریای زێڕە

چاوی خۆشەویستەکەم کانگای زیوە

لەشی خۆشەویستەکەم چاوگەی روناکییە).

لەم وێنەیەدا ئەگەرچی وەك هونەری رەوانبێژی تەنها لێکچواندن (تشبیه) دەبینرێت، ئەگەرچی زۆر ساکار دێتە بەرچاو، بەڵام لەڕاستیدا وێنەیەکی جوانە. نیشتمانێك لەشێوەی ئافرەتێکدا خۆی دەنوێنێت، لەشی دنیایەکە لەڕووناکی، مەمکی دوو دەریایە لەزێڕ، چاوی کانگای زیوە، ئاخۆ ئەگەر هونەرمەندێکی شێوەکار ئەم وێنەیە بکات بەتابلۆ چی بریسکو باسکێك دەخولقێنێت..؟!

***

(زەوییەکەی من بەسەر شانمەوە نوقمی تەمە).

وێنەیەکی چەند دڵکێشە (مرۆڤێك–میللەتێك)، (زەوییەکەی–نیشتمانەکەی)بەسەر شانییەوە هەڵگرتبێتو لە تەما نقووم بووبێت.

ئەم وێنە شیعرییە گوزارشتێکی هونەرمەندایە لەمەرگەساتی ئێمە بەدەست زەوییەکەمانەوەو هەروەها لەمەرگەساتی زەوییەکەشمان بەدەست ئێمەوە.

کەس وەك ئێمە هەست بەقورسایی زەوییەکەی خۆی ناکات، (زۆر جوانی بۆ چووە کەدەڵێت بەسەر شانمەوە)، بەڵام لەڕاستیدا هۆی مەرگەساتی خۆمانو نقوومبوونی زەوییەکەشمان لەتەمدا، هەر بۆخۆمان دەگەڕێتەوە.

***

دایە دەرگاکان بکەنەوە

واباوکم ئەگەڕێتەوە

باوەشی ماندووی

پڕە لەشالقی هەتاو

ئەم وێنەیە کەدوا کۆپلەی شیعرەکەیە، لەنمایشێکی شانۆی برێختی دەچێت، شاعیر وەك دەرهێنەرێك کەدەیەوێت بینەرانیش بەشداری شانۆییەکەی بکەن، زەمینە بۆ (رووداوێك–وێنەیەکی شیعری پڕ جووڵە) خۆشدەکات. بەڵام پێش روودانو رسکانی، بۆ ناو مێشکی خوێنەری دەگوازێتەوە.

لەشیعرەکەدا: دەرگاکان داخراون، کوڕو دایکێك چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکێکن، کەبەدووی هەتاودا وێڵو ماندووە.

لەناو مێشکی خوێنەردا: دایك (دوای ئەوەی لەشیعرەکەدا مژدەی هاتنەوەی باوك لەکوڕەکەی دەبیستێت). دەرگاکان دەکاتەوە.

باوك دێتە ژوورەوەو بە (شالقی هەتاو) کۆتایی بە چاوەڕوانیی دایكو کوڕەکە دەهێنێت.

هەتاو ژووە بێنازەکەیان لەخەو هەڵدەستێنێت..!!

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

1.لەتیف هەڵمەت. لەکفرییەوە بۆ کۆتاییەکان. گۆڤاری (مامۆستای کورد) ژمارە (30–31)، ل15.

2.فەرهاد شاکەلی.پرۆژەی ئاشکرای کودەتایەك. گۆڤاری (رامان) ژمارە (42) ساڵی 1999، ل223.

3.ئەنوەر شاکەلی. پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی.( بەغداد:دار الجاحڤ 1973)، ل5.

4.کەمال میراودەلی .لەتیف هەڵمەت وەك دیاردەیەکی شیعری نوێ. رۆژنامەی (هەتاوی ئەدەبی)، ژمارە (4،5) ساڵی1996.

5.احلام مستغانمی. ژاکیره الجسد، الگبعه الپامنه عشره. (لبنان: منشورات احلام مستغانمی2003)، ص169.

6–ئەنوەر مەسیفی جاریکی تر خۆربارن. (بەغداد:1984)، ل5.

7–هەندێ شاعیری حەفتاکان هەن پێموایە ناکرێت باسی ئەو سەردەمە بکرێتو باز بەسەر ناوی ئەواندا بدرێت، لەوانە:

(سەلاح شوان، ئەنوەر قادر، رفیق سابیر، سەلام محەمەد، محەمەدی حەمە باقی، سەعدوڵلا پەرۆش، عەبدوڵلا عەباس، سامی شۆڕش، نەوزاد رەفعەت، عەباس عەبدوڵلا یوسفو هەندێ ناوی دیکەش...). بەتایبەتی (ئەنوەر قادرو رەفیق سابیر) کە بێگومان (زریان)ەکەی ئەنوەر قادر یەکێك لەجوانترین دیوانەکانی شیعری

کوردییەو من وەکو خۆم ئەوەندە ئەو دیوانەم خۆشدەوێت کەناوی کوڕە گەورەکەی خۆمم بەناوی ئەو دیوانەوە ناوناوە. رەفیق سابیریش لەوکاتەوە تائێستا لەبەخششی گەورەو بەردەوام دایەو بەبڕوای من یەکێکە لەشاعیرە هەرە گەورەو بەدەسەڵاتەکانی شیعری کوردی.

بەڵام ئەم شاعیرانە (مەبەستم ئەو -10- کەسەیە کەناوم بردن) هەندێکیان دوای ساڵی حەفتا یان بابڵێم دوای (خواو شارە بچکۆلەکەمان) دەستیان بەنووسین‌و بڵاوکردنەوە کردووە، هەندێکیشیان ئەگەرچی زووتر بەرهەمیان هەبووە، بەڵام لەو مێژووە بەدواوە توانیویانە بوونی خۆیان بسەلمێنن، لەبەرئەوە نەکەوتنە نێو بازنەی ئەم باسەوە، داوای لێبوردنیان لێدەکەم.

8-محەمەد باوەکر.لەپەراوێزی پرۆژەی هەشتاکاندا، گۆڤاری (رامان) ژمارە (21)ساڵی 998، ل212.

9-د.محەمەد بەکر محەمەد.پەخشانە شیعری کوردی: تەکنۆ-سیمانتیکی گوتاری شیعری.گۆڤاری(رامان) ژمارە(21)ساڵی998، ل8.

10-لەتیف هەڵمەت. لە(کفری)یەوە بۆ کۆتاییەکان. گۆڤاری (مامۆستای کورد) ژمارە (30-31)، ل18.

11-لەشیعری (شایی شەهید)ی شێرکۆ بێکەس خۆیەوە، وەرگیراوە.

12-بڕوانە: برکە الخیال الالهامیە و عفویە الحدپ الشعری عند الشاعر الکردی (شیرکو بیکەس). بقلم صالح العیاری. مجلە (پەیڤین) عدد (3)سنە 998، ص201

13-لە (کفری)یەوە بۆ کۆتاییەکان، ل17.

14-لگیف حامد البرزنجی. مستلزمات الپورە و التجدید فی الشعر الکردی المعاصر.جریدە (التێخی) العدد (؟)سنە 1970.

15- لە (کفری)یەوە بۆ کۆتاییەکان، ل14.

16-هەمان سەرچاوە، ل15.

17-کەماڵ میراودەلی .لەتیف هەڵمەت وەك دیاردەیەکی شیعری نوێ: سەرنجێك لەخواو شارە بچکۆلەکەمان. گۆڤاری (هەتاوی ئەدەبی) ژمارە (4-5) ساڵی1996.

18-لە (کفری)یەوە بۆ کۆتاییەکان، ل18.

19-نەجات حەمید ئەحمەد.چەند سەرنجێکی ئەدەبی‌و زەقبوونەوەی خود لەناو وەهمێکدا پاشکۆی (ئەدەب‌و هونەری برایەتی) ژمارە(45)ساڵی 1997

20-تاشکۆفەی سووری کراسێك. کۆمەڵە شیعرێکی ئەحمەد شاملو.وەرگێڕانی ناسر حسامی.ساڵی(؟)، ل11.

21-ئەم شیعرە ئەگەرچی وەکو کەماڵ میراودەلی دەڵێت:

((هەر لەو کاتەدا -مەبەست لەساڵی حەفتایە- دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، لەبەر نائاسایی ناونیشان‌و ناوەڕۆك‌و بیرەکانی، لەبەر ئەو یاخیبوونەی تێیدایە))،کەچی ئەوەندەی من ئاگادارم، جگە لەکەماڵ میراودەلی کەس لەسەر ئەم شیعرەی نەنووسیووە. (میراودەلی)ش تیژتێپەڕانەو لەمیانەی نووسینێکدا کەسەرنجێکە

لەگشت دیوانەکە، ئەم چەند دێڕەی تۆمار کردووە: ((ئەم کوولەکانە ئەشکێنم– هەر ناونیشانەکە ریتمێکی سەیرو یاخیانەی هەبوو، بەڕواڵەت کوولەکە بۆ؟ کوولەکەی هەژار چی کردووە؟ بەناوەڕۆك کوولەکە رەمزی بیچمی زۆر شتی ناشیرینە، هەر خۆی پەیامەکە پەیامی یاخیبوونە، زمانێکی تازەی یاخیبوونێکی شیرین‌و شێتانەیە...ئەم یاخیبوونە، ئەم شوورەییە، ئەم رەفزە بۆ باوو وەستاوو چەقیوو مەییوو مردو و تابوتاوییە. لەگەڵ گەشەی شیعریدا گەشە دەکاو هەمیشە روخسارێکی بەهێزو گەشی لەتیف–ی دیاردەیە)). بڕوانەگۆڤاری(هەتاوی ئەدەبی) ژمارە(4–5)ساڵی 1996.

22–وحیدالدین خان .الدین فی مواجهه العلم. ترجمه: ڤفر الاسلام خان.سنه(؟)، ص113.

23–بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:

یەکەم: حەمە سەعید حەسەن. گەڕان لەدووی خود. گۆڤاری (رامان) ژمارە(21)ساڵی 1998، ل12.

دووەم: سامی مهدی. افق الحداپە و حداپە النمگ.(بغداد: 1988)ص85.

24–کەمال میراودەلی .لەتیف هەڵمەت وەك دیاردەیەکی شیعری نویٚ...گۆڤاری(هەتاوی ئەدەبی) ژمارە(4–5)، ساڵی 1996.

تێبینی:

ئەوەندەی من ئاگادارېم پێش لەتیف هەڵمەت (کامەران موکری) لەشیعری (لەدایکبوونی ئینسانێك)دا، کە لە رۆژنامەی(ژین)ی ژمارە (1215)ی ساڵی1954 دا بڵاوکراوەتەوە، هەوڵێکی سادەو سارەتایی داوە بۆ رووخاندنی دیواری نێوان شیعرو پەخشان، بەڵام نەیتوانیوە ئەم کارە بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدات، هەر ئەم شیعرە بووەو ئیتر نەچۆتەوە سەری، تەنانەت بەبەڵگەی ئەوەی ئەم شیعرەی لەدیوانەکانیدا چاپ نەکردووە لێشی پەشیمان بۆتەوە.

هەروەها وەك لەتیف هەڵمەت دەڵێت: ((–برایم ئەحمەدو نوری وەشتی–ش لەسەردەمی خۆیاندا هەندیٚ تاقیکردنەوەیان لەبواری شیعری سەربەستدا هەیەو دەست پێشخەرییان کردووە، ئەگەر خۆیان ئەو تاقیکردنەوانە بەشیعر بزانن)).

بەهەرحاڵ دەتوانین بڵێین، لەتیف هەڵمەت یەکەمین شاعیری کوردە کەبەم شێوە پێشکەوتووەو لەدیوانێکدا ئەم تاقیکردنەوەیەی بەئەنجام گەیاندووە. لای لەتیف هەڵمەت تاقیکردنەوەکە کامڵ بووە، هەروەك لەئەدەبی (عەرەبی)شدا پێش (ئونسی ئەلحاج و ئەدۆنیس) ئەمین رەیحانی‌و جوبران خەلیل جوبران هەوڵیان لەو بوارەدا هەبووە، بەڵام لای (ئونسی ئەلحاج و ئەدۆنیس) تاقیکردنەوەکە خەملیووە. بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:

یەکەم : د.علی جواد گاهر.نحو الشعر الحر (بغداد:سنه 1997).

دووەم: سامی مهدی.افق الحداپە و حداپە النمگ( بغداد: 1998).

25–کەمال میراودەلی .لەتیف هەڵمەت وەك دیاردەیەکی... گۆڤاری (هەتاوی ئەدەبی) ژمارە(4–5)ساڵی 1996.

26–چاوپێکەوتن. لەتیف هەڵمەت. گۆڤاری (رامان) ژمارە(3)ساڵی(1996)، ل36.
27–بڕوانە:چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرکۆ بێکەس. گۆڤاری (خاك) ژمارە (15)، ساڵی 1998.
28–لەتیف هەڵمەت وەك دیاردەیەکی.... هەتاوی ئەدەبی (4–5).
29–محمدرچا مبارك . اللغه الشعريه فى الخكاب النقد العربى.. (بغداد: 1993) ص165.
30–سلامه موسى .احاديپ الى الشباب .سنه (؟)ص 190.
31–بڕوانە:چاوپیکەوتن. محەمەد عومەر عوسمان.گۆڤاری (رامان) ژمارە(3) ساڵی(1996)، ل40.
32–سوهراب سپیهری.دەنگی پێی ئاو.وەرگێڕانی: رێبوار سیوەیلی.ساڵی(؟).
33–شێرکۆ بێکەس.کازیوە( سلێمانی: 1978)، ل40.
34–محەمەد عومەر عوسمان.لەغوربەتا( سلێمانی: 1985)، ل40.
35– بەختیار عەلی .گوناه و کەرنەڤاڵ (سلێمانی: 1991)، ل27.
36–أ.گەریۆفسکی.نهێنی کۆنترین میژوو.وەرگێڕانی: جەلال تەقی (سلێمانی: 1980)، ل20.

# گەڕان بەدوای شیعر و جیاوازییدا

## هەوڵێك بۆ خوێندنەوەی بەرگی دووی دیوانی لەتیف هەڵمەت

### سەرەتا

دەمەوێ راستەوخۆ بچمە سەر کرۆکی مەبەستەکەم، کە جگە لەئاماژەگەلێکی خێرا بۆ سەر بەهاو رۆڵو شوێنی جیاوازی لەنێو گوتاری شیعریدا، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی چەند ئاستێكو چەند دەرکەوتنێکی جیاجیای ئەو جیاوازییە، لەبەرگی دووی دیوانی لەتیف هەڵمەتدا.

سەرەتا دەبێت ئەوەش روونبکەمەوە کە جیاوازی، وەك چەمکێکی شیعریی بەکاردەهێنم، واتە جیاوازیی بەمانای جیاوازییە، نەك دابڕان، چونکە دابڕان خەونێکە لەدنیای شیعردا بەدی نایەت. بێگومان مەرج نییە هەموو جیاوازییەك داهێنان بێت، بەڵام مەرجە هەموو داهێنانێك جیاوازبێت.

مەبەستم ئەوەیە دەشێت هەندێجار جیاوازی نەگەیشتبێتە ئاستێك لەشیعرییەت، کەبتوانێت شوناسی داهێنان بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بەڵام ناشێ داهێنان نەگەیشتبێتە ئاستێك لەشیعرییەت کەنەتوانێت جیاوازی بەرهەمبهێنێت.

بەم مانایە گەڕان بەدوای جیاوازیدا، گەڕانە بەدوای سەرەکیترین مەرجی داهێناندا.

***

ئەگەر رێگرێکی گەورەی بەردەم داهێنان، گەڕانەوەی بەردەوامی هەندێك شاعیر بێت، بۆ سەر ئەسڵێكو خەونی گەورە لێکچوونی زۆری دەقی ئێستاو ئەو ئەسڵە بێت، ئەوە رێخۆشکەری گەورە بۆ داهێنان، هەوڵی بەردەوامی هەندێك شاعیری دیکەیە، بۆ تێپەڕاندنو بەرەو کامڵبردنی ئەو ئەسڵە، لەڕێگای دەقی جیاوازەوە.

شاعیری داهێنەر ئەو کەسە گومانکارەیە، کە لەنزیکبوونەوەی هیچ ئەسڵێك دڵنیانییەو هەمیشە بەگومانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات. چونکە دەزانێت لێکچوون ئەو رێگایەیە کەجگە لەونبوونو مردن، بەهیچ شوێنێکی دیکەی ناگەیەنێت.

لێرەوە چونکە ستراتیژو ئاڕاستەی ئەو (مەبەستم شاعیری داهێنەرە)، هەڵهاتنە لەمردن، نەك هەڵهاتن بێت بەرەو مردن،هەمیشە خەمی جیاوازی، خەمی هەرە گەورەیەتی.

دەبێت دووبارەی بکەینەوە کەجیاوازی بەمانای جیاوازییە، نەك دابڕان، چونکە وەك بۆرخیس دەڵێت: ((لەوێدا نووسەر نییە، بەڵکو یەك کتێبە، لەوەتەی هەین دەینوسینەوە))[1].

بەڵام کاتێك کازانتزاکی رێك لەکاتی گریاندا زۆربا دەخاتە سەماو کافکا پاڵەوانەکەی دەکاتە حەشەرەیەك، ئەو کاتە جیاوازی لەدایك دەبێتو دەقێك دێتە بەرهەم، توانای خستنەسەرو دەوڵەمەندکردنی ئەو کتێبەی هەیە، کەبۆرخیس ئاماژەی بۆ دەکات.

وەك (ئەدۆنیس) یش دەڵێت ((ئێمە هیچمان شتێك لەنەبوو داناهێنین، بەڵکو جیاوازیو داهێنان لەپێداگرتن لەسەر لایەنێك، بەبێ لایەنێکی دیکەو لەسیاق دایە، کەسێك وەك بابەت شتێکی تازەی نەنووسیوە، بەڵام وەك چۆن سیاقەکەی لەبیردەکرێ، ئەوەش لەبیردەکرێ کەنووسەر لەقولاییدا دەیڵێ، ئێمە لەسیاقو لەجیاوازی ناکۆڵینەوە.

بۆ نموونە، لەتەوراتدا دەقێگەلێك دەدۆزیتەوە، سەرتاپا لەئەفسانە کۆنەکانەوە وەرگیراون، بەڵام گرنگ سیاقەکانیانە، نەك خودی بابەتەکانیان))[2].

راستە هەموو دەقگەلێك مەحکومە بەجۆرێك لەپەیوەندی لەگەڵ دەقگەلی دیکەدا، بەڵام خاڵی جەوهەری لێرەدا، لەجۆرو ئاستی پەیوەندییەکەدایە، نەك لەخودی پەیوەندییەکە، دەق هەیە خۆی لەنێو دەقگەلی دیکەدا دەتوێنێتەوەو دەقیش هەیە دەقگەلی دیکە لەنێو خۆیدا دەتوێنێتەوە.

دەشێت دەقی زیندوو بەو گیایە بچوێنین، کە ((ئەگەرچی ئاو مەرجی گەشەکردنێتی، بەڵام لەئەنجامدا، ئەو شتێکی جیاوازە لە ئاوو ئاو نییە))[3].

# جیهانبینی

راستە جیهانبینی هەڵمەت، جیهانبینییەکە سۆفیگەری تاڕادەیەکی زۆر بەسەریدا زاڵەو ئەمەش لای هەندێك لەخوێنەرو نووسەرو رەخنەگرانی ئێمە بەخاڵێکی نێگەتیف لەقەڵەم دراوە، بەڵام من پێموایە لەبڕیاردانی ئاوهادا پێویست دەکات، ئەم خاڵانەمان لەبیر نەچێت:

یەکەم: کلتووری شیعریی ئێمە کلتوورێکی (تاڕادەیەکی زۆر) سۆفیگەرانەیەو یەکەمین شاعیریشمان، کەبابە تایەری هەمەدانییە، شاعیرێکی سۆفییە.

دووەم: ((ولات هەیە سەرتاپا، هەر بۆ نموونە–چین– تازەگەری خۆی لەسەر فیکرێك دامەزراندووە کەتەواو لەگەڵ کلتووری ئەودا پێچەوانەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، مانای دوورکەوتنەوە لە –رەسەنایەتی کلتوور–و –تایبەتمەندییەکانی ئەو کلتوورە– مانای دوورکەوتنەوە لەتایبەتمەندێتیو رەسەنایەتی داهێنان، ناگەیەنێت))[4].

خاڵی جەوهەری لەبەکارهێنانو بەکارنەهێنانی هەر شتێکدا ئەوەندەی لەچۆنییەتی بەرکارهێنانو توانای بەکارهێنەرەکەیدایە، ئەوەندە لەخودی شتەکەدا نییە.

سێیەم: زۆرێك لەداهێنەران، بەتایبەت شاعیرە سۆفییەکان، ((ئینتمایان زیاتر بۆ یەکێتی ئەنتۆلۆژی هەیە، نەك مەزهەبو کیشوەرو نەتەوە جیاجیاکان))[5].

چوارەم: دەشێت لەناو ئەو جیهانبینییەشدا جیاوازی بخوڵقێنرێت.

پێویستە بەر لە هەرشت، بەمەبەستی بیرهێنانەوەی ئەو توانایانەی کەدەکرێت لەنێو سۆفیگەریدا بتەقێنرێنەوە، سەرنجێکی خێرا، یان راستتر خوێندنەوەی خۆمان، لەسەر سۆفیگەری بخەینەڕوو، کەبێگومان نە یەکەمین خوێندنەوە دەبێتو نە دوا خوێندنەوەش.

سۆفیگەری (زیاتر مەبەستم سۆفیگەری ئیسلامییە) لەگەڵ ئەوەشدا کەڕوانینێکی ئایینییەو ناتوانێت بۆ یەکجاری خۆی لەئایین دەربازبکات، بەڵام لە جۆری پیادەکردنی ئاییندا، توانای گۆڕانی گرنگی هەیە، دەتوانێت ئایین بەو جۆرە لەخۆیدا بەرجەستە بکات کەسۆفی دەیەوێت، نەك بەو جۆرەی کە لە سۆفییان دەوێت.

دەشێت ئەمەش لەبناغەدا هەوڵێك بووبێت بۆ وەرگرتنەوەی خواپەرستی لەخەڵکانێکی دیاریکراو، بۆ نموونە لە (سێبەرەکانی خوا لەسەر زەوی)و بەخشینەوەی بەمرۆڤەکان.

بەواتایەکی دی، سۆفیگەری کە نەیتوانیووە لەدەرەوەی ئایین، فرەیی دروستبکات هەوڵی داوە لەنێو خودی ئاییندا زەمینەی بۆ بڕەخسێنێت. بڕوای بەیەکتایی خوا پتەوبووە، بەڵام چاویشی لەسەر فرەیی ناوەکانیو فرەیی تەجەلاکانی بووە.

نەیتوانییوە، بۆ یەکجاری لەئایین بێتە دەرەوە، بەڵام لەناو ئایینەکەوە خەونی بە (گەردوونییبوون)ەوە بینیووە.

ئەم گۆڕانكارييانە لەبونيادى پەيوەندى سۆفى لەگەڵ خوادا، ڕێگايان بۆ گۆڕانكارى لەبونيادى زمانو دەربڕين لاى شاعيرە سۆفييەكان، خۆشكردووە. بڕواهێنانى سۆفى بەوەى كە دنيا ناتەواوەو فۆرمى كۆتايى وەرنەگرتووەو ((لەگەڵ هەناسەداندا دەگۆڕێ))[6] و ((تەنانەت پێغەمبەرايەتيش تەواو نەبووەو هەر بەردەوامەو هەر بەردەواميش دەبێ))[7] هاوكات بڕواهێنانە بەوەى كەزمانو دەربڕينيش ناتوانن لەدۆخێكدا بمێننەوە.

((چونكە كاتێك دەڵێين شاعيرێك ڕێبازى بيركردنەوەى، ياخود ڕوانينى بۆ شتەكان گۆڕيوە مەبەستمانە- ناڕاستەوخۆ- بڵێين ڕێبازى دەربڕينى گۆڕيووە.

پرسيارمان لەوەى كەشاعير چى بينى؟ بەپرسيارێكى ديكەوە پەيوەستە: چۆنى بينى؟))[8]

شاعيرى سۆفى كەلەلايەك خەونى بەتەجەلاكانى يەزدانەوە بينيووەو لەلايەكى ديكەشەوە، ويستوويەتى تەرجەمەى حاڵەكانى خۆى بكاتو ئەم دووانەش هەميشەو بەردەوام لەگۆڕاندا بوونە، ناچاربووە ئەويش بەردەوام زمانو دەبڕينەكانى خۆى بگۆڕێت.

***

ئێستا هەوڵدەدەين ئەو جياوازييانەى هەڵمەت لەجيهانبينى سۆفيگەرانەى خۆيدا بەرجەستەى كردوون، لەسێ خاڵدا كۆبكەينەوە.

# يەكەم: خۆشەويستىو گوناه

لەشيعرى سۆفيگەريدا، بەتايبەت لەدواى خانمە شاعيرى سۆفيگەرى (ڕابيعەى عەدەوى)ەوە، خۆشەويستى ميحوەرى ناسينو دۆزينەوەى خوا بووە.

تەنانەت (ئيبن عەرەبى) سۆفيگەرى بە((ئايينى خۆشەويستيى))[9] ناودەبات.

شيعرى سۆفيگەريى كورديش تاڕادەيەكى زۆر، بەهەمان ئاڕاستەدا ڕۆيشتووە:

*خودايا: ئيرادەى موناجاتمە
نيزاى دووسێ حەرفى حاجاتمە
نەمێنێ لەدڵما بە(لا)ى نافيە
بەجووز تۆ كەبۆ من بەسەو كافيە
لەدەرگاهى تۆ دانەنێم گەر سەرم
شەوان ئاهو ناڵەم لەبۆكێ بەرم؟

ديوانى مەحوى ل413-418

بەڵام هەڵمەت ڕەهەندێكى دى بەناسينو دۆزينەوەى خوا دەبەخشێت:

(ئەی خوایەگیان
دانی پیادەنێم لەئەنجامدا
تۆم لەئاوێنەی
گوناحەکانی فەروغی فەروغزاددا
دۆزییەوە
نەك لەسەر بەرماڵەکەی
رابیعەی عەدەوییە)ل175
(تەمەن چەند کورتە
بەشی ئەوەناکات
گوناهێکی پێبکەیتو
خوات بیربکەوێتەوە)ل338
(ئەوەی بەشەپۆلی گوناه
دەستنوێژی نوێژی
هەینی عەشق
نەشوا
خوا لەئاوێنەی دڵی خۆیدا
نادۆزێتەوە
ئەی گوناه
ئەی رێگا پاکیزەکە
تۆ نەبای
دڵدارانو دەروێشانو شاعیران
چۆن خوایان بدۆزیبایەتەوە) ل335
(ئەی سۆفییانی بەڕۆژوو
بۆچی دەمرن..
خۆ هێشتا زۆر ماچ ماوە
رۆژووی پێبشکێنن..
خۆ هێشتا زۆر گوناح ماوە
لەخەڵوەتگاکاندا دەستەمۆی کەنو
دەستنوێژی پێبشۆن) ل191

هەڵمەت گەورەیی‌و ناسین‌و خۆشەویستی خوا لەوەدا دەبینێت کەتوانای گوناهکردنی بەمرۆڤەکان بەخشیووەو بەجۆرێکی خەڵقکردوون، ئازایەتی ئەوەیان تیابێت، تەنانەت سەرکێشی لەفەرمانەکانی خۆیشی بکەن (خۆی مەبەستم خوایە).

مرۆ کەسەرجەم نەوەی ئادەمن‌و ئادەمیش رۆحی خوای تێکراوەو خواش خۆی هەموو شتێکەو لەبڕیاردانا ناچێتەوە سەر هیچ مەرجەعییەتێك، مرۆکانیش کەرۆحی ئەویان لەخۆیاندا هەڵگرتووە،هەندێجار حەزیان لە بڕیاردانی سەربەخۆ هەیە.

ئەم حەزە لەناو پێغەمبەرانیشدا (کەنوێنەرو خۆشەویستی خوان لەسەر زەوی)، جاروبار دەرکەوتووەو ((لەقورئانیشدا ئاماژە بەگوناهکردن‌و یاخیبوونی پێغەمبەران: ئادەم‌و موساو داود کراوە))[10].

تەنانەت ئارەزووی بڕیاردانی سەربەخۆ، یان توانای گوناهکردن، لای ئادەم گەیشتۆتە ئاستێك، بۆ ئەوەی لەخۆیدا نەیکوژێت، دەستی لەبەهەشت هەڵگرتووە.

ئیشکردن لەسەر کەشفکردنەوەی ئەم توانا چەپێنراوە (توانای گوناهکردن، یان راستتر، توانای لەقکردنی شتە وەستاوو جێگیرەکان)، ئیشکردنە لەسەر دۆزینەوەی فەزایەك، کەتیایدا تواناکانی شاعیر بواریان بۆ دەڕەخسێت جوانتر تەعبیر لەخۆیان بکەن.

## دووەم: ئافرەت و جنس

روانینی سۆفیگەرانە بۆ ئافرەت، روانینێکی یەك ئاڕاستە بووە، کەبەردەوام رووی لەرۆح‌و پشتی لەجەستەکردووە و تاڕادەیەکی زۆر، جنسی لەقەڵەمڕەوی خۆی هاویشتۆتە دەرەوە.

چاوگێڕانێك بەکلتووری سۆفیگەریانەی ئێمەدا، ئەم حاڵەتە بەباشی روونده‌کاتەوە.

بۆ نموونە ((جەستە لەشیعری مەحویدا لە واقیع هەڵدێت‌و زیاتر لەتخووبەکانی خەیاڵدا جێگیر دەبێت، مەبەستمان ئەوەیە مەحوی کاتێك باس لەجەستەی مەعشوقەکەی دەکات باس لەتوخمێکی واقیعی ناکات.

ئەم وێنەیە رەگەزێکی مێینەیە تەنها باس لەبەشی سەرووی کراوە))[11].

ئەزیەتم کەمتر دەدا تا رۆژی حەشر
زۆری رانەگرن لەگەڵ من بۆحیساب)

دیوانی مەحوی ل45

مەحوی هەموو داوایەکی لەمەعشوقەکەی ئەوەیە، زۆرتر ئازاری بدات، بۆ ئەوەی لەڕۆژی حیسابدا زیاتر لەگەڵیدا رایبگرن.

وەلێ هەڵمەت، کە:

(سەری بەوەهمگەلێکی جنسی ئاوسە ل381)و

(ترسی گەورەی لەوەیە

ئاژەڵێکی دڕندە

ئامێرە جنسییەکەی لووش بکات ل386)و

(هەموو کاتێکیش،

بۆ هەڵبژاردنی ئەو کچانەی بەکەڵکی ڕاکشان دێن،

بەلەبار دەزانێ ل73)....

نەك هەر جنس دێنێتەوە ناو شیعرو تەماشاکردنی مرۆ وەك کەمتیار، کەنیوەی حەرامو نیوەی حەڵاڵ دەکرێت، بەبێڕێزییەکی گەورە دەبینێت.. ڕەهەندێکی دیکەش بەجنس دەبەخشێت:

(چی دەڵێن بڵێن

ئەوەی بەرگری لە مەمکی کچێك نەکات

ناتوانێ بەرگری لەگۆیژە بکات) ل 63.

ئەمەش کە بەجۆرێك لەجۆرەکان گرێدانی شۆڕشی نیشتمانییە بەشۆڕشی جەستەییەوە، دەشێت وەك ئاماژەیەك (بۆ ناتەواوی شۆڕشە نیشتمانییەکانمان) بخوێنرێتەوە کەنەیانتوانیووە ئاوڕ لەجەستەی مرۆڤەکانی نیشتمان بدەنەوە.

ئایا مرۆیەك توانای ئازادکردنی جەستەی خۆی نەبێت لەکۆیلایەتی، دەتوانێت نیشتمانەکەی ئازاد بکات؟

ئاخۆ کەسێك نەتوانێت پارچەکانی جەستەی خۆی پێکەوە گرێبداتەوە، دەتوانێت پارچەکانی نیشتمانەکەی پێکەوە گرێبداتەوە؟

(ڕەسافی) لە دەربڕینێکی نزیك لەم چەمکەدا وتویەتی:

((بناغەی دواکەوتنو کۆیلایەتیمان لەدواکەوتویی ئافرەتەکانماندایە، ڕازیبوونی عەرەب بەئیهانەکردنی ژنەکانیان،وای کردووە خۆشیان ئیهانەی خەڵکی دیکە قبووڵ بکەن))[12].

## سێیەم: ژیانو مردن

شیعری سۆفیگەری ئێمە لێوانلێوە لەو دەربڕینانەی کەدنیا تێیاندا شتێکی بێمانایەو پێویستدەکات تەڵاق بدرێت، پڕواوپڕە لەو ئاماژانەی مردن (بەمەبەستی گەیشتن بەدنیایەکی باڵاتر) پیرۆزدەکەن.

ئەگەر چاوێك بەدیوانی مەحویدا بگێڕین، کە ڕەنگە دیارترین شاعیری سۆفی ئێمە بێت، دەبینین ((شیعری ئەو هەمیشە لەدەرگای شەهیدبوون دەدات))[13]

تەنانەت ((ئەگەر بڵێین مەرگ دەبێتە تاقە فەرهەنگی شاعیر نابێتە زیادەڕەویی))[14].

*(تا لەماڵی دەرنەکردووی ئەم شەوی سەد شووکەرە
–مەحوی– ئازانە بدە تۆ سێبەسێ دنیا تەلاق) ل180

*(بەپیری مەرگەوە فرسەخ بەفرسەخ رۆیون مەردان
ئەوی باکی لەمردن بێ دیارە بڵحو نامەردە) دیوانی مەحوی ل270.

وەلێ هەڵمەت، بەپێچەوانەوە، بەهەزاران رایەڵی بینراوو نەبینراو بەژیانەوە گرێدراوە.
ئەو نەك هەر خەون بەمردنەوە نابینێت، بەڵكو خەمی گەورەی ئەوەیە:

کە (لەنێوان ماڵو گڵکۆکەیدا
شەقامێك هەیە،
وەکو قەڵەم رەساس
هەر کوت دەبێتەوە) ل241
(زۆرجاریش
کە تابوتێك لەڕووبارەکەوە دێتەدەرێ
ئەم رادەکا
نەوەکو بۆ ئەم بگەڕێ) ل204
بیریش لەوە دەکاتەوە:
(ماوەیەك بچێتە دەریاوەو
کیسەڵێك مارە بکات
بۆ ئەوەی
نهێنی تەمەن درێژیی لێبدزێ) ل310

هەڵمەت نەك هەر مردن پیرۆزناکات، بەڵکو ئەگەر بۆی بکرێت لە شەقامێکدا دادەنیشێتو دەستی سواڵ بۆ هاتووچۆکەران درێژدەکاتو دەڵێت:

((وەك زەکات، هەریەکی چارەکە سەعاتێك لەتەمەنی خۆتانم پێببەخشن، بۆ ئەوەی هەندێك کات کۆبکەمەوەو ئیشەکانمی تێدا تەواو بکەم))[15].

## شیعرو خوێنەر

زۆرجار شاعیر تووشی کێشەیەك دەبێت کەدەشێت دووچاری موعاناتێکی رۆحیی گەورەی بکات.

ئەو کێشەیەش پێی دەڵێن کێشەی پەیوەندی نێوان شیعرو خوێنەر.

کاتێك هەست دەکرێت شاعیر هەیە دەقەکانی کەمترین شیعرییەتیان تێدایەو زۆرترین خوێنەریان لەدەورەو شاعیریش هەیە دەقەکانی زۆرترین شیعریەتیان تێدایەو کەمترین خوێنەریان لەدەورە، قورسایی ئەو کێشەو موعاناتە روونددەبێتەوە.

ئەم پارادۆکسە (مفارقە) هەندێجار لای یەك شاعیریش دەبینرێت، بۆ نموونە لای هەڵمەت خۆی.

من لەو بڕوایەدام ئەو خوێنەرانەی قەسیدەی (ساڵنامەی سەدەی بیستەم) لەدەوری خۆی کۆی کردنەوە، چواریەکی ئەو خوێنەرانە نەدەبوو کە قەسیدەی (چیمان گۆڕی) لەدەوری خۆی کۆیکردنەوە. ئەمە لەکاتێکدا کە (ساڵنامەی سەدەی بیستەم)، بەهەموو ماناکانی شیعر، شیعرەو (چیمان گۆڕی) جگە لەهەندێك شیعارات شتێکی ئەوتۆ نییە.

لەم ئاستەدا شیعرو خوێنەر وەك ئەمسەرو ئەوسەری هێڵێکیان لێدێت، کە نزیکبوونەوە لە هەر کامێکیان دوورکەوتنەوە دەبێت لەوی دیکەیان.

هەڵمەت لەم دیوانەیدا هەوڵیداوە ئەو هێڵە بکاتە بازنەیەكو بەمەش دۆخێك بخوڵقێنێت، کە رۆیشتن بەرەو شیعر، لەهەمان کاتدا، رۆیشتن بێت بەرەو خوێنەر، بەپێچەوانەشەوە هەروا.

هەرچەندە ئەم حاڵەتانە تاڕادەیەکی زۆر رێژەیینو پەیوەندییەکی زۆریان بەشتگەلێکەوە هەیە کە لەدەرەوەی شیعرنو ناشکرێت شیعر بەژمارەی خوێنەر هەڵبسەنگێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم کارە کاتێك بەئەنجام دەگات(مەبەستم گۆرینی ئەو هێڵەی نێوان شیعر و خوێنەرە بۆ بازنەیەك) کەشاعیر خاوەنی تواناگەلێکی فرە ئاست بێتو وزەی ئەوەی تیابێت سادەییو قوڵی پێکەوە کۆبکاتەوە:

بڕوانە هەڵمەت چۆن و چەند بە سەرکەوتوویی ئەم کارە ئەنجام دەدات:

شەو

وەکو کچێکی پێسترەش
هاتە ژوورەکەمەوە
مانگو ئەستێرەم
کرد بەشایەتو
بەسیخە لەخۆمم مارەکرد
پاش نۆ کاتژمێرو
نۆ خولەكو
نۆ چرکە
کچێکی بوو
ناوم لێنا

هەتاو.... ل161

*******

درەختیش فرمێسکی هەیە

لەبەر ئەوەی سەوزە

هەموومان

هەر وادەزانین

گەلایە....ل7

***

## ئەفسانە

((چەمکە ئەفسانەییەکان، کە لە چەن پارچەیەك دەلالاتی بێسنوور پێکدێن‌و هیچ چەقبەستوویی (پبات)ێکیان تێدا نییە))[16]. لەو سەرچاوانەن کە وزەیەکی شیعریی زۆر بەدەق دەبەخشن‌و توانای کرانەوە بەڕووی دنیاو برستی فرە ڕەهەندی بۆ دەق فەراهەم دەکەن.

ئاستەکانی گەڕانەوەی شاعیرانی ئێمە بۆ ئەفسانەو چەمکە ئەفسانەییەکان‌و بەرجەستەکردنەوەیان لەنێو دەقدا، جیاجیان.

لەزۆر ئاستدا گەڕانەوەی شاعیرانی ئێمە بۆ ئەو سەرچاوانە، گەڕانەوەیەکی تیژتێپەڕو رووکەشبینەو توانای قوڵبوونەوەی نێو ئەوجیهانە سەیرەی نییە.

ئەفسانە کە ((لەکاتێکدا گەشە دەکات، عەقڵ بەر پرسیارە گەردوونییە قورسەکان دەکەوێ، هەوڵدەدا بە ڕێگەیەکی ناعەقڵانی وەڵامی ئە وپرسیارانە بداتەوەو وەڵامەکانیشی تێکەڵەیەك دەبن لەشیعرو مێژوو و حەپەسان)).[17]

لای شاعیرانی ئێمە زۆر جار فەرامۆش دەکرێت.

زۆرجاریش لەبەکارهێنانێکی تەقلیدییانەی ناوی پاڵەوانێك یان ناوی ئەفسانەیەك، یاخود لە دوورتردا، لەبەرکارهێنانەوەی خودی ئەفسانەیەك (دیسان بەشێوەیەکی تەقلیدی) تێپەڕ ناکات‌و بەدەگمەن بۆ دروستکردنی ئەفسانەو فەزای ئەفسانەیی دەپەڕێتەوە.

بەڵام هەڵمەت، تاڕادەیەکی باش، توانیوویەتی فەزایەکی ئەفسانەیی‌و پاڵەوانگەلێکی سەیرو غەریب‌و نامۆ دروستبکات و جیهانێکی فەنتازی و باڵاتر و جیاوزتر لەم جیهانەی کە هەیە و یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی نووسین هەر لەسەرەتاوەگۆڕینی بووە، بخوڵقێنێت‌و سەفەری ئەفسووناوی لەو جیهانەدا بە خوێنەر بکات و

دووچاری حەپەسان و سەرسامی و خۆشی بکات و ئەو چێژەی پێببەخشێت کە هەمیشە مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ شتی تازەو جیاواز هەستی پێدەکات:

(قابیل جادوو بازە،
کچێکی قەرەج لەئاوێنەیەکی بچووکدا دەشارێتەوە،
شەوان بەهەڵکڕوزاندنی مووی سمێڵی خۆی،
لەئاوێنەکەی دەردەهێنێ و لەگەڵیدا دەنوێ.
هابیل گومانی لێدەکات و
شەوێك سمێڵی دەتاشێ و
کوڵك و مووەکانی دەخاتە ڕووبارێکەوە
ئیتر قابیل ئاوێنەکەی بۆ ناکرێتەوەو
کچە قەرەجەکەی تێدا دەمرێ.
قابیل لەسەر ئەوە هابیل دەخاتە ڕووبارێکەوەو لەناوی دەبات.
بەڵام هەندێ کەس دەڵێن
کچە قەرەجەکە نامرێ،
حەوت مانگ گۆشتی ئەو منداڵە دەخوات
کە لە قابیل بوویەتی،
پاشان ڕۆژێك لەبرساندا دەستدەکات بەگێرفانیداو
تێیدا تاڵێك مووی سمێڵی قابیل دەدۆزێتەوە
هەڵیدەکڕوزێنێ و لەئاوێنەکە دەرباز دەبێ
دوای حەوت مانگ سەرگەردانی
فەرهاد عاشقی دەبێ و
بێستوونی بۆ دەکاتە جوانترین کۆشك،
بەڵام ئەو ڕازی نابێ و
دەچێ بۆ حەج
دوایی دەگەڕێتەوەو
لەمەیخانەی سۆفییەکاندا دەبێتە مەیگێڕ.
دەڵێن دوای حەوت ساڵ دەربەدەری
شوو بە مەلەك تاوس دەکات.
جیتە دەڵێ

(سەبارەت بەهەموو ئەو نەغمەو ئاوازانەی کە لەقەسیدەکانمەوە بەرز دەبنەوە،
قەرزاری یەك ئافرەتم، یەك ئافرەتو بەس)،
دەبێ ئەو تاقە ئافرەتە کچە قەرەجەکە نەبێ؟
من واتێدەگەم کچە قەرەجەکە دەزگیرانی هەموو شاعیرانە
مایکۆفسکی لەعیشقی ئەو
خۆی دەخاتە دەریای سووری ناوەڕاستەوە
ئۆتێلۆ بەفیتی ئەو
دیزەدەموونە بەژەهری ماچ دەرمان خوارد دەکا
نازم حیکمەت لەلایەن ئەوەوە فریو دەدرێو
منەوەر دەستووتێنێ
ئیلزا ناوی کچە قەرەجەکە لەخۆی دەنێ
بۆیە ئاراگۆن عاشقی دەبێ
تەنانەت بەقسەی هەندێ پیرێژن
مەلای گەورەی کۆیە وتوویەتی
حاجی قادریش بەتەمای ئەو کچە بووە
بۆیە ژنی نەهێناوەو
بەدوای ئەویشدا چووە بۆ ئەستەنبوڵو
وەکو بیستوومە منیش عاشقی ئەو کچە قەرەجەم) ل110-113

*****

## سڕینەوەی سنوورەکان

خۆسیە ساراماگۆ دەڵێت:

((پێموایە مرۆ دەتوانێ لە -25-ساڵیدا شاعیرێکی باش بێت، بەڵام ناتوانێت ڕۆماننوسێکی باش بێت))[18].

بێگومان (ساراماگۆ) دەیەوێ بڵێت، دەشێ بەئەزموونو ڕۆشنبیرییەکی کەم، یان مامناوەندییەوە، شیعری باش بنووسرێت، بەڵام ناشێ بەو حاڵەوە ڕۆمانی باش بنووسرێت.

ئەم گوتەیە (لەگەڵ ئەوەشدا کەرێژەیەکی زۆر لەڕاستی تێدایە)، بەڵام لەبەردەمی ئەم دیوانەی هەڵمەتدا، دووچاری پاشەکشە دەبێت.

هەمیشە (یان لانی کەم لە زۆربەی حاڵەتەکاندا)دەقی گەورەو داهێنەرانە بەشێك لە بیرورراو روانین و قەناعەتە باوەڕپێهێنراوەکانی خوێنەر دەگۆڕێت و لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە شتەکانی پێشان دەدات.

ئەو دەقانەی کە دوای خوێندنەوەیان شتێك لە ئێمەدا هاڕە ناکات وبۆچوونێکی چەسپیومان بورکانێکی تێدا درووست نابێت وهەپروون بە هەپروون نابێت، ناتوانن بمێننەوەو نەمری بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و لە بازنەی مەرگ دەرباز ببن.

ئەم دەقانە دەقگەلێکی تێرنو بەئاشکرا هەست دەکرێت کەچڕکراوەی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی نووسین‌و خوێندنەوەیەکی تاقەت پڕوکێنن.

دەتوانم بڵێم تێکەڵەیەکن لەزۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەو ڕێبازو تەوژمو ژانرە ئەدەبییە جیاجیاو تەنانەت دژەکانیش، ئاسمانێکن: ڕۆمانتیزمو ریالیزمو داداییزمو سوریالیزمو سیمبولیزمو تراژیدیاو کۆمیدیاو چیرۆکە شیعرو پۆستەرو میناتۆرە شیعرو پەندو ئەفسانەو حیکایەتو زۆرشتی دیکەشیان تیا دەدرەوشێتەوە.

بەمجۆرە توانیویانە دەقگەلێکی تێرو ئاوێتەو جیاوازبنو فۆرمە پێشوەخت ئامادەکان تووڕهەڵدەن، چونکە بەڕاستی ((هەموو فۆرمێکی پێشوەخت ئامادەکراو خیانەتە لەشیعرو مەبدەئی نووسینی شیعریی))[19].

کە بێگومان خوڵقاندنی دەقگەلێکی ئاوهاش هەم ئەزموونێکی دەوڵەمەندی نووسین‌و هەم خوێندنەوەو رۆشنبیرییەکی فرە ئاستی دەوێت.

## دۆناودۆن لەگەڵ کتێبدا

ئەگەر لەکاتی مانەوەت لەنێو دەقە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەسدا هەست بکەیت دەبیتە بەشێك لە گوندی سوتاوو گۆڕی بەکۆمەڵو جلوبەرگی خوێناوی شەهیدو بنچکی قژ خۆڵاویی‌و دەبیتە بەشێك لەکەوتن‌و هەستانەوەکانی نێو مێژووی گەلی کورد.....

یان ئەگەر لەکاتی مانەوەت لەنێو دەقە شیعرییەکانی قوبادی جەلی زادەدا، هەست بکەیت دەکەویتە نێو دنیایەکی شەلاڵ لە کچی نازەنین‌و لەژنی خوێن شیرین‌و لەبێوەژنی غەمگین‌و لەعەشقو شەهوەتو جوانی‌و سێودزین.....

یاخود ئەگەر لەکاتی مانەوەت لەنێو دەقە شیعرییەکانی محەمەد عومەر عوسماندا، هەست بکەیت رێت کەوتۆتە مەملەکەتی پایزو ژەنەڕاڵی پایز دەستی گرتووی و مەرگی گەڵاو دارو درەختە بێکەسەکانت پێشان دەدات.....

ئەوا لەکاتی مانەوەت لەنێو ئەم دەقانەی هەڵمەتدا، هەست دەکەیت لەنێو کتێبخانەیەکی قەشەنگو پڕ بەهاو هەمە چەشندایت.

هەستدەکەیت زۆرێك لەکتێبەکانی دنیا لەدەورت کۆبوونەتەوەو ئەو بەشانەی برینو خەونی خاوەنەکانیانت پێشان دەدەن، کەپێشتر نەتتوانیووە بیانبینیت.

ئەو حیکایەتانەت بۆ تەواو دەکەن کەرۆژگار نەیهێشتووە تەواو بکرێن.

بەواتایەکی دی، ئەگەر شێرکۆ لەگەڵ نیشتمانو قوباد لەگەڵ ژنو محەمەد عومەر لەگەڵ پایزدا دۆناودۆنیان کردبێت، هەڵمەت– لەم دیوانەیدا– لەگەڵ کتێبدا دۆناودۆنی کردووە.

لەبەرئەوە، وادەزانێت:

(پاڤێل–ی پاڵەوانی رۆمانی دایك–ی مەکسیم گۆرگی،

برادەری بووەو

لەسەر پێڵاوی کۆنی

کچێکی مردوو

بووە بەشەڕیان) ل150

واهەست دەکات:

(گۆرانییەکی تەکعیبی

بۆ کچێك نووسیووە

کەلەوانەیە لە یەکێك لە ڕۆمانەکانی

خوان رولفواو جەنگیز ئیتماتۆفدا

یەکتریان ناسیبێ) ل146

وادەزانێت:

(لەبەرئەوەی رۆمانی –تاعوون–ی کامۆ

پڕە لەپشیلە

ئیدی دەبێ لەکتێبخانەکەیدا،

مەرگەمووشی پشیلە کوژ دابنێت) ل170

بێگومان رۆمانەکە خۆی پڕە لە مشك، بەڵام هەڵمەت کردوونی بە پشیلە.

هەست دەکات:

(کاتەکانی

لەوانەیەکی هونەردا

مۆمیاکردووەو

لەدووتوێی کتێبێکدا ونی کردووە) ل186

# ئەنجام

دوای هەوڵدانمان بۆ خوێندنەوەی ئاستە جیاجیاکانی جیاوازی لەبەرگی دووی دیوانی لەتیف هەڵمەتدا، ئێستا دەتوانین ئەنجامی هەوڵەکەمان لەم خالآنەدا چڕبکەینەوە:

یەکەم: جیهانبینی هەڵمەت لەگەڵ ئەوەشدا کە جیهانبینییەکە سۆفیگەری تاڕادەیەکی زۆر بەسەریدا زاڵە، بەلآم لەسێ ئاستدا توانیویەتی جیاوازی لەخۆیدا بەرجەستە بکات:

ا–ئەگەر پێشتر لەشیعری سۆفیگەریدا خۆشەویستی ئەو هێزە بووبێت کە توانای ناسینو دۆزینەوەی خوای لەمرۆڤدا تەقاندبێتەوە، لای هەڵمەت ئەو توانایەی خوا بۆ گوناهکردن بەمرۆڤی بەخشیووە، بووە بەسەرچاوەی ناسینو دۆزینەوەی خوا.

ب–ئەگەر پێشتر لەشیعری سۆفیگەریدا جەستە شەهید کرابێت، لای هەڵمەت نەك ئەو پرۆسەیە دووبارە نەبۆتەوە، بەڵکو رزگارکردنی جەستە لەپارچە پاچەیی‌و کۆیلایەتی، بەرزگارکردنی نیشتمانەوە پەیوەستکراوە.

جـ–ئەگەر پێشتر شاعیری سۆفی مردنی بە سەرەتایەك زانیبێت بۆ گەشتەکەی‌و بەردەوام بەدوایدا گەڕابێت، هەڵمەت مردنی بەکۆتایی گەشتەکەی زانیووەو هەمیشە لەدەستی هەڵهاتووە.

دووەم: زۆرجار شیعرو خوێنەر وەك ئەمسەرو ئەوسەری هێڵێکیان لێدێت کەنزیکبوونەوە لەهەر کامێکیان دوورکەوتنەوە دەبێت لەوی دیکەیان.

بەلآم هەڵمەت لەم دەقانەدا هەوڵیداوە ئەو هێڵە بکاتە بازنەیەك، بۆئەوەی دۆخێك بخوڵقێنێت رۆیشتن بەرەو شیعر، رۆیشتنیش بێت بەرەو خوێنەرو بەپێچەوانەشەوە هەروا.

سێیەم: زۆرینەی شاعیرانی کورد لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ئەفسانە، هەوڵیانداوە تەوزیفی بکەن، بەلآم هەڵمەت هەوڵیداوە دروستییبکات.

چوارەم: ئەم دەقانە تێکەڵەیەکن لەزۆرینەی قوتابخانەو رێبازو تەوژمو ژانرە ئەدەبییەکانو لەئەنجامدا دەقگەلێکی تێرو جیاوازیان لێخوڵقێنراوە.

پێنجەم: ئەگەر (بۆ نموونە) دەرکردنی نیشتمان لەشیعری شێرکۆ گەورەترین چۆڵەوانیمان بیربخاتەوە، ئەوا دەرکردنی کتێب لەم دەقانەدا ئەو چۆڵەوانییەمان بیردەخاتەوە.

ئێستا دەتوانم بڵێم: هەڵمەت لەم دیوانەیدا تارادەیەکی باش تەجاوزی ئەزموونی شیعریی خۆی کردووەو توانیویەتی دەقگەلێکی پڕ لەجوانیو جیاوازی بخولقێنێت. بێگومان ئەزموونی هەڵمەت (کە هەر لەساڵی حەفتاوە، وەك شاعیرێکی نوێخوازو داهێنەر دەرکەوتووە)، ئەزموونێکە بەهاو رۆڵو ئاستەکانی ئاشکرانو دەتوانین بڵێین:

لەئەزموونە دەوڵەمەندو زیندووەکانی شیعری کوردییەو تەجاوزکردنیشی بەڵگەیەکی باشی زیندوویێتی ئەدەبی کوردییەو بەدەنگێکی زوڵاڵ پێمان دەڵێت:

ئەم ئەدەبەش دەتوانێت، ئەو کتێبەی (بۆرخیس) باسی دەکات، بەشێوازی جیاواز بنوسێتەوە !

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:


1–عبدالعزیز بومسهولی. الشعر و التأویل: قراوە فی شعر ادونیس، (أفریقا الشرق: 1998)، ص130.

2–هەمان سەرچاوە، ص130–131.

3–أدونیس. الپابت و المتحول:بحپ فی الاتباع و الابداع عند العرب، صدمە الحداپە. (بیروت: دار العودە، 1979)، ص247.

4–هەمان سەرچاوە، ص 270.

5–شاهۆ سەعید. پرسیاری شاعیر پرسیاری سۆفی.گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)
ژمارە: 17و18 ساڵی 2000، ل24.

6–أدونیس. الصوفیە و السوریالیە. (بیروت: دار الساقی 1992)، ص96.

7–هەمان سەچاوە، ص68.

8–أدونیس. صدمە الحداپە، ص195 (ئەم دەستەواژەیەم بەئەنقەست پاشوپێش کردووە).

9–ادونیس. الصوفیە و السوریالیە، ص166.

10–أدونیس. الپابت و المتحول: بحپ فی الاتباع و الابداع عند العرب، الاصول، الگبعە الپالپە. (بیروت: دار العودە، 1980)، ص202.

11–ئەحمەدی مەلا. مەحوی: لەنێوان زاهیرییەتو باتینیەتو سەرچاوەکانی عیشقو وێنەی مەعشوقدا. (هەولێر، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2001)، ل19و20.

12–ادونیس.صدمە الحداپە، ص62.

13–ئەحمەدی مەلا.مەحوی، ل24.

14–هەمان سەرچاوە، ل36.

15–مژکرات کانزاکی (1). الگریق الی غریکو. ترجمه: ممدوح عدوان. الگبعه الاولی (بیروت: دار ابن رشد، 1980)، ص90.

16–رولان بارت. اسگوره الیوم. ترجمه: حسن الغرفی. الگبعه الاولی (بغداد: دار الشؤن الپقافه العامه، 1990)، ص32–34.

17–گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس: منداڵی، شیعر، تاراوگە. وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، (سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، 2001)، ل146.

18–علی ناصر کنانە. نوبل و الادب و الاعتبارات (مجله المدی) العدد 23–(1) سنه 1999، ص56.

19–د. خالده سعید. حرکه الابداع: دراسات فی الادب العربی الحدیپ (بیروت: دار العوده 1979)، ص96.

تێبینی:

*شیعرەکانی مەحوی سەرجەم لەدیوانی مەحوییەوە وەرگیراون: لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسو محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم (بەغدا 1984).

هەموو کۆپلە شیعرەکانی هەڵمەتیش کە ژمارەی لاپەڕەکانیان لەتەنیشتیانەوە نووسراوە لەبەرگی (دوو)ی دیوانی (لەتیف هەڵمەت)ەوە وەرگیراون کەدیوانێکی (402) لاپەڕەییەو لەساڵی 2000دا بەتیراژی (250) دانە لە سلێمانی چاپکراوە.

# غەزەلنوس‌و باغەکانی جوانی

## خوێندنەوەیەکی گشتییە بۆ غەزەلنوس‌و باغەکانی خەیاڵ

*((دێڕەکان بە پیتگەلێکی ڕەشو بچوکو عادی لەسەر کاغەزە سپییەکان چاپکراون، بەڵام تەنها هەبوونی خوێندەواریی بەس نییە بۆ خوێندنەوەیان)).[1]

ئەلیکساندەر سوڵجینستین.

*ئەم هەوڵەی من پێشکەشە بەو کەسانەی کە ڕۆمانەکەیان بەوردی خوێندۆتەوە.

کوردۆ

## سەرەتا

((هەموو داهێنەرێك هەتیوە)).(2)

نزار قەبانی

بەختیار عەلی یەکێك لەو نوسەرە کەمانەی ئێمەیە کەبەردەوام مشتومڕی لەسەر هەبووەو زۆرترین قسەی لەسەر کراوە. بەداخەوە لەزۆرینەی ئەو مشتومڕو قسەکردنانەدا، (دەڵێم زۆرینە، ناڵێم هەموو)، بەختیار بەدوو جۆر غەدری لێکراوەو هەوڵدراوە وێنەیەکمان پیشان بدرێت کە وێنەی بەختیار نەبووە. جۆری یەکەمیان ئەو بیرکردنەوەیەی لەپشت بووە کە نوسین وەکو مەملەکەتێك تەماشا دەکات تەنها جێگەی یەك سوڵتانی راستەقینەی تێدا دەبێتەوە. لەو بیرکردنەوەیەدا دەرکەوتنی هەر کەسێك نیشانەو خەسڵەتەکانی سوڵتانی تێدابێت هاوکاتە بەدەرکەوتن‌و سەرهەڵدانی مەترسییەکی راستەقینەو جیدی‌و دەبێت هەر لەسەرەتاوە بەری پێبگیرێت‌و بێڕەحمانە لێبدرێت. بەختیار هەر زوو کەوتە بەردەمی گورزەکانی ئەم بیرکردنەوەیەو زۆر بێڕحمانە لێیدرا. جۆری دووەمی ئەو زوڵمەی لەبەختیار کراوە بیرکردنەوەیەکی لەپشتە کە زیاتر ئیش لەسەر کاردانەوە دەکات. لەم بیرکردنەوەیەدا لەبەرامبەر ئەو هێرشانەی بە مەبەستی سڕینەوە، یان راستتر بچوککردنەوە، دەکرانە سەر بەختیار، خەڵکانێك بە ئاستی جیاجیا هەوڵیان دەدا هێرشێکی پێچەوانە دەست پێبکەن‌و لەبەرامبەر هێرشی بچوککردنەوەی بەختیاردا، ئەمان هێرشی گەورەکردنەوەی بەختیار دەستپێبکەن. ئەمەش زوڵمەکەی لەوەدا بوو کە لەم حاڵەتەشدا، وەکو حاڵەتی پێشوو، بەڵام بە ئاراستەیەکی پێچەوانە، ئەوەی ون دەکرا وێنەی راستەقینەی بەختیار بوو. راستە رادەی مەترسی ئەم دووجۆرە تێگەیشتنە وەکو یەك نین‌و جیاوازیی ئاشکرایان هەیە، راستە لە پشتی تێگەیشتنی یەکەمەوە قین‌و لە پشتی تێگەیشتنی دووەمەوە خۆشەویستی راوەستاوە، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا حەقیقەت دەسکاری کراوەو شتەکان وەکو خۆیان تەماشا نەکراون. لەهەردوو حاڵەتەکەدا بە دوو رێگای جیاواز، دوورکەوتنەوە لە بەختیار تاقیکراوەتەوە، نەك نزیکبوونەوە. ئێستا ئیدی کاتی ئەوە هاتووە لەدەرەوەی ئەو دوو جۆرە تێگەیشتنە، بەختیار وەك خۆی کە هەیە، ببینین‌و بخوێنینەوەو قسەی لەسەر بکەین.

هیوادارم ئەم هەوڵەی من یەکێك بێت لەو هەوڵانەی کە تیایاندا بەختیار وەك خۆی دەبینرێت‌و دەخوێندرێتەوەو قسەی لەسەر دەکرێت. بێگومان کە دەڵێم بەختیار مەبەستم نوسین‌و بەرهەمەکانێتی نەك خۆی. هەڵبەت رۆمانی غەزەلنوس‌و باغەکانی خەیاڵ، کە من دەمەوێت لێرەدا قسەی لەبارەوە بکەم، رۆمانێکی گەورەو پڕ لە حیکایەتخوان‌و پڕ لەپاڵەوان‌و پڕ لە رووداوو پڕ لەرەهەندی جۆراوجۆرو پڕ لە وردەکاریی جیاجیایەو دەکرێت لەزۆر لایەنەوە هەڵبسەنگێنرێت‌و خوێندنەوەی بۆ بکرێت‌و پێکهاتەو بونیادەکانی شیبکرێنەوە. من لەم هەوڵەدا بەنیازنیم لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی پێشکەش بکەم‌و خوێندنەوەکەم بەپێی میتۆدو بەرنامەیەکی کۆنکریتی بەسەر چەند تەوەرێکی وەکو گێڕانەوەو پاڵەوان‌و کات‌و شوێن‌و گرێ‌و زمان‌و چەند بونیادو بنەمایەکی دیکەدا دابەشبکەم‌و دوای ئەو دابەشکردنە بکەوم. بەڵکو بەنیازم خوێندنەوەیەکی تا رادەیەك گشتیی بۆ رۆمانەکە بکەم‌و زیاتر قسە لەو بونیادو بنەماو رەهەندانە بکەم، کە زۆرترین پرسیارو سەرنج‌و تێڕمانیان لا دروست کردووم. بەدوای ئەو جوانیانەدا بگەڕێم کە بەلای منەوە بەهای گەورەیان هەبووە. بچمە ئەو باغانەی جوانییەوە کە بۆ من مایەی سەرسامییەکی سەیر بوون. دەشێت شتێك کە زۆرترین پرسیاری لای من وروژاندووە، لای تۆ کەمترین تێڕامان دروست بکات. شتێکیش کە بۆ من مایەی کەمترین تێڕامان بووە، لای تۆ زۆرترین پرسیار

بوروژێنێت. ئەمەش زۆر ئاساییە چونکە ئەو کاتەی هەموومان دەقێك وەکو یەك دەخوێنینەوە، واتای ئەوەیە نەمانخوێندۆتەوە.

# فرەڕوانین– فرەدیویی

## ((لە قوڵایی ئەزمونی هونەریی‌و فیکریی مرۆڤدا، لە یۆنانەوە تا ئەمڕۆ، ئەو خواستە خەوتووە، کە مرۆڤ –تەواوی دیمەنەکە– ببینێت)).(3)

بەختیار عەلی

غادە سەمان لەوەڵامی نامەیەکدا کە لە یەکێك لەخوێنەرەکانییەوە پێیگەیشتووە، دەڵێت: ((ئەگەر تەماشای سێوێکت کردو سێوەکە لەدارەکەی کەوتە خوارەوەو تۆش وەك نیوتن، یاسای کێشکردنت بۆ ئاشکرا بوو، ئەوە واتە تۆ زانایت. ئەگەر تەماشای سێوێکت کردو سێوەکە بەربۆوەو تۆش شیوەنت بۆ مردنەکەی گێڕا، ئەوە واتە تۆ شاعیریت. ئەگەر تەماشای سێوێکت کردو سێوەکە کەوتە خوارەوەو تۆش ویستت بیفرۆشیت، ئەوە واتە تۆ بازرگانیت. ئەگەر تەماشای سێوێکت کردو سێوەکە بەربۆوەو تۆش بەرگریت لە مار کردو دژی ئادەم وەستایت، ئەوە واتە تۆ سیاسییت. ئەگەر تەماشای سێوێکت کردو سێوەکە کەوتە خوارەوەو تۆش ئەو کرمەت بیرکەوتەوە کە لە ناوەوە سێوەکەی کرمۆڵ کردووە، ئەوە واتە تۆ پرۆژەیەکی پڕ لە هەڵچوونیت. ئەگەر تەماشای سێوێکت کردو سێوەکە بەربۆوەو تۆش هەڵتگرتەوەو بەر قەپت دا، ئەوە واتە تۆ کەسێکی واقیعییت. بەڵام ئەگەر سێوێکت بینی کەوتە خوارەوەو هەموو ئەو شتانەت پێکەوە بە مێشکدا تێپەڕینو هیچ شتێکیشت نەکرد نوسینەوەی ئەو شتانە نەبێت، ئەوە واتە تۆ ڕۆماننوسیت))[4]، بەبڕوای من ئەم تێگەیشتنە لە ڕۆمان تا ڕادەیەکی باش لە حەقیقەتی کاری ڕۆماننوسین نزیکبۆتەوە. دەتوانین بڵێین یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕۆمان ئەو فرە ڕوانینەیە بۆ شتەکان. ڕاستە ڕۆمان دەتوانێت لەناو کارەساتێکی گەورەی، بۆ نمونە، وەکو جەنگێکیماڵوێرانکەردا، یەکێك لەو هەزاران هەزار قوربانییە هەڵبژێرێت کە لەو جەنگەدا تیادەچنو لە ڕێگای ئەو کەسەوە نەهامەتییەکانی جەنگەکەمان بۆ بگێڕێتەوە. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە دەبێت ئەو تاکە قوربانییە وەکو سێوەکەی غادە ئەسەمان مامەڵەی لەگەڵ بکرێتو لە هەموو ڕەهەندەکانی بڕوانرێت. من لێرەوە دەمەوێت بڵێم ئەگەر فرەدیوی‌و فرەئاستی‌و فرەبینین یەکێك لە بونیادە سەرەکییەکانی ڕۆمان بێت ئەوا غەزەلنوس‌و باغەکانی خەیاڵ یەکێك لەو ڕۆمانانەی ئێمەیە کە بەقوڵی کاری لەسەر ئەم بونیادە کردووە. ئەم ڕۆمانە لەڕووی گێڕانەوەوە کە چەند کەسێك پێکەوە حیکایەتەکانمان بۆ دەگێڕنەوە، لەشارێکی گەورە دەچێت، شارێك دەیان ڕێگا بەیەکەوەو لەیەك کاتدا دەچنە ناوییەوەو تۆی خوێنەریش بۆ ئەوەی بەباشی بیناسیت،

ناچاریت بە هەموو ڕێگاکاندا بڕۆیت. بێگومان ئەمە بۆ شارێکی راستەقینە ناگونجێتو ڕەنگە بۆ شارێکیش کە لەجۆرە خەیاڵێکی دی دروستکرابێت دیسان هەر نەگونجاو بێت بەچەند ڕێگایەکدا بچیتە ناوییەوە. وەلێ بۆ ئەم شارە نیوە خەیاڵیو نیوە راستەقینەیەی بەختیار عەلی، ئەم چوونەژوورەوەیە نەك هەر گونجاوە، بگرە تاکە بڕیارێکە کە دەبێت خوێنەر بیداتو تاقیبکاتەوە. پێویستە بۆ ئەوەی بتوانیت بچیتە ناو شارەکەوەو بیناسیت، لە هەموو ڕێگاکانەوە بچیتە ژوورەوە. دەبێت بەناو دەنگی هەموو حیکایەتخوانەکاندا تێبپەڕیت کە هەریەکەیان شتێك دەگێڕێتەوەو دواجاریش بە هەموویان یەك شت دەگێڕنەوە.

لەم ڕۆمانەدا جگە لەوەی فرە حیکایەتخوانییەکی گەورە هەیەو زۆرێك لە پاڵەوانەکان بەیەکەوە حیکایەتەکانمان بۆ دەگێڕنەوەو هەر یەکەیان دیوێك، یان چەند دیوێکی ڕووداوەکانمان بۆ دەگوازێتەوەو بەمەش ئێمەیان تا رادەیەك لە بینینی هەموو ڕووداوەکان، یان راستتر هەموو دیوەکانی ڕووداوەکان نزیك کردۆتەوە.

جگە لەمە، دیوە جیاوازەکانی خودی پاڵەوانەکانیش، بە جیا لەناو ڕۆمانەکەدا کار دەکەنو لە گێڕانەوەی حیکایەتەکاندا یارمەتیمان دەدەنو ڕەهەندگەلێکی قوڵتر بەو فرەدەنگیو فرەڕەنگیو فرەدیویو فرە ئاستییە دەبەخشن کە لەم ڕۆمانەدا بەوردی کاریان لەسەر کراوە. بەختیار هەوڵیداوە لەڕێگای ئەم دیوە جیاوازانەی پاڵەوانەکانەوە، هەم باشتر دیوی جیاوازی ڕووداوەکانمان بۆ بگوازێتەوە، هەم ڕەهەندێکی فەلسەفی بە کارەکەی ببەخشێتو پێمان بڵێت وەکچۆن ژیان هەمیشە زیاتر لەدیوێکی هەیە، مرۆڤەکانیش زیاتر لە ژیانێکیان هەیە. وەکچۆن، بۆ نمونە،خەیاڵ دیوێکی دیکەی حەقیقەتەو ژیانێکی بێخەیاڵ ژیانێکی بێڕەنگو بێڕوحە، هەر ئاوهاش مرۆڤەکان زیاتر لە دیوێکیان هەیە، ژیانی هەر یەکێکیش لە مرۆڤەکان، بەبێ دیوەکەی دیکەی، ژیانێکی بێڕەنگو بێڕوح دەبێت. لە ڕۆمانەکەدا مەلای سوختە دیوێکی دیکەی مەلای هاجەرە، نەوجەوانی چینی دیوێکی دیکەی غەزەلنوسە، زوهدی شازەمان کە بە ماجەلانی راستەقینە ناودەبرێت دیوێکی دیکەی ماجەلانی خەیاڵییە، جەعفەری مەغۆلی دیوێکی دیکەی حەسەن تۆفانە. بەختیار هەر تەنها بە ئیشکردن لەسەر ئەم دوودیوویەی پاڵەوانەکان رازی نەبووە. ئەوەتا لە شوێنێکدا دەڵێت: غەزەلنوس کوڕی مەلای سوختە نییە، خودی مەلای سوختەیە. باران شکوریش کە خۆی لەسەر نەوجەوانی چینی کوژراوە، بۆنی غەزەلەکانی غەزەلنوسی لێدێتو شێوەشی زۆر لە سەبری مەعشوقەی غەزەلنوس دەچێت، ئەو سەبرییەی کە غەزەلنوس لەهەزار باغ دەیبینێت. ئەوەتا حەسەنی پیزۆش جاروبار خۆی لێدەبێت بە نەوجەوانی چینیو حەز لەباران شکور دەکات. غەزەلنوسیش بە تریفە یابەحری دەڵێت: ((تۆ خەونی من نیت بە تەنیا، بەڵکو تۆ ئەو خەونەی کە هەموو باغەکانو هەموو باغەوانە خەیاڵییەکان دەیبینن–580)). لەم فرەدیویەی پاڵەوانەکاندا بەختیار لە دوو ئاستی دیکەشدا دوو گەمەی جوانی تاقیکردۆتەوە کە گەمەی یەکەمیان ئەوەیە حەسەن تۆفان جگە لەوەی لەگەڵ جەعفەری مەغۆلییدا دوو دیوی یەك مرۆڤن، جگە لەوەی جاروبار خۆی لێدەبێت بە نەوجەوانی چینی، خۆشی بە تەنها وەك حەسەن تۆفان دیوێکی دیکەی هەیە کە حەسەنی پیزۆیەو تەواو لەگەڵ حەسەن تۆفاندا جیاوازە. گەمەی دووەمیشیان ئەوەیە کە تەنانەت بارۆنی خەیاڵ–یش لە یەك دوو ئاستدا دەبێت بە دیوێکی دیکەی غەزەلنوس. ئەوەتا ماجیدی گوڵ سۆلاڤ دەڵێت: ((بارۆن هیچی لەو بارۆنەی جاران نەدەچوو، ئێستا

پیاوێکی ریش هاتووی ماندووو نائومێد دەهاتە پێشچاوم، شتێك لە روخساریدا بوو غەزەلنوسی یاد دەهێنامەوە. وەك ئەوەی نیوە بێخەیاڵو بەدەکەی غەزەلنوس بێتو بەسەر زەویدا وێڵو ئاوارە بوو بێت– ل604)). بارۆن خۆشی لەبارەی کوشتنی غەزەلنوسەوە دەڵێت: ((ئەوەی کوشتومە تەنیا ئەو نیوە شاعیرەی ناو رۆحی خۆمە کە لە منداڵییەوە راوم دەنێت– ل610)). لە شوێنێکی دیکەشدا دیسان لەبارەی کوشتنی غەزەلنوسەوە دەڵێت: ((ئێستا ئەو شاعیرە مەلعونەی ناو روحی خۆمم کوشتو دەتوانم ئاسوودە بم– ل 609)). بەمشێوەیەو لە رێگای ئەم گەمە سەرنجراکێشانەوە ئێمە هەستدەکەین بەختیار دەیەوێت بەرەو چەمکێکی فەلسەفیمان ببات، کە تیایدا: مرۆڤەکان نەك زیاتر لە دیوێکیان هەیە، بگرە هەموو مرۆڤەکان چەند دیوێکی جیاجیای یەکدین. لەو چەمکە فەلسەفییەدا: ((هەموو ئادەمیزادەکان زنجیرەیەك وێنەی ئاوێنەیی یەکدین، کۆمەڵێك مەخلوقاتن کە یەك نیوەی دژو تەواوکاری یەکن، مرۆڤ سەرەتا نوتفەیەکی چکۆلانە بووەو تەقینەوەیەکی گەورە کردویتی بە ملیۆنەها بەشەوە، هەر وەك چۆن رۆژێك لە رۆژان، تەقینەوەیەکی مەزن گەردوونی لە پنتێکی چکۆلەی ناو عەدەمەوە کردووە بە ملیۆنەها ئەستێرە– ل604)). کارکردن لەسەر ئەم چەمکە فەلسەفییە جگە لەوەی یارمەتی خوێنەر دەدات دیمەنەکان لە هەموو دیوەکانیانەوە ببینێت، یارمەتی نوسەریشی داوە لەسەرتاپای رۆمانەکەدا تێکەڵکردنێکی سەیری خەیاڵو واقیع بڕەخسێنێت. کە بەمەش سەرئەنجام دەقێك بەرهەمهاتووە زۆر بەتوندی چوارچێوە تەقلیدییەکانی تورهەڵداوەو گەیشتۆتە ئاستێك خوێنەر بە قوڵیی هەستبکات لەبەردەمی دەقێکی گەورەو مەزندایە.

## شاعیرو پادشا– روناکبیرو دەسەڵات

((دواجار پادشاکان ئەگەر لەگەڵ یەکدا دوژمنیش بن، هێشتا بەرابەر بە شاعیران بران– ل613)).

### بارۆنی خەیاڵ

من هێشتا لە سەرەتای خوێندنەوەی رۆمانەکەدا بووم، کە بێئەوەی بزانم بۆ؟ یەکێك لە حیکایەتەکانی ناو رۆمانەکە زۆر سەرنجی راکێشامو دوچاری حەپەسانو سەرسامیی کردم. ئەویش حیکایەتی خاولییەکەی (حوسنی ماردینی) بوو. کە لە دیوێکییدا خەیاڵ هەیەو لە دیوێکیدا خەیاڵ مردووە. دیوی یەکەمی باسی شاعیرێکو دیوی دووەمی باسی پادشایەك دەکات. ئەو خاولییە حیکایەتی گرەوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەنێوانی ئەو شاعیرو پادشایەدا روودەداتو شاعیرەکە دەیباتەوەو پادشاکە دەیدۆڕێنێت. دواتر کە رۆمانەکەم بە تەواوی خوێندەوە تێگەیشتم هۆی سەرسامیی من بەو حیکایەتە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەم حیکایەتە لەو جۆرە حیکایەتانە نییە وا دەکەونە هەندێك رۆمانەوەو بوونو نەبوونیان شتێکی جەوهەریی لە

هێڵی سەرەکیی رۆمانەکە ناگۆڕێت. بەڵکو خودی رۆمانەکە درێژبوونەوەی ئەو حیکایەتەیە، یان راستتر رۆمانەکە دیوێکی دیکەی ئەو حیکایەتەیە. خاولییەکەو رۆمانەکە هەردووکیان باس لە شەڕو ململانێی نێوان شاعیرو پادشا، روناکبیرو دەسەڵات دەکەن، بەڵام هەر یەکەیان بەجۆرێك. نوسەر هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی هەم دیووە جیاوازەکانی پاڵەوانو هەم دیوە جیاوازەکانی رووداوەکانمان پیشان بدات. وەکچۆن مەلای سوختە دیوێکی دیکەی مەلای هاجەرو نەوجەوانی چینی دیوێکی دیکەی غەزەلنوسو ماجەلانی راستەقینە دیوێکی دیکەی ماجەلانی خەیاڵییو جەعفەری مەغۆلی دیوێکی دیکەی حەسەنی تۆفانە، هەر ئاوها خودی رۆمانەکەش دیوێکی دیکەی حیکایەتی نێو خاولییەکەیە. بارۆنی خەیاڵ پادشای نێو خاولییەکەو غەزەلنوس شاعیری نێو خاولییەکەیە. ئەم دوو پاڵەوانە لە ناو خاولیەکەوە هاتوونەتە دەرێو بوون بە هێزی بزوێنەری رۆمانەکە. لەم رووەوە کە بەختیار پاڵەوانێك لە ناو حیکایەتێك دێنێتە دەرەوەو دەیکات بە پاڵەوانی نێو رۆمانێك، جگە لە بارۆنی خەیاڵو غەزەلنوس، پاڵەوانێکی دیکەشی لەرێگای هەمان گەمەوە هێناوەتە نێو رۆمانەکەوە، ئەویش سەبرییە. ئەو سەبرییەی پێشتر لە نێو گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا دەژیاو ((بەسەری تاقە براکەی سوێندی دەخوارد کە شوو ناکات))، ئەمیش لەرێی هەمان گەمەوە، لەو گۆرانییانە هاتۆتە دەرێو چۆتە نێو رۆمانەکەوەو بووە بە یەکێك لە پاڵەوانە ونەکانی نێو رۆمانەکە. وتمان رۆمانەکە دیوێکی دیکەی حیکایەتی خاولییەکەیە، با بزانین چۆن؟ وەك بینیمان خاولییەکە حیکایەتی گرەوی شاعیرێکو پادشایەکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە پادشاکە دەدۆڕێتو شاعیرەکە دەیباتەوە. پادشاکە دەمرێتو شاعیرەکە دەژی. ئەمەش بەلای بارۆنی خەیاڵەوە کارەساتێکە بەس خودا دەزانێت چی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لەبەر ئەوە بارۆن هەوڵدەدات حیکایەتی نێو خاولییەکە لە نێو رۆمانەکەدا راستبکاتەوە. ئەو راستکردنەوەیەش لەکوشتنی غەزەلنوسدا دەبینێت. بەڵێ لە نێو رۆمانەکەدا بارۆن غەزەلنوس دەکوژێتو لە رووکاردا ئەو گرەوەکە دەباتەوەو غەزەلنوس دەدۆڕێت، چونکە وەك دەبینین بارۆن دەمێنێتەوەو غەزەلنوس لەناو دەچێت. دواجار حەسەن تۆفان خودی ئەو خاولییەی حیکایەتی پادشاو شاعیرەکە دەگێڕێتەوە لە تەرمەکەی غەزەلنوس دەئاڵێنێت، خاولییەکە بەخوێنی غەزەلنوس سوور دەبێت. ئەمەش ئاماژەیەکی ناوەکیی قوڵە بۆ ئەوەی کە پەیوەندییەکی گەورە لە نێوانی خاولیەکەو رۆمانەکەدا هەیە. بەڵێ ئەگەر بە چاوێکی ئاساییو رووکەشبین لە کوشتنی غەزەلنوس بروانین دەبێت بڵێین لە رۆمانەکەدا بە پێچەوانەی خاولییەکەوە شاعیر دەدۆڕێتو پادشا دەیباتەوە، روناکبیر دەشکێتو دەسەڵات سەردەکەوێت. چونکە بارۆن لە بری جارێك، دووجار غەزەلنوس دەکوژێت. جارێك ئەو دیوەی دەکوژێت کە ناوی نەوجەوانی چینییەو جارێکیش ئەو دیوەی دەکوژێت کە ناوی غەزەلنوسە. وەلێ لە حەقیقەتدا ئەوەی کە دەدۆڕیت بارۆنە نەك غەزەلنوس، ئەوەش کە دەیباتەوە غەزەلنوسە نەك بارۆن. چونکە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت بارۆن دوای ئەوەی لە دروستکردنی شاری خەونەکان بێئومید دەبێت غەزەلنوس دەکوژێت. نابێت سەرنج لەوە نەدەین کە بارۆن دوای کوشتنی غەزەلنوس دەست لە دروستکردنی شاری خەونەکان هەڵدەگرێتو هەموو تەرکیزی خۆی دەخاتە سەر ئاوەدانکردنەوەی دێیەکی دوورەدەستو عاسی. دەمەوێت بڵێم لە رۆمانەکەدا غەزەلنوس دەکوژرێت، بەڵام نادۆڕێت، چونکە دەستبەرداری خەونەکانی خۆی

نابێت. چونکه بارۆن نه به ئیغراکردنو نه به ترساندن ناتوانێت له خەونەکانی خۆی پەشیمانی بکاتەوە. ناشتوانێت کارێك بکات غەزەلنوس بیباتە ناو باغەکانی خەیاڵەوە. بارۆن دەمێنێتەوە، بەڵام سەرناکەوێت، چونکە خەونەکانی دەمرن. غەزەلنوس لەگەڵ خەونەکانی خۆیدا دەمرێتو بارۆن بەبێ خەونەکانی خۆی دەژی. ئەمە یەکێك لەو پەیامە قوڵانەیە کە ئەم رۆمانە دەیەوێت بیگەیەنێت. لە چەند جێگایەکی رۆمانەکەشدا ئاماژە بەم حەقیقەتە کراوە. بۆ نمونە: بارۆن دوای کوشتنی غەزەلنوس، هەموو شتێکی خۆشو بێغەم دێتە بەرچاو تا ئێوارەیەك بە بینینی کۆمەڵێك خانم لە باغێکی چکۆلەو پەژموردەدا کە خەریکی رستنی فەرشێکی ئاسمانین، دەکەوێتەوە سەر کەڵکەڵەی خەیاڵو تێدەگات هیچ وەخت نەیتوانیووە خەیاڵ بکوژێت. لەو بارەیەوە لە برگەیەکی یاداشتەکانییدا دەڵێت: ((هەستمکرد بینینی ئەو مافوورە هەموو غرورو شکۆمی شکاندو تێکەڵ بەخاكو خۆڵی کرد. تەنیا چەند ساتێکی کورت لەبەردەم ئەو فەرشەدا بەسبوو بۆئەوەی تێبگەم چەند دۆڕاوم– ل610)). دواجار بارۆن نەك هەر ناتوانێت هەست بەسەرکەوتن بکاتو دڵی بەکوشتنی غەزەلنوس خۆش بێت، بگرە ژیانو مردن بۆ ئەو جیاوازییەکیان نامێنێت. ئەوەتا لە برگەیەکی دیکەی یاداشتەکانیدا دەڵێت: ((من چیدی باکم بە مردنی خۆشم نییە– ل605)).

## شاعیرو پادشا– حیکایەتو مەرگ

((حیکایەتەکان ئێمە لەمردن دەپارێزن، ئەگەر مردن نەبوایە، ئێمەش رۆماننوس نەدەبووین)).(5)

لویس لاندیرۆ

لەم رۆمانەدا ئەو تەوەرانەی کاریان لەسەر کراوە زۆرن، وەلێ تەوەری سەرەکی رۆمانەکە کارکردنە لەسەر ململانێی شاعیرو پادشا، یان روناکبیرو دەسەڵات. بۆ ئەمەش نوسەر چۆتە ناو زۆر وردەکارییەوەو هەوڵیداوە لەزۆرترین رەهەندەکانی ئەو ململانێیە وردبێتەوەو قوڵاییەکانیان بخوێنێتەوە. هەوڵیداوە بەزۆر شێوەو لەزۆر ئاستی جیاجیادا سەرنجی قوڵ لەو ململانێیە بدات. ویستویەتی بزانێت ئەم دوو بوونەوەرە، مەبەستم شاعیرو پادشایە، بۆچی ناتوانن پێکەوە بژین؟ بۆ ئەمەش هەوڵیداوە لە رێگای تەکنیکەکانی رۆمانەوەو بەچەند شێوازێکی جیا جیا بمانباتەوە سەر ریشەکانی ئەو ململانێیە کە بە هەموو سەردەمەکاندا درێژبۆتەوە تا گەیشتووە بە ئێستا. ئەوەتا لەرێگای حیکایەتێکەوە کە تیایدا: بارۆنی خەیاڵ، سەردانی غەزەلنوس دەکاتو لەبری ئەوەی بتوانێت بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، خۆی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەوەوە، پێماندەڵێت: رقی پادشاکان لە شاعیران هەر بەتەنها لەبەر ئەوە نییە کە ناتوانن بیانخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوەو کۆنترۆڵیان بکەن، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەیە کە خۆشیان دەکەونە ژێر دەسەڵاتی شاعیرانەوەو هەندێجار بە رادەیەك پێیان

سەرسام دەبن، کە ((وەکو دیلێکیان لێدێت لە نیوەی شەودا ئازاد کرابێتو نەزانێت بەرەو کوێ بڕوات- ل477)). پادشاکان لە بەلاغەتی شاعیران دەترسنو خەمی گەورەیان ئەوەیە: ((شاعیرەکان جیاوازیی لە نێوان دەسەلاتو بێدەسەلاتدا نەهێڵن، ئەوان هەستدەکەن ئەگەر شاعیران هێزیان هەبێت ئەوان دەسڕنەوە، لەبەر ئەوە لە شاعیران دەترسنو هەوڵدەدەن لەناویان ببەن، یان دەوریان کەمبکەنەوە- 473)). ئەم رقو ترسەی پادشاکان لە شاعیران دەگاتە ئاستێك بارۆن لە شوێنێکی یاداشتەکانییدا دەڵێت: ((دواجار پادشاکان ئەگەر لەگەڵ یەکدا دوژمنیش بن، هێشتا بەرابەر بە شاعیران بران- ل613)). ئەم هۆکارانە وایان کردووە لە سەردەمانێکی کۆنەوە تا ئەمڕۆش بەردەوام پادشاو شاعیر، یان راستتر دەسەلاتو روناکبیر، لە شەڕدابنو ئەوەی لە نێوانیاندا بەردەوام بە تەڕیو تازەیی بمێنێتەوە، خوێن بێت. ئەوەتا بەختیار لەدوایین دێڕەکانی رۆمانەکەدا لەبارەی ئەو خاولیەوە کە حیکایەتی پادشاو شاعیرەکەی دەگێڕایەوەو دواتر لە تەرمەکەی غەزەلنوسەوە پێچراو بە خوێنی ئەو سوور بوو، دەڵێت: ((ئێستاش بۆنی خوێنێکی گەرمو نوێی لێدێت- ل617)).

لەم رۆمانەدا ئەم دوو بەرەیە، بەرەی پادشاو بەرەی شاعیر، کە لە بارۆنی خەیاڵو غەزەلنوسدا بەرجەستە کراون، لەشەڕو ململانێیەکی بەردەوام دان. بارۆنەکان بیر لەوە دەکەنەوە خەڵك بکوژنو مردن هەبێتو شاری خەونەکان دروستبکەنو کتێبی مردن بکەنە بناغەکەیەوەو لەبیری دنیای ببەنەوە. مردن هەبێت، بەلام باسکردنی قەدەغە بێت. غەزەلنوسو هاوڕێکانیشی هەوڵدەدەن بۆئەوەی مردن، یان راستتر کوشتن رابگرن، کتێبی مردنو حیکایەتی مردووەکان بنوسنەوە. بەمانایەکی دی: شەڕی شاعیرو پادشا، شەڕێکە لەو دیوەیدا کە پادشا بەڕێوەی دەبات، خەڵك دەکوژرێتو هەوڵی لەبیر بردنەوەی حیکایەتی کوشتنەکەی دەدرێت. لەو دیوەشیدا کە شاعیر بەڕێوەی دەبات بۆ ئەوەی مردن رابگیرێت هەوڵی زیندووکردنەوەو نوسینەوەی حیکایەتەکانی مردن دەدرێت. بارۆنەکان دەیانەوێت بەشاردنەوەو قەدەغەکردنو لەناوبردنی حیکایەتەکانی مردن، چاوی دنیا لەسەر ئەو کەسانە لابدەن کە دەیانکوژن. غەزەلنوسەکانیش دەیانەوێت بە زیندووکردنەوەو نوسینەوەی ئەو حیکایەتانە، چاوی دنیا بگێڕنەوە بۆ سەر ئەو کەسانەی دەکوژرێن. بارۆنەکان لەشاردنەوەی حیکایەتی کوژراوەکاندا مەبەستیان ئەوەیە بتوانن درێژە بەکوشتن بدەن. غەزەلنوسەکانیش لە ئاشکراکردنو نوسینەوەی حیکایەتەکانی مردندا، مەبەستیان ئەوەیە کوشتن رابگرن. دەکرێت لە پشتی ئەو وشەو دەستەواژانەوە پەیامێکی دیکەی ئەم رۆمانە ببینین کە بەختیار ویستویەتی بیگەیەنێت. پەیامەکەش ئەمەیە: شاعیرەکان هەمیشە لەلایەن پادشاکانەوە بە مردن گەمارۆ دەدرێنو ڕێگای رزگاربوونیشیان، ئەگەر هەبێت، تەنها لە نوسینو حیکایەتدایە. پادشاکان لەوەتی هەن مردن، یاخود کوشتن گەورەترین هێزیان بووەو شاعیرەکانیش هەمیشە حیکایەت، یاخود نوسین کاریگەرترین هێزیان بووە. بە مانایەکی دی، بەختیار ویستویەتی بڵێت، حیکایەت هەمیشە بەرامبەرە بە مردن، بەلام حیکایەت لە مردن گەورەترە.

# حیکایەتو زیندوێتیی

((هونەری ڕۆماننوسین هەستکردنە بەوەی کە هێشتا دڵ زیندووەو نوسەریش کەسێکە زیاتر لەوەی بە هزر بنوسێت بە خوێن دەنوسێت)).(6)

لویس لاندیرۆ

مرۆڤ دوای خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە هەستدەکات ئەو بۆچوونەی کەدەڵێت پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو کرانەوەی دنیا بەڕووی مرۆڤەکاندا وای کردووە حیکایەت بەشێکی زۆر لە ئەفسوونو جادووگەرێتی خۆی لەدەست بدات، بۆچوونێکی ناتەواوە.

خوێنەر هەستدەکات وەکچۆن هەموو سەردەمێك مرۆڤو خەونو خەیاڵو ئازاری خۆی هەیە، هەر ئاوها هەموو سەردەمێکیش حیکایەتی خۆی هەیە. بەختیار لەرێی ئەم ڕۆمانەوە هێزێکی گەورەی حیکایەتکردنمان پیشان دەدات. پێمان دەڵێت: مرۆڤ ئەگەر بەعەشقێکی قوڵو ڕاستەقینەوە لەگەڵ حیکایەتەکاندا بژی، دەتوانێت خوێنەر سەرسام بکات، کە بێگومان سەرسامکردنی خوێنەر  یەکێك لە خاڵە جەوهەرییەکانی هەموو کارێکی ئەدەبییە، بەتایبەت ڕۆمان. بەختیاریش زۆر بە جیدی کاری تێدا کردووە. پێموایە خوێنەر لەکاری ئەدەبییدا بەر لەهەر شت بەدوای سەرسامییدا دەگەڕێت. ئەو ئەدەبەی کە نەتوانێت خوێنەرەکانی سەرسام بکات ناتوانێت ئەدەبێکی مەزن بێت. من بۆ خۆم پێموایە لەکاری ئەدەبییدا، گەیشتن بە نەمریی دەیانو سەدان ڕێگای هەیە، بەڵام هەرهەموویان بەناو سەرسامییدا تێدەپەڕن. سەرسامکردن لای هەر نوسەرە شێوازی خۆی هەیەو  برو جۆرو چۆنێتی دروستکردنو پێشکەشکردنی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆرێت. لای بەختیارو لەم ڕۆمانەیدا ئەوەی کە زۆرترین سەرسامیی لێبەرهەمهاتووە ئەو هێزە گەورەیەی حیکایەتکردنە کە ڕۆمانەکەی پڕکردووە لە ئەفسوون. گرنگیی حیکایەتیش لەناو ڕۆماندا، رێك وەك گرنگیی روح وایە لەناو لەشدا، وەکچۆن لەشێك نییە بەبێ روح ژیانی تێدا بێت، ڕۆمانێکیش نییە بەبێ حیکایەت ژیانی تێدا بێت. تەنانەت مارکیز پێیوایە نەك ڕۆمان، ژیان خۆی حیکایەتەو بۆ ئەوە هەیە بگێڕدرێتەوە. پێیوایە مرۆڤیش بۆ ئەوە دەژی حیکایەت بگێڕێتەوە: ((ژیام بۆئەوەی بیگێڕمەوە)). لەم ڕۆمانەی بەختیاریشدا ئەوە غەزەل نییە کە خوێنەر دووچاری سەرسامیی دەکات، حیکایەتی غەزەلە. عەشق نییە حیکایەتی عەشقە، مردن نییە حیکایەتی مردنە، ململانێی شاعیرو پادشا نییە حیکایەتی ئەو ململانێیەیە، مافورەکانی تریفە یابەحریو هاوکارانی نییە، حیکایەتی ئەو مافورانەیە. حیکایەت لەم ڕۆمانەدا ئێمە بەرەو حەقیقەت نابات، بەڵکو بۆ ئەودیوی حەقیقەتمان دەبات. بۆ شوێنێکمان دەبات لە حەقیقەتیش قوڵترو دوورترو ئەفسوناویترە. وەکچۆن لەژیانی واقیعییدا هەندێجار، بۆ

نمونه، ژنێکی جوان دەچێتە نێو ژیانی پیاوێکەوەو هەموو وێنە جوانەکانی ژنانی دی، کە پێشتر لەناو چاوی ئەو پیاوەدا بوونیان هەبووە، تێکدەشکێنێت. هێزی حیکایەتکردنیش لەم رۆمانەدا بە ئاستێك گەیشتووە کە دەتوانێت زۆر وێنەی ناو چاوی خوێنەرەکانی تێکبشکێنێت. ئاخۆ حیکایەتی ئەو شەوەی زوهدی شازەمانو ئەفسانە پێکدەگەنو ئاوێزانی یەك دەبنو سێکس دەکەن، گەیاندنی خوێنەرە بە حەقیقەت، یان گەیاندنێتی بەو دیوی حەقیقەت؟ ئاخۆ ئەوەی لەوێدا حیکایەت دروستی دەکات، هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە ئاستی واقیع، یان هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەشتێك کە لەواقیع قوڵترو دوورترو ئەفسوناویی ترە؟ ئاخۆ ناتوانین لەوە بێگومان بین کە ئەو حیکایەتە بەخوێن نوسراوە؟ ئاخۆ بە قوڵیی بیرمان ناخاتەوە کە هێشتا دڵمان زیندووە؟!

## خەیاڵو واقیع

### ((راستییە گەورەکانیش لە خەیاڵەوە نزیکن– ل134)).

**مەلای سوختە**

لەم رۆمانەدا زۆرترین قسە لەسەر خەیاڵ کراوە. وەلێ خەیاڵ لێرەدا جێگایەك نییە کە تیایدا مرۆڤەکان خۆیان لەواقیع بشارنەوە، بەڵکو جێگایەکە تیایدا مرۆڤەکان بە توندی رووبەرووی واقیع دەبنەوە. خەیاڵ لەم رۆمانەدا راکردن نییە لە واقیع، بەڵکو راکردنە بەرەو واقیع. لەم رۆمانەدا تێکەڵکردنێکی سەیری خەیاڵو واقیع هەیە کە هیچیان بەبێ ئەوی دیکە ناتوانن درێژە بەخۆیان بدەن. رەگەکانی خەیاڵ بە قوڵیی لە نێو واقیعو رەگەکانی واقیعیش بە قوڵیی لە نێو خەیاڵدان. بوونەوەرە خەیاڵییەکان چاویان لە واقیعو بوونەوەرە واقیعییەکانیش چاویان لە خەیاڵ بڕیووە.
ئەوەتا بارۆنەکان کە سەر بەدنیای واقیعن لە هەوڵی ئەوەدان شاری خەونو خەیاڵ دروستبکەن. غەزەلنوسو هاوڕێکانیشی کەسەر بە دنیای خەیاڵن هەوڵدەدەن بارۆنەکان تێبگەیەنن بۆ ئەوەی بتوانن شاری خەون دروست بکەن، دەبێت بتوانن بە قوڵیی سەیری واقیع بکەن.
بەشێوەیەکی گشتییش رۆمانەکە ئیشکردنە لەسەر خەیاڵ بەڵام بەئاراستەی واقیع. هەندێ لە پاڵەوانەکان خەیاڵین وەلێ بە قوڵیی لەگەڵ واقیعدا رووبەڕوو دەبنەوە. هەندێکی دیکە لە پاڵەوانەکان واقیعین، (مەبەستم واقیعێکی گریمانەییە، نەك واقیعێکی ئەبستراکت) کەچی بەتوندی بەدووی خەیاڵەوەن. گەشتەکان یان لە واقیعەوە دەستپێدەکەنو لە خەیاڵدا کۆتاییان پێدێت، یان لە خەیاڵەوە دەستپێدەکەنو لە واقیعدا کۆتاییان پێدێت. ئەوەتا بارۆنەکان کە سەر بە بوونەوەرە واقیعییەکانن، دوای نائومێدبوون لەگەیشتن بە شاری خەونەکان، بیر لەکوشتنی خەیاڵ دەکەنەوە. غەزەلنوسو هاوڕێکانیشی کە سەر بە بوونەوەرە خەیاڵییەکانن،

به واقیعی (مەبەست واقیعی نێو ڕۆمانەکەیە)، دەکوژرێنو زیندانی دەکرێنو لەناو چیا عاسیو سەختەکاندا کاری قورسیان پێدەکرێت. واتە لە هەموو حاڵەتەکاندا خەیاڵ بەرەو واقیعو واقیعیش بەرەو خەیاڵ دەڕوات.
تەنانەت ئەم تێکەڵکردنی خەیاڵو واقیعە هەر بەتەنها لە نێو بیرکردنەوەو ژیانی پاڵەوانەکاندا نییە، لە خودی پاڵەوانەکانیشدایە.
دایکو باوکی غەزەلنوس دوو مرۆڤی واقعیین بە هەمانشێوەی ئەو مرۆڤانەی دی کە لەزۆربەی ڕۆمانەکانی دیکەی ئێمەدا هەن، بەڵام غەزەلنوس کوڕی خەیاڵەکانی ئەوانە نەك کوڕی واقیع-ی ئەوان بێت.
دایکی تریفە یابەحری ژنێکی واقیعییە وەکو زۆرینەی ئەو ژنانەی دی کە لە ڕۆمانەکانی دیکەی ئێمەدا بوونیان هەیە، بەڵام ئەم ژنە لەبری ئەوەی وەك ئەو ژنانەی دی، لەگەڵ پیاوێکدا خەوتبێت، ئینجا تریفەی بووبێت، لەگەڵ مەراقێکدا خەوتووەو تریفەی لێبووە. حەسەنی پیزۆو جەعفەری مەغۆلی کە دوو دیوی یەك مرۆڤن، یەکێکیان سەر بەگروپی بارۆنەکانو ئەوی دیکەیان سەر بە گروپەکەی غەزەلنوسە. یەکێکیان لەگەڵ خەیاڵو ئەوەکەیان لەگەڵ واقیعدایە. واتە ئەم مرۆڤە دوودیوە پێیەکی لە نێو واقیعو پێیەکی لە نێو خەیاڵدایە. هەر بەتەنها ئەو دیوەشیان کە ناوی حەسەنی پیزۆیە لەسەرەتادا بە ناوی حەسەن تۆفانەوە لەگەڵ بەرەی واقیعدا بووەو یەکێك بووە لە ئەندامە چالاکەکانی شانەی کوشتنی نهێنیی ئەوانو دواتر بۆنی گوڵاوەکانی پیزۆی دایکیو بۆنی خوێنی ڕژاوی ژنێك، کەخۆی کوشتویەتی، گۆڕیویانەو کردوویانە بە یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی بەرەی خەیاڵ. شەڕو ململانێی گەورەی ڕۆمانەکەش لە نێوانی دوو گروپدا بەڕێوە دەچێت کە یەکێکیان نوێنەرایەتی واقیع دەکاتو بەدووی شارێکی خەیاڵییدا وێڵە. یەکێکیشیان نوێنەرایەتی خەیاڵ دەکاتو بە دووی واقیعدا وێڵە. تێکەڵکردنی خەیاڵو واقیع لەم ڕۆمانەدا یەکێك لەو بونیادە قوڵانەیە کە کاری زۆری لەسەر کراوەو دواجار گەیشتووە بە ئاستێك خوێنەر هەستبکات واقیع جگە لە (خەیاڵێکی مادی)و خەیاڵیش جگە لە (واقیعێکی نامادی) شتێکی دیکە نین. تێکڕای ژیانی مرۆڤیش دەکەوێتە نێوانی ئەم دوو هێزەوەو نەبوونی هەر یەکێك لەم هێزانە شوناسی مرۆڤ بە ناتەواوی دەهێڵێتەوە. ژیانی مرۆڤ لەنێو یەکێك لەو هێزانەدایە کە واقیعەو ژیانی یەکێکیش لەو هێزانە لەنێو مرۆڤ دایە، کە خەیاڵە. واتە مرۆڤو خەیاڵو واقیع سێ چەمکن لەناو یەکدیداو زۆر بەتوندی بەیەکەوە گرێدراون. لێرەوە هەر کارکردنێکی جیدی لەسەر هەر یەکێك لەم چەمکانە لەقوڵاییدا کارکردنیشە لەسەر دووانەکەی دی. بەم مانایە ئەم ڕۆمانە چەند کارکردنە لەسەر خەیاڵ، ئەوەندەش کارکردنە لەسەر مرۆڤ و واقیع. چەند کارکردنە لەسەر واقیع، ئەوەندەش کارکردنە لەسەر مرۆڤ و خەیاڵ. چەندیش کارکردنە لەسەر مرۆڤ، ئەوەندەش کارکردنە لەسەر خەیاڵو واقیع.

## وێنەی ژنو مردن

((مرۆڤ گەر لەشارێکی پڕ مردندا بژی، دەبێت لەمردن تێبگات- ل153)).

ماجیدی گوڵ سۆلاڤ

وێنەی ژن لەم ڕۆمانەدا وێنەیەکی ئامادەو چەند دیووە. لەچەند ئاستێکی جیاجیادا دەردەکەوێتو کەمو زۆر سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی رادەکێشێت. لەزۆربەی هەرە زۆریشیاندا یان وێنەکە خۆی لەناو مردندایە، یان لەپاڵ شتێکدایە کە ئەو لەناو مردندایە. واتە ئەم وێنەیە، لەناو ئەم ڕۆمانەدا، هەمیشەو بەردەوام بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندی بە مەرگەوە هەیە. وێنەیەکە ناتوانێت لە مەرگی دوور بخەیتەوە. ئەم وێنەیە جگە لەوەی وێنەی قوربانییەکی خەمگینو پەژموردەیە، کە بەدەستی بارۆنەکانو پیاوە دڵڕەقەکانو برا دڵپیسەکانیەوە سەرگەردان بووە، جگە لەوەی وێنەیەکە بەردەوام راو دەنرێتو دەکوژرێتو روخساریشی دەشێوێنرێت، وێنەیەکیشە کە دەتوانێت بە مەرگی خۆی ژیانی کەسێکی وەکو حەسەن تۆفان بگۆڕێت. هەروەها وێنەی ژن لەم ڕۆمانەدا، وێنەیەکیشە کە ناهێڵێت پرسەی کەسێکی وەکو غەزەلنوس چۆڵو بێدۆستو بێهاوڕێ بێت. خانمە پەژموردەکانو دایکە رەشپۆشەکان تەواوی حەوشەو ماڵەکەی غەزەلنوس دادەپۆشن. ژنە رەشپۆشەکانی هەزارباغیش سەرتاپای ئەو گۆڕستانە لەگوڵدا نوقم دەکەن، کە غەزەلنوسی تێدایە. لەم ڕۆمانەدا وێنەی ژن، لە باران شکورو لە تریفە یابەحریو لە کچانو ژنانی کارخانەکەی سەید قادری نیاو لە یاقوتی مەمەدو لەو ژنە بێناوەی دەکەوێتە بەر رەحمەتی تفەنگەکەی حەسەن تۆفانو لە هەموو ئەو ژنانەشدا کە چارەنوسیان بە پیاوانی (شانەی کوشتنی نهێنی) دەسپێردرێت، وێنەیەکە بەردەوام راودەنرێتو دەکوژرێت. لە مەهنازی سەیفەدین مارۆدا خۆی دەسوتێنێت. لەو ژنەدا کە وەکو دایکی یەکەمین منداڵی غەزەل، خۆی بە غەزەلنوس دەناسێنێت، چرکە بەچرکە لەلایەن پورییەوە هەڕەشەی خنکاندنی لێدەکرێت. لە تیشکان تاهیردا بۆ ئامادەکردنی مەرگی ماجیدی گوڵ سۆلاڤ بەکار دەهێنرێت. (ئەگەرچی دواتر ماجید لەبری مەرگ دەخرێتە زیندانەوە). واتە وێنەی ژن، لەم ڕۆمانەدا بەردەوام لەناو تەمی مەرگ دایە. تەنانەت سەبرییش دوای کوژرانی غەزەلنوس دەمرێت. ئەوەتا حەسەنی پیزۆ دەڵێت: ((ئەو رۆژەی چووم بۆ کوشتنی جەعفەری مەغۆلی، دەرگای باغەکانم کردەوەو زۆر بۆ سەبری گەڕام نەمدۆزییەوە)). ئەمەش ئیشکردنێکی ناوەکیی جوانە لەسەر ئەوەی کە مێژووی ژن، لای ئێمە، هاوکات مێژووی مردنیشە. ئەم ئیشکردنە بانگکردنێکە بۆ بینینێکی باشتری ئەو مێژووەو دواجاریش بۆ دەرهێنانو رزگارکردنی ژن لەو مێژووە. لە راستیشدا رزگارکردنی ژن واتە رزگارکردنی پیاو، واتە رزگارکردنی ژیان. من زۆرجار وتومە پەیوەندی ژنو پیاو، وەکو پەیوەندی منداڵی ناو رەحمی دایكو دایکەکە وایە. ئەگەر منداڵەکە نەخۆش بێت دایکەکەش نەخۆشە، ئەگەر دایکەکە نەخۆش بێت منداڵەکەش نەخۆشە. وەکچۆن ئەو منداڵەی لەناو رەحمی دایکیدایە، لەگەڵ مردنی دایکیدا دەمرێت، پیاویش بەهەمان شێوە دوای مردنی ژن دەمرێت. لێرەوە هەوڵدان بۆ رزگارکردنی ژن، هەوڵدانە بۆ رزگارکردنی پیاو، هەوڵدانە بۆ رزگارکردنی ژیان.

# بەریەککەوتنی قەدەرەکان

((غەزەلنوس! دواجار منو تۆ دوو تۆپی بلیاردین بەریەك دەكەوینو هەر یەكەمان قەدەریتی ئەوی دی بە ریگایەكو ئاراستەیەك بجولینیت كە نایەویت– ل592)).
بارۆنی خەیاڵ

یەكێكی دی لەو بونیادانەی لەم رۆمانەدا كاری زۆری لەسەر كراوەو لەزۆر ئاستدا دەركەوتنی هەیە، بونیادی بەریەككەوتنی قەدەرەكانە. كەسێك دەچێتە نێو ژیانی كەسێكەوەو قەدەری ئەو كەسە بۆ هەتاهەتایی دەگۆڕێتو بە ئاراستەو شوێنێكی دیكەیدا دەبات. رووداوێك روودەداتو ژیانی كەسێك یان چەند كەسێك لە ریشەوە هەڵدەكەنێت. لە هەندێ شوێندا هەستدەكەیت مرۆڤەكان خەوتوونو چاوەڕوانی كەسێك، یان رووداوێك، یان هێزێكن بێتو هەڵیانسێنێتو لەگەڵ خۆیدا بیانبات. دەشێت ئەمەش پەیوەندی قوڵی بەو راستییەوە هەبێت كە لەكۆنەستی ئێمەدا بەردەوام چاوەڕوانكردنی رزگاركەرێك بوونی هەبووە. ئێمە هەمیشە پێمان وابووە كەسێك یان هێزێك دێتو لە ژیانی دۆزەخئاسا رزگارمان دەكاتو دەمانبات بۆ بەهەشت. زۆرجاریش ئەوەی چاوەڕوانمان كردووە وێرانكەر بووە نەك رزگاركەر. لەبری ئەوەی بمانبات بۆ بەهەشت، باشتر ئاگری دۆزەخی بۆ خۆشكردووین. بارۆنی خەیاڵ لە یاداشتەكانیدا ئەم بەریەككەوتنی قەدەرانەی وەكو چەند تۆپێكی بلیارد تەماشاكردووە كە بەریەك دەكەونو ئاراستەی یەك دەگۆڕن. ئەوەتا دەڵێت: ((ژیان خۆی چییە جگە لە بلیاردێك ، بە تۆپی راستەقینەو خەیاڵی. هەر یەكەمان تۆپێكین تەنها یاخود دووانو سیانو چوار لە كونجێكدا، لە گۆڕەپانێكدا وەستاوین، لەناكاو تۆپێكی بزوێن دێت، تۆپێكی بەهێز، تۆپێكی راستەقینە كە كۆمەڵێك هێزی خەیاڵیو یاوەری خەیاڵیشی هەیە، دێت پەرشماندەكاتەوە، هەر یەكەمان بە ئاراستەیەك دەڕۆین، چاوەڕێ دەكەین تا هێزێكی دی، تۆپێكی دژ لە ئاراستەیەكی ترەوە دێتو دەمانجولێنێت. مرۆڤ لەم مەملەكەتەدا هیچ نییە جگە لە تۆپێكی بلیارد، كەدەبێت چاوەڕوانبكاتو ببینێت، بە چ ر ووییەكدا خلدەبێتەوە– ل13)). ئێستا با سەرنجێكی خێرا لە هەندێك لەو تۆپی بلیاردانە بدەین، كە لەناو ئەم رۆمانەدا هەن، بزانین چۆن چۆنی بەریەك دەكەونو چی بەسەر یەكدیدا دەهێنن: مەلای هاجەر نامەیەك بۆ غەلنوس دەنێرێتو ((ئەو نامەیە ژیانی غەزەلنوس لە بنەوە هەڵدەتەكێنێت– ل74)). دۆزینەوەی لاشەی (موراد جەمیل) زۆر شت لە ژیانی غەزەلنوسو هاوڕێكانیدا دەگۆڕێت. ((دەچێتە نێو خەونەكانی ئەو گروپەوەو داوایان لێدەكات شتێكی بۆ

بکەن– ل154)). ((وا دەکات ئیدی ئەوان ئاسودە نەبن– ل212)). وا دەکات ئەوان لەنوسینەوەی کتێبی مردن بەردەوام بن. ئەمەش هۆکارێك دەبێت لەوەدا کە دواجار غەزەلنوس بکوژرێتو ((ماجەلانی راستەقینە بە تۆمەتی کوشتنی ئەوو حەسەنی پیزۆ بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ کوشتنی جەعفەری مەغۆلیو ماجەلانی خەیاڵی بەتۆمەتی دەستدرێژی بۆ ناموس، بگیرێنو بەند بکرێن– ل600)). ((مردنی زاهیر یابەحری جانەوەرێکی وەکو جەوهەری کوڕی دەکاتە فەرماندارو دار بەدەستی ماڵو هەموو یاساکانی یاریەکە لەو ماڵەدا دەگۆڕێت– ل75)). دەرکەوتنی غەزەلنوس لە ماڵی سەیفەدین مارۆدا، ((شتەکان بەجۆرێکی کتوپڕ سەرەو ژوور دەکات– ل150))، وا لە مەهناز مارۆ دەکات جۆرە خەونێکی جیاواز ببینێت. وای لێدەکات ((بۆ یەکەمجار هەستبکات لە ناخی دڵەوە رقی لە نەجۆ ئەشکانی دەزگیرانیەتی، زۆر رقی لێیەتی، زۆر زۆر– ل151)). چوونی تریفە یابەحری بۆ کارخانەکەی سەید قادری نیا، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کچو ژنانەی لەوێ کار دەکەنو نازانن دڵیان هەیە یان نا؟ بەرەو جیهانێکی دی بچن. بتوانن خەیاڵیان هەبێتو بە خەیاڵ مەستبنو فێر بن خەو بە پاشەڕۆژی خۆیانەوە ببینن. وایان لێدەکات ((باسی ئەو کوڕانە بکەن کە لە دڵەوە ئاواتیان بۆ دەخوازن– ل132)). دواجار بوونی تریفە یابەحریو مافورە خەیاڵییەکانی لەو کارخانەیەدا، دەبێتە هۆی کوژرانی سەید قادری نیای خاوەنی کارخانەکەش. خوێنی ژنێكو بۆنی گوڵاوەکانی پیرۆی دایکی، حەسەن تۆفان دەخەنە خەڵوەتەوەو لەدنیای دادەبڕنو دۆزینەوەی تەرمی مراد جەمیل دەیگەڕێنێتەوە بۆ ناو دنیا. ئەو خاولیەی حیکایەتی شاعیرو پادشاکە دەگێڕێتەوە، ((دەتوانێت بۆ هەتاهەتایە ژیانی بارۆنی خەیاڵ وێران بکات– ل243)). ئەمانەو دەیان نمونەی دیکەی لەمجۆرە لە رۆمانەکەدا هەن، کە ئیشکردنن لەسەر بونیادی بەریەککەوتنی قەدەرەکان. دەشێت ئەمە جگە لەوەی رەخنەیەکی ناوەکیی قوڵ بێت لەوەی کە چیدی مرۆڤەکان وەکو تۆپی بلیارد چاوەڕوان نەبن تا ببینن بە چ لایەکدا خلدەبنەوە، جۆرێکیش بێت لە ئاگادارکردنەوەی مرۆڤ کە بێدەربەستانەو خوێنساردانە تەماشای کەسەکانو رووداوەکانی دەورو پشتی خۆی نەکاتو پێیوانەبێت ئەگەر ئەو حەقی بەسەر کەسەوە نەبوو ئیدی کەسیش حەقی بەسەر ئەوەوە نییە. بەوە نەخەڵەتێت ئەگەر دەستی بە کڵاوەکەی خۆیەوە گرت، ئیدی لە هەڵکردنی بایەکان بێخەم بێت. دەشێت بەختیار ویستبێتی بڵێت: ئەگەر مرۆڤیش واز لە دنیا بهێنێت، دنیا واز لە مرۆڤ ناهێنێت. لەبەر ئەوە باشتر وایە هەولبدات لە ناو دنیادا بێت، نەك لەدەرەوەی دنیا. باشتر وایە ئامادەی پێشهاتو رووداوەکان بێتو بەشدارییان تێدا بکاتو هەولبدات لەبری ئەوەی هەر بە تەنها ئەوان ئاراستەی ژیانی ئەم بگۆڕن، ئەمیش لە گۆڕینی ئاراستەی ئەواندا، رۆڵی هەبێت.

## پرسیار

### ((پێویستە لەسەرمان چاخێك بکەینەوە بەناوی چاخی پرسیار)).(7)

ادونیس

مرۆڤ دوای خوێندنەوەی ئەم رۆمانە هەستدەکات شەهیەی بۆ پرسیارکردن کراوەتەوە. هەستدەکات لە ناوەوە دەستکاری روانین‌و بیرکردنەوەکانی کراوەو هەندێك شت لە شوێنی خۆیان نەماون‌و هەندێ شت شێوەو رەنگیان گۆڕاوە. هەستدەکات شتەکان، هەر هەموو شتەکان، بەبێ هیچ هەڵاوێردنێك، قابیلی ئەوەن بخرێنە ژێر پرسیارەوەو جارێکی دی، یان راستتر، بەردەوام تەماشا بکرێنەوە. ئەمەش پەیوەندی راستەوخۆی بەو دیدە رەخنەییەوە هەیە کە هەندێجار پەنهان‌و هەندێجار ئاشکرا لەناو رۆمانەکەدا کار دەکات. یەکێك لە جوانییەکانی فرەدیوی پاڵەوانەکان‌و فرە حیکایەتخوانی لەم رۆمانەدا ئەوەیە کە وادەکەن ئەم دیدە رەخنەییە فرە ئاست بێت‌و بەچەند شێوەیەکی جیاجیا کار بکات. ئەو فرەدیوی‌و فرە حیکایەتخوانییە وا دەکات رەخنە بگاتە هەموو شوێنەکان‌و هەموو کەسەکان‌و هەموو دیاردەکان. یارمەتی مرۆڤ دەدات قوڵتر لەو راستییە سادەیە تێبگات کە هەرگیز هەموو جوانییەکان لای کەسێك‌و هەموو ناشیرینییەکانیش لای کەسێك نین. هەر یەکێك لە ئێمە پرۆژەیەکە بە کۆمەڵێك جوانی‌و ناشیرینییەوە. ئەمەش لەلایەك لە هەردوو کەسایەتی غەزەلنوس‌و بارۆنی خەیاڵ‌و لەلایەکیش لەدیوە جیاوازەکانی حەسەن تۆفاندا، گەیشتۆتە دوا ئاستی خۆی. گفتوگۆکانی غەزەلنوس‌و بارۆنی خەیاڵ کە لەرێگای یاداشتەکانی بارۆنەوە بەئێمە دەگەن، پڕن لە دوو جۆر رەخنەی پێچەوانەو دژ بەیەك. غەزەلنوس بەشێوازی خۆی رەخنە لە ناشیرینییەکانی دنیای بارۆنەکان دەگرێت‌و بارۆنیش بە شێوازی خۆی رەخنە لەدنیای غەزەلنوسەکان دەگرێت. حەسەن تۆفانیش دەتوانێت لەو دیوەیدا کە جەعفەری مەغۆلی پێدەڵێن تا کۆتایی رۆمانەکە خوێنرێژو مرۆڤکوژ بێت. لەو دیوەشیدا کە حەسەن تۆفان‌و حەسەنی پیرۆزی  پێدەڵێن دەتوانێت تا سەروەختێك ئەندامێکی چالاك‌و دەستوەشێنی شانەی کوشتنی نهێنی بێت، کە بارۆنەکان دروستیان کردووەو جەعفەری مەغۆلی بە تیپی وەرزشی فتکردن ناوی دەبات. دوای ئەو سەروەختە دەتوانێت ببێتە ئەندامێکی چالاکی بەرەی غەلنوسەکان‌و لەبری کوشتنی براکانی شەڕی ناوخۆ، گوڵاو بۆ تەرمەکانیان دروستبکات. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر، دواجار دەتوانێت ببێتە هەڵگری کلیلیی باغە نهێنی‌و خەیاڵییەکان. بەمشێوەیە بەختیار قوڵتر دەمانخاتەوە بەردەمی ئەو راستییە سادەیەی وتمان تیایدا نە هەموو جوانیەکان لە شوێنکن‌و نە هەموو ناشیرینیەکانیش لە شوێنێکن. پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێت: ((مادام شمشێر لەدەستی مندایە، حەقیش لەدەمی منەوە دێتە دەرێ))، زۆرجار لەرۆماندا شمشێری حیکایەت لە دەستی کەسێك دایەو ئێمە ناچار دەکات بۆ بیستنی حەق چاوەڕوانی دەمی ئەو کەسە بین. ئەوەش وادەکات رەخنە ئەگەر هەشبێت رەخنەیەکی یەك دیوو یەك ئاراستە بێت. بەڵام لەم رۆمانەدا شمشێری حیکایەت دەستاودەست دەکات‌و حەق هەمیشە لای یەك کەس نییەو رەخنەش یەك دیوو یەك ئاراستەی نییە. ئەمەش وا دەکات دواجار بتوانین پرسیار ئاراستەی هەموو شتەکان بکەین‌و گومان لە هەموو حەقیقەتەکان بکەین. بۆ نمونە، یەکێك لەو پرسیارانەی ئەم رۆمانە پێشکەشی دەکات، ئەمەیە: چۆن دەبێت مرۆڤی هەموو سەردەمە جیاوازەکان، خەون بەیەك بەهەشتەوە ببین؟! چۆن دەبێت مرۆڤی سەردەمی ئینتەرنێت لەبەهەشتێکدا بە

ئاسوودەیی بژی کە ئینتەرنێتی تێدا نییە؟! ئەمەش پرسیارێکە مرۆڤ بەرەو دەیان پرسیاری دیکە دەبات. ڕۆمانەکەش لێوانلێوە لە دەیانو سەدان پرسیاری لەمجۆرەو لەجۆری دی.

# زمان

## ((ئێمە کە لەمەکتەب دەمانخوێند کورد بووینو دەبوو فێرە فارسی ببایین، مامۆستاکانمان فارس بوون، کە لێدانمان دەخوارد بە فارسی دەمانخوارد، بەڵام بەکوردی دەگریایین)).(8)

### ئیبراهیم یونسی

. زۆرجار گلەیی لە زمانی نوسینی بەختیار دەکرێتو دەوترێت کە زمانی بەختیار زمانێکی باش نییە. من پێموایە لەم ڕووەوە تێکەڵکردنێکی گەورە هەیە. زمان وەك مەخزونێکی مەعریفیو وەك هێزێك بۆ دروستکردنی گوتارو گەیاندنی پەیامو وەك ئاستی دەربڕین، لای بەختیار نەك هەر زمانێکی خراپ نییە، بە دڵنیاییەوە لەباشترینو بەهێزترینو جوانترین زمانەکانی ئێمەیە. وەلێ زمان وەك ڕێزمانو ڕێنوس لای بەختیاریش (وەکو زۆرینەمان) کێشەی هەیەو تا ئەم چرکەساتەش ئێمە ڕێزمانو ڕێنوسێکی ستانداردو بێکێشەمان نییەو زۆر خاڵ هەن یەکلایی نەکراونەتەوەو ڕێکەوتنیان لەسەر نەکراوە. تا ئەوەش نەبێت ئاسان نییە نەبەختیارو نەهیچ نوسەرێکی دی بتوانن لەکێشەی ڕێزمانو ڕێنوس ڕزگاربن. بەڵام من لێرەدا مەبەستم قسەکردن لەسەر ڕێزمانو ڕێنوس نییە لای بەختیار، مەبەستم زمانی پاڵەوانەکانی ئەم ڕۆمانەیەتی.

زمان لەم ڕۆمانەدا زمانێکی زۆر جوانو تێرو دەوڵەمەندو پڕ لە دەستەواژەی شاعیرانەو لەدەربڕینی فەلسەفییانەیە. ئاوێزانبوونی هەردوو ڕەهەندی شیعرییو فەلسەفیی لەم زمانەدا، وایکردووە ئەم ڕۆمانە توانای ئەوەی هەبێت زۆرترین سەرسامیی لای خوێنەر دروستبکات. ئەمە یەکێك لە خاڵە گرنگو سەرنجڕاکێشەکانی ڕۆمانەکەیە. وەلێ، سەرنجی گەورە دەربارەی زمان لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە کە زمانی سەرجەم پاڵەوانەکان، زۆر لەیەکەوە نزیکن. تێکڕا لە زمانی بەختیار خۆی دەچن. ئەمەش لەڕووی تەکنیکی ڕۆماننوسینەوە کێشەیە. بۆ نمونە، ناکرێت غەزەلنوسو بارۆنی خەیاڵو ماجیدی گوڵ سۆلاڤ و حەسەن تۆفان بەیەك زمان قسە بکەن، یاخود زمانیان زۆر لەیەکەوە نزیك بێت. چونکە ئەوان چەند بوونەوەرێکن، بەتایبەتی لەڕووی ئاستی ڕۆشنبیریی‌و مەعریفیەوە، جیاوازی زۆریان لەگەڵ یەکدا هەیە. ناکرێت ڕەهەندی شیعرییو ڕەهەندی فەلسەفیی بەو قوڵییەی لە زمانی بەختیار خۆیدا هەن، لە زمانی پاڵەوانێکدا هەبن کە هیچ پەیوەندییەکی نە بەشیعرو نە

بەفەلسەفەوە نییە. سارتەر دەڵێت: ((پێویستە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمان سەربەخۆو ئازادبن، نابێت نوسەر حوکمیان بەسەردا بدات)).[9] بەختیار وەك ئەوەی لەقوڵایی خۆیدا هەستی کردبێت حوکمی بەسەر پاڵەوانەکاندا داوەو نەیهێشتووە بە زمانی خۆیان قسە بکەن، وەك ئەوەی هەستیشی کردبێت ئەم کارەی بەتایبەت بۆ غەزەلنوسو بارۆنی خەیاڵ، کە سەرەکیترین دوو پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکەن، زیانی گەورەی دەبێت، قسەکانی بارۆنی بە فۆنتێکی جیاواز نوسیوەتەوە. بەڵام ڕاستتر وابوو هەر پاڵەوانە بەزمانی خۆی بگرىو بە زمانی خۆی هاوار بکاتو بە زمانی خۆی پەیوەندی لەگەڵ خوێنەرەکانیدا دروستبکات. ئەمەش سەرنجێکەو ڕەنگە مەرجیش نەبێت هەمووومان وەکو یەك بیری لێبکەینەوە.

## کۆتایی

قسەکردن لەسەر غەزەلنوسو باغەکانی خەیاڵ، سەرەتای هەبوو، بەڵام کۆتایی نەبوو، یان ڕاستتر کۆتاییەکەی دیار نەبوو. باغەکانی جوانی لەم ڕۆمانەدا ئەفسونێك بوون، دەیانبردی بەڵام نەیاندەدایەوە. دوای ئەوەی، بەناچاری، بڕیارمدا کۆتاییەکی دەسکرد بۆ گەشتەکانم بەنێو باغەکانی جوانییدا، دابنێم، کە هەرگیز کۆتاییەکی حەقیقی نەبوو، هەستمکرد زۆرترین گلەییم لێدەکرێت.

هەستمکرد مەهناز مارۆ پێمدەڵێت: تۆ چۆن توانیت باز بەسەر ئەو هەستە گەرمەی مندا بدەیت، کە غەزەلنوس وەکو کانییەك، لەدڵی پەژموردەمدا تەقاندییەوە؟ بۆچی نەتتوانی ئەو باغە خەیاڵییەی من ببینیت کە دوای مردنی خۆم بۆ غەزەلنوسم بەجێهێشت؟ ئەی چۆن بۆنی سوتانی جەستەت نەکردم، چۆن؟! هەستمکرد باران شکور پێمدەڵێت: تۆ بۆچی نە دڵت بینیم کە موراد جەمیل لێی داگیرکردمو نە لاشەکەشت بینیم، کە دوای کوشتنم شاردیانەوە!!

هەستمکرد تریفە یابەحری پێمدەڵێت: تۆ نە–توانیت من لە غەزەلنوسدا ببینیتو نە–توانیت غەزەلنوس لە مندا ببینیتو نە–توانیشت فەرشە خەیاڵییەکانم ببینیت. تۆ تەنانەت ئەو هەموو ڕاونانو خۆحەشاردانانەشت نەبینی کە من چەشتم. نازانم تۆ چیت بینی، چی؟!

هەستمکرد سەبری پێمدەڵێت: تۆ ئەو هەموو وەختە مایتەوەو بەدوای جوانییدا عەوداڵ بوویت، بۆچی سەرێکت لە هەزار باغ نەداو گوێت بۆ گۆرانییەك هەڵنەخست؟

هەستمکرد ئەفسانە پێمدەڵێت: تۆ بۆچی لەژیانی مندا تەنها یەك شەوت بینىو ئەو شەوەشت زۆر بەخێرایی بەجێهێشت؟!

هەستمکرد تیشکان تاهیر پێمدەڵێت: کوری باش تۆ بۆچی نەتتوانی ئەو ڕاستییە ببینیت کە منیش لەو پیلانەدا وا بۆ ماجیدی گوڵ سۆلاڤیان داڕشت، قوربانیی بووم؟! من خۆم لەگەڵ ئەوەدا ڕاهێنابوو کە لەشیان کڕیبووم، کەچی هەر بەوە وازیان لێنەهێنام، لەو پیلانەدا ویژدانیشیان لێدزیم، من بەوە ئازارێکی زۆرم چەشت. تۆ بۆچی هەستت بەو ئازارەی من نەکرد، بۆچی!!

هەستمکرد یاقوتی مەمەدیان، هیچم پێناڵێت، تەنها بە حەپەساوی سەیرم دەکاتو دەگری!!

هەستمکرد غەزەلنوس پێمدەڵێت: تۆ منت بینی بەڵام مەلای هاجەرت نەبینی، منت بینی بەڵام غەزەلت نەبینی، منت بینی بەڵام نەوجەوانی چینییت نەبینی!!

هەستمکرد نەوجەوانی چینی پێمدەڵێت: تۆ تەنها لاشەی منت بینی، نە-توانیت خۆم ببینیتو نە-توانیت ئەو ژنە جوانانە ببینیت کە شەیدای من دەبوونو نە-توانیشت ئەو ئەستێرانە ببینیت کە من لەسەر شانو ملو مەمکی ئەو ژنانەم بەجێدەهێشت!!

هەستمکرد حەسەن تۆفان پێمدەڵێت: من ئەو شەوەی لەقەراغی شار خۆم حەشاردا، ئەو نهێنییە مەترسیدارەم ئاشکراکرد کە شەوان لەم شارو وڵاتەی ئێمەدا لەپشتی جادە شەست مەتریو سەد مەترییەکانەوە، لەناو تاریکییدا چی روودەدات؟ کەچی تۆ زۆر خەمساردانە بەسەر ئەو نهێنییەدا تێپەڕیت!!

هەستمکرد ماجەلانی خەیاڵیی پێمدەڵێت: ئەو منداڵانەی من بەناو حیکایەتو خەیاڵدا گەشتم پێدەکردن، منداڵ نەبوون، ئێوە خۆتان بوون. من دەمویست بەو شێوەیە پێتان بڵێم کە مرۆڤ دەتوانێت چاویشی هەبێتو هیچیش نەبینێت. دەشتوانێت کوێر بێتو زۆر شتیش ببینێت. پێمدەڵێت تۆ بۆچی نەتتوانی خۆت لەنێو ئەو منداڵانەدا بناسیتەوە؟!

هەستمکرد شبر مستەفا، لەجیاتی هەموو ئەندامانی یانەی پیاوکوژە بێئیشەکان، پێمدەڵێت: تۆ سەرێکت بە یانەکەی ئێمەدا نەکرد. نەتتوانی هەست بەوە بکەیت حیزب چۆن لەم وڵاتەدا، زۆر جار مرۆڤە خراپەکەی ناومان خەبەر دەکاتەوەو چەکی دەداتە دەستو فێری خوێنڕشتنی دەکاتو دواجاریش کە ئیشی پێمان نەما، وەکو جووتێ پێڵاوی دڕاو تورمان هەڵدەدات. هەستمکرد لەبارەی خۆشیەوە پێمدەڵێت: تۆ بۆچی قژە زەردو بێنازەکەی منت نەبینی. بۆچی نەتبینیم چۆن کەوتمە سەر عەرەبانەو چاوم لەدەستی خەڵك بوو پاڵم پێوە بنێن؟!

هەستم بە دەیان گلەیی دیکە کرد.

دواجار، دڵنیاش بووم هەموو گلەییەکان جۆرێك لە حەقیان تێدایە، لەبەر ئەوە ئاهێکم هەڵکێشاو هیچم نەووت!

## سەرچاوەو پەراوێز:


1- غاده السمان. زمن الحب الاخر.الگبعه الیانیه. (من منشورات غاده السمان، بیروت: 1979) ص77.

2- سهیل ادریس المتقاهر بالموت. احلام مستغانمی. مجله الاداب 4-2008/6.

3- بەختیار عەلی لە دیدارێکی تایبەتدا بۆ رەخنەی چاودێر. سازدانی مەریوان هەڵەبجەیی. بەشی پازدەهەم. رەخنەی چاودێر. ژمارە (105) 2008/3/3.

4-غادە ئەلسەمان. ئاخۆ تۆ رۆماننوسیت؟ وەرگێڕانی: محەمەد کوردۆ. ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ. ژمارە (286) 2002/5/30 .

5- لویس لاندیرو..فن کتابه الروایه.بقلم عباده تقلا.جریده النور. العدد 303- 2007/8/1.

6-هەمان سەرچاوە.

7- ادونيس. النقام والكلام. الگبعه الاولى. (دار الاداب، بيروت: 1993). ل22.
8-ديدار لەگەڵ بەڕۆژ ئاكرەیی. گۆڤاری رامان. ژمارە ( 122 ) حوزەیرانی2007. ل47.
9-دور الاسگوره والحكايه فى تنميه مخيله الگفل العربى واپرائها. عبدالرحمن عبدالخالق. الحوار المتمدن- العدد 1233- 2005/6/19.

# لەبارەی (تەمی سەرخەرەند)ەوە

## نامەیەك بۆ شێرزاد حەسەن

كازانزاكی دەڵێت:

جارێكیان ژنێكی دراوسێمان بە دایكمی وت: ئەم كوڕەی تۆ هەمیشە تەماشای ئاسمان دەكات، پێدەچێت كەسێكی غەیبزانی لێدەربچێت! دایكم وتی: نا نا دڵنیابە رۆژگار سەرنجەكانی پێخوار دەكاتەوە!

بەڕێزم (تەمی سەرخەرەند)م خوێندەوە، بەڵام من وەك ئەو خوێنەرەی كە وتت یەخەی گرتووم، پێت ناڵێم: بۆچی ناهێڵێت ئەو دوو منداڵە قوڕبەسەرە بۆیەك ببن؟!

چونكە دەزانم تۆ ناتەوێت وەكو حیكایەتەكەی نەنكت بە درۆیەكی گەورە رێی پاڵەوانەكەت گوڵڕێژ بكەیتو یەكەمین كەسێك كە بینێریتە پیریيەوەو بە شانازییەوە ماچی بكات، خانمە چكۆلەی دولبەری بێت.

من دەزانم ئەوە تۆ نیت كە ناهێڵێت ئەو دوومناڵە قوڕ بەسەرە بۆ یەك ببن، ئەوە ئەو كۆمەڵگایەیە كە وەك چۆن رێگا نادات سەرەتای خۆشەویستیو پەیوەندییەكان ئاساییو سروشتیی بن، رێگەش نادات كۆتایی ئەو خۆشەویستیو پەیوەندییانە ئاساییو سروشتیی بن، من دەزانم تۆ ناتەوێت لە ناو دۆزەخێكدا كە بۆنی گۆشتو ئێسقان ئاسمانیشی پڕ كردووە، دووچاری وەهمی بەهەشتێكمان بكەیت كە پڕە لە بۆنی گوڵو گوڵزار، بەڵكو تۆ

دەتوێت وامانلێبکەیت باشتر هەست بەو دۆزەخە بکەین‌و روونتر گڕو کڵپەو دووکەڵەکەی ببینین، کە ئەمەش بۆخۆی یەکێك لەخاڵە هەرە جەوهەرییەکانی نووسینە، چونکە شتێك کە نەیناسین چۆن دەتوانین بیکوژین، یان بیگۆڕین؟!

بەڕێزم! من دەمەوێت پێتبڵێم تۆ لەم کارەتدا زۆر جوان ئیشت لەسەر کاریگەری حیکایەتەکان لەسەر مرۆڤ کردووە، کە بەزۆریی لە نەنکە پیرەکانماندا بەرجەستە دەبن، ئەو نەنکانەی زۆر جار ((عیشقێکی دۆڕاو وایان لێدەکات بە چێژو تاسوقێکی زۆرەوە حیکایەتەکانی عیشق‌و ئەوین بە رەوانی‌و وەك دەفتەر لە سینگیاندا هەڵبگرن)).

ئەو نەنکانەی بە حیکایەتەکانیان پڕمان دەکەن لە خەونی بە پێغەمبەربوون‌و بە فەرهادبوون‌و بە پاڵەوانبوون‌و بە قسەو ئامۆژگارییەکانیشیان بە تاڵمان دەکەنەوە لەو خەونانەو بەم شێوەیە دووچاری دنیایەکی ناڕێك‌و پڕ لە پارادۆکس‌و دوو فاقییمان دەکەن.

ئەوەتا نەنکی پاڵەوانەکەمان دوای ئەوەی لە ڕێگای حیکایەتە خۆشەکانیەوە خەونی بە فەرهادبوون لە پاڵەوانەکەماندا سەوز دەکات‌و وایلێدەکات بڵێت: ((منیش بە قەد فەرهادی ناو حیکایەتەکەی تۆ شیرینم خۆشدەوێت‌و دەشتوانم وەك ئەو بێستون کون بکەم)، پێی دەڵێت:

(ڕۆڵە شیرینەکەم تۆ زۆر لەوە چکۆڵەتری خۆت بە فەرهاد بزانیت)، ئەم قسانە ئەگەرچی بەبەرائەتەوە دەکرێن، وەلی لەو بەردانە دەچن –کە وەکو سوهرابی سپێهری دەڵێت– ((ئێمە بە گاڵتە دەمانگرتنە بۆقەکان، بەڵام ئەوان بە راستی دەمردن!)).

تۆ لەم کارەتدا جگە لەوەی پشتت لە جنس کردووەوەو رووت کردۆتە عەشقێکی پاکیزەیی، گەمەی (کوشتنی باوك)یشت بە شێوازێکی جوان‌و جیاواز لە جارەکانی دی، بەرجەستە کردووە.

لە میاندا لە یەك دوو دەستەواژەی تیژتێپەڕدا وێنەیەکی ناشیرینی باوکمان دەدەیتێ:

((باوکم بۆ مەرگی بەرخەکەی گریا کەچی بۆ نەخۆشی‌و سەفەری من نەگریا، باوکم دەیوت حەیفە لە من بووە، باوکم فەلاقەی دەکردم، باوکم لە هیچە کەلەیی دەبوو بە شەپازلە دەم‌و لووتی لە خۆڵی ڕێگاکە دەچەقاندم))..

ئەم وێنانەی باوکمان دەدەیتێ‌و ئیدی دەیکوژی، وەلێ کوشتن بە مانا باوەکەی نا، بەڵکو بەو مانایەی کە ئیتر فەرامۆشی دەکەیت‌و لە مەملەکەتی ڕۆمانەکەت دەیهاویتە دەرەوە!

تۆ دەتەوێت لەم ڕێگەیەوە پێمانبڵێیت: پێویستە کوشتنی راستەقینەی باوکە ناشیرینەکان لە کتێبەکانەوە دەستپێبکەین، چونکە مانەوە بۆ ژیانی پڕ لە ژاوەژاوی سەر زەوی نییە، مانەوە بۆ دنیای نێو کتێبەکانە.

ئەگەر ئێمە لەدەرەوە باوکە ناشیرینەکانمان کوشت‌و لە نێو کتێبەکاندا وازمان لێهێنان بژین‌و بمێننەوەو درێژە بە بڵاوکردنەوەی ناشیرینەکانی خۆیان بدەن‌و بەسەر ئێمەو نەوەکانی دوای ئێمەدا بیسەپێنن، یانی هیچمان نەکرد.

بەلای منەوە ئەم گواستنەوەی کوشتنی باوکە لە دەرەوە بۆ نێو کتێبەکان یەکێك لەگەمە جوانەکانی ئەم ڕۆمانەت بوو.

تۆ لەم کارەتدا کە بەردەوام لە ڕێگای نەنکەوە بە فەرهاد دەڵێیت شیرینی خۆت دەدۆزیتەوەو لە ئاکامیشدا نایدۆزیتەوە،

پێمان دەڵێیت:

لەم کۆمەڵگایانەی ئێمەدا شیرینەکانی خۆمان کە لە بەردەستماندان دەکوژرێن‌و بە هیوای شیرین گەلێکی دیکەمان دەکەن کە هەرگیز نایەن!

خۆرە هەڵهاتووەکانمان ئاوا دەکەن‌و ئەو چێژو خۆشی‌و بەختەوەرییەمان لێتێکدەدەن کە لەو خۆرەوە پێمان دەگات‌و دەمانخەنە نێو چاوەڕوانی مانگێکەوە کە هەرگیز هەڵنایەت.

دووچاری چاوەڕوانییەکی کوشندەمان دەکەن‌و لەدوا ئاکامیشدا گاڵتەمان پێدەکەن.

ئاخۆ هۆکاری ئەوەی کە هەمیشەو بەردەوام ئێمە چاوەڕوانی شتێکین‌و نایەت، ئەو نەفرەتەی ئەم کۆمەڵگا نەخۆشانە نییە؟

پێمان دەڵێیت: زۆرینەمان مەحکومین بەوەی منداڵگەلێکی دەرکراوبین لە دنیاو کەس فرمێسکەکانمان نەبینێت‌و کۆڵانەکانیش خیانەتمان لێبکەن‌و هیچیان نەمانبەنەوە بەر دەرگای ماڵی دڵدارەکانمان!

پێماندەڵێیت: ئێمە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتاکانی ئەم کۆمەڵگا نەخۆشە بە جەستەماندا، ژیانێك دەگوزەرێنین کە ئەگەر دواجار ئاوڕێکی وردی لێبدەینەوە جگە لە هەندێ سەرکێشیکردنی خەفەکراوو هەندێك خەونی کوێرکراوو چەندین شکست‌و نەهامەتی‌و گریان‌و چاوەڕوانی کەڵەکەبوو بەولاوە، شتێکی ئەوتۆی تێدا نابینین.

لەوانەش گرنگتر پێمان دەڵێیت:

دەبێت ئیدی لەو وەهمە رزگاربین کە پێمانوابێ تەنها رەمزە گەورەکان دەتوانن ئیحای یاخی بوونمان بدەنێ، بەڵکو دەشێت (بزنێکی شێت!!) فێرمان بکات لە راستە رێیەکان لابدەین‌و بێباك‌و کەللەشەق بین‌و شەرم لە هیچ شوانێك نەکەین‌و چڵەگیا حەرامەکان بخۆین!

دەبێ ئیدی لەو وەهمە دەربازبین کە پێمان وابێت تەنها لە رێگای پاڵەوان‌و کێشەو دۆزی گەورەوە دەتوانین دەقی جوان بخولقێنین، بەڵکو دەشێت غەمگینترین منداڵی کۆڵانە خۆڵاوییەکانی دنیا پاڵەوانی رۆمانەکانمان بێت!!

دەق و رەخنە:

# ئەشکەوتە پیرۆزەکە

## -بیرەوەریی-

شێرکۆ بێکەس

که ئەشکەوتەکەی "سەردێمان"
بوو بە "شانەم"
من تەمەنم
بیستو پێنج هەنگو بیستو پێنج
گیزە گیزی هەرزەکاریو
بیستو پێنج گوڵی دار چوالەی
دەورو بەری "گەلاڵە" بوو!

من ئەو ساکە
زەڕنەقوتەی
ناو دارستانی زمان بووم
تا سەر ئەکەتمە سەر شانی شیعرێو
تا ئەچوومە ئەستێرکێکی پەخشانەوە
سەد جار ئەکەوتمە خوارەوەو
لەبیریشمە
چەند جار خەریك بوو بخنکێم!

من ئەو ساکە
هێشتا هەر لە خەودا ئەفڕیم
ئاوازم نوستووی ناو پووش‌و
خەیاڵم بێ پەڕو باڵ‌و
سنووری جووکە جووکیشم
تا لێواری هێلانە بوو!
***
ئێمە عەشقی رووت‌و قووتی
"سەکری سەکران"و بای "هەلگورد"
بردبووینی بۆ لای بەفرو بۆ لای ئاگر
وەرزێ بەفرمان ئەکردە بەری شیعرو
وەرزێکی تر گڕمان ئەکرد
بەجامانەی سەری سروود!

لەو دەمەدا ئێمە سەرو ملمان مۆم‌و
مۆمدانیشمان دۆڵی چڕو
ئەو شەوانەی دائەگیرساین
قوربانیەکان لەچوارلاوە
سوور سوور بەڕیز
دەس بەچرای یادەوەری‌و

دەم بەخەندەی بارانەوە
هەموو ئەهاتن بۆ لامان.

لەوێ جاران
دەمێ ئەبووین
بە هاژەی ژێر پردی "زەرد"و
دەمێکی تر
بەمانگەشەوی خەوالّووی
"گەلی بەدران".

لەسایەقەی سەردێماندا
ئاسمان وەك چاوی ساوایان
پاكو روون بوو
ئەستێران هێندە نزم بوون
ئەتووت هاتوون بێنە خوارێو
لەو گوێ چەمە تا بەربەیان
لەگەلّ شەپۆلان هەلّپەڕن!
***
"بالّەکایەتی" شۆخێکی
هێندە جوان بوو هێندە جوان بوو
کاتێ شیعر لەبەردەمیا رائەوەستا
وەکو مانگە شەوی ناو گۆم
چۆن لالّ ئەبێو چۆن ئەوق ئەبێ
ئەویش هەر وا!
بەیانیەك چاوم لێبوو
لەکەلێکدا، لایەکی مەمکۆلّەی سپی
لەژێر بەفرە تەنکۆلّەکەی کراسەوە
بە حالّ دەرکەوت!
من ئیتر شێت بوومو هەستام
وتم ئەچم بۆ لای "هەلگورد"

تا بیخوازم!

که گەیشتم

دەستی "هەڵگورد"م ماچکردو

وتم: قوربان! من شاعیری کوڕی شاعیرمو

هاتووم بمکەیت بەکوڕی خۆت

"باڵەکێ خان"م بدەیتێ!

هەڵگورد پێکەنیو پێی وتم:

تۆ نەزان کوڕی نەزانی!

باڵەکێ کچی من نیەو

هی یەزدانەو

یەزدانیش هەرگیز کچی خۆی

نادا بەتۆ!

***

تا سنووری هەرە دووری

هەتەری چاو

شین خۆی ئەکرد بەناو سەوزاو

زەرد خۆی ئەکرد بەناو ئاڵداو

سوور ئەچووە ناو سپییەوەو

کاڵو تۆخیش نێرو مێ بوون

بەناو یەکدا ئەشکانەوە!

لەوێ رەنگ رەنگێکی تر بوو

لەوێ بۆن بۆنێکی تر بوو

لەوێ ئاو ئاوێکی ترو

جوانیش جوانیەکی تر بوو!

***

بەڵام من خەوی رۆمانسیم

لەنیوە شەوی شیعردا

لێ ئەزرشاو

هەژاری ئەیهێنامەوە

لای برسێتی ئەم خانمە!

بەناو كێڵگەی دەردەداردا
ئەیبردمەوە بەردەم هەتاوی نەخۆشی
ناو ماڵانو
بەردەم گوڵی سیلاوی ناو باخەكانو
لەبەردەمی زەردەخەنەی پایزانەی
ئافرەتانو منداڵاندا رایئەگرتم!
هەموو جارێ لەنیوە شەوی شیعردا
خەونی ناسكم وەك تەونی جاڵجاڵۆكە
بە هەناسەی ساردی ئەوان
ئەپەشۆكاو ئەئاڵۆزاو تێك ئەچۆوەو
بۆ بەیانی خۆمو شیعرم
ئەبووینەوە
بەپووشو پەڵاشو چیلكەو
بە هەرزنو
بە قوڵینەی گریاوی نان!
***
لەزەمانی ئەو ئەشكەتە پیرۆزەدا
ئێمە بیست حیلەی "ئەیلول" بووین
یاڵمان هەوری ئەرخەوانیی
سەر "زۆزك"و
ناوچەوانمان تاشەبەردی
هەرە بەرزی
"هەندرێن" بوو!

لەزەمانی ئەو ئەشكەوتە نەمرەدا
ئێمە بیست ژێی گەرووی وشەی
رادیۆیەكی تاقانەبووین.
"صالح یوسفی" باوكمانو
باوەشی گردێ دایكمانو
"مامە رووتە"یش باپیرمان بوو!

هەموو رۆژێ ئێمە سەد جار

ماچی رادیۆکەمان ئەکرد

لەدەوری سەری ئەگەڕاین

دەستمان بەقژیا ئەهێنا

بەساقەی زاری ئەبووین‌و

لەمسەرەوە هەتا ئەو سەر

لەسەر پەنجە ئەمانگێڕا!

هەر بۆ ئەوەی

خۆی لە وەڕینی سەگەڵی

"هانی هانی" لابداتو

لاڕێ بگرێ‌و

هەرچۆنێ بێ

گەر بەهەنگە شەلێش بووە

بگاتە شار!

***

لەزەمانی نوزەی نان‌و

قۆڕەی سکی وشەو رستەو

تلۆقی بن پێی ئازادیی‌و

لەزەمانی کێچو ئەسپێ‌و خۆدۆزین‌و

"دی. دی. تیدا". لەزەمانی بەرگی شڕی

پیناویی بەر "ئەی رەقیب"دا

ئێمە لەوێ لەتەکیەکەی

ئەو ئەشکەوتە سۆفییەدا

بیست دەروێشی

سەربەستیی بووین

وەختێ کە حاڵمان لێئەهات

هیچ شتێکمان نەئەبینی

جگە لەروحی باڵگرتووی شەهیدان‌و

جگە لەخواو لەشاخ‌و داخ!

***

لەزەمانی بێ گیرفاندا

وەختێ کەسەری مانگانیش

بەدەم چەقەنەلێدانی

سی یان سیو یەکەوە ئەهات

–ڕۆژی موچە–

وەرمئەگرت، ئەچوومەوە

ژووری برسی

هەر خۆم تەنیا

لەسەر دۆشەکی چڵکنی

بە حەیاتی هەڵنەگیراو

دائەنیشتمو پشتم ئەکردە دەرگاکە.

جگە لەچوار پێنج مشکی ناسیاوو

دوو سێ شەوگەردی ئەبڵەق بووی

سەر دیواری بەرامبەرم

کەسێکی تر نەیئەبینیم

"سێ سەدو پەنجا فلسەکەم"

سەد جار ئەژمارد

ئەوسا ئیتر

"سابوون، تووتن، سیغار، گوێزان

دوو سێ پیلو نوقڵو لفکەیەکی تازەو

دەفتەرێکو دوو قەڵەمو

مێوژە ڕەشکەو چەند باسووقێ.

پڕیان ئەکردم لەخۆزگەو

ئەیانبردم

بۆ بازاڕەکەی "گەڵاڵە"!

***

ئێمە لەوێ

لەو زەمانی ئەشکەوتەدا

"یوسفی" فریشتەیەك بوو لەپەمووی خوا

ئاو پێی ئەوت:
تۆ نەرمتری یاخود من؟!
نان پێی ئەوت:
من برسیمەو بەڵام ئەی تۆ
برسیت نەبوو؟!

"عەبدولخالق" ئەنتێنە هەرە بەرزەکەی
سەر ئەشکەوت بوو.
وەختێ ئەدواو پێئەکەنی
گوڵ خەندەران سیمای ئەو بوو
ئەکرایەوەو
لەگۆنەوە سوور ئەبۆوەو
دائەگیرسا!

"ئەمجەد" هێواش نەرم نەرم
سەوزە گیا بوو.
کاسە دۆیەکی سادەبوو
بەقەد نانی تازەی سەر ساج
خۆشەویست بوو!

"غالب" دەنگی دارو بەرد بوو بە ئینگلیزی.
بەو رۆژگارە بەپێی پەتی
عاشق، عاشق
ئەچووە کێڵگەی فەرهەنگەوەو
بەشوێن وشەدا ئەگەڕا!

"ناکام" هەمیشە چوار مشقی
لەدالانی رۆمانێکدا دانیشتبوو
هەر ئەینوسیو هەر ئەڕۆیشتو
رێی رۆمان تەواو نەئەبوو.

"عوزەیری" پەڕسێلکە بوو
چاوی شین بوو
ڕۆژێ بردیان نەهاتەوەو
تا ساڵێکیش ئەشکەوتەکە بۆی ئەگریا !

"عوسمان" بەرد بوو نەڕەی ئەهات
کە هەواڵی ئەخوێندەوەو
وەکو تاپڕ ڕستەیشی دائەگرتەوە
یەك لەدوای یەك وەك تەرەقەو
دەمەرقاچان وشەکان ئەتەقینەوەو
ئەشکەتەکە دائەچڵەکی !

"جەلال" درەختی گردەڵەی
ناو کەرکوك بوو
هەمیشە بۆنی بابەگوڕگوڕو بۆنی
خەمو لیمۆی ئەوێو بۆنی
"ئیمام قاسم"ی لێئەهات !

"دڵشاد" شمشاڵێ بوو سەرخۆش
نوکتەیەك بوو لەداماوییدا ڕسکابوو !

"هێدی" بەردەوام وەفاییو
حاجیو حافزی شیرازیو
خانیو نالی میوانی بوون
بەردەوامیش یەك لەسەر یەك
شیعری دیژلەمەی ئەدانێ !

"جەلیل" خورمای خەستەوی بوو
بەسواری پشتی فەیلیەکان

لەپایتەختەوە هاتبوو!

***

لە زەمانی سەردێماندا
لەو ڕۆژگارە نسرمەدا
کە گۆرانی گەنجێتیمان
لەسەرمادا هەڵئەلەرزیو
خۆشیمان ڕووتو ڕەجاڵو
زەردەخەنەمان ئەتەزیو
بەشەوگاریش
خەنەکانمان
چوون چلوورەی دەربەند ئەیبەست!
لەو زەمانە بێکەسەدا
ئێمە کۆمەڵێ شمشاڵ بووین
لێومان ئەنا بەکونی زامی جەستەوەو
فوومان ئەکرد بەخەمانداو
ئازادیمان پێئەلێئەدا.
لەو دەمەدا
–دوور لە ئێستا–
ئێمەو ئەشکەوتی سەردێمان
هیچمان لە دنیا نەئەویست
جگە لە پەیڤێکی جوانو
لەتێ نانو
یاخود گوڵێکی کێویلە
بیدەین لەیەخەی نیشتمان!

سلەیمانی 2008/3/27

# تەماشاکردنی دوێنیٚ، بەمەبەستی بینینی ئێستا

## خوێندنەوەیەکە بۆ شیعری (ئەشکەوتە پیرۆزەکە)ی شێرکۆ بێکەس

مرۆڤ هەمیشە لە ئێستاو لەو شوێنەی تیایدا وەستاوە هەڵدێتو چاوی لەکاتێکی دیکەو لەشوێنێکی دیکەیە. رەنگە بتوانین ژیانی مرۆڤ بەسەر دوو قۆناغی سەرەکییدا، دابەش بکەین. کە لە قۆناغێکیاندا چاو دەبڕێتە ئایندەو لە قۆناغەکەی دیکەیاندا چاو بەرەو رابردوو دەگێڕێتەوە. لە قۆناغی یەکەمدا سەرنجەکانی ئاراستەی ئایندە دەکاتو بەدیهاتنی خەونەکانی لەچرکەساتە نەهاتووەکانی ئایندەدا دەبینێتو خەیاڵدانی بە وێنەگەلێکی دڵنشین پڕ دەبێت کە هەستدەکات لە ئایندەدا دەیانبینێتو پێیان دڵشاد دەبێت. ئەم هەستەیە کە زۆرجار هێزی بەرگەگرتنی نەهامەتییەکان بەمرۆڤ دەبەخشێتو توانای درێژەدان بەژیانی تێدا بەهێز دەکات. ئایینەکانیش بەقوڵی کار لەسەر ئەم بونیادەی نێو روحی مرۆڤ دەکەنو لەبەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن، ئایینەکان بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لەو دۆزەخەدا بژی کە لەژیانی دنیاییدا تێیدەکەوێت، بەردەوام باسی بەهەشتێکی پڕ لەرووباری شیرو شەرابی بۆ دەکەن کە لە ژیانی دواییدا پێیدەگات. لەزۆرێك لە ئایینەکاندا لەبەرامبەر دۆزەخێکی ئێستاییدا، بەهەشتێکی ئایندەیی هەیە. دەمەوێت بڵێم مرۆڤ کە بەخەیاڵدانێکی پڕ لە دیمەنی جوانو دڵنشینەوە چاو دەبڕێتە ئایندەو بەدڵێکی خۆشەوە بەرەو رووی دەڕواتو هێدی هێدی بۆی

دەردەکەوێت لەنەخشاندنی وێنەی ئایندەدا زیادەڕەوییی کردووەو نەیتوانیووە وەك خۆی بیبنێت، دوای ئەوەی بەدەستی خۆی تەرمی بەشێك لەخەونەکانی خۆی دەنێژێتو دڵی چەندین برینی نائومێدیی تێدەکەوێت، ئیدی لەبری ئەوەی حەز بە ئاینده بکات لێیدەترسێت. کاتێ لە ئاینده دەترسێتو ناشتوانێت بەژیانی هەنوکەیی خۆی رازی بێت، ناچار چاو بەرەو رابردوو دەگێڕێتەوەو دڵ دەداتەوە بەڕابردوو. رابردوو جگە لەوەی جوانییە بەسەرچووەکانی ژیانی مرۆڤ لە حەقیقەتی خۆیان زیاتر دەچریسکێنێتەوە، نەهامەتییەکانیشی کەمتر جێگای نیگەرانین، چونکە تاقیکراونەتەوە، چونکە تێپەڕێنراونو ئەنجامی کۆتاییان زانراوە. شۆڕشەکان زۆرجارو دوای ئەوەی ئەو دنیا جوانەیان بۆ دروستناکرێت کە پێشتر پەیمانی دروستکردنیان داوە، دەگەڕێنەوە بۆ رابردوو و لەناو رابردوودا دەژین. شێرکۆش لەم شیعرەدا بەقوڵی کار لەناو رابردوودا دەکات، بەڵام ئەو وەك شۆڕشەکان بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ رابردوو ناشیرینییەکانی ئێستامان لەبیر بباتەوە، بەڵکو رێك بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی ئەو ئاراستەیە کار دەکات. دەیەوێت لەڕێی جوانییەکانی رابردووەوە قوڵتر ناشیرینییەکانی ئێستامان بۆ ئاشکرا بکات. لەم شیعرەدا هەموو وێنەکان وێنەی رابردوون، بەڵام ئامانجی هەموویان راکێشانی سەرنجی ئێمەیە بۆ ئێستا. بۆ پەڕاندنەوەی سەرنجەکانی ئێمەش لە دوێنێوە بۆ ئێستا، شێرکۆ ئاوێنەیەکی داوینەتێ. نەبوونی ئەو ئاوێنەیە ئێمە لەناو رابردوودا قەتیس دەکاتو لەبینینی ئێستا بێبەشمان دەکات. ئەو ئاوێنەیە ئەگەرچی لە رووکاردا زۆر سادەو کەمبایەخ خۆی دەنوێنێت، کەچی لەقوڵاییدا شیعرەکەی لە شیعرێکی ئاساییەوە کە هاتووە کۆمەڵە بیرەوەرییەکمان بۆ بگێڕێتەوە، گۆڕیووە بەشیعرێکی جیدی کە رەخنەی قووڵی لە ئێستا هەیە. ئاوێنەکە لەناو ئەم رستە بچوکەدایە: –دوور لە ئێستا–. ئەم ئاوێنەیە دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ زۆرینەی ئەو تیشکانەی لە شیعرەکەدا ئاراستەی رابردوو کراون پێچەوانە بکەینەوەو ئاراستەی ئێستایان بکەین. دەتوانین لە ناونیشانی شیعرەکەوە دەستپێبکەینو پیرۆزیی ئەشکەوتەکە، کە شوێنی دوێنێی ئێمە بووە، وەك ناپیرۆزیی کۆشکەکان تەماشا بکەین، کە شوێنی ئێستای ئێمەن. ئەشکەوت خۆی هێمای ژیانێکی دوور لەشارو شارستانییەتە، وەلێ لەم شیعرەدا شوێنی کۆکردنەوەی ئەو کەسانەیە وا لە پێناوی ئازادییدا تێدەکۆشنو وەکو ((کۆمەڵێ شمشاڵ، لێو دەنێن بەکونی زامی جەستەوەو فوو دەکەن بە خەمانداو ئازادیی پێڵێدەدەن))، بەم مانایە ئەشکەوت لەم شیعرەدا هێمای ئازادییە. لێرەوە دەتوانین ناونیشانی شیعرەکە وا بخوێنینەوە کە هاتووە پێمان بڵێت: دوێنێی ئێمە، ئەگەرچی لە ئەشکەوتیشدا بوو، لە ئێستامان جوانترو پیرۆزتر بوو، چونکە لەناو ئەو ئەشکەتەوە چاومان لە ئازادیی بوو، خەونمان بەئازادییو بەژیانێکی جوانترو سەربەرزانەترەوە دەبینی. ئێستامان ئەگەرچی لەناوجەرگەی شارەکاندایەو لە کۆشکی گەورە گەورەدا دەگوزەرێت، ناپیرۆزە، چونکە ئیدی ئێمە چاومان لەهیچ نییەو خەون بەهیچ شتێکەوە نابینین. واتە شێرکۆ لەنێوانی دوو جۆر ژیاندا کە یەکێکیان لەناو ئەشکەوتدایە، بەڵام ئازادیی رووگەیەتی، لەگەڵ ژیانێکدا، کە لەناو کۆشکدایە، بەڵام هیچ رووگەیەکی نییە، ژیانی نێو ئەشکەوتەکە هەڵدەبژێرێت. نەك هەر ئەوە، بگرە سیفەتی پیرۆزییشی پێدەبەخشێت. پێشتر وتمان ئاوێنەکە ئەم شیعرە لە دەقێکی ئاساییەوە کە هاتووە بیرەوەرییەك، یان چەند بیرەوەرییەکمان بۆ بگێڕێتەوە دەکات بەشیعرێکی جیدی، کەرەخنەی قوڵ ئاراستەی ئێستا دەکات، بابزانین

چۆن؟ کاتێ شاعیر دەڵێت : ((ساڵح یوسفی باوکمانو باوەشی گردێ دایکمان بوو))، ئەوا لەراستییدا ویستویەتی بڵێت: بەرپرسانی دەزگاو دامەزراوە رەسمییو ناڕەسمییەکانی ئێستای ئێمە، ناتوانن باوکمانو کۆشکو سەراکانیشمان ناتوانن دایکمان بن! بێگومان ئەو باوکایەتییەی یوسفی وەکو ئەو باوکایەتییە نییە کە شێرزاد حەسەن لە حەساردا باسی دەکات، ئەم باوکە لەبری ئەوەی حەسار بەدەوری نەوەکانییدا دروستبکات، فێری شکاندنی حەسارەکانیان دەکات. لەبری ئەوەی بیانخەسێنێتو بیانتۆقێنێتو بیانچەوسێنێتەوە، خۆیان دەکات بە حیلەی نێو ئەشکەوتێکی پیرۆزو باڵیان دەکات بە هەوری ئەرخەوانیی سەر زۆزکو ناوچەوانیشیان دەکات بە تاشەبەردی هەرە بەرزی هەندرێن! ئەم باوکە فریشتەیەکە وەکو پەمووی خوا پاکو سپیو وەکو ئاو نەرمو نییانە. شێرکۆ لەرێی وێنەکێشانو پیشاندانی ئەم باوکەوە، وێنەی باوکێکی دیکەمان پێدەبەخشێت، کە باوکی نێو دەزگاو دامەزراوە رەسمییو ناڕەسمییەکانی ئێستای ئێمەیە. باوکێکمان پیشان دەدات، کە ئیدی هەرگیز ناتوانێت جێی دڵنیایی نەوەکانی بێتو فێریان بکات بۆ خۆیان پەیڤی جوانو بۆ نیشتیمانەکەشیان گوڵی کێویلەیان لە دنیا بوێت! باوکێکمان پیشان دەدات کە هەرگیز ناتوانێت بەچاوی باوکایەتییەکی وەکو ئەوەی ساڵحییەوە سەیری هەموو نەوەکانی بکات، باوکێك هەندێجار، لەناو ماڵەکەی، (دەزگاکەی– دامەزراوەکەی) خۆیدا دەستدرێژی دەکاتە سەر کچەکانیو کوڕەکانی دەچەوسێنێتەوە. باوکێك هەر لەجۆری سڵاوکردنو پێشوازیکردن لە نەوەکانییەوە، تا دەگات بەدابەشکردنی موڵكو سامان بەسەر نەوەکانییدا، نادادپەروەرە. زۆر شت بەهەندێکیان دەبەخشێتو هیچ بەهەندێکی دیکەیان نابەخشێت. شێرکۆ کە دەشڵێت گردێك دەبوو بە دایکمان، لەڕاستییدا ویستویەتی بڵێت: کۆشکەکانمان هەستکردنی ئێمەیان بە گەرمایی کۆشی (دایك–نیشتیمان) لە روحدا کوشتووینو لەو نیعمەتەیان بێبەش کردووین. وەختێ دەڵێت: ((لە زەمانی نوزەی نانو قۆڕەی سکی وشەو رستەو تلۆقی بن پێی ئازادییو لە زەمانی بەرگی شڕی پیناویی بەر ئەی رەقیبدا، ئێمە لەوێ لە تەکیەکەی ئەو ئەشکەوتە سۆفییەدا، بیست دەروێشی سەربەستی بووین))، ئەوا لەراستییدا ویستویەتی بڵێت: لە ئێستادا کە نان تێرو پۆشتەیەو قۆڕەی سکی نایەو ئازادیی پێڵاوی ئەمریکایی لەپێدایەو پێیەکانی تلۆق ناکەنو ئەی رەقیب بەرگی جوانو نوێی لەبەردایە، کۆشکە جوانو رازاوەکانمان ئێمەیان لەدەروێشی سەربەستییەوە کردووە بە پاشای کۆیلە. ئێمەیان لەمرۆڤگەلێکی پڕ لە خەونەوە گۆڕیووە بۆ مرۆڤگەلێکی بێخەون. کاتێ دەڵێت: ((وەختێ کە حاڵمان لێئەهات، هیچ شتێکمان نەئەبینی، جگە لەروحی باڵگرتووی شەهیدانو جگە لە خواو لە شاخو داخ))، ئەوا لەراستییدا ویستویەتی بڵێت: لە ئێستادا وەختێ حاڵمان لێدێت هەموو شتێك دەبینین شەهیدانو خواو شاخو داخ نەبێت، کە سێ هێمان بۆ سەربەرزیو گەورەییو ئازادیی. دواتر کە دەچێتە نێو وردەکارییەکانی ژیانی سادەی ئەوساو باسی ئەوە دەکات چۆن زیاتر لە سەدجار ئەو سێسەدو پەنجا فلسەی ژماردووە کە موچەی یەك مانگی رەبەقی بووەو چۆن دڵی پێخۆشبووەو چەند شتێکی سادەی وەکو سابوونو توتنو سیغارو گوێزانو پیلو نوقڵو لفکەو دەفتەرو قەڵەمو مێوژە رەشکەو باسوقو سجوقی پێکڕیووە، لە راستییدا ویستویەتی بڵێت: ئێمە ئەوسا دەمانتوانی دڵمان بەو شتە بچوکو سادانەش خۆش بێت، چونکە خۆمان گەورە بووینو خەونی گەورەمان دەبینی. بەڵام ئێستا ناتوانین

دڵمان بە کۆشكو سەرا گەورەکانمانو بە ماشێنو بەسەروەتو سامانە زۆرو زەبەندەکانیشمان خۆش بێت، چونکە خۆمان بچوك بووینەتەوەو خەونی گەورەمان نەماوە. ویستویەتی بڵێت: ئێستا ئێمە لە مرۆڤگەلێکی گەورەی نێو شتگەلێکی بچوکەوە گۆڕاوین بۆ مرۆڤگەلێکی بچوکی نێو شتگەلێکی گەورە! ویستویەتی بڵێت ئێمە شوێنی خۆمانو شوێنی شتەکانمان گۆڕیوەتەوە، خۆمان چوینەتە شوێنی ئەوانو ئەوانیشمان خستۆتە شوێنی خۆمان. ویستویەتی بڵێت: ئێمە جوانیو گەورەییو بەهاکانی خۆمان بە شتەکانمان بەخشیووەو خۆمان تا رادەیەکی زۆر بێجوانیو بێگەورەییو بێبەها ماوینەتەوە. بەمجۆرە ئێمە دەتوانین ببینین شاعیر کاتێ دەبێت بەخاوەنی هێزێکی گەورە بەسەر وشەدا، چۆن دەتوانێت بەکورتترین رستەو بەکەمترین وشەو دەستەواژە، ئەو دیوی شیعرەکەی پڕبکات لە وێنەو دەربڕینو رەخنەی قوڵ. چۆن دەتوانێت کارێك بکات نەوتراوەکانی نێو شیعرەکەی، یان راستتر ئەو دیوی شیعرەکەی، لە وتراوەکانی کەمبایەختر نەبن؟ چۆن دەتوانێت کارێك بکات شیعرەکەی لەگەڵ دوایین وشەی خۆیدا نەك تەواو نەبێت، بگرە بوونی راستەقینەی خۆی دەستپێبکات.

***

لەرووی هونەرییشەوە، ئەم شیعرە زۆرترین خەسڵەتە شێرکۆییەکانی تێدایە کە دەتوانین بە ئاسانی لەرێگای ئەو خەسڵەتانەوە شیعری شێرکۆ بناسینەوە. بۆ نمونە لەم شیعرەشدا وەکو زۆرینەی شیعرەکانی دیکەی شێرکۆ نەتەوەو نیشتمان ئامادەیی دیکتاتۆریانەیان هەیەو لەرێی ئەوانەوە شیعرییەت بەرهەمهاتووە. کێش هەمان ئەو کێشە چوار برگەییە شپرزەیەیە کە زۆربەی هەرە زۆری شیعری شێرکۆی پێنوسراوەو لەیەك دوو جێگاشدا لەنگ دەبێت. لە شپرزەیی مەبەستم ئەوەیە کە ئەم کێشە لای شێرکۆ بەو شێوە سادەو رەوانو هێمنەی بۆ نمونە لای پەشێو هەیە بوونی نییە. لای شێرکۆ کەمتر بە چوار + چوار دەڕوات. لەبری ئەوە دەبێتە سێ+ پێنج، یان دوو+ شەشو هتد.

سەروا زۆرتر سەروایەکی تایبەتەو هەندێجار بە یەك پیت دروستدەبێتو هەندێجاریش بە دوو پیتو هەندێجاریش تەنها دەنگی وشەکان لەیەك دەچن. هەرگیز ئەو تێرییەی بۆ نمونە لەسەرواکانی حەمە عومەر عوسماندا هەیە لە شیعری شێرکۆدا بوونی نییە. بێگومان ئەمەش یەکێك لەو خاڵانەیە کە شیعری شێرکۆ لەشیعری شاعیرانی دی جیادەکاتەوە.

لەم شیعرەشدا وەك زۆبەی شیعرەکانی دیکەی شێرکۆ جۆرێك لە چیرۆك، بوونی هەیەو گێڕانەوە رەگەزێکی زاڵەو کاتو شوێن-یش ئامادەیی ئاشکرایان هەیە.

تەدویر یەکێکی دی لە خەسڵەتەکانی شیعری شێرکۆو ئەم شیعرەشیەتی، رستەکان بەلێشاو و بەبێ وەستان بەدوای یەکدا دێنو کارێك دەکەن رستە کەمترو کۆپلە زیاتر بوونی هەبێت.

سروشت لەناو زۆربەی هەرە زۆری وێنە شیعرییەکاندا توخمێکی پێکهێنو زاڵو خاوەن ئامادەییە، بەڵام لەبەر جوانییەکەی نا، بەڵکو لەبەر ئەوەی حیکایەتی نەتەوەیەکی چەوساوەو نیشتیمانێکی داگیرکراوو شۆڕشێکمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەوەتا مرۆڤەکان لەبەرد دەچن، بەڵام بۆ ئەوەنا جوانی بە گوێ ئاوێك ببەخشن، بەڵکو بۆ ئەوەی بنەڕێنو دوژمن بترسێنن.

من پێشتر له لێكۆڵینەوەیەكی دوورو درێژدا بە وردی لە تایبەتمەندییەكانی شیعری شێركۆ بێكەس دواوم، كە زۆرینەی ئەو تایبەتمەنییانە لەم شیعرەشدا هەن، خوێنەر ئەگەر بە پێویستی بزانێت، دەتوانێت بگەڕیتەوە سەر ئەو سەرچاوەیە:

محەمەد كوردۆ، گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازییدا، لێكۆڵینەوە.(لەبڵاوكراوەكانی بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوكردنەوەی سلێمانی: 2006).

# عەشق

## شیعری: شێركۆ بێكەس

ئەلیزابێت
بیست ساڵی ڕێك، بیست حەسرەتو
بیست دووكەڵو
بیست ئاوابوونو توانەوە !
بیرنەچوونی
وەك نانو ئاوو شەرابو
خوێندنەوەمو
بیرنەچوونی چاویلكەكەم.
بیرنەچوونی
چوون بیرنەچوونی قەڵەمو
ماچی شیعر.
ئامادەبوونی بەوێنەی
ئامادەبوونی هەناسەو
سییەكانم.
جیانەبوونەوەی ئەم سەرەمو

هەردوو شانم.
دەستو پەنجە لە مەچەکمو
پەیڤیش لەزارو زمانم.
بیرنەچوونی لەناو تەمێکی تەنکدا
بەڕێوەیەو هەر دێتو دی
هەموو ساتی سەرنجێکی،
خەندەیەکی،
یان تنۆکی لە قەڵبەزەی بەژنو باڵای
چرپەیەکی گوارەکانی
هەناسەیەکی ملوانکەی
لێم ئەدەنو خەوی زڕاو
تەڕ ئەکەنو خەو ئەچێتە سەر چیچکانو
ئەلێزابیت دێتەوە ناو نیگاکانم.
دێتەوە ژێر چاوەڕوانی
رواوی سەر چرپاکەمو
دێتەوە ناو شپرزەیی رۆژمێرم
بەهێواشی
سەر ئەداتەوە لە زەردەی
خۆرنشینم.
ئەگاتەوە ژووری فرمێسک،
دێتەوە بەردەم وەرینم!
ئەلێزابێت!
بیرنەچوونی
وەك بیرنەچوونی دیدەم بۆ
عەشقی گۆیژە هەموو رۆژی.
چوون بیرنەچوونی درەختی
بەر پەنجەرەم
بۆ تەماشام هەموو رۆژی.
چوون بینینی رووخساری خۆم
لە ئاوێنەی زنەیەکدا هەموو رۆژی

وەك دانەبڕانی هەمیشەی
هەردوو باسكو كراسەكەم
لە یەكتری.
شانەو قژم
لەیەكتری.
بادەكەمو پەرداخەكەم
پەنجەكانمو گیتارەكەم
لە یەكتری.
ئەلیزابێت!
سەری پەنجەی، چاڵی گۆنەی،
بزەی پەرتی.
تەیری كوتراوی سەرقۆڵی.
تاڵی لە قژی راكردووی.
مامزەكانی ئاوڕی.
هەوری بەرزایی گەردنی.
رەنگی پەیڤی.
وشەی سركی.
بۆنی ماچی.
گزنگەكانی تەماشای.
شەوی پرچیو
تریفەیەكی شەرمنی
نێوان مەمی.
تانگۆكانی نێو باوەشیو
موچوڕكەی ئالٚ.
دەنگی بێدەنگی نێوانمان.
وەختی مانگەشەو ئەهاتو
ئەبوو بەشەقامی خەومان.
بوورانەوەی ئارەزوومان
لە ئامێزی یەكتریدا.
زەریاو چاویو

گۆرانییەکی خوماری ناو بەلەمو
ئاسۆیەکی پرتەقاڵیو
منیش نەورەس.
مێزی تەختەی کافتریایەك
هەڵنیشتنی هەردوو کۆتری
جووتە دەستی
لەبەر دەمماو
مریەمی بۆتە مۆمدانو
منیش مۆمو
چاوی شەوقم لەو جوانییە
ناتروکێنم بۆ چرکەیەك.
دیسانەوە
لە گوی دەریا شەپۆلی شین
شەپۆلی شێت
لەگەڵ شەپۆلی بەژنا
ئەویان ئەیبردم بۆ دوورگەی
خەونی دوورو
ئەمیان نزیك پرژە پرژی
فێنك.. فێنك
لێمیان ئەدا.
لەشی رووتی رەنگ برۆنزیی
تەنها لە دوو ئاستدا سپی!
چاوی منو چاوی لمو چاوی هەتاو
سەرخۆشانە نیوە نوقاو
سڕی جوانیو
سڕی خودایان ئەبینی
دانەپۆشراو!
ئەوان گشت لە ئێستەدا
تەنیاییم ئەکەن بە حەوزی واق وڕماوو
پۆلە ئاخیشم بە جوڵەی وردە ماسی.

له ئێستەدا

وەختی درەنگ

کە سەعاتم ئەکەوێتە وەنەوزدانو

بیرەوەرییم لەسەر جێگە باوێشك ئەدا

شەو خەوی دی

ئەوسا تیتر رەنگەکانی ئەلیزابێت

پڕم ئەکەن لە قەسیدەی رەشو سپی.

پڕم ئەکەن لە پەروانەی دەوری لەشی.

پڕم ئەکەن لەماچی سەوز

لە رامووسانی پەمەیی‌و

لە سەمایەکی نارنجیی‌و

خۆزگەی سپی.

لە دواییدا

شەپۆل خۆی ئەکا بە ژوورماو

وەکو رامبۆ لە کەشتییەکی سەرخۆشدا

خەو لە ناو خەودا ئەبینم

وا ئەزانم

بە پەپولە داپۆشراوم‌و

بە مانگە شەو رەنگکراوم‌و

عەشقێك بووە بە قەدەری

ئەم سەفەرە بێکۆتایەو

ئەڕواو ئەڕواو

هەموو شەوی لەگەڵ خۆیدا

بێهۆش بێهۆش هەڵمئەگری‌و

ئەمباتەوە ڤینیسیا!

# گلەیی لە ژنانی نەتەوەکەم

## خوێندنەوەیەکی کورت بۆ شیعری (عەشق)ی شێرکۆ بێکەس

یەکێك لەدیارترین سیماکانی شیعری شێرکۆ بێکەس کارکردنی بەردەوامیەتی لەناو روح و جەستەو مێژووی نەتەوەدا، ئەو هەمیشەو بەدرێژایی چەندین ساڵ خەریکی بەرهەمهێنانی شیعریەت بووە لەمێژووی نەتەوەکەیدا.

ئەوەی شێرکۆ لەزۆرێك لەشاعیرانی دی جیادەکاتەوە، ئەوە نییە –وەك هەندێك بۆی دەچن– نەتەوە گەورەیی و نەمریی بەشیعرەکانی ئەودابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەیە کە شێرکۆ لەدەقەکانی خۆیدا نەمریی بەنەتەوە دەبەخشێتو دەیباتە ئاستێکی بەرزو باڵاترەوە، کە ئاستی داهێنانە، هەر ئەمەش هۆکارێکە لەوەدا کە زۆر کەس پێیانوایە شێرکۆ ساڵانێکی زۆرە خۆی دووبارە دەکاتەوە، من زۆرجار گوێم لەم بۆچوونە بووە، وەلی وەکو خۆم پێموانییە ئەوەی شێرکۆ دەیکات خۆ دووبارە کردنەوە بێت.

من هەستدەکەم ئەو بەردەوام کار لەسەر موتوربەکردنێکی هونەرییانەی جوانو بەهادار دەکات، ئەو بۆئەوەی هەم لەو ئەزمونە جوان و دەوڵەمەندو باڵایەی خۆی دانەبڕێت، هەم دووبارەشی نەکاتەوە، پەنا بۆ گەمەی موتوربەکردن دەبات.

وەك چۆن باخەوانێك، بۆ نمونە، قۆخ و هەنجیر پێکەوە موتوربە دەکات و لە ئاکامدا ئەوەی دێتە بەرهەم، هەم قۆخ و هەم هەنجیرەو هەم هیچیشیان نییە.

ئەوەش کە شێرکۆ دەیکات هەم ئەوەیە کە پێشتر کردویەتی و هەم شتێکی تازەیەو هەم هیچیشیان نییە. وەك وتمان هۆکاری سەرەکی لەوەدا کە خەڵکانێك هەستدەکەن شێرکۆ خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەو رووبەرە گەورەیەیە کە نەتەوەو مێژووی نەتەوە لەشیعری ئەودا داگیری دەکەن.

وەلی ئەوەی لەم دەقە تازەیەدا سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە کە ئەم شیعرە جگە لەوەی لە بری نەتەوەو مێژووی نەتەوە، کار لەسەر عەشق دەکات، پاڵەوانەکەشی کەسێکە لەدەرەوەی مێژووی نەتەوە.

بێگومان ئەم دەقە یەکەمین دەقی شێرکۆ نییە، کە بۆ دۆزێکی دیکەی جیا لە دۆزی نەتەوەو نیشتمان تەرخان کرابێت، وەلێ رەنگە یەکەمین دەقی شاعیر بێت کە پاڵەوانەکەشی سەربەنەتەوەو نیشتمانی خۆی نەبێت و دەستەواژەو میتافۆرو وشەکانیشی لەدوو جێگەدا نەبێت (گویژەو درەختی بەرپەنجەرەکە) بۆنی نەتەوەو نیشتمانیان لێنایەت. ئەم دەقە بۆ عەشق و لە رۆژی (ڤالانتاین)دا نوسراوە. ڤالانتاینیش لەبنەڕەتدا جگە لەوەی رۆژی خۆشەویستییە، پەیوەندییەکی قوڵیشی بە راکردن و پشتکردن لەشەڕەوە هەیە.
ئیمپراتۆری رۆمانی (کلادیوس)ی دووەم، لە کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی زایینیدا هەستدەکات ئەو لاوانەی هێشتا ژنیان نەهێناوە لەو پیاوانەی کە ژنیان هەیە بۆ جەنگ ئامادەترو خۆراگرترو بە پشووترنو دەتوانن باشتر بەرگەی نەهامەتییەکانی جەنگ و دوورکەوتنەوە لەماڵ بگرن، بۆیە بڕیاری راگرتنی مارەبڕین و هاوسەرێتیی دەدات و بەهەموو شێوەیەك قەدەغەی دەکات. وەلی یەکێك لەقەشەکان بەناوی (ڤالانتاین) دژی ئەم بڕیارە دەبێت و گوێی ناداتی و بە دزییەوە درێژە بە پرۆسەی مارەبڕین و دروستکردنی هاوسەرێتیی دەدات.
تا لەدواییدا ئاشکرا دەبێت و ئیمپراتۆر فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەکات و لە (14)ی شوباتدا لە سێدارە دەدرێت.
ئیدی یادکردنەوەی ئەو قەشەیە کە لەپێناوی لاوانو مافی ئەوان لەخۆشەویستیو هاوسەرێتییدا گیانی خۆی بەختکردووە، دەبێتە سەرەتای رۆژی خۆشەویستیو ساڵانە لەسەرتاسەری جیهاندا ئەو رۆژە پیرۆز دەکرێت. واتە ڤالانتاین چەند پیرۆزکردنی خۆشەویستییە ئەوەندەش نەفرەتکردنە لەجەنگ، چەند باوەشکردنە بە خۆشەویستیدا ئەوەندەش پشتکردنە لەجەنگ، چەند راکردنە بەرەوخۆشەویستی ئەوەندەش راکردنە لە جەنگ.
لێرەوە دەتوانین ئەم دەقە وابخوێنینەوە کەشێرکۆ هەوڵدەدات لەرێگایەوە بۆ تاوێك لە مێژووی نەتەوەکەی بچێتە دەرەوەو وەك تاکێك، وەك عاشقێك، بچێتە نێو مێژووی خۆیەوە.
لەم ئاستەدا دەتوانین شێرکۆ وەکو شاعیرێکی ماندوو، وەکو باڵایەکی خوێناوی و دوکەڵاویی ببینین کە بەدوای رۆژێکدا دەگەڕێت تیایدا خۆی لەو خوێن و دوکەڵە پاکبکاتەوەو پشوویەك بداتو لە دەرەوەی ئەوان تەماشایەکی دنیا بکات. دەیەوێت ئەگەر بۆ رۆژێکیش بووە (تینوێتی بەگڕ نەشکێ) و (سرودەکانی کێوی) نەبن.
کەچی کاتێك دەچێتە نێو مێژووی خۆیەوە دەبینێت ژنانی نەتەوەکەی شتێکیان پێنەبەخشیوە کە لەرۆژێکی وەکو (ڤالانتاین)دا یادی بکاتەوە. دەتوانین لەنێو نەوتراوەکانی ئەم دەقەدا شێرکۆ ببینین بە حەسرەتێکی قوڵەوە بە ژنەکانی نەتەوەکەی دەڵێت: بۆچی لەگەڵ ئێمەو لەگەڵ خۆشتاندا هێندە بی دەربەستن؟!
پێیان دەڵێت: لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا کە رۆژی ڤالانتاینەو لە سەرتاسەری جیهاندا یاد دەکرێتەوە، نزیکەی یەك بلیۆن کارتی پیرۆزبایی دەگۆڕدرێتەوەو (85٪)ی ئەم کارتانەش ژنان دەیکڕن، کەچی من ناچارم یادی ژنێکی دوور بکەمەوە! من ناچارم بۆ (20) ساڵ بەر لەئێستا بگەڕێمەوە! ئەدی ئێوە، ئەی ژنانی نەتەوەکەم بۆچی نەتانتوانی بە "چرپەیەکی گوارەکانتان" یان، بە "هەناسەیەکی ملوانکەکانتان" خەوم بزڕێنن و بێنە ناو نیگاکانمەوە؟!

بۆچی پڕتان نەکردم لە"بۆنی ماچ"؟!

بۆچی بە "گزنگی تەماشا"تان رووناکتان نەکردمەوە؟!

بۆچی" تریفەی نێوان مەمکەکانتان" پیانەپژاندم؟!

ئێوە نەتانتوانی "مۆمدان بن و منی مۆم" لەئامێزی خۆتاندا بخەنە نێو خەونی سوتانەوە!

دەستەکانی ئێوە بۆ من سرکترین باڵندەبون و هەرگیز نەیانتوانی وەکو دووکۆتر لەبەردەممابن !

لەشی ئێوە نەیتوانی "سرِی جوانی و سرِی خودا بەدانەپۆشراوی" پێشانی من بدات!

* رێبازی ئەدەبو هونەر، ژمارە (58) 2007/2/27

# ئێوارەی پایز

## شیعری: هێمن

لە ئاسۆیەکی دوورەدەست

ئاوابوو زەردە پایزی

دەتگوت بوکێکی بێنازە

پەردە جێدێڵێ بە زیزی

***

پەڵە هەورێکی چڵکنە

گرتی سووچێکی ئاسمان

گەڵای زەردی دارێك وەری

زریان بردی بەرەو نەمان

***

جوتێك کۆتری سەر بەکڵاوە

هەڵکورماون لە سوانەیەك

دیارە لەو دەورو بەرانە

پێیان شکدێ هێلانەیەك

***

پاساری سەر داری کۆڵان

فڕەو جیکەیان لێبڕا

قەل فڕی فڕی تا ونبوو

هەر روو رەشی خۆی پێبڕا

***

شەپۆلێك مۆسیقای بەسۆز

هاتو رابوورد بە بن گوێمدا

شوێنێکی بۆ خۆی کردەوە

لە ناخی دڵی توێ توێمدا

***

ئاخر کۆڵی بۆ بردە ژوور

باربەرێکی درێژی رووت

دەرکی دوکانی گاڵە دا

مام حاجیو بەرەو ماڵ بزووت

***

نازدارێکی چارشێو بەسەر

بە تەنیشتمدا تێپەڕی

بە غار هاتو توند قیژاندی

رووتەڵەیەك بە بەدفەڕی

***

کەمێك راوەستا جا رابورد

ئەو لاوەی جادەی دەپێوا

دیار بوو خێسێکی دابوویە

ئەو شۆخە لە بن چارشێوا

***

کیژێك خۆی لە ژوور کوتاوە

دەرکەی حەوشەکەی پێوەدا

ئیتر شوێنەواری جوانی

بەدی ناکەم لەم نێوەدا

***

تا تاریکان پەیدا دەبێ

چۆڵو چۆڵتر دەبێ جادە

نە دێتەدەر کیژی لەبار

نە رادەبرێ لاوی سادە

***

هەوا بولێڵە، ئاو لێڵە

گوڵ سیس بووە، گەڵا زەردە

تەنانەت رەنگی گۆڕاوە

ئەم دیوارو دارو بەردە

***

تەماشای هەر شتێ دەکەم

رەنگی پایزی گرتووە

جوانی خۆی لێشاردوومەوە

دزێوی ریزی گرتووە

***

چاوم لە ئاسمان بڕی

دڵم هێندەی دیکە گیرا

گەلێك بیرەوەری کۆنم

لە پڕ هاتنەوە بە بیرا

***

ئارام ئارام بە لۆژە لۆژ

ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە

نە کەس لە پێشمدا دەڕوا

نە کەس دیارە بەدوومەوە

***

نا نا نارۆم مەلەی دەکەم

لە نێو دەریای مەندی خەیاڵ

داهێزراوو رووگرژ، تووڕە

دڵ پڕ تاسە، مێشك بەتاڵ
***

ئاخ، دیسان رووپەڕێك دڕا
لە رۆژئەژمێری تەمەنم
ئاخ، دیسان شەو داهاتەوە
من هەر وا دوورە وەتەنم
***
ئاخ، دیسان چوومە ژێر باڵی
رەشی شەوگاری تەنیایی
ئاخ، دەبێ دیسان بچێژم
ژەهراوی تاڵی جودایی
***
ئاخ، دەبێ دیسان رابوێرم
لە ژوورێکی ساردو سڕدا
دەگەڵ ئازار دەستەملان بم
تا بەیان لە نوێنی شڕدا
***
دەڕۆم، دەترسم، دەلەرزم
لە پەلاماری مۆتەی شەو
داد لەدەس ئەم دڵەی بە خەم
وای لەدەس ئەم چاوەی بێخەو
***
دەڕۆم تاسەر پێکەوە نێم
دەگەڵ زامو دەردو ئێشم
دەڕۆم تا شەوێکی پایز
من شەونخونی بکێشم
***
دوور قاقایەکم گوێ لێبوو
دەتگوت گوللەم پێوە دەنێ

چۆن بە ئێوارەی پایزیش

ئی وا هەیە پێبکەنێ !

***

خەیاڵم ببوو بە وشە

نەمزانی کەس بەدوامەوە

دەنگێکی لەرزۆكو نەرم

بەسپایی جوابی دامەوە

***

بەڵێ هەن یەکجار زۆرن

بازرگانی فرمێسكو خوێن

بەڵێ هەنو پێدەکەنن

بە سەربەهەش، بە مل بەکوێن

***

بەڵێ هەنو پێدەکەنن

بە من، بە تۆ، بەهەزاران

بە داخی باوك کوژراوان

بە هەنیسکی هەتیوباران

***

بە نەزانی، بە نەخۆشی

بە تاریکان، بە شەوەزەنگ

بە زنجیر، بە تەناف، بە دار

بە گرتووخانەی تەڕو تەنگ

***

بە بۆکرووز، بە چڕە دووکەڵ

بە هالاو، بە گڕ، بە ئاگر

بە تەم، بە مژ، بە هوڕە، بە دۆك

بە تۆفانی وڵات داگر

***

بە بووەلەرزە، بە ڕەشەبا

بە سووتمانو زیانو زەڕ

به هەرچی خراپو شوومە
بەگشت دەسکردی خوایی شەڕ
***

به ناڵه، به کوڵ، به گریان
به سینگ کوتان، به رووڕنین
به بەرگی رەش، به چاوی سوور
به گۆڕخانه، به کۆڕی شین
***
به کەلاوه، به کوندەبوو
به دیواری هەرەسهێناو
به داوێنی تیتۆڵ تیتۆڵ
به ئانیشکی پینەکراو
***
به نووکه نووکی بێوەژن
به هانه هانی ماندووان
به زیره زیری منداڵان
به نووزەی نیووه زیندووان
***

به نەرە نەڕی جەللادان
به قرمه قرمی شەست تیران
به ویره ویڕی قەمچییان
به ئەشکەنجەی رووناکبیران
***
به چڵکی یەخەی کرێکار
به کەفی سەرشانی جوتێر
به پەچەو رووبەند، به خەنجەر
به یەك نەبوونی مێو نێر
***

به قه‌ڵه‌می به‌زیوی کول
به زمانی له بندا بڕاو
به ده‌رکی داخراوی فێرگه
به کتێب‌و ده‌فته‌ری دڕاو
***
له قامووسی ئه‌وانه‌دا
به‌زه‌یی مانای نه‌ماوه
بێزیان له بزه هه‌ڵده‌ستێ
وازیان له خوێن‌و زووخاوه
***
هه‌ر دڵۆپی خوێنی لاوێ
بۆ وان یاقووتێکی سووره
هه‌ر تکه‌ی فرمێسکی کیژێ
بۆ وان مرواری به‌ر مووره
***
هه‌ناسه‌ی ساردی ئاواران
کۆشکی ئه‌وان گه‌رم ده‌کا
له‌شی ره‌ق‌و زگی برسی
جێ پاروویان نه‌رم ده‌کا
***

سه‌رمایه‌ی وان له‌گه‌ڕدا بێ
با زۆر ده‌رك به قوڕ گیرێ
دۆلار له بره‌و نه‌که‌وێ
با کۆڵه‌واربێ داپیرێ
***
ده‌با خوێن بێ‌و سه‌ران به‌رێ
چه‌رخی کارگه‌یان بگه‌ڕێ

پێدەکەن، پێدەکەنن
بە بڵێسەی ئاگری شەڕێ
***

گوتم کەوابوو ئاشنا
بەشی ئێمە لەنێوچوونە؟
گوتی نا نا دوور بنواڕە
دوور بنواڕە، ئاسۆ روونە!

# نیگەرانیو دڵەڕاوکێی شاعیر
# لە ئێوارەی پایزدا*

لە ساڵی 1974دا شاعیرێکی گەورەو دڵناسکی ئەم میللەتە لە (ئێوارەیەکی پایز) دا ئەم شیعرە جوانەی نوسیووەو دوای 19 ساڵو لە بەیانییەکی بەهاردا منی خستۆتە سەرهەوای هەڵفڕینو بانگم دەکاتو دەیەوێت جوانیەکانی خۆیم پێشانبدات.
هیوادارم بتوانم بەشێك لەو جوانیانە بۆ خوێنەری ئازیز بگوێزمەوە.
ئەم شیعرە کە دەکەوێتە لاپەڕە 27 بۆ 36ی (ناڵەی جودایی) یەوە، لەسەر کێشی چوار برگە نووسراوەو چیرۆکی خەمئامێزی رۆژگارێکی تاڵی شاعیرو نیشتمانەکەی دەگێڕێتەوە، بەڵام چۆن گێڕانەوەیەك؟
گێڕانەوەکە لە رێگای چەندین وێنەی شیعرییەوە ئەنجام دەدرێت، کە هێدی هێدیو لەسەرخۆ چیرۆکەکە بۆ خوێنەر تەکمیلە دەکەن.
وێنەکان لە ((مۆسیقایەکی هێمنو دوورو بەسۆز دەچن، کاتێ دێنو بە بنگوێماندا رادەبرن، لە ناخی دڵی توێ توێماندا شوێن بۆ خۆیان دەکەنەوە)).
***

هەر شیعرێك، بەشێك لە هەڵچوونو داچوونە دەروونیو روحییەكانی شاعیر لەگەڵ خۆیدا بۆ خوێنەر نەگوازێتەوەو نەتوانێت كارێكی وابكات خوێنەر بەقوڵی هەست بەو هەڵچوونو داچوونانە بكات، وەكو شیعرێكی بێگیان دەمێنێتەوەو ئەگەر زۆر زۆریش رازێنرابێتەوە هەر ئەوەندەی چاوێكی شووشە دەتوانێت جێگای چاوێكی راستەقینە بگرێتەوە.

ئێوارەی پایز تا رادەیەكی زۆر توانیویەتی ((خەمەكانی دوورە وەتەنیو شەوگارەكانی تەنیاییو ژەهراوەكانی جودایی)) لە دەروونو روحی شاعیرەوە بۆ خوێنەر بگوازێتەوە.

توانیویەتی لە چەند وێنەیەكی جیاجیادا نیگەرانیو راراییو دڵەراوكەی شاعیر بە روونی بۆ خوێنەر بپەرێنێتەوە.

لەم خوێندنەوەیەدا، هەوڵدەدەین هەندێك سەرنج لە باری دەروونی شاعیر، هەڵبەت لە نێو دەقەكەدا، بدەینو برێك لە دەلالەتەكانی بخوێنینەوە.

***

لە ئاسۆیەكی دوورەدەست
ئاوابوو زەردە پایزی
دەتوت بوكێكی بێنازە
پەردە جێدێڵێ بە زیزی

سەرەتای ئەم شیعرە بە ئاوابوونی بێنازانەی زەردە، یان زەردەپەڕ دەستپێدەكاتو شاعیر دەخاتە حاڵەتێكی دەروونییەوە كە تیایدا خەمگین خەمگین لەو ئاوابوونە دەڕوانێتو هەستێكی پڕ لە نائومێدیی لە ناخدا دەوروژێنێت.

دیارە شاعیر نەیویستوە راستەوخۆ باس لەو هەستی نائومێدیەی خۆی بكات، بۆیە هەوڵیداوە لە رێگای شوبهاندنی زەردەوە بە بوكێك كە بەبێنازیی پەردە جێدەهێڵێت، گوزارشتی لێبكاتو قەبارەكەی بۆ خوێنەر بەیان بكات، ئەدی كام نائومێدی لە نائومێدیی بوكێك گەورەترە كە بە دڵشكاویی ئەو پەردەیە جێدەهێڵێت وا پێشتر دەیانو سەدان خەونی شیرینی پێوە بینیوە؟

لێرەوە شاعیر دەكەوێتە ناو نەهامەتییەكانەوەو چەندین خەمی ئێستاو رابردووی لێپەیدا دەبن.

***

جووتێ كۆتری سەربەكڵاوە
هەڵكورماون لە سوانەیەك
دیارە لەو دەوروبەرانە
پێیان شك دێ هێلانەیەك

دوورە وەتەنی خەمێكە سەرتاپای بوونی شاعیری داپۆشیووە، حەزێكی قووڵ بۆ خەونی نێو ئامێزی گەرمی وەتەن ختوكەی هەستەكانی دەداتو بەخۆیەوەی سەرقاڵ دەكات، ئەم حەزە راستەوخۆو ناراستەوخۆ دەڕژێتە

نێو شیعرەکەوەو شاعیر دەباتە دۆخێکەوە لە قوڵایی دەروونیدا خۆزگە بەو کۆترانە بخوازێت کە هێلانەیەك شك دەبەن‌و ئارام ئارام لە دەوروبەری هێلانەکەیان هەڵدەکورمێن.

تەنها دوو جۆر لە مرۆڤ دەزانن ئەوە چ حاڵەتێکی خۆشە بونەوەر بە ئارامی لای هێلانەی خۆیەوە هەڵبکورمێت:

یەکەم، ئەوانەی نیشتمانەکەیان لێدەبێتە دۆزەخ‌و هەرگیز هەست بە ئارامی نێو کۆشی نیشتیمانەکەیان ناکەن.

دووەم، ئەوانەی ناچار دەکرێن لە دەرەوەی نیشتیمانەکەی خۆیان بژین‌و لە دوورەوە حەسرەتی بۆ بخۆن‌و خەونی پێوە ببینن.

هێمن هەردوو حاڵەتەکەی چێشتووە، راستە ئەو کاتێ لە مهاباد هەڵکەنراوە توانیویەتی لە سلێمانی یان لە هەولێر بژی‌و ئاوارەو پەناهەندەی وڵاتان نەبووە، بەڵام ئەوەش راستە کە ئەوکاتەی توانیویەتی لە بەشێکی نیشتمانەکەی خۆیدا بژی، بەشێکی دیکەی نیشتمانەکەی لێحەرام بووە، بەشێك کە زۆرترین بیرەوەرییە تاڵ‌و شیرینەکانی ئەوی تێدا تۆمارکراون.

خۆزگەی هێمن بەو کۆترانە هەر بە تەنها بۆ ئەوە نییە کە هێلانەیەك شك دەبەن، بۆ ئەوەشە کە جووتێکن‌و سەریان ناوە بەسەری یەکەوەو وەکو ئەو تەنیا نین.

***

ئەگەر کەمێك بە وردی لەنێو دڵی وشەکانی ئەم شیعرە وردبینەوە، مرۆڤێکیان تێدا دەبینین کە لە بارێکی دەروونیی ئاڵۆزدایەو دەسووتێت، مرۆڤێك سەدان خەمی جۆراوجۆری هەیەو شانی لەژێر باریاندا چەماوەتەوە.

لەلایەك خەمی کیژێك دەخوات کە خۆی لە ژوور کوتاوەو دەرکەی حەوشەکەی پێوەداوەو ئەمی لە بینینی شوێنەواری جوانیی نائومێد کردووە.

لەلایەکی دی خەمی ئەوەی تا دنیا تاریکتر دابێت جادە چۆڵتر دەبێت‌و ئەگەری هاتنە دەرەوەی کیژی لەبارو رابووردنی لاوی سادە کەمترو دوورتر دەبێتەوە.

لێرە: خەمی هەوای بولێڵ، گوڵی سیس، گەڵای زەرد...

لەوێ: گۆڕانی رەنگی دیوارو دارو بەرد...

ئەملا: ژوورێکی ساردوسڕ...

ئەولا: نوێنێکی شڕوپڕ...

لە رۆژهەڵاتەوە: هەموو شتێك رەنگی پایز دەگرێت‌و جوانی خۆی لێدەشارێتەوەو دزێوی ریز دەگرێت‌و ئاسمانی لێدەبێتە ئەلبوومی بیرەوەرییە کۆنەکانی خۆی‌و کاتێ چاوی تێدەبڕێت، دڵی هێندەی دیکە دەگیرێت...

لە رۆژئاواوە: روپەڕێکی دی لە رۆژئەژمێری تەمەنی دەدڕێت‌و جارێکی دی شەو دادێتەوەو دوورە وەتەنییش هەر درێژەی هەیەو دەبێت بخزێتە ژێر باڵی رەشی شەوگاری تەنیایی‌و ژەهراوی تاڵی جودایی بچێژێت...

ئەمانە وادەکەن شاعیر لە بارێکی دەروونیی ئاڵۆزدا بێت‌و ناسەقامگیریی بەسەریدا زاڵ بێت‌و لە شیعرەکەشدا رەنگبداتەوە.

دەتوانین بۆ دەستنیشانکردنی ئەم نائارمییو ناسەقامگیریەی باری دەروونیی شاعیر سێ دەستەواژە لە شیعرەکە وەربگرین کە هەریەکە دەکەونە شوێنێکەوە، بەڵام لەیەکدی دابڕاو نین.

یەکەم:

ئارام ئارام بە لۆژە لۆژە

ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە

دووەم:

نا نا ناڕۆم مەلەی دەکەم

لەنێو دەریای مەندی خەیاڵ

سێیەم:

دەڕۆم دەترسم دەلەرزم

لە پەلاماری مۆتەی شەو

لێرەوە دەردەکەوێت کە شاعیر بە رادەیەك شپرزەو نیگەرانو رارایە خۆشی نازانێت بە نیازی چییەو دەیەوێت چی بکات، لە پێشدا دەڵێت ئارام ئارام بەرەو ماڵ دەڕۆمەوە، دوایی دەڵێت نانا ناڕۆم، دواتر دەڵێت دەڕۆم، بەڵام بە ئارامیی نا، بەدەم ترسو لەرزەوە دەڕۆم...

***

دوور قاقایەکم گوێ لێبوو

دەتگوت گوللەم پێوە دەنێ

چۆن بە ئێوارەی پایزیش

ئی وا هەیە پێبکەنێ ؟

شاعیر خۆی چونکە لە پایزدا زۆر دەلالەتی قوڵ دەبینێتو دەخوێنێتەوەو مەرگی گەڵاکانو بێجریوەیی پاسارییەکان، دووچاری نیگەرانیو دڵەڕاوکێی دەکەن، وادەزانێت ئیدی خەڵکەکانی دیکەش ناتوانن لە ئێوارەی پایزدا پێبکەنن.

کاتێك بەسەرسوڕمانەوە لە خۆی دەپرسێت: چۆن خەڵکی وا هەیە بە ئێوارەی پایزیش پێبکەنێت؟

دەنگێکی لەرزۆكو نەرم بە ئەسپایی وەڵامی دەداتەوەو پێیدەڵێت:

بەڵێ هەنو یەکجار زۆرن

بازرگانی فرمێسكو خوێن

بەڵێ هەنو پێدەکەنن

بە سەربەهەش، بە مل بەکوێن

***

بە کەلاوە بە کوندەبوو

به دیواری هەرەس هێناو

به داوێنی تیتۆڵ تیتۆڵ

به ئانیشکی پینەکراو

سەرەتا دەبێت بپرسین: ئەو دەنگە بۆچی لەرزۆکەو به ئەسپایی وەڵامی شاعیر دەداتەوە؟

بێگومان لەهەر شوێنێك ئازادیو دیموکراتی نەبێت، دەنگەکان یان دەکوژرێن یان لەترسی ئەوەی نەکوژرێن دەبێت ئاگایان لەخۆیان بێتو به ئەسپایی پەیامەکانیان بگەیەنن.

بەسەرهاتێکی محەمەدی قازی هەیه، لێرەداو بۆ روونکردنەوەی بارودۆخی دەنگەکان لەوڵاتانێکدا که زوڵمو چەوساندنەوەو سڕینەوەی بەرامبەر، له سیما دیارەکانیانن، دەتوانێت تا رادەیەکی باش یارمەتیمان بدات:

(( محەمەدی قازی که یەکێکه له رۆشنبیره کورده بەناوبانگەکانی ئێران، به گەورەترین وەرگێڕی فارسی دائەنرێ، لەم ساڵانەدا توشی نەخۆشییەك ئەبێ له قورگیدا، قورگی پیشانی دکتۆرد ئەداو دکتۆریش دوای تەماشاکردن ئەڵێ: مامۆستا بەداخەوه ئەبێ قورگت دەربێنینو ئیتر لەوه دوا قسەت پێناکرێ !

جا ئەڵێی چی دەری بێنین یان نا ؟!

ئەویش له وەڵامدا ئەڵێ:

قورگم بۆچیه دەرییبێنه لەم وڵاتەدا بنیادەم کەی ئەتوانێ قسه بکات، تا پێویستی به قورگ بێت ؟!))(1)

دەچینەوه لای ئەو وەڵامەی دەنگەکه به شاعیری دەداتەوە:

دەنگەکه دەڵێت: نەك هەر هەیه له ئێوارەی پایزدا پێبکەنێت، زۆریش هەنو بەزۆرشتیش پێدەکەنن.

دەنگەکه ئەوانه به بازرگانانی فرمێسكو خوێن ناو دەبات، بەردەوام لەو شوێنانەی خوێن دەرێژرێتو فرمێسك جۆگەله دەبەستێت، بازرگانانێك هەن بازرگانی بەو خوێنو فرمێسکانەوه دەکەن.

دوێنێو ئەمرۆی ئێمه پڕن لەو بازرگانانەو ئایندەشمان ئەگەر پڕتر نەبێت، خاڵییتر نابێت.

با کەمێك وردتر لەهەندێك دەستەواژه بڕوانین:

ئەوەی که سەری بەهەشەو ملی به کوێنه، واته پرسەباره.

ئەوەش که داوێنی تیتۆڵ تیتۆڵ بووەو ئانیشکیشی پینەکراوه، واته هەژاره.

کەلاوەو دیواری هەرەسهێناوو کوندەبووش، هێمای وێرانین.

ئاخۆ له وڵاتێکدا ئەگەر بازرگانانی فرمێسكو خوێن زۆر نەبنو شیرازەی وڵاتەکەیان نەشێواندبێت، پرسەباریو هەژاریو وێرانیی هی ئەوەن مرۆ پێیان پێبکەنێت ؟!

ئەمه وا له شاعیر دەکات، بڵێت:

وتم کەوابوو ئاشنا

بەشی ئێمه لەنێوچوونه

وتی نانا دوور بڕوانه

دوور بڕوانه ئاسۆ روونه !

ئێمە پێشتر بینیمان شاعیر لەناو چ خەم و نەهامەتییەکدایەو چەند نیگەران و رارایە، ئەم حاڵەتەی شاعیر تا بەشی یەکەمی ئەم کۆپلەیەش درێژ دەبێتەوە کە دوا کۆپلەی شیعرەکەیە، ئەوەتا هیچ تروسکەیەك نابینێت و هەستدەکات بەشی ئەو تەنها لەنێوچوونە.

بەڵام لە بەشی دووەمی هەمان کۆپلەدا دەنگی ئاشناکەی شاعیر هەموو شتەکان هەڵدەگێڕێتەوەو ئاماژە بۆ حاڵەتێکی پێچەوانەی حاڵەتەکانی پێشتر دەکات.

بەشی دووەمی ئەم دوا کۆپلەیە بە تایبەت لەگەڵ کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەدا، کە دەتوانین ئەویان بە کلیلی کردنەوەی شیعرەکەو ئەمیان بە کلیلی داخستنی ناو ببەین، تەواو بە پێچەوانەوەیە.

لە کۆپلەی یەکەمدا:

زەردە لە ئاوابووندایە، ژیان بەرەو تاریکی و رەشداگەڕان دەچێت.

بەڵام لە دواکۆپلەدا وەك دەنگەکە ئاماژەی بۆ دەکات:

ئاسۆ روونە، رۆژ هەڵدێت، رووناکی بڵاودەبێتەوە !!

***

(1) بڕوانە گۆڤاری نوسەری کورد ژمارە (2) خولی دووەم.

*ئەم نووسینە لە ساڵی 1993دا نوسراوەو یەکەمین هەوڵی من بووە لە بواری رەخنەداو ساڵی 1994 لە رۆژنامەی برایەتی بڵاوکراوەتەوە.

بەڵام دواتر دەسکارییەکی زۆرم کردووەو ئێستا لەگەڵ ئەوی پێشوودا جیاوازییەکی زۆری هەیە.

# هەڵهاتنو ئاوابوونی پیاوێك

## شیعری: ئەرخەوان

ئەو، چەشنی پەڵە هەورێکی کۆچەریی
لەهیچ لایەك ئۆقرە ناگرێ
پیاوێکە لەهەڵهاتنو ئاوابوون
کە دێتەوە...
سەری پڕە لە نیشتمانێکی رەنگاو رەنگ
دەستەکانی تەژی لە تاسەی بیرکردن
دڵی لێوانلێو لە ئومێد
بێدەنگتر لەهەڵهاتنی هیلال دێتەوە
هێمن هێمن بەسەر شۆستەی مانگەشەوا
وەك شنەبا
خۆی ئەکا بەمەجلیسی سنەوبەرەکانا
رەنگی لەرەنگی خاك ئەچێ
چاوەکانی لەدوو گڵۆپی زەردی

سەر دارتەلەکانی چوارباخ
لەژێر بارانی خەمێکی پایزییدا
هێندە نەرم پێ لەسەر خاك دائەنێ
وەك رێگەکە لەنێرگس بێ‌و
ئەو نەیەوێ بیژاکێنێ
ئەو پیاوێکە پایزیی
ساڵ دێ‌و دەڕواو ئەو پایزە
نامە بۆ بەهار ئەنێرێ
زستان وەڵام ئەداتەوە
ناخی وەك هەور پڕە لەنم
بەگریانێ ئەتوێتەوە
کە دێتەوە
سەیری پەنجەرە رووناکەکانی
ئێوارەی سلێمانی ئەکات
وەك پەڕەسێلکەیەك
لەماڵە بچوکەکانی چوارباخا
بۆ هێلانەیەك ئەگەڕێ
نایدۆزێتەوە...
ئەو پیاوێکە لەهەڵهاتن‌و ئاوابوون
بەبێدەنگیی کۆچی ئەستێرەیەك
ئاوا ئەبێ
کە ئەڕواتەوە
سەری لەوەهمی نیشتمانێکی سەرابییا ون ئەبێ
دەستەکانی بەبێوەفایی ئەتەزن
دڵی لەنائومێدیا نقوم ئەبێ
ئەو تەماشای پەەنجەرە تاریکەکانی سلێمانی ئەکات
تروسکە لەڕوحیا نییە
لەسەر سنوور ئاوڕێك لەهیچ ئەداتەوە
خێراتر لەکشانی ئەستێرەیەك
غەمگینتر لەپایز، زامدارتر

لەخاکی نیشتمان
دڵپڕتر لەهەور
بێدەنگتر لەئاوابوونی هیلال
دیسانەوە ئاوا ئەبێو
منیش دیسان بیری ئەکەم

# وتنی هەموو شتەکان لەپێناوی شتێکدا

## خوێندنەوەیەکە بۆ شیعری (هەڵهاتنو ئاوابوونی  پیاوێك)ی ئەرخەوان

لەم شیعرەدا ئێمە بەپیاوێکی سەرگەردان ئاشنا دەبین، کەلەنێوانی نیشتیمانو تاراوگەدا، سەرگەردان بووە. ئەم پیاوە سەرگەردانییەکەی لەوەدایە کە نیشتیمان لە نزیکەوە راوی دەنێتو لەدوورەوە بانگی دەکات. کە دەڕوات وادەزانێت هەڵهاتن لە نیشتیمان تەنها هەڵهاتنە لە خەمو عەزابەکانی، نازانێت هەڵهاتنیشە لەخۆشیو جوانییەکانی. نازانێت هەڵهاتن لە نیشتیمان هەڵهاتنە لە بیرەوەریەکان کە رەنگە لەزۆر باردا تاکە سەروەتی راستەقینەی مرۆڤ بنو دوا شتێك بن بۆ مرۆڤ بمێننەوە. ئەدی ئەوە نییە زۆرێك لەمرۆڤەکان لە کۆتاییدا کە ئاوڕ لە ژیانی خۆیان دەدەنەوە، جگە لەچەند بیرەوەرییەك هیچی دیکەیان بۆ نەماوەتەوە؟ ئەوە نییە رۆژگار جگە لەبیرەوەرییەکان هەموو شتەکانی دی دەهاڕێت؟ لێرەوە جێهێشتنی نیشتیمان، جێهێشتنی دوایین سەروەتی راستەقینەی مرۆڤیشە. ئەمەش تا ئەو کاتەی نیشتیمان جێنەهێڵن، بۆ مرۆڤەکان دەرناکەوێت. ئەوەتا ئەو پیاوەی لە نێو ئەم شیعرەدایە، دوای ئەوەی لە عەزابەکانی نیشتیمان هەڵدێت، تێدەگات کە لە تاکە سەروەتی راستەقینەی خۆی هەڵهاتووە. بۆیە خێرا پەشیمان دەبێتەوەو بەدوای بیرەوەرییەکانییدا دەگەڕێتەوە نیشتیمانو لەچواربادخو لەناو ماڵە بچوکەکانی ئەو گەڕەکەدا بەدووی ماڵێکدا دەگەڕێت، کە دەبێت سەرچاوەی بیرەوەرییەکانی بووبێت. دەگەڕێت بەڵام ماڵەکەی بۆ نادۆزرێتەوە، ئەمەش دووچاری نائومێدیی دەکاتو جارێکی دی بەرەو تاراوگەی دەنێرێتەوە. لێرەوە ژیانی ئەم پیاوە، جگە لەهەڵهاتنو ئاوابوون لەنێوان لەنیشتیمانو تاراوگەدا، شتێکی دیکەی تێدا نامێنێتەوە. نیشتیمان بۆ ئەم پیاوە دەبێت بە ئاگرێك لەدوورەوە شەیدای گڕەکەی خۆی دەکاتو لەنزیکەوە دەیسوتێنێت. ئەم پیاوە کە لەناو نیشتیماندایە جگە لەعەزابەکانی هەست بەهیچ شتێکی دی ناکاتو کەدەشڕوات نیشتیمان یەکپارچە بۆی دەبێت بەچریسکانەوەی

بیرەوەرییەکانو بانگی دەکاتەوە. نیشتیمان بۆ ئەم پیاوە نەفرەتێکە هەرچی دەکات لەدەستی رزگار نابێت. نەدەتوانێت لەگەڵیدا بژیو نەدەشتوانێت بەبێ ئەو بژی. ئەوەتا لەهیچ لایەك ئۆقرە ناگرێت، لەنێوانی نیشتیمانو تاراوگەدا لەهاتنو چوونێکی دڵپڕوکێن دایە. بەدڵێکی روناکەوە دێتەوەو بە دڵێکی تاریکەوە دەڕواتەوە. کەدێتەوە رەنگی خاکی گرتووەو سەری پڕە لە نیشتیمانێکی رەنگاوڕەنگو دڵی لێوانلێوە لە ئومێد. کە دەڕواتەوە سەری لە وەهمی نیشتیمانێکی سەرابیدا ون دەبێتو دەستەکانی بەبێوەفایی دەتەزێنو دڵی لە نائومێدیدا نقوم دەبێتو تروسکە لەروحیدا نامێنێتو ئەوەی کە ئاوڕی لێدەداتەوە هیچە. ئەم پیاوە سەرگەردانەی لەنێو ئەم شیعرەدایە کەدێتەوە سەیری پەنجەرە روناکەکانی سلێمانی دەکاتو کەدەشڕواتەوە سەیری پەنجەرە تاریکەکانی دەکات. دەتوانین بڵێین نە پەنجەرە روناکەکانو نە پەنجەرە تاریکەکانیش، پەنجەرەکانی سلێمانی نین. بەڵکو پەنجەرەکانی ناو دڵی خودی پیاوەکەن. کاتێك دێتەوە تاسەی نیشتیمانو لەناو نیشتیماندا تاسەی سلێمانیو لەناو سلێمانیدا تاسەی چوارباخو لەناو چوارباخدا تاسەی ماڵێکی بچوكو لەناو ماڵە بچوکەکەشدا تاسەی ژنێك، پەنجەرەکانی ناو دڵی روناك دەکەنەوە. کە دەشڕواتەوە نائومێدبوون لەهەموو ئەو شتانە، پەنجەرەکانی ناو دڵی تاریك دەکەنو تروسکە لەروحیدا ناهێڵن.

دەتوانین شیعرەکە بەسەر سێ بەشدا، دابەشبکەین، کەبەشی یەکەمو دووەم، زۆرترین پانتایی شیعرەکە داگیر دەکەنو لەڕووکاردا وەکو دوو بەشی زۆر سەرەکیی خۆیان پیشاندەدەنو بەشی سێیەم کەمترین پانتایی بەردەکەوێتو وەکو بەشێکی لاوەکیی دەبینرێت. کەچی لەراستییدا بەشی یەکەمو دووەم، لەگەڵ ئەوەشدا کە جگە لەدوایین رستە، تەواوی شیعرەکە داگیر دەکەن، لەدوو پێشەکی دوورو درێژ زیاتر بۆ بەشی سێیەم کە تەنها لەیەك رستە پێکدێت، هیچ شتێکی دیکە نین. لەحەقیقەتدا شیعرەکە لەپێناوی ئەو تاکە رستەیەی بەشی سێیەمدا نوسراوە. ئێستا با بەشەکان لەیەکدی جیابکەینەوەو بەتەواوی دەستنیشانیان بکەین، پاشان وردتر لەبارەیانەوە دەدوێین.

بەشی یەکەم، لە سەرەتای شیعرەکەوە دەستپێدەکاتو لەو شوێنەدا کەپیاوەکە سەیری پەنجەرە روناکەکانی سلێمانی دەکات تەواو دەبێت. لەم بەشەدا ئێمە بە حیکایەتی پیاوێك ئاشنا دەبین کە بەدڵێکی روناکەوە پشت لەتاراوگە دەکاتو بەرەو نیشتیمان دێتەوە.

بەشی دووەم، رێك لەدوای سەیرکردنی ئەو پەنجەرە روناکانەوە دەستپێدەکاتو لەو شوێنەدا کە پیاوەکە بێدەنگتر لەئاوابوونی هیلال ئاوادەبێتەوە، کۆتایی پێدێت.

لەم بەشەدا ئێمە لەگەڵ حیکایەتی نائومێدبوونی پیاوێکدا رووبەڕوو دەبینەوە، کەدوای ئەوەی وەك پەرەسێلکە بەدوای ماڵی ژنێکدا دەگەڕێتو نایدۆزێتەوە، توشی نائومێدیی دەبێتو تروسکە لە روحیدا نامێنێت.

بەشی سێیەم، رێك لەدوای ئاوابوونەوەی پیاوەکەوە، بەم رستەیە دەستپێدەکاتو هەر بەم رستەیەش، کەدوا رستەی شیعرەکەیە، تەواو دەبێت: ((منیش دیسان بیری ئەکەم)). لەم بەشەدا ئێمە لەگەڵ حیکایەتی نەگێڕدراوەی ژنێکدا بەرەوڕوو دەبینەوە، کە هەڵهاتنو ئاوابوونی پیاوێك، لە (بیرکردن)ێکەوە دەیخاتە نێو بیرکردنێکی دیکەوەو بەدۆخێکی دەگەیەنێت بەردەوام بیری پیاوەکە بکات.

من ئێستا دەمەوێت بڵێم: وتنی هەموو شتەکان لەپێناوی شتێکدا، ئەو بونیادەیە کە ئەم شیعرەی لەسەر دامەزراوەو جۆرێك لەجیاوازیی پێبەخشیووە. ئەم بونیادە وایکردووە لە تێکڕای شیعرەکەدا، جگە لە دوایین رستە، تەنها پیاوێك بوونی هەبێتو خاوەنی شیعرەکە، کە ژنێکەو لەراستییدا بۆ ئەوە هاتووە موعاناتی خۆی بگێڕێتەوە، نەك موعاناتی پیاوێك، بوونی نەبێت. بەڵێ شیعرەکە شیعری ژنێکەو بۆ ئەوەش هاتووە موعاناتی ئەو ژنەمان بۆ بگێڕێتەوە، کەچی تەنهاو تەنها لە دوایین رستەدا ژنەکە دێتە نێو شیعرەکەوە. جگە لەدوایین رستە، لەهیچ شوێنێکی دیکەی شیعرەکەدا، ژنەکە بەڕاستی ئامادەیی نییە. تەنانەت ئەوەش کە توانیمان بڵێین پیاوەکە لەو ماڵە بچوکەی چوارباخدا بەدوای ئەم ژنەدا دەگەڕێت، هەر بەهۆی ئەم دوایین رستەیەوە بوو. ئەگەر ئەم رستەیە نەبوایە، نەدەمانتوانی بڵێین ئەو پیاوەی نێو شیعرەکە هاتنەوەی بۆ نیشتیمانو گەڕانی بەدوای ماڵێکدا گەڕانە بەدوای ژنێکداو نەدەشمانتوانی بەقوڵی هەستبکەین شیعری ژنێك دەخوێنینەوە. سیحری راستەقینەی ئەم شیعرە لەو دوایین رستەیەی دایە کە تەنها لەچوار وشە پێکهاتووە. چوار وشە، تەواوی شیعرەکە هەڵدەگێڕنەوەو لە شیعرێکەوە کە پاڵەوانەکەی پیاوێکە، دەیکەن بە شیعرێك پاڵەوانەکەی ژنێك بێت. دەتوانین تەواوی شیعرەکە، جگە لەو چوار وشەیە، وەکو گردێك تەماشا بکەین، کە ژنێك لەو دیویەوە خۆی شاردۆتەوەو دواجار بەناو ئەو چوار وشەیەدا دێتە ئەم دیوی گردەکەوەو خۆی ئاشکرا دەکاتو هەموو سەرنجەکان لەسەر پیاوەکە لادەباتو دەیخاتە سەر خۆی. دەشتوانین شیعرەکە وەکو شانۆیەك تەماشا بکەین کە لەسەرەتاوە تاکو دەگەین بەو چوار وشەیە، روناکی لەسەر بەشێکی شانۆکەیەو ئێمە تەنها پیاوێك دەبینین، کەچی لەگەڵ ئەو چوار وشەیەدا، وەك ئەوەی بلاجکتۆرێکی گەورە لەبەشێکی دیکەی شانۆکە درابێت، ئێمە ژنێك دەبینینو پیاوەکەمان لێوندەبێت. ئەم ژنە کە لەرێگای ئەم چوار وشەیەوە دێتە نێو شیعرەکەوە، هەرچی لەبارەی پیاوەکەوە باسکراوە هەڵدەگێڕێتەوەو دەیکات بە بیانوویەك بۆ ئەوەی باسی خۆیمان بۆ بکاتو پێمان بڵێت کە دیسان بیری پیاوەکە دەکات. وشەی (دیسان) دەلالەتە لەوەی کە ژنەکە پێشتریش، یان رەنگە بەردەوام بیری پیاوەکەی کردبێت. بەمشێوەیە ئێمە بە ژنێك ئاشنا دەبین، پیاوێکی خۆشدەوێت کە لەنێوانی نیشتیمانو تاراوگەدا لەهەڵهاتنو ئاوابوون دایەو ئەویش بەردەوام بیری دەکات.

ئێمە پێشتر شیعرەکەمان بەسەر سێ بەشدا دابەشکرد، ئێستا دەتوانین بەشی چوارەمیشی بۆ زیاد بکەین، کە ئەم بەشەیان لەگەڵ تەواوبوونی شیعرەکەدا دەستپێدەکاتو لای هەر خوێنەرە لە شوێنیکدا تەواو دەبێت. لەم بەشەدا کە دەکەوێتە ئەو دیوی شیعرەکەوە، ژنەکە گلەیی لە نیشیمان دەکاتو دەنگدانەوەی گلەییەکەی لای هەر خوێنەرە بەجۆرێك دەکەوێتەوە. من هەستمکرد ژنەکە بە نیشتیمان دەڵێت: تۆ نەتتوانی، یان راستتر، نەیانهێشت هێلانەیەکی ئارام بیتو منو ئەو پیاوە سەرگەردانەی خۆشمدەوێتو لە هەڵهاتنو ئاوابوونی بەردەوامدایە، وەك دوو پەڕەسێلکە لەئامێزی خۆت بگریت. تۆ نەتتوانی، یان راستتر، نەیانهێشت ئۆقرە بەو ببەخشیتو نەهێڵیت سەرگەردانو ئاوارەی وڵاتان بێتو منیش ئەوەندە بیری نەکەم. تۆ نەتتوانی نیشتیمانی ئەو بیتو ئەویش نەیتوانی نیشتیمانی من بێت. تۆ دڵی ئەوت هەڵتەکاندو ئەویش دڵی منی هەڵتەکاند. تۆ ئەوت

پالێپێوەنا لەدەرەوەی تۆ بژیو ئەویش منی خستە دەرەوەی خۆی. ئێستا ئەو ژیانی بووە بەهەڵهاتنو ئاوابوونو ژیانی منیش بووە بەبیرکردنی ئەو.

***

تێبینی: شیعرەکە لە ژمارە (591)ی ڕۆژی 2008/6/26ی ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێدا، بڵاوکراوەتەوە.

# من و خۆم

## شیعری: حەمە کاکەڕەش

کەس وەکو خۆم دڵی منی نەشکاندووە
کەسێك نییە من و خۆم ئاشت کاتەوە.

لەهەموو دنیا خۆشدەبم لەخۆم نەبێت.
کەس شك نابەم منی لەلادانێ
خۆمی شێت کردووە.

لەشەڕی نێوان من و خۆما
هەزاران تەرم کەوتوون، تەرمی خەون و خەیاڵەکانم.

کە من پێدەکەنم خۆم دەگری

که خۆم پێدەکەنێت من دەگریم.
من لەخۆم تێناگەم
خۆم لەمن تێناگات
دەڵێی هەر یەکەمان لەمەملەکەتێکی ترەوە هاتووین.

من لەخۆم هەراسانم، خۆم لەمن هەراسانە
کەچی هەر پێکەوە دەژیین.

چۆن دەبێت؟ من و خۆم پێکەوە بمرین
که هیچ شتێکمان لەیەك ناچێت.

گوناهە من و خۆم بخرێینە یەك گۆڕەوە
من لێرەم و خۆم لەوێیە
خۆم لێرەم و من لەوێم
کەچی بەردەوام پێکەوەین.

من خوێنم وەك ڕووناکی دەدرەوشێتەوە
کەچی خۆم خوێنی پڕە لەتاریکی
من بێبڕواترین پیاوی دنیام.
خۆم دڵی لەدەستی خواوەندایە.
باران وەك منالێك دەگری
من باران دەکەمە کۆڵ
تا بیبەمەوە بۆ ئاسمان
ماڵی من ئاسمانە
خۆم لەسەر زەوی بەجێدەهێڵم
ئەترسم ئاسمانیش پڕبێت لەبێهودەیی.

من خۆم نیم
خۆم من نییە
ئەی کێم؟!

من و خۆم (پێکەوەو) تەنیاین
خۆم و من (تەنیاو) پێکەوەین
من تائێستا خۆم ناناسم
خۆم تائێستا من ناناسێت
تارماییەك لەگەڵمایە
نازانم من (تارماییم) یان خۆم.

من گوناهەکانم دەخەمە ئەستۆی خۆم
خۆم گوناهەکانی دەخاتە ئەستۆی من.

من نهێنییەکان لەخۆم دەشارمەوە
خۆم نهێنییەکان لەمن دەشارێتەوە
من و خۆم پێکەوە نهێنین!
من دەستم پڕە لە رووناکی
خۆم دەستی پڕە لەتاریکیی
دەستەکان پڕن بەکراوەیی.

من دەستم بەڕەنگی پەپوولەکانەوە رۆیی بۆ کەنارەکانی باران
خۆم پەپوولەکانی سپاردە بێڕەنگیی بیابان و بێهەستیی مەرگ
من لەپەنجەرەی سێوەکانەوە
هەموو شتەکانم بازنەیی دەبینی
ئاسمان و سەرزەوی و مردن و ئەشق
خۆم لەباڵی پەپوویەکەوە وەك دڵۆپێ تاریکیی دەچۆڕایەوە ناو باغ
دووریی نێوان من و خۆم نانووسرێتەوە بەسێبەری وشە
وەك دووریی نێوان خۆم و من وایە
من سپی سپی دەچمەوە
خۆم رەش رەش دەچێتەوە
نێوانی سپێتیی من و رەشێتیی خۆم
وەك نێوان رەشێتیی خۆم و سپێتیی من وایە
من لەدەریاکاندا ماسییە بریندارەکانم تیماردەکرد
خۆم لەبیابانەکاندا مارەکانی دەلاواندەوە

دەستم ناگاتە رەنگەکانی ناوەوەی من
لەبەر (بێڕەنگیی) دەرەوەی خۆم
ناهێڵێ گوێم لەدەنگی ناوەوەی من بێ
رژاوە بەسەرما دەنگی دەرەوەی خۆم.

ئەمەوێ گوێ لەهاژەی خەیاڵی ناوەوەی من بگرم
هەراسانی کردووم هاواری هیچی دەرەوەی خۆم.

من لەوێنەکاندا لەنێوانی عەشق و مناڵیدا راوەستاوم
دەستێکم کردۆتە ملی خەیاڵ و
لەگەڵ جوانیدا بزە دەمگرێ.

خۆم لەوێنەکانیدا
لەنێوانی تەنیایی و پەشیمانیدا دەستەکانی شۆڕکردۆتەوە.

من نامەکانی خۆم ناخوێنمەوە
خۆم نامەکانی من ناخوێنێتەوە
کەچی یەکتر بێنامە ناکەین
چاوەڕێی وەڵامی یەکترین.

من دەڕۆم بۆ دەریا تا شەپۆلێك بکەمە گۆڕی خۆم
خۆم دەڕوات بۆ بیابان تا من لەدووریی ئاو بمرم
من و خۆم بیابان و دەریاین پێکەوە.

من شەوم
خۆم رۆژە
بەپێچەوانەی سروشتەوە
ئێمە شەو و رۆژێکین پێکەوە هەڵدێین و ئاوا دەبین.

من نەبووایە چۆن خۆمم دەناسی

خۆم نەبووایە چۆن منم دەناسی
من لەخۆم ناچم
خۆم لەمن ناچێ
بەڵام ئێوە هەردووکمان نابینن.
کە بیر لەخۆم دەکەمەوە
تەواو هەراسان دەبم
کە بیر لەمن دەکەمەوە
خەریکە نەیناسمەوە
هەر کەسە و خۆی لەشتێك دەشارێتەوە
من، من لەخۆی دەشارێتەوە
خۆم، خۆی لەمن دەشارێتەوە.

کە شادومانی دەڕژێتە دڵی منەوە
خۆم لەغەمناکیدا ون دەبێت،
من چیرۆکەکانم بۆ خۆم ناگێڕمەوە
خۆم چیرۆکەکانی بۆ من ناگێڕێتەوە
من و خۆم دوو چیرۆك و یەك بەسەرهاتین
خۆم و من یەك بەسەرهات و دوو چیرۆکین
من ئاوێنەکانم (شکاند) (تا خۆم) نەبینم
خۆم ئاوێنەکانی (شکاند) تا من نەبینێت.

ڕەنگەکانی من ناچنەوە (سەر خۆم)
ڕەنگەکانی خۆم ناچنەوە سەر من
من و خۆم بێڕەنگین و هەزار ڕەنگی نائومێدیمان لێ دەڕژێ.

من جوانییەکانم رادەوەشاند تا بدرەوشێتەوە
خۆم خۆڵی گۆڕی منداڵەکانی دەکردە چاوی جوانییەکانەوە.

سەردەمی درەوشانەوەی من
خۆم بەتەم داپۆشی.

نانووسرێتەوە نزیکیی و دووریی نێوان من و خۆم
ئەمە نووسینەوەی نائومێدییە.

پێکهاتەی من خەیاڵ و فڕین و رامانە
پێکهاتەی خۆم کوشتنی خەیاڵ و فڕین و ڕامانە
من و خۆم کوشتن لەنێوانماندا راوەستاوە
نەك ژیان.

من لەهەموو شتێك دوور دەکەومەوە لەخۆم نەبێت
خۆم لەهەموو شتێك دوور دەکەوێتەوە لەمن نەبێت
من و خۆم پێکەوەین
هەمووشتێکمان لەیەك دوورکەوتۆتەوە

خۆم ئەیەوێت منی (بیر بچێتەوە)
من ئەمەوێت خۆم
کەچی خۆم بیرکردنەوەی منی داگیرکردووە
من بیرکردنەوەی خۆمم داگیرکردووە.

من غەمەکانم دەشۆمەوە
خۆم ئاگر لەشادییەکانم بەردەدات
من و خۆم ئاو و ئاگرێکی تێکەڵین

خۆم منی پڕکردووە لەبۆنی هەراسانی
ناتوانم بۆنی گوڵەکان بکەم.

کەناری بێدەنگی من پڕە لەشوێنپێی خەیاڵ
خەیاڵی وەك یادگار (بە جیٚ ماوە)
خۆم خەیاڵی منی کوشت
خۆم دەنگێکە وەك مردوو

مردوویەك ژیانی داگیرکردووم.

من لەتینوێتیدا دەمرم
خۆم گیرفانەکانی پڕە لەئاو...
ئاو من دەچمەوە سەر رەنگەکانی تۆ
من دەچمەوە سەر درەوشانەوەی تۆ
من (ببە)
با لەخۆم دوورکەومەوە
ئاو خۆم دەچێتەوە سەر رەنگەکانی مردن
خۆم دەچێتەوە سەر تێکدانی یارییەکانی منداڵی
خۆم دەچێتەوە سەر (بێهەستیی) بیابانەکانی تەنیایی
خۆم بڕوای (بە نەرموشلیی ئاو نییە)
خۆم ناهێڵێ ئاو بە پەنجەکانی باخچەکان بژمێرێت
خۆم ناهێڵێ ئاو تۆزی سەر لێوەکان بژێنێتەوە
ئاو من
من دەچمەوە سەر تۆ
من لەدڵۆپەکانی تۆیا دەتوانم هێلانە (دروست کەم)
من لەدڵۆپەکانی تۆیا جێگام دەبێتەوە
خۆم بیر لەدەربەدەرکردنی ئاو دەکاتەوە بۆ بیابان
ئاو من ببە من.

من و خۆم بۆ یەکتر دەگەڕێین.
پێکەوە.

ئاو من و خۆم شەڕمانە
کەس هەست بەم شەڕە ناکات
کەس (شەڕگەو) (کوژراو و) پێکراوی ئەم شەڕە نابینێ
ناوی دەنێم: شەڕی کپ(") شەڕی من و خۆم ..........
ئاو من ببە من
ئەمەوێت سەفەرکەم بۆ شارێك شوێنێك
دوور دوور کە خۆمی لێنەبێت.

زۆر کەس هەن شارەزای

زۆر شارو وڵاتن

کەچی من هێشتاکە شارەزای خۆم نیم. چی دەوێت.

خۆم دەبینم

ئا دەیبینم هەر بۆئەوەی پەستمکات

هەر بۆئەوەی هەراسان بم

بەناوی منەوە قسەدەکات

دەگری، پێدەکەنێت، کوفر دەکات

بەناوی منەوە دەڵێت: دڵم پڕە لەنووری خواوەند

دەڵێت: لەخەونمدا خودام بینی خەریك بوو

قاچی شکاوی چۆلەکەیەکی دەگرتەوە

بەناوی منەوە دەلێت: ئەمشەو تا دەمەو بەیان مەستبووم مەست.

# کاتیٚ مرۆڤ لە هەموو دنیا خۆش دەبێت

# لەخۆی نەبێت!

ئەحلام موستەغانمی لە ڕۆمانی (یادەوریی جەستە)دا دەڵێت: ((نیگارکێشێکی هاوچەرخی ژاپۆنیی، چەند ساڵێك جگە لە وێنەی گژوگیا، وێنەی هیچ شتێکی دیکەی نەدەکێشا، کە لێیان پرسی بۆچی هەمیشە هەر گژوگیا؟ وتی: کاتێك وێنەی گژوگیام کێشا لە کێڵگە تێگەیشتم، کاتێکیش لە کێڵگە تێگەیشتم درکم بە نهێنیی دنیا کرد.

ئەو نیگارکێشە ڕاستدەکات، هەر مرۆڤە کلیلێکی هەیە بۆ کردنەوەی دنیای دەرەوەو دنیای ناوەوەی خۆی.

هەمەنگوای کاتێك لە دەریا تێگەیشت لە دنیاش تێگەیشت، ئەلبێرتۆ مۆراڤیا لە ڕێگای تێگەیشتن لە ئارەزووەو حەلاج لە ڕێگای تێگەیشتن لە خوداوەو هنری میلەر لە ڕێگای تێگەیشتن لە سێکسەوەو بۆدلێر لە ڕێگای تێگەیشتن لە نەفرەتو گوناهەوە، لە دنیا تێگەیشتن)).

حەمە کاکەڕەشیش لە قەسیدەی (منو خۆم)دا هەوڵیداوە لە ڕێگای تێگەیشتن لە خۆیو کێشە قوڵەکانی ناوەوەی خۆیەوە لە دنیاو لە کێشە قوڵەکانی دنیا تێبگات. هەوڵیداوە لە ڕێگای گەڕانەوەوە بۆ لای خۆی، بۆ لای دنیا بگەڕێتەوە. بە بڕوای من شاعیر تەنها نەیویستووە لە ڕێگای ئەم شیعرەوە وەکو سوکرات بڵێت: ((ئەی

مرۆڤ خۆت بناسه))، بەڵكو ویستویەتی بشڵێت: ئەی مرۆڤ ئاگات له خۆت بێت، چیدی فریووی ئەو تەفرەیە نەخۆی كه تیایدا واتدەزانی ئاشتبوونەوەت لەگەڵ دنیاو لەگەڵ خەڵك، به ئاشتیو ئارامییت دەگەیەنێت لەگەڵ خۆتدا.

هەولێداوه بشڵێت: ئەی مرۆڤ پێویسته ئەو هاوكێشەیه پێچەوانه بكەیتەوەو هەوڵبدەیت له ڕێگای ئاشتبوونەوەوە لەگەڵ خۆت، به ئاشتیو ئارامیی بگەیت لەگەڵ دنیادا.

شاعیر لەم شیعرەدا دەستی خستۆته سەر یەكێك له قوڵترین كێشەكانی مرۆڤ، كه كێشەی گیرۆدەبوونیەتی بەدەستی خۆیەوە:

كەس وەكو خۆم دڵی منی نەشكاندووه

هەولێداوه لەسەر كێشەیەك رابوەستێت كه زۆر بەتوندی به چارەنوسیی مرۆڤەوه گرێدراوه، مەبەستم كێشەی نەبوونی توانای ئاشتبوونەوەی مرۆڤه لەگەڵ خۆیدا، كێشەی دەستەوەستانی مرۆڤ له پێكهاتنەوه لەگەڵ خۆیدا:

له هەموو دنیا خۆش دەبم له خۆم نەبێت

بێگومان ئەم دەستەواژەیه ئیمكانی پێچەوانەكردنەوەشی هەیه، دەتوانین وای بخوێنینەوه  كه شاعیر دەیەوێت بڵێت:

هەموو دنیا لێم خۆشدەبێت، خۆم نەبێت

ئەمەش دەكرێت وەكو پەیامێكی ناڕاستەوخۆ بۆ گەڕان بەدوای لێبووردەییو پێكەوه ژیانو پێكەوەهەڵكردنێكی دیكه بخوێنرێتەوه، مەبەستم لێبوردەییو پێكەوەژیانو پێكەوەهەڵكردنی مرۆڤه لەگەڵ خۆیدا.

دەتوانرێت وەكو هاوارێك تەماشا بكرێت كه تیایدا مرۆڤ لەبری ئەوەی، وەكو ڤۆڵتێر، به خەڵك بڵێت: ((مەرج نییه من لەگەڵ بیروڕای تۆدا كۆك بم، بەڵام ئامادەم خۆم به كوشت بدەم له پێناوی ئەوەی تۆ بتوانی به ئازادی بیروڕای خۆت دەربڕیت))، وا بەخۆی دەڵێت، لەبری لێبوردەیی لەگەڵ خەڵك، بیر له لێبوردەیی لەگەڵ خۆی دەكاتەوه.

به مانایەكی دی، دەتوانین ئەم شیعره وەكو رەخنەكردنێكی قوڵ، بەڵام پەنهان، بۆ ڤۆڵتێرو وتەزاكەیو بۆ هەموو ئەو رۆشنگەرو روناكبیرانه تەماشا بكەین كه بیریان له لێبوردەییو پێكەوەژیانی مرۆڤ لەگەڵ خەڵك كردۆتەوەو لێبوردەیی مرۆڤیان لەگەڵ خۆی لەبیركردووه. كێشەی مرۆڤیان لەگەڵ خەڵكدا خستۆته ناو كارو خەونو خەیاڵەكانی خۆیانەوەو كێشەی مرۆڤیان لەگەڵ خۆی، به هەند وەرنەگرتووه.

ئەم شیعره هاتووه بەو كەسانه بڵێت: ئێوه له پێناوی راگرتن، یان راستتر، كەمكردنەوەی شەڕەكانی مرۆڤ لەگەڵ یەكدیدا، پەیامی روونو ئاشكراتان هەبووه، وەڵێ ئەوەتان لەبیركردووه كه مرۆڤ تاكو شەڕەكانی لەگەڵ خۆی رانەگرێت، یان راستتر، كەمیان نەكاتەوه، ناتوانێت شەڕەكانی لەگەڵ دنیاو لەگەڵ خەڵك رابگرێت، یان كەمیان بكاتەوه. ئەوەتا شەڕی شكاندنی ئاوێنەكان تا ئەمڕۆش نەك هەر بەردەوامه، بگره شەڕێكی گەرمیشه:

من ئاوێنەكانم شكاند تا خۆم نەبینم

خۆم ئاوێنەكانی شكاند تا من نەبینێت

ئەم شەڕەش، کە تیایدا لە ڕێگای شکاندنی ئاوێنەکانەوە ئارەزوویەکی قوڵی مرۆڤ بۆ نەبینینی خۆی دەردەکەوێت، دواجار کارێك دەکات لە نێوانی مرۆڤو خۆیدا کوشتن شوێنی ژیان بگرێتەوە:

منو خۆم کوشتن لە نێوانماندا راوەستاوە

نەك ژیان.

شاعیر بەمشێوە پەنهانو ناڕاستەوخۆیە پێماندەڵێت: ئاشتبوونەوە لەگەڵ خەڵك گرنگە، وەلێ ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆمان گرنگترە. پێکەوەهەڵکردن لەگەڵ خەڵك بڕیارێکی چارەنوسسازو ژیانییە، بەڵام پێکەوەهەڵکردن لەگەڵ خۆمان بڕیارێکی لەو چارەنوسسازترو ژیانییترە. ئەمەش وتەیەکی (غادە ئەلسەمان)م بیردێنێتەوە کە دەڵێت: ((مرۆڤ چووە سەر مانگ بەڵام نەیتوانی بچێتەوە لای خۆی)). لێرەوە لەبری خەوبینین بە فریادڕەسێکەوە کە لەگەڵ دنیادا ئاشتمان بکاتەوە، خەوبینین بە فریادڕەسێکەوە سەرهەڵدەدات کە لەگەڵ خۆماندا ئاشتمان دەکاتەوە:

کەسێك نیە منو خۆم ئاشتبکاتەوە

ئەمەش دیسان بەشێوەیەکی پەنهانو ناڕاستەوخۆ گلەییە لە ڤۆڵتێرو هەموو ئەو رۆشنگەرو روناکبیرانەی کە بیریان لەوە کردۆتەوە مرۆڤ لەگەڵ خەڵکدا ئاشتبکەنەوە، بەڵام بیریان لەوە نەکردۆتەوە لەگەڵ خۆیدا ئاشتیبکەنەوە. ئەو کەسانەی ئەو تەرمانەیان بینیووە کە لە شەڕی نێوان مرۆڤەکاندا کەوتوون، بەڵام نەیانتوانیووە ئەو تەرمانە ببینن کە لەشەڕی نێوان مرۆڤو خۆیدا دەکەون؟!

بەمشێوەیە شاعیر هەوڵیداوە پێمانبڵێت: نائومێدییو بێهودەیی مرۆڤ تا ئەو رۆژەی کە دەتوانێت لە هەموو دنیا خۆش بێت لە خۆی نەبێت، هەر درێژە دەکێشێت.

ئەم نائومێدییو بێهودەییەش لە دوو ئاستدا مرۆڤ بەرەو سەرگەردانیی گەورەو بەرەو تیاچوون دەبەن، لە ئاستی یەکەمدا خەونی گەیشتنی مرۆڤ بە ئاسودەییو بە ژیانێکی هێمنو ئارام کوێر دەکەنو دەیخەنە دۆخێکەوە نەك هیچ هیوایەك لەسەر زەوی نابینێت، گومان لە ئاسمانیش دەکات:

ئەترسم ئاسمانیش پڕبێت لە بێهودەیی

لە ئاستی دووەمیشدا مرۆڤ لەگەڵ مەرگی خۆیدا رووبەروو دەکەنەوە:

من دەڕۆم بۆ دەریا تا شەپۆلێك بکەمە گۆڕی خۆم

خۆم دەڕوات بۆ بیابان تا من لەدووری ئاو بمرم

دەتوانین کورتو پوخت بڵێین: ئەم شیعرە هاوارێکی قوڵو راچڵەکێنەرە کە مرۆڤ لە کێشەیەکی جەوهەرییو گەورەو ترسناك ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش مەسەلەی ئەو روانینەیە کە کێشەی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکدا دەبینێتو کێشەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا فەرامۆش دەکات. ئەم شیعرە هاتووە پێمان بڵێت: ئێستا ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێینەوە لای خۆمانو لەبری ئەوەی بەتەمابین لە ڕێگای ئاشتبوونەوەمان لەگەڵ خەڵكو دنیادا، لەگەڵ خۆمان ئاشتبینەوە، هەوڵبدەین هاوکێشەکە پێچەوانە بکەینەوەو لەڕێگای ئاشتبوونەوەمان لەگەڵ خۆمان، لەگەڵ خەڵكو دنیادا ئاشتبینەوە!

لە رووی تەکنیکی شیعرییشەوە ئەم دەقە توانیویەتی دەقێکی جوانو تێرو جیاوازو پڕ لە وردەکاریی هونەریی بێت.

زمانی ئەم دەقە لەو زمانە شیعرییانەیە کە زیاتر کار لەسەر شتە دژبەیەکەکان دەکەنو هەوڵدەدەن ((ئاوو ئاگرێکی تێکەڵ)) بەرهەم بهێنن‌و دۆخێکی فەنتازیی وا بخوڵقێنن کە هەبوونی لەدەرەوەی زماندا، جۆرێك بێت لە مەحاڵ. ئەگەر بڕوا بەو بۆچوونەی ئەدۆنیس بهێنین کە دەڵێت: ((شیعر هەوڵدانە بۆ وتنی شتگەلێك لە ڕێی میتافۆرو هێماوە، کە خۆیان لەراستییدا ناوترێن))، ئەوا حەمە کاکەڕەش لەم دەقەدا لە ڕێی زمانێکەوە کە دەتوانین بە زمانی کۆکەرەوەی میتافۆرو هێما دژبەیەکەکانی ناو ببەین، ئەو هەوڵەی داوەو ویستویەتی لەو شتانە نزیکبێتەوە کە ناوترێن. بە مانایەکی دی، دەتوانین بڵێین تەقاندنەوەی زمان لەم دەقەدا لەڕێی بەیەکگەیاندنی میتافۆرو هێما دژبەیەکەکانەوە، ئەنجامدراوە.

لە نێو زمانی ئەم دەقەدا ئێمە رووبەرووی شتگەلێك دەبینەوە کە بە رادەیەك لەیەك جیاوازن، ناکرێت پێکەوە بمرن، ناکرێت پێکەوە بخرێنە یەك گۆڕەوە:

چۆن دەبێت منو خۆم پێکەوە بمرین

کە هیچ شتێکمان لەیەك ناچێت؟

گوناهە منو خۆم پێکەوە بخرێینە یەك گۆڕەوە.

لە نێو ئەم زمانە شیعرییەدا بوونەوەرگەلێك دەبینین کە بەردەوام چاوەڕوانی وەڵامی یەکدی دەکەن‌و هەرگیز یەکدی بێ نامە ناکەن‌و کەچی نامەی یەکدییش ناخوێننەوە !

من نامەکانی خۆم ناخوێنێتەوە

خۆم نامەکانی من ناخوێنێتەوە

کەچی یەکتر بێنامە ناکەین

چاوەڕێی وەڵامی یەکترین

بە بوونەوەرگەلێك ئاشنا دەبین کە هەمیشە پێکەوەن، کەچی هەموو شتێکیان لەیەك دوورکەوتۆتەوە:

منو خۆم پێکەوەین‌و

هەموو شتێکمان لەیەك دوورکەوتۆتەوە.

لەنێو ئەم زمانە شیعرییەدا مرۆڤ دەتوانێت ((بۆنی هەراسانی)) بکاتو ((شوێن پێی خەیاڵ)) ببینێتو چاوی بە ((پەنجەی ئاو)) بکەوێتو ((هێلانەی نێو دڵۆپە ئاو)) بناسێتو بیر لە ((کەنارەکانی باران)) بکاتەوەو خەیاڵی بەلای ((دڵۆپی تاریکی))دا بچێتو بەناو شەڕێکدا تێبپەڕێت کە دەتوانێت بە ((شەڕی کپ))ی ناو ببات، شەڕێك کە ((کەس شەڕگەو کوژراوو پێکراوەکانی نابینێت)).

ئیقاع لەم شیعرەدا ئیقاعێکی نائارامو شپرزەو تێکشکاوە، ئیقاعێکە کە هەرگیز لەسەر یەك هێڵ ناڕواتو ناتوانێت رەوتی خۆی کۆنترۆڵ بکات، ئیقاعێکە هێدی هێدی لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکەدا وێنای (پیاوێکی شکاو)* لای خوێنەر دروستدەکات کە لەپشتی ئەم شیعرەوەیە، یان راستتر لەناو ئەم شیعرەدایە، پیاوێك کە

بەدەستی خۆیەوە گیری خواردووەو هەست بەو پەڕی نائومێدییو سەرگەردانی دەکاتو نازانێت چۆن چۆنی لەدەستی خۆی رزگار بێت. ئەم ئیقاعە لە دروستکردنی هارمۆنیای گشتیی شیعرەکەدا، کە شیعرێکە دەکرێت وەکو مانیفێستی بێهودەیی بۆی بڕوانین، رۆڵێکی گەورەی بینیووەو ئەوەندەی دی شیعرەکەی جوان کردووە.

وێنەی شیعریی یەکێکی دی لەو پایە بنەڕەتیانەی شیعرە کە لەم دەقەدا ئیشێکی زۆری تێدا کراوەو لە گەیاندنی دەقەکەدا بە ئاستێکی باڵا، رۆڵێکی دیارو کاریگەری هەبووە. ئەم شیعرە نەهاتووە بۆ ئەوەی چەند رستەو دەستەواژەیەکی پڕ دەلالەتمان لەسەر کێشە قوڵەکانی ناوەوەی مرۆڤ بخاتە بەردەستو سەرنجمان بۆ ئەو کێشانە رابکێشێتو لەسەریانمان رابگرێتو تەواو. بەڵکو هاتووە بۆئەوەی ئەو کێشەیەمان لە کێشەیەکی ئاساییەوە بۆ بکات بە کێشەیەکی شیعریی، لە کێشەیەکەوە کە لەناو واقیعدایە بیکات بە کێشەیەك لەناو زماندا، لە کێشەیەکی رووتەوە بیکات بە کێشەیەکی فەنتازیی. بۆ ئەمەش جگە لەو فرەدیویو فرەرەهەندیو فرەدەلالەتیەی لەناو رستەو دەستەواژە شیعرییەکاندا دەیانبینین، جگە لەو زمانە شعرییەی وتمان کار لەسەر جەمسەرە دژبەیەکەکان دەکاتو ئاوو ئاگرێکی تێکەڵ دەخولقێنێت، جگە لەو ئیقاعە تێکشکاوەی کە وەك ئاماژەمان بۆ کرد لە وێناکردنی پیاوێکی شکاودا یارمەتی زۆرمان دەداتو هارمۆنیای گشتیی شیعرەکە دەباتە ئاستێکی بەرزترەوە، جگە لە هەموو ئەوانە، کۆمەڵێك وێنەی شیعریی پڕ لە خەیاڵی شاعیرانەشی پێشکەش کردووین، کە بێگومان بایەخی گەورەیان لەناو دەقەکەدا هەیە. لەو وێنە شیعرییانەدا مرۆڤێك دەبینین کە ((خوێنی وەك روناکی دەدرەوشێتەوە))و ((باران دەکاتە کۆڵو دەیباتەوە بۆ ئاسمان))و ((دەستەکانی پڕن بە کراوەیی))و ((لە وێنەکاندا لە نێوانی عەشقو مناڵیدا راوەستاوەو دەستێکی کردۆتە ملی خەیاڵو لەگەڵ جوانیدا بزە دەیگرێ))و ((لە نێوانی تەنیاییو پەشیمانییدا دەستەکانی شۆڕ بۆتەوە))و لەگەڵ ئەوەدا کە بێڕەنگیشە، کەچی ((هەزار رەنگی نائومێدی لێدەڕژێ))و و و و و و و و و و.....

*پیاوێکی شکاو، ناوی یەکێك لە دیوانە شیعرییەکانی شاعیرەو منیش وەکو ئاماژەکردنێکی بە مەبەست بەکارم هێناوە.

## خوێندنەوەی دیوان:

# یاسەمینەکانی مردن، یان یاسەمینەکانی شیعر

## خوێندنەوەیەکە بۆ نامیلکەی یاسەمینەکانی مردنی ماردین ئیبراهیم

د.خلیل الموسی – دەڵێت:

((ئەدۆنیس لە قۆناغی یەکەمی نووسیندا، نەك شاعیرێکی ئاسایی بەڵکو لەوەش بچووك تربوو))(1)

شاعیر هەن دوای سالآنێکی زۆر لە نووسینو بلآوکردنەوە، ئینجا وەك شاعیرێکی باش دەناسرێن.

شاعیریش هەن لە یەکەمین قۆناغی دەستپێکردنیانەوە، وەکو شاعیری باش دەردەکەون.

ماردین ئیبراهیم، لە ڕێگای (یاسەمینە کانی مردن)ەوە، کە یەکەمین بەرهەمی چاپکراوێتی و (3) قەسیدەی لەخۆ گرتووە، وەك شاعیرێکی باش و ئومێد بەخش هاتۆتە نێو جیهانی شیعرەوە.

هیوادارم ماردین لەو شاعیرانە نەبێت کە (زوو دێن و زۆر نامێننەوە). بەڵکو بە هەمان گەرمو گوڕیو عەشقەوە پەرە بە شیعرە جوانەکانی بداتو تادێت بەرەو ئاسۆی فراوانتریان ببات.

خوێنەر دوای خوێندنەوەی یاسەمینە کانی مردن هەستدەکات لە مێرگێك گوڵو وەنەوشەدا ڕاکشاوە، هەستدەکات لە حەوزێك گولآودا مەلەی کردووە، بیری دەکەوێتەوە کە لێشاوی شیعرە بێگیانەکان لەبەرئەوە نییە، زەمەنی شیعر بەسەرچووبێت، وەك هەندێك وایبۆدەچن، یان ڕاستتر دەیانەوێت وای پیشانبدەن.

بەڵکو لەبەرئەوەیە خەڵکێك شیعریان سەرقاڵو ماندووکردووە کە شاعیر نین..! بەلای منەوە ئۆباڵی ئەو هەموو شیعرە بێگیانانە، بەر لەهەموو کەسێك لە ئەستۆی هەندێ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندایە.

چونکە دەبێت بزانن کە ئیشی ئەوان تەنها ریزکردنو تۆرەدانان نییە بۆ ئەو شتە سەیرو سەمەرانەی بەناوی شیعری داماوەو بەدەستیاندەگات، بەڵکو ئیشی ئەوان دۆزینەوەو بلآوکردنەوەی شیعرو دڕاندنی ناشیعرە کانە.[2]

کورد وتویەتی: ((هەمیشە جامی بەتاڵ دەنگی لە جامی پڕ زۆرتر دێت)).

زۆرێك لە خاوەنی ئەو شیعرە بێگیانانە، ئیدیعای گەورە گەورە دەکەنو شیعری بچووك بچووك دەنووسن.

جامی بەتاڵن و زەڕیان لێوەدێت.

وەلێ ماردین دەزانێت کە شیعر قسەو دەنگو ڕەنگو تەنانەت وجودی شاعیرە، لەبەرئەوە قسەناکاتو شیعر دەنووسێت.

دەزانێت (سەعدی شیرازی ) لەخۆیەوە نەیوتووە:

((میسك ئەوەیە خۆی بۆنی بێت، نەك عەتار هاواری بۆ بکات ))[3]

* * * * *

ماردین لەبەرئەوەی

خۆی

بە گریانی ئەو دەسکە نێرگسانە بەخەبەردێت

کە لە پەرداخەکاندا دیلن...

لەبەرئەوەی:

منالآنی ولآتەکەی

بە مارشی خەمباری سەربازەکان و

گوندەکانی ولآتەکەی

بەناڵەی بریندارەکان هەڵدەستن و بێداردەبنەوە..

لە دڵخۆشی هەنار سەری سوورڕدەمێنیٚ..!

لێرەوە دەشێت یەکێك لە سیما دیارەکانی شیعری ماردین دەستنیشانبکەین، کە خەمێکی قووڵەو لە هەرسیٚ قەسیدەکەیدا، ئامادەیی هەیە.

خەمێکی قووڵ کە راستگۆیانە تەعبیری لێکراوە و بەشێکی گەورە لە جیهانبینی شاعیر پێکدەهێنێت.

ئەوەتا:

لە وەڕینی سەگەکانەوە تێدەگات

کە گوندەکان ئاسوودەیی نابینن...

بەزەیی بە نەزیفبوونی کانیدا، دێتەوە و

خەم بۆ ئەو کۆلآنانە دەخوات

کە تەم وەك سوارێکی ناشی سواری ملیان دەبێت. .

گەرمیان و کوێستانی پەڕەسێلکەکان،

بە هەوڵدانێکی بێهوودەی تر بۆ بەختیاری

لێکدەداتەوە.

لای ئەو:

ژیان هێشووەترێیەکە لەبەردەم زەردەواڵەکانی عەدەمدا..

لای ئەو:

ژیان ژوورێکی ئینفیرادییە لە مەنفاکانی گەردووندا...

بە کورتی، دەکرێت لە ڕێگای دەستپێك و کۆتایی شیعرەکانەوە تاڕادەیەکی باش لە خەمە قووڵەکەی ماردین تێبگەین.

با تەماشابکەین:

*شیعری (تاعوون)

بە خوێنی کۆترەکان

دەستپێدەکاتو بەم رستەیە کۆتایی پێدێت:

وەیش ..ئەم هاوارە چەن لە مردنی ئەسپەکان دەچێت.

*شیعری (یاسەمینەکانی مردن)

بە هێرشی مردن

دەستپێدەکاتو بەمجۆرە کۆتایی پێدێت:

ئۆف ..مردن هەمیشە لە پەنجەرەکانەوە دێت.

*شیعری (ماریانا)

به سەڵی شکاو

دەستپێدەکاتو بە

نائومێدبوون لە گەیشتین بە هەرەمی مەرقەدەکان

کۆتایی پێدێت.

بە وردبوونەوەیەکی خێرا لەم دەستپێكو کۆتاییانە، بەتایبەتی وشەکانی (وەیش) و (ئۆف) تێدەگەین کە ماردین چ ناڵەیەکی لەدڵدایەو لە نێو جیهانبینیی ئەودا چ خەمێکی قووڵ شتەکان رەنگرێژدەکات..!!

* * * * *

راستە ئەم شیعرانە تارمایی خەڵکی دیکەیان تێدا دەبینرێتو هێشتا سیمای خۆیان بە تەواوی روون نییە، بەلاّم ئەدۆنیس وتەنی:((ئەوەی هەناسەبدات دەشکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە)).[4].

تەنانەت لە (تەورات) دا، دەستەواژەیەکی سەیر هەیە، دەڵێت:

((هیچ شتێك لەژێر ئەم ئاسمانە کۆنەدا، تازە نییە)).[5]

رەنگە مەسەلەکە بەو رەهاییە نەبێت کە تەورات باسیدەکات، بەلاّم تاڕادەیەکی زۆر راستە.

د. خلیل الموسی–ش دەڵێت:

((دەبێت خوێنەر ئەوە بیری خۆی بهێنێتەوە کە دەقی ئەدەبی لە کۆمەڵە دەقێکی دی پێکهاتووە کە دەشێت پێش یان هاوزەمانی خۆی بنو خاوەن دەق لە بیرەوەری خۆیدا خەزنی کردبن، تا دەقەکەی لە چەند دەقێکی نادیار– غایب –دروستبکات، دەقی نادیار دەقئاوێزان – التناص.)).[6]

من پێموایە خاڵی گرنگ لەم رووەوە ئەوەیە شاعیر یان خاوەن دەق، تاچەند دەتوانێت ئەو دەقە نادیارانە، لەنێو دەقەکەی خۆیدا بتوێنێتەوە.

دەبێت جیاوازی لەنێوان ئەو دوو خاوەن دەقەدا بکرێت کە یەکەمیان دەنگی خۆی لەناو دەنگی خەڵکانی دیکەدا وندەکات و دووەمیان دەنگی خەڵکانی دی لەناو دەنگی خۆیدا وندەکات.

دەشێت لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازیانەشدا کە لەنێوان هونەرو ئەدەبدا هەن، کامکارەکان بە نمونە بهێنینەوە. کامکارەکان کە گۆرانییەکی فۆلکلۆری دەڵێنەوە، هەر هەمان گۆرانییە فۆلکلۆریەکەیە، بەلاّم لەتێکڕای جوڵە و دەنگو ئیقاع و لەرەکانیدا کامکارەکان دەبینیت.

با بگەڕێینەوە لای ماردین...

*من دوای خوێندنەوەی ئەم کۆپلەیە، کە لەگەڵ یەزدان دەدوێت:

ئێمە لەتەنیایی کوشندەی تۆ تێناگەین

بۆ کاڵبوونەوەی تەنیایی خۆت ئێمەت خولقاند.

شیعرێکی خەیامم بیر دەکەوێتەوە، کە دەڵێت:

گەردوون وەکو منداڵە لەبەر بێکاریی

خستینیە دەرێ وەك مت و مور بۆ یاریی

تاوێکی لەبەر دەستی ئەوا دێن و دەچین
دەخرێینەوە سندووقی نەمان یەکجاریی[7]
*دوای خوێندنەوەی ئەم کۆپلەیە:
تێتاگەین کە سەفەرو چرکەچرکی میلەکانی کاتژمێری مەرگ وەك یەکن.
ئەو وتەیەی سامۆئیل بیکیتم، بیردەکەوێتەوە، کە دەڵێت:

الرحیل انتحار ..[8]
واتە کۆچکردن یان سەفەرکردن خۆکوشتنە.
*هەروەها دوای خوێندنەوەی ئەم کۆپلەیە:
ماریانا خەتای ئادەم بوو ئادەم
بۆخواردنی سێوێك،
فڕکردنی پەرداخێك لەزەت لەمەرکانەکانی حەوادا
ئێمەی لە فیردەوسەوە ئاوارەی عەدەن کرد...
شیعرێکی حافزی شیرازیم، بیردەکەوێتەوە، کە دەڵێت:
من ملك بودم و فردوس برین جایام بود
ادم اورد درین دیر خراپ ابادم [9]
واتە من فریشتە بووم و بەهەشتی بەرین جێگەم بوو
ئادەم هێنامی و ئەم وێرانەیەی پێئاوەدان کردمەوە
دەشێت لە نێو شیعرەکانی ماردیندا بۆنی هەندێك خەیاڵی مەحوىو بەختیار عەلىو خەڵکی دیکەش بکەین، ئەمەش کارێکی ئاساییە، چونکە:
*یەکەم:
شاعیرە گەورەکانی جیهانیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شاعیرانی دیکەوە و سوودیان لێبینیوون، نەك شاعیرێکی گەنجی وەکو ماردین.
بۆدلێر کە بە باوکی شیعری نوێخوازی ئەوروپی ناسراوە، تاڕادەیەکی زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شاعیری ئەمەریکی ئەدگار ئالان پۆوە.[10]
وەك ئەدمۆن ولسن–یش دەڵێت: ئەلیۆت لەوێرانە خاکدا لانیکەم (35) جار سوودی لە نووسەران و شاعیرانی دیکە بینیووە.[11]
لە شیعرەکانی سوهراب و ئەدۆنیس–یشدا هەست بە کاریگەری باشۆ–ی شاعیری ژاپۆن دەکرێت.[12]
*دووەم: ماردین تاڕادەیەك، کە کەم نییە، توانیویەتی ئەو شتانە تێکەڵ بەجیهانبینی خۆی بکاتو کارێکی وابکات دەنگی خۆی لە نێو ئەو دەنگانەدا ون نەکات.

تەنانەت تەوزیفکردنی بەیتێکی  فۆلکلۆری لە شیعری تاعووندا، بەلای منەوە یەکێك بوو لە وێنە شیعرییە زۆر جوانەکانی ناملیکەکەی.

بەیتە فۆلکلۆریەکە دەڵێت:

پاوانەکانی دەزرنگێتەوە

قافڵە لە عەجەم دەگێڕێتەوە.

ماردین-یش بەمجۆرەی تەوزیفکردووە:

کە پاوانەکانی بەختی ئێمە دەزرنگایەوە

چۆن توانیت لە ئاست خەمساردی قافڵە چیەکان بێدەنگ بیت؟

پاوانەکانی بەختی ئێمە دەزرنگێتەوە و

قافڵەکانی رێگەی عەجەم گاڵتەیان بە برینەکانمان دێت.

لێرەدا توانای شاعیرانەی ماردین بە شێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوێت.

لە بەیتە فۆلکلۆریەکەدا روانینێك و لە کۆپلە شیعرەکەی ماردیندا روانینێکی دیکە هەیە،

لە بەیتەکەدا هەناسەیەك و لە شیعرەکەدا هەناسەیەکی دی هەیە، کە جیاوازییان ئێجگار زۆرە..

ئەمەش قسەیەکی نزار قبانی-م بیردێنێتەوە، کە دەڵێت:

((بەرد لەسەردەستی رۆمانیەکان و فیرعەونەکانیش بوونی پێبەخشرا.

گرنگ ئەوەیە سەرچاوەی  گەورە، لە هەموو پرۆسەیەکی، داهێناندا ئەو دەستەیە کە دروستدەکات، نەك مادە دروستکراوەکە)).[13]

ماردین-خەیاڵێکی شاعیرانەی باشی هەیە، کە بێگومان خەیاڵ وەکو ئاوی حەیات وایە بۆ شیعرو هیچ شیعرێك ناتوانێت بەبێ خەیاڵێکی شاعیرانەی قووڵ دەستی بە نەمریی بگات. ئەو خەیاڵە شاعیرانەیە لای ماردین ئامادەییەکی باشی هەیەو لە هەرسێ قەسیدەکەدا لە رێگای وێنەی شیعری سادە و لەهەمانکاتدا قووڵەوە، بەرجەستەکراوە.

ئەمەش وەڵامێکی جوانە بۆ ئەو کەسانەی کە پێیانوایە شیعری باش ناتوانێت هەم سادە و هەم قووڵ بێت.

من لەم رووەوە زۆر جار وێنە شیعرێکی  لەتیف بێباك-م بیردە کەوێتەوە، کە لەگەڵ ئەوپەڕی سادەییدا، ئەپەڕی قووڵی و ئیحابەخشیی تێدایە.

بێباك دەڵێت:

دارا دوو داری شکاوی دی [14]

ئەم وێنەیە دەشێت زۆر خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

یەکەم:

بێزاربوون لە دووبارەبوونەوە، تاکەی دارا هەر ئەو دوو دارە ببینێت؟!

دووەم:

ئاخۆ دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییە گەورانەی لە هەموو بوارەکاندا روویانداوە و زۆر شتی گەورە و بچووکیان شکاندووە و شتی دیکەیان لەجێگاداناون، کاتی ئەوە نەهاتووە ئێمەش ئەو دوو دارە بشکێنین؟!

سێیەم:

لەگەڵ ئەو کارەساتانەدا کە بەسەر کوردستاندا هاتن، دارەکانی داراش شکان.

ئاخۆ ئەمە تەعبیرێکی باش نییە لەوەی کە شاعیری بەسەلیقە دەتوانێت بەو پەڕی سادەیی، قووڵترین ماناو دەربڕین و ئیحا بەخوێنەر ببەخشێت؟!

ماردین–لەم رووەوە توانایەکی باشی هەیە:

سەیری سەگەکانم دەکرد

کە بە گومانەوە بە مانگەشەو دەوەڕین...

خەیاڵێکی چەند سادە و چەن جوانە؟ وشەی گومان لێرەدا زۆر شت دەوروژێنێت، ئاخۆ ئەو وەڕینە هەوڵدانێکی بێهوودەی تر نییە بۆ بەختیاری؟

یان هەر لە بناغەوە تەعبیر لە بێهودەی ژیان ناکات؟

دەبێ کڕوزانەوەی سەگ بێت لەدەستی تەنیایی خۆی، یان کڕوزانەوەی سەگە بۆتەنیایی مانگ؟

دەبێت جوێندان یاخود گۆرانیوتن بێت بۆ مانگ؟

ئەو وەك مۆمێکی ترساو

کە شەوە زەنگ

دەستی لێوەشاندبێ

بەتاریکی حوجرەکاندا رای کرد...

مۆمی ترساو ئیحایەکی چەند جوانی هەیە؟

باشە ئەگەر مۆمەکان لەتاریکی بترسێن ئێمە چیبکەین؟!

ئەی نەیاندەوت: تاریکایی هەموو دنیا ناتوانێت رووناکی مۆمێك بشارێتەوە؟!

باشە تاریکییەك لەدەست لە مۆمەکانمان بوەشێنێت، چی لە خۆمان دەکات؟!

وامزانی یەخسیرکردنی خۆر گەمەیەکە و هەورەکان لەگەڵ مندا دەیکەن.

رەسوڵ هەمزاتۆف–دەڵێت:

((پێویستە شاعیر بە ریشداری لەدایك بێتو بەرەبەرە، بەرەو منالّی بگەڕێتەوە)).[15]

ماردین–چەند مندالانە باس لە ونبوونی خۆر دەکات لەنێو هەورەکاندا؟ تەفسیرێکی بۆ دەکات کە لە هیچ یاسایە کدا نییە.

ئەی نەوتراوە: ((شیعر لە سەرووی هەموو یاساکانەوەیە؟)). [16]

لەپیربوونی هەنجیرە ورد دەبوونەوە...

یەکێك لە بۆچوونەکان دەڵێت: ئەو دارەی کە ئادەم و حەوایان لەسەری بەهەشت بەدەرکرد، هەنجیر بوو. (17)

دەشێت لێرەدا دال–ی هەنجیر، خاوەنی مەدلولێکی جنسیی بێت.

دەشێت پیربوونی هەنجیر، بە پیربوونی هۆیەکانی یاخیبوون لێکبدرێتەوە.

شیعرەکانی ماردین پڕن لەو تەعبیرو دەستەواژانەی کە خەیاڵی شاعیرانەیان لێدەچۆڕێتەوە، بۆ نموونە:

پژمینی ڕێحانەکان

حەیزی مانگانەی گوڵ

هەنجیری خەوخۆش

شەنگەبی وەهم

پیاسەی کوکوختی بەناو سنەوبەرەکاندا

مەرهەمی راکردوو لە برین

گێلاسە حەرامەکانی جوانی

شۆستەی بە ویقار

شەونمی بیرەوەری

هەناسەبڕکێی ئاسوودەیی

ئاوە حەپەساوەکان

مەکری ڕێواس بەسەر بەفردا

نازی قورسی دارگوێز بەسەر باخەوانە خەوتووەکاندا

لیمۆکانی نەدامەت

گەورە کچە چاو بادامییەکەی زەمەن

ئەو سەعاتانەی کە سەدەیەك دواکەوتوون

مەنجەنیقی وەسڵ و زەمهەریی فیراق

بێڕەواجی توحفەی عەقڵ لە بازاڕی شێتیدا

شەرمنی هەنار

عیشوەی پرتەقاڵ

دۆلفینە عەیارەکان

نازنازە خۆش گلەییەکان وهتد...

# سەرچاوە و پەراوێزکان:

1)النص الشعری ومستويات القراوه/ د.خليل الموسى/ مجله (المعرفه) السوريه/ العدد(428)-1999ص 80.

2)له نووسینێکدا بەناونیشانی (قەیرانی شیعر و رۆژنامەو گۆڤارەکان ) به درێژی قسەم لەسەر ئەم مەسەلەیه کردووە، بەڵام بەداخەوه نووسینەکه (6) مانگ زیاتره له رۆژنامەی (کوردوستانی نوێ) یەو تا ئێستا بلاّونەکراوەتەوە.

3) گوڵستانی سەعدی/ وەرگێڕانی مستەفا سەفوەت/ لا182(ساڵو شوێنی چلپی لەسەر نییە).

4) النص الشيعری و مستويات القراوه / د. خليل الموسی/ مجله (المعرفه) ص 70.

5) چاوپێکەوتن: به رۆژ ئاکرەیی (رامان) ژماره (30) ی ساڵی 1988 لا 103.

6) النص الشعری و مستويات القراوه/ص 69 / زاراوەی دەقئاوێزانم بۆ (التناص) له نووسینێکی (عەبدوڵلاّ تاهیر بەرزنجی) وەرگرتووە.

7) چوارینه کانی خەیام/ وەرگێڕانی: هەژار/ انتشارات صداو سيمای جمهوری اسلامی ايران/ لا 46.( ساڵی چاپی لەسەر نییە).

8) غاده السمان. غربه تحت الصفر (بيروت: 1986) ص 159.

9) حەسەن زیرەك به مەقام دەیڵێت و له دیوانی (حافزی شیرازی) شدا دەکەوێته لاپەڕە (227) ەوە.

10) ئەحمەد مەلا فەتاح ئەم شیعرەی حافزی بۆی کردووم به کوردی.

11) د. مجيد الراجی. الروح الحيه فی السيره الزاتيه :الفرد والجيل الادبيه فی العراق بين جيلين (مجله المدی- العدد 23 )

(12) گەڕان له دووی خود. حەمه سەعید حەسەن. بەشی دووەم (گۆڤاری رامان ژماره -23 ی ساڵی 1988 لا 27).

13) بڕوانه اليقافه الا جنيه. (العدد 1 السنه . ص 1985 163-199).

14) عن الشعر والجنس واليوره/ نزار قەبانی/ ص 26.

15)دەسنووسه و تائێستا بلاّونەکراونەتەوە.

16) شاعیری داغستان رەسوڵ هەمزاتۆف. وەرگێڕانی رزگار شوانی. (رۆژنامەی رێگای کوردستان ژماره (165) ساڵی 1997).

17) قصيده النير والا حتمالات الموجله :الجزور. حاتم الصكر. مجله (الاديب المعاصر.العدد 41 لسنه 1990).

18) ادونيس، على احمد سيعد. الپابت والمتحول: بحپ فى الاتباع عند العرب. الكتاب الاول. الگبعه الپالپه(بيروت: 1980 )ص 220.

*گۆڤاری ئاینده. ژماره 3 ساڵی 1999

# ئەو دەمەی مرۆڤ دڵسۆزانە ستران دەچڕێت*

## -خوێندنەوەیەکی گشتییە بۆ پەنجاو سی سترانی عاشقانەی شەمس لەنگەروودی-

بەیانی، بە سواری شەمەندەفەری ئەستێرەکانی سپێدەوە هات.

تۆ نەهاتی،

چۆلەکە چاوەڕوانەکان

لەدەوری ماڵەکەی من نیشتنەوەو

لەگەڵ هاتنی هەر سێبەرێکدا دەلەرزین..

تۆ نەهاتی،

شیعر لە دڵمەوە بۆ زارم

لە لێوەکانمەوە بەرەو دڵم هەڵفڕی..

تۆ نەهاتی،

هەتاو

لەسەرووی سەرووەکانەوە تا ئەو سەری شەقام ڕۆیشت..

تۆ نەهاتی،

تەم دەزانی،

کە دەبی هەستیو

بەرەو ماڵی خۆی بێتەوە

لە سینگی مندا.

***

ڕەنگە لەزەتی دۆزینەوەی دنیای شاعیرێکی گەورە، زۆر لە لەزەتی دۆزینەوەی کیشوەرێکی وەکو کیشوەری ئەمریکا کەمتر نەبێت. کۆلۆمبس لە سەر زەوی ئەو کیشوەرەی دۆزییەوەو ئێمە لە ناو کاغەزو وشەو خەیاڵو فەنتازیادا دنیای تایبەتی شاعیرو نووسەران دەدۆزینەوە.

زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە کە مرۆڤ چەند بوونەوەرێکی سەیرە، وەکو مەحوی دەڵێت: ((بوونی بە قەترە ئاوێکەو بەدەرچوونی بایەکە مردنی))، کەچی لە زۆر باردا هەستدەکات دنیا بەو هەموو گەورەییو زەبەلاحییەی خۆیەوە بەشی خەونەکانی ئەو ناکات، هەستدەکات دنیا بەو هەموو فراوانییو بێسنوورییەی خۆیەوە جێگەی ئەوی تێدا نابێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە مرۆڤ نەك خۆی، ئەو زەوییەش وا لەسەری دەژی گەردێکی بچوکە لەنێو گەردوونێکی گەورەدا. لێرەوەیە خەونی دروستکردنو دۆزینەوەو گەیشتن بە دنیای دی دەبێت بەیەکێك لە گەورەترین خەونە قووڵەکانی مرۆڤ. دۆزینەوەی دنیای دی لەسەر زەویو لەناو واقیعدا خەونێکە بۆ زۆرێك لەمرۆڤەکان بەدیهاتنی لە مەحاڵ دەچێت، ئەم سەرزەمینە هەزاران مرۆڤی تێدایە، کە لەبەر هۆکاری جیاجیا، نەك دنیای دی، دەستیان بەگوندەکانی خۆشیان ناگات. لێرەشەوەیە کە مرۆڤ بەدرێژایی سەردەمەکان هەوڵیداوە ئەم خەونەی خۆی لە سەر زەویو لەناو واقیعەوە بۆ ناو زمانو فەنتازیا بگوازێتەوە. بۆ ئەمەش ئەفسانەو ئایینو سیحرو شیعرو چیرۆكو ڕۆمانو زۆر شتی دیکەی تاقیکردۆتەوە. چەند جوانن ئەو دەقانەی دنیا لەخۆیاندا تێکدەشکێننو بەجۆرێکی دیکەی دروستدەکەنەوە؟ هەر دەقێك بیەوێت وەڵامدەرەوەی داواکانی

مرۆڤ بێت، دەبێت یان دنیای خۆی هەبێت بۆ خوێنەرەکانی، یان یارمەتییان بدات لە گۆشەنیگای تازەو نەدۆزراوەوە جارێکی دی دنیایان پیشان بداتەوە. چەند جوانن ئەو گەشتانەی مرۆڤ بەرێگاگەلێکدا دەبەن کە پێشتر پیایاندا تێنەپەڕیووە؟! چەند جوانترن کە لەو رێگایانەوە بۆ دنیایەکی دەبەن پێشتر نەیبینیووە؟! لێرەوە دەمەوێت خوێندنەوەیەکی گشتیی بۆ دیوانی (پەنجاو سی سترانی عاشقانە)ی شەمس لەنگەروودی بکەم، کە دیوانێکی بچکۆلانەی 80 لاپەڕەییەو مەریوان هەڵەبجەیی لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردیو گۆڤاری ئاییندە لە زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خۆیدا چاپیکردووە. لەم دیوانە بچوکەدا جگە لە سترانەکانو پێشەکییەکی وەرگێڕ، دیدارێکی شەمس لەنگەروودییش بڵاوکراتەوە، کە بۆ من بەقەد سترانەکان چێژبەخش بوو. شەمس لەنگەرودی لەو شاعیرانەیە، کە هەوڵدەدات خوێنەرەکانی ((بەڕێگایەکدا لە پەنای دەریاوە ببات، تا ئەو کاتە لە رێگایەکی ئاوهاوە سەیری دەریایان نەکردبێت)). ئەم شاعیرە لەو مرۆڤانەیە کە شتەکان، ئەگەرچی سادەش بن، بەسادەیی بەسەریدا تێناپەڕن. ئەم کەسێکە هەر رووداوو بەسەرهاتو هەڵوێستێك دەتوانێت لەودا رەهەندی شاعیرانە وەربگرێتو لە رەنگرێژکردنی جیهانبینییە شاعیرانەکەیدا شوێنەوارێکی هەبێت، بۆ نمونە، ئەو دەڵێت: (( من منالیی خۆمم ونکردووە یاریم کەم کردووە، لەو رۆژانەدا کە لەجێگادا کەوتبووم، مۆڵەتی ئەوەم نەبوو برۆم بەڕێگادا، بەڵام ئەمتوانی برۆمو رێگا ببڕم، رۆژێك لەدوورەوە گوێم لەدەنگی منالان بوو، یاخیبوومو لەسەر قەرەوێڵکەم راپەڕیمو رۆیشتم، لەنیوەی رێگەدا کەوتم، ئیتر تێگەیشتم ژیان کەوتنی زۆری تیایە)). لێرەوەیە کە ئەم شاعیرە لە کەوتنی منداڵێکی نەخۆشەوە، کەوتنە زۆرو بەردەوامەکانی مرۆڤی ساغو بەهێز تێدەگات. ئەم هەستکردنو درککردنو بینینە قوڵانە بۆ ئەو خەڵکانەی بە کاری داهێنانگەراوە سەرقاڵن زۆر گرنگە. رەنگە ئەمە خاڵێکی جەوهەریی بێت لەوەدا کەشاعیرێکی قووڵبینو شاعیرێکی رووکەشبین لەیەك جیا دەکاتەوە. هەر شاعیرێك ئەم هەستکردنو درککردنو بینینەی نەبێت دەکەوێتە ناو ئاپۆرەو قەرەباڵخییەکانەوەو ناتوانێت تاك بێتەوەو دنیای تایبەت بەخۆی پێشکەشی خوێنەرەکانی بکات، یان دنیایان لەگۆشەنیگایەکەوە پیشانبدات، کەپێشتر لەو گۆشەنیگایەوە نەیان بینیبێت. شەمس سەرەتا شیعری کلاسیکی دەناسێتو دوای ئەوەی دەبینێت شتەکان تیایدا دووبارە دەبنەوە، هەستدەکات ئەم شیعرە ((بۆنی کەڕووی سەدەی رزاوی لێدیت))و دەبێت مرۆڤ هەوڵبدات خۆی لێرزگار بکات. شەمس هێشتا لە خوێندندا لە قۆناخی ناوەندی دەبێت، کە جارێکیان بە رۆژنامەی دیواری قوتابخانەکەیەوە شیعرێکی فەرەیدون موشیریو شیعرێکی فەرەیدون تەوەللی دەبینێت.

ناوی فەرەیدون بۆ ئەو لە شیعردا شتێکی تازە دەبێت، لە رێگای ئەو ناوەوە تێدەگات کە ((هێشتاش شیعر دەنووسرێت)).

یەکەمین شیعریش کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شەمس داناوە، شیعرێکی فەرەیدون تەوەللی بووە بە ناوی (کارون)ەوە، کاریگەریی ئەم شیعرەش لای شەمس بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە تیایدا باسی شتەکانی دەوروبەر کراوە، باسی کارون کراوەو ئیدی هیچ باسێك لەبارەی لێوو پەرداخو مۆمو پەپولەوە نەبووە، کە کۆمەڵێك

میتافۆری کەڕووگرتووی کلاسیك بوون. شیعری کارون کارێك لە شەمسی چواردە– پازدە ساڵە دەکات کە لەو سەرەتای تەمەنەدا ((هەموو کۆنێك بە نەفرەت بکات)).
شەمس لەبەر ئەوەی خەونی گەورەی هەیە، حەزناکات شاعیرەکانی بەر لەو قەزەمو بچوك بن، ئەو دەڵێت ((سەرکەوتن بەسەر قەزەمەکاندا ئاسانەو ئەوە کە شاعیرانێکی وەکو شاملوو فروخو سوهراب هەن، بۆ شاعیرە لاوەکان مایەی خۆشبەختییە)). ئەو لەبری ئەوەی بیر لەتێپەڕاندنی شاعیرێکی قەزەم بکاتەوە، یان بیر لە نووسینەوەیەکی دیکەی شاملو بکاتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە بزانێت شاملو چی نەوتوە ئەم بیڵێت، چی نەکردووە ئەم بیکات.
ئەم بیرکردنەوەیە کەتیایدا شاعیرێك خەون بەوەوە دەبینێت شاعیرە گەورەکانی بەر لەخۆیو هاوزەمانی خۆی تێبپەڕێنێت، یان شتێك بخاتە سەر ئەزموونی ئەوان، یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی داهێنانەو بەبی ئەم بیرکردنەوەیە گەیشتن بە داهێنان وەکو گەیشتن بە سەراب وایە. شەمس هەستدەکات ((ناتوانێت بەهێزێکی دووانەیی چریکیو دڵێکی ڕۆمانسیانەی شاعیرانەوە بنووسێت، تا لە ساڵی 1979دا هەموو شتێك بۆ ئەو دەگۆڕێت))و بەو ئاکامە دەگات کە ((هەر جۆرە ئایدیۆلۆژیایەك بەندیخانەیەکەو هونەر باڵاترە لە ئایدۆلۆژیا)).
لای شەمس شیعر شوێنی بەدەستهێنانەوەی ئەو خەونو خۆشیو جوانیانەیە کە لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنییدا لە دەستی چوونو لە دۆزینەوەیان لەناو واقیعدا بێئومێد بووە. خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەگەر ژیان وەڵامدەرەوەی پێویستیەکانی من بوایە، ڕەنگە هەرگیز شیعرم نەنوسیایە)). ئەم شاعیرە لەبەر ئەوەی لە وڵاتێکدا دەژی کە لە دەشتێك دەچێت تیایدا هەر ساتەو سەرێك دەبڕدرێتو هەڵدەدرێت بە ئاسماندا، هەستدەکات جیهان لە حاڵەتی مەسخبوونو ڕزاندایە. ڕەنگە ئەم هەستە هۆکارێکی سەرەکیی بێت لەوەدا کە مەسخەکەی کافکا بە کتێبی پیرۆزی سەدەی بیستەم دەزانێت.
لای شەمس ((مرۆڤ چیایەکی سەهۆڵینەو دوو لەسەر سێی لەژێر ئاودایە))و تێگەیشتن لێی قووڵبوونەوەی دەوێت. ئەو پێیوایە لەم وڵاتانەی ئێمەدا ((کۆمەڵگە هێدی هێدی بەرەو مۆدێرنیتە دەڕوات، بەڵام دەروونی کۆمەڵگا جنۆکە گرتوویەتی))، ((مرۆڤەکان بۆینباخ دەبەستن بەڵام مێشکیان جنۆکەی تێدایە)). دەتوانین ئەم بۆچوونانە وا بخوێنینەوە کە ئەگەر سوهراب داوایکردووە چاومان بشۆرینو بەجۆرێکی دی لە ژیان بڕوانین، ئەوا شەمس داوامان لێدەکات مێشکمان بشۆرینو بەجۆرێکی دی بیر لە ژیان بکەینەوە.
لای شەمس ((تەنیاترین پێویستیی هونەر دڵسۆزییە))و ئەو شتەی کە وایکردووە سوهراب، بەبی ئەوەی وشەیەك دووابێت، بەچەند دێڕ بمێنێتەوەو نەمر بێت، دڵسۆزییە. ئەوەی وا دەکات شیعری فەرەیدون موشیری بمێنێتەوە ئەوەیە کە شیعری ئەو دڵسۆزانەیە. بەم مانایە یەکێك لە خەونە قووڵەکانی شەمس ئەوەیە شیعرەکانی دڵسۆزانە بن. تا ئێرە قسەکانی ئێمە لەسەر ڕوانینو تێگەیشتنو جیهانبینی شەمس بوو بەرانبەر بە دنیاو مرۆڤ و شیعرو هەندی شتی دی، لێرە بەدواوە هەوڵدەدەین هەندی قسە لەسەر شیعرەکان بکەینو هەوڵی خوێندنەوەیان بدەین.

دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی شەمس لەنگەروودی، یەکەمین هەستێك کە لە مندا درووستبوو ئەوەبوو کە گومانم نەبوو لەبەردەمی شاعیرێکی گرنگدام. هەستمکرد شیعرێك دەخوێنمەوە جیاوازە لەو شیعرانەی پێشتر خوێندوومنەوە. هەر لەخۆمەوە کۆلۆمبسم بیرکەوتەوە کە ئەمریکای دۆزییەوە، هەستمکرد منیش کیشوەرێك یان راستتر دنیایەکی تازەم دۆزیوەتەوە. ئەم هەستە بۆ من مایەی خۆشحاڵییەکی گەورە بوو. بەم بۆنەیەوە زۆرترین پیرۆزبایی‌و گەرمترین دەستخۆشی لە مەریوان هەڵەبجەیی دەکەم کە ئەم دەقە جوانانەی هەڵبژاردووەو بەو زمانە جوانە کردوونی بەکوردی. هەڵبەت دەبێت ئەوەش بڵێم کە من فارسی نازانم‌و قسەکانم تەنها پەیوەندییان بەوەرگێڕانە کوردییەکەوە هەیە.

من لەم خوێندنەوە کورتەدا دەمەوێت قسە لەیەك لایەنی شیعرەکانی شەمس لەنگەروودی بکەم، کە ئەویش مەسەلەی ناڕاستەوخۆییە لە زمان‌و وێنەی شیعرییداو ئەمەش بەلای منەوە دیارترین تایبەتمەندیی شیعری ئەم شاعیرەیە.

شەمس، بۆ ئەوەی خۆی لە شیعرێکی راپۆرتئامێز بپارێزێت‌و گەمەیەك بەوشەکان بکات‌و لە تەنیشتی یەکیان هەڵبگرێت‌و بەجۆرێکیان دابنێتەوە لە زاکیرەی خوێنەردا بمێننەوە، هەوڵدەدات هەرگیز، یان زۆر دەگمەن‌و بە ناچاریی نەبێت، شتەکان بە راستەوخۆیی دەرنەبڕێت. بۆ نمونە کاتی دەیەوێت بە دڵدارەکەی بڵێت: من ناتوانم تۆ لە بیری خۆم ببمەوە، دەڵێت:

لە بیرم کردوویت

وەك چەقۆیەك لە دڵدا

چەند دەربڕینێکی سادەو چەند شاعیرانەیە، ئاخر کی هەیە لە دنیادا بتوانێت چەقۆیەك لە نێو دڵدا لەبیر بکات؟! ئاخۆ بەڕاستی ئەوانەی قوڵ قوڵ لەنێو دڵماندا دەژین، لەبیرکردنیان لە لەبیرکردنی چەقۆیەك ناچێت لە دڵدا؟! چەقۆ هێمایەکی ئاشکرای دڵڕەقی‌و ئازاربەخشینە‌و شەمس دەیەوێت لە رێگای ئەم تەشبیهەوە پێمان بڵێت عەشق ئەوەندە بەدەسەڵات‌و خاوەن جەبەرووتە کە رەنگی خۆی تەنانەت بە دڵڕەقی‌و ئازاریش دەبەخشێت‌و واش لە مرۆڤەکان دەکات کە ئەویان خۆشویست‌و قەدەری خۆیان بەو سپارد، ئیدی هەموو ئەو شتانەشیان خۆشبوێت کە رەنگی ئەویان لەخۆگرتووە.

***

خۆشمدەوێیت‌و

نەخشەیەك لە بەهەشتەوە دەبینم

لە دوورەوە

لەگەڵ دوو رووباری هەنگویندا

بە خشکە خشك

خۆیان دەگەیەننە ماڵەکەی من.

چەند جوانە، بۆ ئەوەی بە دڵدارەکەی بڵێت تۆ بەهەشتی منیت، یان تۆ بەهەشت بۆ من دەسازێنیت، چ حەشاماتێکی شاعیرانەی رەخساندووە.

باڵی لەنەخشەیەکی بەهەشت رواندووەو رووبارە هەنگوینەکانی بەهەشتی بە رادەیەك بەعەشقی خۆی سەرسام کردووە، کە ئۆقرەیان لێهەڵگیراوەو بە خشکە خشك خۆیان دەگەیەننە ماڵی ئەو، کە ماڵی عەشقە لە راستییدا.

بۆ ئەوەی باشتر لە ناراستەوخۆیی زمان‌و وێنە شیعرییەکانی شەمس تێبگەین، دەبێت بپرسین: بۆچی نەخشەکە یەك نەخشەیەو رووبارە هەنگوینەکان دووانن؟ نەخشەکە کامەیەو رووبارەکان کامانەن؟ دەشێت نەخشەکە خودی دڵدارەکەیەی‌و رووبارە هەنگوینەکانیش مەمکەکانی دڵدارەکەی بن.

شەمس بەم شێوەیە پێمان دەڵێت: دڵدارەکەم لەجوانییدا نەخشەیەکی بەهەشتەو مەمکەکانی دوو رووباری هەنگوینن. ئەو دەتوانێت بە جوانی‌و میهرەبانییەکانی خۆی دیارییەك لەبەهەشتەوە بە چاوو بە روحی من ببەخشێت‌و دوو روباری هەنگوینیشم بخاتە بەردەست، تاکو بتوانم ئۆقرە بگرم‌و هەست بە ئارامیی بکەم.

بەڵی ئەو بە جوانی‌و میهرەبانییەکانی خۆی ئەم کارە بۆ من دەکات‌و منیش بە سترانە عاشقانەکانم‌و بە دڵە لێوانلێو لە عەشقەکەم ئەوەتا باڵم لەو رواندووەو رووبارە هەنگوینەکانیم خستۆتە سەماو واملێکردوون بە خشکە خشك خۆیان بگەیەیننە ماڵەکەم.

***

بۆنی کراسەکەت وەك بەفری بەهار هەموو ژوورەکانی سپیکردووە.

ئەمە لەبری ئەوەی بڵێت بۆنی کراسەکەت ماڵی من سپی‌و رووناك دەکاتەوە، یان لەبری ئەوەی بڵێت تۆ ماڵی من سپی‌و روناك دەکەیتەوە. بێگومان کراس دەلالەتێکی (جنسیی) هەیەو شەمس دەیەوێت زۆر ناڕاستەوخۆ بڵێت من ناتوانم عەشق‌و جنس لەیەکدی جیابکەمەوەو تەنها بە رووبارە هەنگوینەکان –کە ئەوانیش دەلالەتی جنسییان هەیە بەڵام بەجۆرێکی دی– ئۆقرە بگرم‌و ئارام ببمەوە.

دەیەوێت پێمان بڵێت ئەوە جنسە لەگەڵ خۆشەویستەکانماندا کە دەتوانێت وەکو بەفری بەهار روحمان فێنك بکاتەوەو ژوورە رەش‌و تاریکەکانمان بۆ سپی‌و رووناك بکاتەوە.

شتێکی دی کە وامان لێدەکات ئەم کۆپلەیە بەم شێوە جنسییە بخوێنینیەوە، بۆنی ئەو کراسەیە. بۆن جگە لەوەی پەیوەندی راستەوخۆی بە خەبەرکردنەوەی هەستی جنسییەوە هەیە لە مرۆڤدا، پەیوەندی قوڵی بەو شتەشەوە هەیە کە ئەو بۆنەی هەڵگرتووە. بۆنی کراس لە راستییدا بۆنی لەشی خاوەنەکەیەتی. واتە شەمس ویستویەتی بڵێت بۆنی لەشی تۆ نەك کراسەکەت، یان راستتر لەشی تۆ نەك کراسەکەت، روحی داگیرساوی من فێنك دەکاتەوەو ژیانی رەش‌و تاریکم سپی‌و رووناك دەکاتەوە. وەلی ئەو لەبری ئەم راستەوخۆییە هەوڵییداوە بەو ناڕاستەوخۆییە ئەمە بڵێت، کە وتویەتی.

***

تۆ خوری پشکوتوویت‌و

خوێنی گێلاسە نەگەیوەکان لە خۆتدا دەشاریتەوە.

شەمس لە ڕێگای ئەم چواندنانەوە بەشێوەیەکی زۆر ناراستەوخۆو شاعیرانە وەسفی دڵدارەکەی دەکات کە ڕەنگی سوورو سپی، یان سپی‌و ئاڵە، وەلی وەك دەبینین بەهیچ جۆرێك نە وشەی سپی‌و نە سوور، یان ئاڵی بەکار نەهێناوە.

***

نغرۆبە

نغرۆبە لە ئاوی دەریاچەکانداو ئاوەکە بشۆ

نغرۆبە لەدەشتی ئاگری تینووداو ئاگر گەرمبکەرەوە

دەم بخەرە ناو دەمی زەوی

گیانێکی نوی بەم مردووە ببەخشە.

وەك دەبینین شەمس لێرەدا لەبری ئەوەی بڵێت تۆ دەتوانیت روحی من، یان ژیانی من بشۆریت‌و پاکی بکەیتەوە، ناڕاستەوخۆدەڵێت تۆ دەتوانیت ئاویش بشۆریت!

لەبری ئەوەی بڵێت تۆ دەتوانیت روحی من، یان ژیانی من گەرم بکەیتەوە، بە ناڕاستەوخۆییەکی شاعیرانەدەڵێت تۆ دەتوانیت ئاگریش گرم بکەیتەوە.

لەبری ئەوەی بڵێت تۆ دەتوانیت دەم بخەیتە ناو دەمی من‌و گیانێکی نوێم پێببەخشیت، کە بی تۆیی وەکو مردوویەکی لێکردووم، دیسان ناڕاستەخۆو شاعیرانەدەڵێت تۆ دەتوانیت گیانێکی نوی بە زەویش ببەخشیت کە بەبی تۆ ئەویش مردووە.

پێبکەنەو

کەشتییەکی ئاوارە

ڕێنمایی بکە بەرەو دوورگەیەك

کە تەنیا کاڵای بۆ تۆ پێیە.

ئەمە لەبری ئەوەی بڵێت من کە من هەموو کاڵاکانم بۆ تۆن، بەبی تۆ سەرگەردانم‌و نازانم روو بکەمە کوی‌و بچمە لای کی؟

شەمس لەجیاتی ئەوەی بڵێت تۆ لەمانگ جوانتریت‌و ئەو سەرسامە بە جوانی تۆ، دەڵێت: مانگ هەزار ساڵە دوایین دەستنووسەکانی خۆی بۆ تۆ دەنێرێت.

لە جیاتی ئەوەی بڵێت من بۆیە دڵم بەمرۆڤبوونی خۆم خۆشە، کە دەتوانم لەگەڵ تۆ قسەبکەم، دەڵێت:

باو هەوا بیر لەوە دەکەنەوە

بۆچی مرۆڤ نین

تا لەگەڵ تۆدا بدوێن.

لەجیاتی ئەوەی بڵێت عەشق دەتوانێت لە تاریکترین‌و ڕەشترین ڕۆژو مانگ‌و ساڵەکاندا دڵ‌و روح‌و بوونی مرۆڤ رووناك بکاتەوە، دەڵێت:

ئەمشەو

زەریاکان رەشن

با ورتە ورتی رەشە

باڵندەو گێلاسەکانیش رەشن

دڵی من رووناکە

تۆ دێیت.

دواجار لەجیاتی ئەوەی بڵێت تۆ نرخ بە ژیانو بوونی من دەبەخشیتو نەمرم دەکەیتو دەمبەیتە ئاستی (حافز)ەوە، دەڵێت:

شووشەیەکی ساختە بووم

کردتم بە بلوور

زارێکی بێکەڵك بووم

کردتم بە ئایەتی نوور

تارماییەك بووم

کردتم بە هەتاوێك

دەنگە دەنگێك بووم

کردتم بە مۆسیقای ڤاگنەر

لەبەردێکی شکاوەوە

بە بودایەك،

لە تەقینەوەی ئەستێرەیەکەوە

منت کردە نەیزەکێك

تا بفڕمو

بکەومە ناو غەزەلەکانی حافزەوە.

ئیدی لەم جۆرە دەربڕینو دەستەواژەو وێنە شیعرییانە لای شەمس زۆرنو ئامادەیی بەردەوامیان هەیەو توانیویانە زمانی ئەو بکەن بە زمانێکی شیعریی چڕو ناڕاستەوخۆو ئیحابەخشو خەیاڵ تەقێنەرەوە، وەلی بەداخەوە ئێمە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە هەموویان بەسەر بکەینەوە. هیوادارین توانیبێتمان بەو چەند نمونەیە مەبەستەکەمان بەباشی روون بکەینەوە. دووبارە پیرۆزبایی‌و دەستخۆشی لە وەرگێڕی ئەم دیوانە (بچوك، بەڵام گەورە)یە دەکەم.

*هەفتەنامەی پەیك. ژمارە (7و8) ی مانگی 11ی 2007

وتار:

# دووکەرتبوونو دوودیوویی مرۆڤ لە نێوان لەتیف هەڵمەتو حەمە کاکەڕەش–دا

## ((لەژێر ئەم ئاسمانە کۆنەدا هیچ شتێك تازەنییە))(1)

تەورات

بێگومان لەتیف هەڵمەت یەکێك لە شاعیرە گەورەو دیارو داهێنەرەکانی ئێمەیەو بەشێوەی جۆراوجۆر کاریگەریی لەسەر شاعیرانی هاوسەردەمو دوای خۆی هەبووەو هەیەو دەشبێت. شاعیرێتی حەمە کاکەڕەشیش گومانی تێدا نییەو ئەو کەسانەی موتابەعەیان کردبێت دەزانن لەشیعرەکانیدا ویستگەی جوان هەن. هەردووکیشیان لە هاوڕێ نزیكو ئازیزەکانی خۆمو گۆڤاری هەناریشنو هەر یەکەیان بەشێوازی خۆی رۆڵی لە بەردەوامبوونو پێشکەوتنی هەناردا هەبووە. لە نوسینەکانی هەردووکیشیاندا ناوی من هاتووەو وەکو شاهیدێك کە ئاگام لەهەندێ شت هەیە ئاماژەم بۆ کراوە. لەبەرئەوە بەپێویستم زانی چەند شتێك بڵێم. هیوادارم بتوانم لەدەرخستنی راستییەکاندا وەك خۆیان، هاوکارییەك بکەم.

یەکەمین شت لای منو بۆ من، لەو نوسینو وەڵامدانەوەیەی لە نێوانی لەتیف هەڵمەتو حەمە کاکەڕەشدا دروستبووە، مایەی نیگەرانیو خەمێکی قوڵە. من زۆر بەوە نیگەرانم کە دەبینم دوو شاعیری ئێمە بەو زمانەو بەو هەڵچوونو توڕەییەوە لەگەڵ یەکدی دەدوێن. بەبڕوای من لەهەر شوێنێك هەڵچوونو توڕەیی هەبوو، یانی خەلەلێك هەیە، ئەو خەلەلەش هەرچییەك بێت، رەنگدانەوەی خراپی لەسەر گەیشتنی پەیامەکان دەبێتو لە گەیشتنیاندا دەردەکەوێتو ئاراستەکانیان دەگۆڕێت. خۆزگە بمانتوانیایە هێمنتر لەگەڵ یەك بدوێینو چیدی پێمان وانەبوایە تا زیاتر دەنگ هەڵبڕین باشتر دەنگمان دەبیسترێت، چونکە ئەمە پێچەوانەکەی راستە، چەند هێمنتر بیربکەینەوەو بنوسینو قسە بکەین ئەوەندە باشتر دەنگمان دەگات.

***

لەتیف هەڵمەت لەبارەی شیعری (منو خۆم)ی حەمە کاکەڕەشەوە، کە لەژمارە (27)ی هەناردا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: ئەو شیعرە لە من وەرگیراوە. بۆ سەلماندنی ئەمەش چەند نمونەیەکی لەشیعرەکانی خۆی هێناوەتەوە، کە لەو شیعرانەشدا، وەکو شیعرەکەی کاکەڕەش، تەوەری سەرەکی ئیشکردنە لەسەر دووکەرتبوونو پەرتبوونی مرۆڤ لەناو خۆیدا، هەوڵدانە بۆ پیشاندانی دوو دیو لەیەك مرۆڤدا کە دوو دیوی جیاوازنو لە کێشەو ململانێدا دەژین. بەڵام حەمە کاکەڕەش بەر لە زۆربەی ئەو شیعرانەی لەتیف هەڵمەت، کاری دیکەی لەسەر منو خۆم کردووەو شیعرێکی هەیە بەناوی (سوپاس بۆ ئاوێنە)، کە ساڵی 2005 لە دیوانی (دەروشانەوەی نائومێدی)دا بڵاوکراوەتەوە. کاکەڕەش لەو شیعرەدا دەڵێت:

((ئاوێنە خۆم بۆ شیدەکاتەوە

ئاوینە خۆم بە خۆم دەناسێنێ

...............................

سوپاس بۆ ئاوێنە

دەستی گرتم بۆ کوچەکانی منالّی

وێنەی رابردووی بۆ هێنامەوە

گریام رایگرتم پێی وتم

تۆ ئەمڕۆ لەدوێنێ ناچی

تۆ لەوە ئەچێ خۆت نەبی

ئەی خۆت لە کوێیە؟)) (2)

شیعرەکانی هەڵمەت، جگە لەو کۆپلەیەی لە بانەرۆژدا بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ ئەو سێ کۆپلەیەی لە دیوانی (ددانی پاشەرۆژ وەك ددانی جەنگی سپییە)دا بڵاوکراونەتەوە، هیچ شیعرێکی دیکەیان بەر لە شیعری سوپاس بۆ ئاوێنەی کاکەڕەش بڵاونەکراونەتەوە.

بەڵام هەڵمەت شیعرێکی دیکەی هەیە، کە خۆی بیری چووە لەوەڵامەکەیدا بۆ کاکەڕەش ئاماژەی پێبکات، لە هەردوو شیعرەکەی کاکەڕەش‌و لەهەموو ئەو شیعرانەی هەڵمەت خۆی، زووتر نوسراوەو بڵاوکراوەتەوە. ئەو شیعرەی هەڵمەت بەهەمان شێوە کارکردنە لەسەر دووکەرتبوونی مرۆڤ و لەسەر ململانێی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا. هەردوو شیعرەکەی کاکەڕەش لەو شیعرەی هەڵمەتەوە نزیکن‌و دوور نییە کاکەڕەش ئیحای لەو شیعرەی هەڵمەت وەرگرتبێت، یان تەنانەت بێئەوەی خۆی بزانێت، ئەو شیعرە لە نەستیدا کاری کردبێت‌و ڕەنگدانەوەی لەسەر شیعری منو خۆم هەبووبێت. ئەو شیعرەی هەڵمەت لە لاپەڕەی یەکەمی بەرگی دووی دیوانەکەیدایە کە ساڵی 2000 چاپکراوەو بەر لەچاپکردنیشی لە کۆڕێکدا لە سلێمانی خوێندیەوەو خەڵکێکی زۆر ئامادەی بوون، کە منو کاکەڕەش دووان لەو کەسانە بووین. ئەمە شیعرەکەیە:

((لەبیرمە لەوێ لەگەڵ خۆمدا بووم

خۆمم لە خەوێکدا

بزرکرد

ئەمەیە هۆی سەرەکی

ململانێی نێوان

منو خۆمو

خۆمو من..))(3).

لێرەوە من واز لە شیعرەکانی دیکەی هەڵمەتو لە شیعری (سوپاس بۆ ئاوێنە)ی کاکەڕەشیش دەهێنمو باس لەم شیعرەی هەڵمەتو لە شیعری (منو خۆم)ی کاکەڕەش دەکەم. بەڵێ، شیعری منو خۆم–ی کاکەڕەش لەم کۆپلە شیعرەی هەڵمەتەوە نزیکەو خاڵی هەرە سەرەکی لەهەردووکیاندا ئیشکردنە لەسەر دووکەرتبوونی ناوەوەی مرۆڤ بە هەمان سیغەی منو خۆم، بەڵام جیاوازییش لەنێوانیاندا، زۆرە. هەڵمەت بەشێوەیەکی بروسکەیی مەسەلەکەی وروژاندووەو لەیەك وێنەدا چڕی کردۆتەوە کە وێنەیەکە تیایدا مرۆڤ لە ناو خەونێکدا نیوەی خۆی ون دەکاتو ئەم ونکردنە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو مرۆڤە لەگەڵ خۆیدا بکەوێتە ململانێوە. لە هەموو کۆپلە شیعرەکانی دیکەشیدا، دیسان ئیشکردنی هەڵمەت لەسەر ئەم مەسەلەیە بروسکەییە. بەڵام کاکەڕەش بەشێوەیەکی فراوانتر کاری لەسەر کردووەو کۆمەڵێك ڕەهەندی دیکەی پێبەخشیووەو چەندین وێنەی لێبەرهەمهێناوە. ئەمەش بەهیچ جۆرێك ناکرێت بە دزی بدرێتە قەڵەم، چونکە دزی ئەوەیە دوو دەق لە هەموو ڕوویەکەوە، یان لەزۆر ڕووەوە لەیەك بچنو خاڵی جیاوازیان، یان نەبێت، یان زۆر زۆر کەم بێت. ئەمەی کاکەڕەشو هەڵمەت دەکرێت وەك پێشتریش وتمان، بە ئیحاوەرگرتن، یان سوودوەرگرتن، یان کاریگەرێتیی، یاخود جۆرێك لەدەقئاوێزان، یانیش (توارد الخواگر)، ناوببرێت. بێگومان ئەوە ئاساییە هەر یەکێك لە ئێمە بابەتێك، کەپێشتر کاری زۆریشی لەسەر کرابێت، بۆ خۆی بکات بە مەسەلەیەكو کاری تێدا بکاتو هەوڵبدات زۆرترین سیمای خۆی پێببەخشێت. بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێك پێویستی بەوە نییە نکوڵی لەو کارانە بکرێت کەپێشتر لەسەر هەمان بابەت کراون. بێگومان دەشبێت کارە تازەکە جیاوازی ئاشکرای لەگەڵ ئەو کارانەی پێشووتردا هەبێت. بۆنمونە، کاتێ ئێمە دەڵێین دەرهێنانی نیشتمانو نەتەوە لە شیعری شێرکۆ بێکەس، چۆڵەوانییەکی گەورەمان بیردەخاتەوە، بەواتای ئەوە نییە کەبەر لە شێرکۆ هیچ شاعیرێکی ئێمە نیشتمانو نەتەوەی نەکردۆتە بابەتی شیعرەکانی، بەڵکو بەو مانایەیە کە شێرکۆ مەسەلەکەی فراوانتر کردۆتەوەو کاری گەورەتری تێدا کردووەو چەندین ڕەهەندی دیکەی داوەتیۆ خەسڵەتی تایبەتی خۆی پێبەخشیووە. مەسەلەی پاییزیش لای حەمە عومەر عوسمانو ژنیش لای قوبادی جەلیزادە بەهەمان شێوەیە. بەر لە سوهرابیش باسی ئاوو سروشت کراوە.

مەسەلەی دووکەرتبوونی مرۆڤیش، کە بووەتە هۆی ئەو مشتومڕەی هەڵمەتو کاکەڕەش، لەڕاستیدا نەك هەر تازە نییە بگرە لەو بابەتە زۆر زۆر کۆنانەیە کە بەچەندین شێوەی جیاواز لە ئەدەبیاتو ئاینو فەلسەفەو ئەفسانەو ژیانی میلەتەکاندا دەرکەوتووە. هەر بۆ نمونە بیرۆکەی شەیتانو فریشتە، کە ئەویان نوێنەرایەتی دیوە خراپو شەڕانگێزەکەی مرۆڤ دەکاتو ئەمیان نوێنەرایەتی دیوە باشو چاکەخوازەکەی مرۆڤ دەکات،

کارکردنە لەسەر دووکەرتبوونی مرۆڤ. ئاخۆ ویژدان کەرتێکی دیکەی ئێمە، یان دیوێکی دیکەی ئێمە، یاخود مرۆڤێکی دیکە نییە لە نێو ئێمەدا کە لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکاتو لەسەر هەندێك لەکارو بیرکردنەوەکانمان سەرزەنشتمان دەکات؟! ئایا ئەو جیاوازییە ئاشکرایەی هەر لەکۆنەوە مرۆڤەکان بە ناوی دڵو عەقڵەوە قسەیان لەبارەوە کردووە، هەمان دووکەرتبوونی ناوەکیی مرۆڤ نییە؟ کێمان هەیە گوێی لەدەستەواژەی لەمجۆرە نەبووبێت: من بە دڵ حەزم لەو کارەیەو کە بیرشی لێدەکەمەوە پێمباش نییە؟!

کێمان گوێی لەو شیعرەی کامیل نەبووە، کە مامڵێو رەزازیو پێموابێت خەڵکی دیکەش بەگۆرانی وتوویانە، ئەو شیعرەی کە دەڵێت:

((من دەڵێم شاری دڵم باغو گوڵستانە دەچم

عەقڵ دەڵێ: (نا قسەبە شۆڕشی مەستانە نەچی(4).

پاشان، ئەوەی لە زانستی دەروونزانییدا بە شیزۆفرینیا ناو دەبرێت، ئەو دوو کەرتبوونو دوودیوی‌و دوو ژیانییەی مرۆڤ نەبێت، چییە؟!

یان ئەوەی فرۆید بە ناوی (منو منی باڵا)وە، ناوی دەبات، مرۆڤ خۆی‌و ئەو مرۆڤەی دیکەی ناوی نەبێت، کە لێیدەپرسێتەوە، چییە؟!

جگە لەمانە، لەمێژووی مرۆڤایەتییدا مەسەلەی دۆناودۆن هەیە، کە روحی کەسێك دەچێتە نێو جەستەی کەسێکی دیکەوە. هەم مرۆڤی یەکەم‌و هەم مرۆڤی دووەم پێکەوە دەژینو یادەوەرییەکانیان پێکەوە کار دەکەن. لەدنیادا لەهەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە خەڵکانێك هەبوونو هەن بروایان بە دۆناودۆن هەبووەو هەیە. لای خۆشمان یەکێك لەو بونیادە سەرەکیانەی ئاینی کاکەییەکانی لەسەر دامەزراوە مەسەلەی دۆناودۆنە. ئێمە رۆمانێکی گەورەشمان هەیە بەناوی (زیندە خەو)،(5) کە فەتاح ئەمیری نوسیویەتی، باس لە حاڵەتێکی دۆناودۆن دەکات. پاڵەوانی رۆمانەکە کورە کوردێکی بەدبەختە، کە روحی ئەفسەرێکی ئێرانی چۆتە جەستەیەوەو ژیانی لێتاڵکردووە. ئەم پاڵەوانە لەیەك کاتدا دوو ژیان دەژی. ژیانی یەکەمی کە ژیانی رۆژنایەتی، کوڕێکی کوردی سیاچارەیە، بەدوای خوێندندا لە کوردستانەوە چۆتە تەبرێزو لەوێ لە دانشگا وەرگیراوە. ژیانی دووەمی کە ژیانی شەوانەیەتی، هەر لەگەڵ سەردەکاتە سەرسەرینو خەوی لێدەکەوێت، دەبێت بە ئەفسەرە ئێرانییەکەو خەریکی ئازاردانی خەڵك، بەتایبەت کورد، دەبێت. غادە سەمانیش کتێبێکی هەیە بەناوی (السباحە فی بحیرە الشیگان)(6)، کە یەکێك لە کتێبە سەرنجڕاکێشەکانێتی، یەك فەسڵی تەواوی ئەو کتێبە بۆ مەسەلەی دۆناودۆن تەرخانکراوە. تەنانەت لەو کتێبەی غادەدا ئەوانەی دووچاری حاڵەتی دۆناودۆن دەبن، نەك هەر روحی یەکتر لەئامێز دەگرنو بە یادەوەرییەکانی هەردوو کەسەکەوە دەژین، بگرە هەندێجار، شوێنەواری جەستەیی یەکدیشیان تێدا دەردەکەوێت. بۆ نمونە، یەکێك لەو کەسانەی غادە سەمان باسی دەکات، لەژیانی یەکەمییدا بە گوێزان سەربڕاوە، شوێنەواری ئەو گوێزانە لەژیانی دووەمداو بە گەردنی کەسی دووەمەوە دەرکەوتووە.

هەروەها ئەدەبیاتی سۆفیگەری هەیە، کە بەجۆرێکی دی کاری لەسەر ئاوێزانبوونی دوو روح لەجەستەیەکدا کردووە. لە ئەدەبیاتی سۆفیگەرییدا کەسی دووەم کە دێتە ناو جەستەی کەسی یەکەمەوەو پێکەوە دەژین، خودایە، نەك مرۆڤێکی دی. سۆفییەکان پێیانوایە خودا لەناو مرۆڤدایەو عەشقی راستەقینە بۆ ئەوەو دەبێت خەونی گەورە ئاوێزانبوونو توانەوەبێت لەودا، نەك لە کەسێکی دیکەدا. رەنگە زۆربەمان شیعرە بەناوبانگەکەی حەلاجمان بینیبێت، کە لەبارەی ئاوێزانبوونی خۆیو خوداوە، دەڵێت:

((أنا من أهوى ومن أهوى أنا

نحن روحان حللنا بدنا

فإذا أبصرتني أبصرته

وإذا أبصرته أبصرتنا))(7)

واتە: (من ئەو کەسەم کە ئارەزووی دەکەمو ئەو کەسەش کە ئارەزووی دەکەم منە، ئێمە دوو روح–ین چووینەتە یەك جەستەوە. ئەگەر من ببینیت ئەوت بینیووەو ئەگەر ئەویش ببینی منت بینیووە).

یان ئەو شیعرەی کە دەڵێت:

((مزجت روحك في روحي كما

تمزج الخمره في الماو الزلال

فاذا مسك شيو مسني

فاذا أنت أنا في كل حال))(8)

واتە: (روحی تۆ لەگەڵ روحی مندا تێکەڵ بووە هەر وەك تێکەڵبوونی مەی لەگەڵ ئاوی زوڵاڵدا.. ئەگەر شتێك بەر تۆ بکەوێت بەر من کەوتووە، کە وابوو لە هەموو حاڵێکدا تۆ منیت).

من لێرەوە دەمەوێت بڵێم: ئەم بابەتە، وەك بابەت، تایبەت نییە بەهیچ ئاینو فەلسەفەو وڵاتو نەتەوەو گروپو کەسێکەوە. بەڵکو بابەتێکی زۆر کۆنو فرە رەنگو فرە ئاستە. تەنانەت من وەکو خۆم، پێموایە هیچ بابەتێك، تایبەت نییە بەهیچ کەسێکەوە. لەوەتی مرۆڤ هەیە قسە لە عەشقو لەخوداو لە مردنو لە تەنیاییو لەزۆر شتی دیکە دەکات. پرسیاری راستەقینە ئەوەیە کێ دەتوانێت لەو بابەتە کۆنە، دەقێکی نوێو جیاواز بەرهەم بێنێت؟! کێ دەتوانێت رەنگی ئەمڕۆی خۆی بەو بابەتە کۆنەی دوێنێی مرۆڤایەتی ببەخشێتو کێ لەناو رەنگی دوێنێی ئەو بابەتە کۆنەدا، رەنگی ئەمڕۆی خۆی لێ ون دەبێت؟!

ئەم بابەتی دووکەرتبوونو دودیوویەی مرۆڤ لای خەڵکی دیکەش کاری لەسەر کراوە. رۆمانێکی (ئامریتا بریتام)ی نوسەری بەناوبانگی هیندستانی هەیە بەناوی (دوو روو–ی حەوا)(9)، کە یەکێك لە رۆمانە جوانەکانی رۆژهەڵاتە. تیایدا حیکایەتی ژنێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەیەك کاتدا دوو ژیان دەژی، یان وەك لە ناونیشانی رۆمانەکەدا هاتووە، دوو روو–ی هەیە. ئەم ژنە کە ناوی (ئەنیتا)یە، ژنێکی مێردداری عاشقو سەرگەردانە، تەمەنی تێکەڵەیەکە لە خەیاڵو ورێنەو خەونو واقیع، لەگەڵ ئەنیتایەکی دیکەدا، کەلە ناخیدا دەژی، لەگێرمەو کێشەدایە.

جارێکیان لە ئاهەنگێکدا لە دواوە پیاوێك دەبینێت، کەناوی (ساجار) دەبێت، حەزی لێدەکاتو لە حەیبەتا گازێك لە لێوەکانی خۆی دەگرێت تا دڵنیابێت خەون نابینێت. لەوکاتەوە هەر وەختێك ئەنیتای یەکەم لە تەنیشتی پیاوەکەیەوە دابنیشێت، ئەنیتاکەی دی دەچێتە لای ساجار.

*سەید عەلی ساڵحی لە شیعرێکدا، دەڵێت:

((من کەسێك دەناسم کە بەیانیان لیبراڵە

نیوەڕوان چەپەو ئێواران کە بە کۆڵانێکی

تاریکدا تێدەپەڕێ لەژێر لێوەوە

دەڵێ بسم الله))(10).

*ئەدۆنیس–یش لە شیعرێکدا، دەڵێت:

((غربتی بین نفسی ونفسی

وسؤالی عنی لا جواب له))(11).

واتە: غوربەتی (من) لە نێوانی (خۆم)و (خۆم) دایەو

پرسیاریشم لەبارەی خۆمەوە بێ وەڵامە.

***

لای خۆشمان، نەك شیعری نوێ، لەشیعری کلاسیکیشدا لەو جۆرە شیعرانەمان هەن، کە باسی چەند دیووی مرۆڤ دەکەن.

* بۆ نمونە، ئەحمەد موختار جاف لە شیعرێکدا دەڵێت:

((مردنو سوتانو قورپێوان وەزیفەی (ئەحمەد)ە

تەرکی سەرکردن لە عەشقا چاوەکەم کاری (من)ە))(12).

*شێرکۆ بێکەس–یش لەشیعری (گینگڵ)دا، دەڵێت:

((هاوڕێکەم هەموو شەوێ کاژێکی تازەی دەرئەداو

پێستێکی کەی لەبەر ئەکرد

بۆ بەیانیش لەوانەکانی مارکسا

بەرماڵەکەی محەمەدی ئەکردە کۆڵ))(13).

*جگە لەشیعریش، بەختیار عەلی لە ڕۆمانی غەزەلنوسو باغەکانی خەیاڵدا، زۆرترین ئیشی لەسەر دیوە جیاوازەکانی مرۆڤ کردووە. لەو ڕۆمانەدا دیوە جیاوازەکانی مرۆڤ بە جیاو دوور لەیەك دەژینو کار دەکەن. بۆ نمونە، غەزەلنوسو نەوجەوانی چینی کە دوو دیوی یەك مرۆڤن، نە بەیەکەوە دەژینو نە بەکیشەوە لەناو دەچن. نەوجەوانی چینی بەر لەدەستپێکردنی ڕۆمانەکە کوژراوەو غەزەلنوس لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا دەکوژرێت. حەسەنی پیزۆو جەعفەری مەغۆلی کە دوو دیووی یەك مرۆڤن، لەدوو بەرەی جیاوازدا دەژینو لە کۆتاییشدا چارەنوسیان پێکەوە نابێت. حەسەنی پیزۆ لەگەڵ بەرەی غەزەلنوسەکاندایەو جەعفەری مەغۆلی لەگەڵ بەرەی

بارۆنەکاندایە. ئەم دوو بەرەیەش لە ململانێو شەڕێکی توند دان. دواجاریش حەسەن لەسەر ئەوەی هەوڵی کوشتنی جەعفەری داوە، دەخرێتە زیندانەوەو لەزیندانیشەوە دەبرێتە گوندێکی دوورە دەستو عاسیو لەوێ سوخرەی پێدەکرێت.

لەو ڕۆمانەی بەختیاردا، ئیشکردن لەسەر دیووە جیاوازەکانی مرۆڤ، تەنها لەدوو دیودا قەتیس نابێت. بەڵکو لەشوێنێکی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: غەزەلنوس کوڕی مەلای هاجەر نییە، خودی مەلای هاجەرە. بارۆنی خەیاڵ-یش دوای ئەوەی غەزەلنوس دەکوژێت، لە شوێنێکی یاداشتەکانییدا دەڵێت: ((ئەوەی کوشتومە تەنیا ئەو نیوە شاعیرەی ناو ڕۆحی خۆمە کە لە منداڵییەوە ڕاوم دەنێت))(14). واتە بارۆنیش دیوێکی دیکەی غەلنوسە. دواجار ئەم چەند دیوییە لای بەختیار دەگاتە ئاستێك، هەموو مرۆڤەکان بەچەند دیوێکی یەك کەس بزانێت: ((هەموو ئادەمیزادەکان زنجیرەیەك وێنەی ئاوێنەیی یەکدین، کۆمەڵێك مەخلوقاتن کە یەك نیوەی دژو تەواوکاری یەکن، مرۆڤ سەرەتا نوتفەیەکی چکۆلانە بووەو تەقینەوەیەکی گەورە کردوێتی بە ملیۆنەها بەشەوە، هەر وەك چۆن ڕۆژێك لە ڕۆژان، تەقینەوەیەکی مەزن گەردوونی لە پنتێکی چکۆلەی ناو عەدەمەوە کردووە بە ملیۆنەها ئەستێرە))(15).

*وەکو (منو خۆم)یش، کە هەڵمەت دەڵێت: ((ئەم بابەتە بابەتی منەو کەس لە کۆنو نوێی جوگرافیای شیعری کوردیدا پێش من -منو خۆم-ی بەکارنەهێناوە))(16)، ئێمە هەم لەکۆنو هەم لە ئێستاشدا شاعیرمان هەیە پێش هەڵمەت (منو خۆم)ی بەکارهێناوە.

*بۆ نمونە، مەحوی لە شیعرێکدا دەڵێت:

((ڕەحە بەو شێتییە ئەلحەق قسێکی عاقڵانەی وت

(من)م عاقڵ لەبەرگی عارییە (خۆم)م کە عاری کرد))(17).

* قانعیش لە شیعرێکدا دەڵێت:

((هەر نەزانیێ تۆ ئەبینی، خاوەنی شەئنێکی بەرز

(من) لەدەس زانینە پەستم، تف لەهەر هوشیاری (خۆم)-))(18)

*سەلاح محەمەد-یش لە شیعرێکدا کە ساڵی 1987 نوسیویەتی، دەڵێت:

((تۆ بۆ خۆتو

ئیتر (من) بۆ (خۆم) ئەگەڕێم

تۆ بۆ بستیێ لەژوورەکەو

من بۆ باخەکەم ئەسوتێم))(19).

***

ئێستا دەتوانین بڵێین: نە قسەکردن لەبارەی دووکەرتبوونو دوودیووی مرۆڤەوە تازەیەو نە (من)و (خۆم)یش، لەشیعری کوردییدا، بۆ یەکەمجار لای لەتیف هەڵمەت بەکارهاتووە. ڕاستە ئەو منو خۆمەی مەحویو قانع، لەگەڵ منو خۆمەکەی هەڵمەتدا هەمان شت نینو یەك ڕەهەندیان نییەو بەیەك شێوە کاریان لەسەر نەکراوە.

بەڵام ئەوەش راستە کە منو خۆمەکەی حەمە کاکەڕەشیش لەگەڵ ئەوەی لەتیف هەڵمەتدا هەمان شت نینو یەك رەهەندیان نییەو بەیەك شێوە کاریان لەسەر نەکراوە. من دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە شیعرەکەی ئەدۆنیسو رۆمانەکەی بەختیار تازەنو دوای شیعرەکەی هەڵمەت نوسراونو بڵاوکراونەتەوە. شیعرەکەی سەید عەلی ساڵحی–ش، نازانم کەی نوسراوە، بەڵام وەرگێڕانەکەی بۆ کوردی تازەیەو دیسان دوای شیعرەکەی هەڵمەتە. من لە هێنانەوەی ئەو نمونانە، زیاتر مەبەستم ئەوەیە بڵێم: ئەم مەسەلەیە زۆر گەورەو فراوانو فرە دیوو فرە رەهەندەو کاری زۆری لەسەر کراوە. ئەگینا من هیچ کام لە نمونەکانم بەو مەبەستە نەهێناوەتەوە بڵێم هەڵمەت لەوانی وەرگرتووە. من پێشموایە دەقێك نییە لە دنیادا نەتوانین ببینەوە سەر دەقێکی دی. دەقێك نییە بەلای کەمەوە لە خاڵێکدا، لەدەقێکی دیکە نەچێت. ئەمەش حاڵەتێکی سروشتییەو هیچ سەیرییەکی تێدا نییە، چونکە دەقەکان بەرهەمی مرۆڤەکانو مرۆڤەکانیش لەوەتەی هەن، هیچ نەبێت لە هەندێ خەمو خەونو ترسدا، هاوبەشنو کەمو زۆر دەچنەوە سەریەك.

## سەرچاوەکان:


1– محەمەد کوردۆ. لالەزاری وشە. کۆمەڵێك رەخنەو بابەتی ئەدەبییە. (وەزارەتی رۆشنبیری– بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی: 2007). ل51.

2–حەمە کاکەڕەش. درەوشانەوەی نائومێدی. شیعر، (لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری– سلێمانی: 2005). ل163.

3– لەتیف هەڵمەت. بەرگی دووی دیوانی لەتیف هەڵمەت. شیعر، (سلێمانی: 2000). ل1.

4– بازی بێریان: ژیانو گۆرانییەکانی محەمەدی ماملێ. کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: محەمەد حەسەن ئەحمەد. بەرگی یەکەم، (بەغدا: 1983). ل76.

5– فەتاح ئەمیری.زیندە خەو. رۆمان. (دەزگای ئاراس، هەولێر: 2003).

6– غادە السمان. السباحە فی بحیرە الشیگان. العمال غیر الکاملە3. الگبعە الپانیە. (منشورات غادە السمان، بیروت: 1980). ص123.

7– الحلاج وقصیدە انشاد الحلاج: سیرە ژاتیە. مجلە اقلام الپقافیە (لە ئینتەرنێتەوە).

8– هەمان سەرچاوە.

9– محەمەد کوردۆ. لالەزاری وشە. ل275.

10– سێ پارچە شیعر. سەید عەلی ساڵحی. و: مەریوان هەڵەبجەیی. ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ. ژمارە (566) 2008/1/3.

11– ادونیس. تاریخ یتمزق فی جسد امراە. الگبعە الپانیە. (دار الساقی، بیروت: 2008). ل15.

12- دیوانی ئەحمەد موختار جاف. ئامادەکردنو...پروفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسولّ. بەیارمەتی ئەمینداریێتی رۆشنبیریو لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەچاپ دراوە. (بەغدا: 1986). ل158.

13- شێرکۆ بێکەس. من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ. شیعر، (وەزارەتی راگەیاندن بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی: 1973)، ل8.

14- بەختیار عەلی. غەزەلنوسو باغەکانی خەیالّ. رۆمان. چاپی یەکەم، (چاپو دابەشکردن: چاپخانەی رەنج: 2008) – ل 610 .

15- هەمان سەرچاوە. ل604

16-قسەم بێ درۆیە بۆیە وەك چەقۆیە. لەتیف هەڵمەت. گۆڤاری (هەنار)، ژمارە (28). ل19.

17- دیوانی مەحوی. لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدلکەریمی مدەریسو محەمەدی مەلا کەریم. چاپی دووەم. (بەغدا: 1984). ل110

18- دیوانی قانع. بورهان قانع کۆیکردۆتەوەو چاپیکردووە. چاپی یەکەم، (بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی: 1979). .ل137.

19- سەلاح محەمەد. سەرم پڕیەتی لە سێبەر. شیعر، (وەزارەتی رۆشنبیری- بەڕێوەبەرێتی چاپو بلاّوکردنەوەی سلێمانی: 2007). ل103.